

# تیۆری ڕۆمان

لە فارسییەوە: محەمەد کەریم

**كۆمەڵێك نووسەری بیانی**

# تیۆری رۆمان

وەرگێرانی بۆ فارسی

**حسین پاینده**

وەرگێرانی بۆ كوردی

**محەمەد كەریم**

سلێمانی 2003



**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** ( 207 )

**سەرپەرشتیاری گشتی**

**ئازاد بەرزنجی**

ناوی کتێب:تیۆری رۆمان
ناوی وەرگێڕ: محەمەد کەریم
بابەت: لێکۆڵینەوە
دەرهێنانی هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عبدالرحمان
تیراژ: 350 دانە
ژمارەی سپاردن : 451 ی 2002

www.sardam.net

# فەسڵی یەکەم

## سەر هەڵدانی ڕۆمان

## ڕیالیزمو ژانری ڕۆمان

## نووسینی: ئیان وات Ian Watt



دانیال دیڤۆ



سامویل ریساردسۆن



هینری فیلدینگ

زۆر لەو پرسیارە گشتیانەی کەڕەنگە سەبارەت بەڕۆمان نووسانی سەر قافڵەی سەدەی هەژدەو بەرهەمەکانیان لەلایەن ئارەزوومەندانیانەوە ئاراستە بکرێ، هێشتا وەڵامی تەواو بێ مشت و مڕیان نەدراوەتەوە.هەندێ لەو پرسیارانە بریتین لە: ئایا ڕۆمان ژانرێکی تازەیە؟

بەو گریمانەی وەڵام بەڵێیە- کەبەشێوەیەکی گشتی هەرواشەو ئەگەر ئەوەش پەسەند بکەین کەدیفۆ[1]، ریچاردسۆن[2]، فیلدینگ[3]. یەکەم ڕۆمان نووس بوون، ئەم پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە کەجیاوازی ڕۆمان چییە لەگەڵ ئەو چیرۆکە پەخشان ئامێزانەی کەپێشتر بۆ نموونە لەیونانی کۆن و سەدەکانی ناوەراست یان لەفەرەنسای سەدەی حەڤدەدا دەنووسران ئایا هۆیەکی تایبەت بۆ دەرکەوتنی ئەم لایەنە جیاکەرەوانە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا هەیە؟. ئەم پرسیارە گشتیانە، هەمیشە قورسن و وەڵامدانەوەشیان زۆر قورس ترە، ئەم جۆرە پرسیارانە بەتایبەتی لەم بارەیەوە تەم مژاوین چونکە دیفۆو ریچاردسۆن و فیلدنیگ هیچیان دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەدەبی نەبوون (بەمەفهومێکی ڕەسمی و باو). لەڕاستیدا نیشانەکانی کاریگەریی بەرامبەر لەبەرهەمەکانیاندا زۆر کەمەو ناوەرۆکی چیرۆکەکانیان هێندە جیاوازن لەیەکتری کەلەیەکەم سەرنج دا ئەوە بەدی دەکرێ کە دەتوانین تینوێتی توێژینەوەمان دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕۆمان تەنها بەو روونکردنەوە بنەماسستە بشکێنین کە

پـێ ی (بلیمـەتی)و (ڕێکـەوت) لـەئارادابوون؛ واتەهـەمان نـهێنی دو ڕوخسـاری ژانـوس[4] گـرێ کوێـرەی مێـژووی ئـەدەبیات. نـاتوانرێ بەتەواوی ئەم جۆرە روون کردنەوانە نادیدە بگیرێ، بەڵام یارمەتیەکی ئەو تۆشمان نـادات بـۆ ئـەو وەڵامانـەی مەبەستمانە. هـەر بۆیـە، ئـەم لێکۆڵینەوەیە ڕێگەیەکی دیکەی گرتۆتـە بـەر: گریمـانی ئێمـە ئەوەیـە کەهاوچەرخ بوونی ئەم سێ ڕۆمـان نووسـە ڕەنگـە بـەپێ ی ڕێکـەوتی ڕووت نـەبووبێ؛ سـەرەرای هەڵکـەوتنیان، هـەل و مـەرجی لـەباری ئـەو رۆژگارەش دەستی هەبووە لەسەر هـەڵدانی ژانری تـازە– واتـە ڕۆمان–دا. لەسەربنەمای ئەم گریمانانە لەم لیکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین ئەوە ببینین کەئەو هەل و مەرجە لەبارە ئەدەبی و کۆمەڵایەتیانەکامانە بوون و دیفۆ ریچاردسۆن و فیلدینگ بەچ شێوەیەك کەڵکیان لێ وەرگرتوون.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی تایبەتمەندییە دیارە کانی ڕۆمان بکـەین، پێناسـەیەك کەلەلایەکـەوە ئەوەندە گشـتگیربێ بـۆ ئـەوەی هـەموو ئـەوەی کەبەشـێوەیەکی ئاسـایی لەگۆتـەی ڕۆمـان دەئاخنرێ لەخۆی بگرێ و لەلایەکی دیکەشەوە بەتـەواوی لەمپـەربێ بۆ ئەوەی ژانرە کۆنەکانی ئـەدەبیاتی چیرۆك لـەخۆی نـەگرێ، لـەم بوارەدا خـودی ئـەو ڕۆمـان نووسـانەی ناومـان بـردن یارمەتیـەکی ئـەوتۆیان نەداوین، ئەگەر چی ریچاردسۆن و فیلدینگ هەردوکیان خۆیان بەبناغە دانـەری شـێوازێکی نـوێ لـەچیرۆك نووسـین دەزانـی و باوەڕیـان وابـوو کەبەرهەمـەکانیان پیشـاندەری دابڕانـن لـە (رۆمـانس)کـە لەڕەونـەق کەوتووە، بەڵام خودی ئەم دوانە یان هاوچەرخەکانیشیان هیچ کامیان تایبەتمەندیـەکانی ئـەو ژانـرە تازەیـە بەدەسـتەوە نـادەن کەئێمـە

پێویستمانە، لەڕاستیدا ئەوان تەنانەت نەیانویست جیاوازی ماهیەتی چیرۆکەکانیان بەهۆی گۆڕینی ناوی ژانرە ئەدەبیەکانەوە، بسەلمێننو تەنیا لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدابوو کەزاراوەی ڕۆمان بەتەواوی ڕەواجی پەیداکرد.

توێژەرانی مێژووی ڕۆمان لەبەر ئەوەی ئاسۆی بینینیان فراوانترە یارمەتیەکی زۆر زیاتریان پیشکەش بەدەستنیشان کردنی تایبەتمەندییە جیاکانی ئەم ژانرە تازەیە کردووە.توێژەرانی مێژووی ڕۆمان بەگشتی باوەڕیان وایە کە (ریالیزم) ئەو تایبەتمەندیەیە دیارەیە کەبەرهەمی ڕۆمان نووسانی سەرقافڵەی سەدەی هەژدەلە ئەدەبیاتی سەردەمی پێش خۆیان جیادەکاتەوە، بێ گومان بەر لەقبوڵ کردنی ئەو قسەیەی کەدەڵێت (چیرۆك نووسان لەهەموو بوارەکاندا بێجگە لە (ریالیزم) لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن)، سەرەتا دەبێ خودی زاراوەی (ریالیزم) زیاتر ڕوون بکرێتەوە، بەلای کەمەوە لەبەرئەوەی کەقبوڵ کردنی بێ قەیدو شەرتی ریالیزم لەحوکمی تایبەتمەندی دیاری ڕۆماندا ڕەنگە گوزارشت لەو بۆچوونە بێویژانانەیە بکات کەهەموو چیرۆكو ژانرەکانی ڕابردوو بەدوای شتێك دا وێڵ بوون کەواقیعی نەبووە.

زاراوەی (ڕیالیزم) لەڕووی ڕەخنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ قوتابخانەی ریالیستە فەرەنسیەکان دەگەڕێتەوە، دیارە (ریالیزم) بۆ یەکەم جار لەساڵی 1835دا بەشێوەی وەسفێکی جوانناسی بۆ جیاکردنەوەی (واقیعی ئینسانی) وێنەکانی (رامبراند)(5) لە(خەیاڵاوی شیعر ئاسای) وێنەکێشانی کلاسیکی نوێ بەکارهاتو پاشان لەساڵی

1856دا لـەدوای دەرچوونــی بلاوکراوەیــەك بـەناوی (ریـالیزم) بەســەر پەرشــتی (دیورانتــی)[6] بەشــێوەیەکی تایبــەتی بــوو بەزاراوەیــەکی ئەدەبی[7].

بەداخــەوە پــاش ئـەو وتوویــژە تونـدو کینـە ئـامێزەی لــەبارەی کارمایـەیی (ئاسـت نـزمو) ئـارەزوە بـەناو دژبەرەگـەزە ئەخلاقیـەکانی فلۆبیرو ئەخلاقیـەوە ئـەنجام درا، سـوودگەیاندنی واژەی (ریـالیزم)یـش تاڕادەیـەکی زۆر کـەم بـۆوە.لەئـەنجامدا، لــەوە بـەدواوە بەشـێوەیەکی سەرەکی (ریالیزم) بەمەعنای دژی (ئایدیالیزم) بەکارهاتو ئەم مەعنا ناراسـتە– کەبـەکردەوە ڕەنگدانـەوەی هەلۆیـستی نـەیارانی ریالیسـتە فەرەنسیەکان بوو– لەڕاستیدا لەسەر بەشێکی گەورەی ئەو نووسینە رەخنەیی ومێژووییانە ڕەنگی داوەتەوە کەدەربارەی ڕۆمان نووسراون، زۆرجار والێك دەدرایـەوە مەبەسـت لـە پێشـینەی ڕۆمـان، دۆزینـەوەی سـەرە داوێکــە کەلــەنێوان تــەواوی ئـەدەبیاتی چـیرۆك دا پـەیوەندی دروست بکات، کەلەچاخەکانی رابردوودا ئەو چیرۆکانە ژیـانی چینـە بندەسـتەکانیان نیشـان داوە، هـەر بۆیـە والێـك دەدرایـەوە کـەچیرۆکی (ژنـی خـاوەن مـالی ئەفسسـی)[9] (ریالیسـتی)یـە چونکـە ئەوەنیشـان دەدات کە ئارەزووی سێکسی دەتوانێ بەسەرخەمی ژنە مێرد دارەکەدا زاڵ بێ؛ بەم پێیە، حیکایەتی تەنز ئامێزی Fabliau[10] و یان Picaresque Taleچیرۆکی وێڵگەردان (ریالیستی)ن چونکە ڕەفتاری مرۆڤ تیایاندا بە شێوەیەکە کەسـەرکەوتنی ئـەنگێزەی مـادی یـان دەروونـی نیشـان دەدات. بـەپێی ئــەم گریمانــە شــاراوەیە، ڕۆمــان نووســانی ســەدەی هــەژدەی بـەریتانیاو فۆرتـیرو[11] و ســکرو[12] و لســاژ[13] لەفەرەنســە بــە

لووتکەی کۆتایی ئەم ڕێبازە ئەدەبیە لەقەڵەم دەدرێن: پەیوەندییەکی نزیك لەنێوان ڕۆمانەکانی دیفۆ، ریچاردسۆن، فیلْدنیگو دزی کردنی مۆڵ فلاندرز Moll Flanders، ڕیاکاری پاملا Pamelaو زیناکاری تۆم جۆنز Tom Jonesدا هەیە.

بەڵام بەکارهێنانی زاراوەی (ڕیالیزم) بەو شێوەی باسکرا ئەو کێشە گەورەیەی لەگەڵدایە کەڕەنگە ئەوەی کەتازەترین مایەی تایبەتمەندی ڕۆمانە وەکو ژانرێك، بەکەم بایەخ نیشانبدات. ئەگەر تەنها لەبەر ئەوە ڕۆمان بە ریالیستی بزانین کەرووە ناشرینەکانی ژیان نیشان دەدات، ئەوکاتە پلەو پایەی ڕۆمانمان دابەزاندووە بۆ ئاستی ڕۆمانس (چیرۆکی جەنگی عاشقانە). ئەمەش لەکاتێکدایە کەلەڕاستیدا، ڕۆمان هەوڵ دەدات تەنها بەو ئەزموونانە وەنەوەستێ کەلەگەڵ ڕوانگەیەکی ئەدەبی تایبەتی دارێكو تەبایەو تەواوی ئەزموونە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤ وێنە بگرێ، بەم پێیە دەتوانرێ بگوترێ ریالیزمی ڕۆمان لەسەر ئەو جۆرە ژیانە بنیات نەنراوە کەنیشانی دەدات، بەڵکو لەسەر شێوەی نواندنی ئەو ژیانە بنیات نراوە. هەڵبەتە ئەم بۆچوونە زۆر لەهەڵوێستی خودی ریالیستە فەرەنسیەکان دەچێت کەبەدڵنیاییەوە ڕایان دەگەیاند ئەگەر ڕۆمانەکانیان زۆر جار لەگەڵ وێنەی ڕەنگو بریقەداریو تەئیدی ئامێزی زۆر لەڕێبازە چەسپاوە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیەکانی سروشتی مرۆڤ دا جیاوازە، تەنها لەبەر ئەوەیە کەڕۆمانەکانی ئەوان بەرهەمی لێکۆڵینەوەی وردی ژیانە، واتە لیکۆڵینەوەیەکی زانستیو بێ لایەنانە تری ئەوەیە کەتا ئەوکاتە ڕوویدابوو. هیچ ئاشکرانییەکە بابەتیبوون زانستی لەو جۆرە، بەهایەکی بەرزو پێویست بێو بێ

گومان بەکردەوەش بەدی نایەت.لەگەڵ ئەمەش دا، خاڵی زۆر گرنگ ئەوەیە کەریالیستە فەرەنسیەکان ڕاست لەوکاتەدا کەرۆمان وەکو ژانری ئەدەبی ناوازە بۆ یەکەم جار بەردەوام ئامانج و میتۆدەکانی خۆی بەوردی دەناسییەوە، خۆیان بەلای بابەتێکدا وەرگێرا کەرۆمان راشکاوانە تر لەهەر ژانرێکی دیکە دەیخستەڕ وو، واتە تەبایی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ واقیعێکدا کەبەرهەم لاسایی کردۆتەوە، لەبنچینەدا ئەم مەسەلەیە سروشتێکی ئەپستمۆلۆجیایی هەیە، بۆیە وادیارە بەیارمەتی کەسانێك دەتوانین ماهیەتی ریالیزمی رۆمان- چ لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەو چ لەقوناغەکانی دوای ئەوەدا- روون بکەینەوە کەپسپۆری لێك جیاکردنەوەو شیکردنەوەی چەمکە ڕووتەکانی عەقڵن، واتە بەیارمەتی فەیلە سوفەکان.

## بەشی یەکەم: پێشینەی فەلسەفی

ئەو ناکۆکیە ڕووکەشە بەتەنها تازەفێربووانی ئەم باسە سەرسام دەکات کەزاراوەی (ریالیزم) بەمەعنا تایبەتیەکەی خۆی لەفەلسەفەدا بەو تێ ڕوانینە بۆ واقیع دەگوترێ کەبەتەواوی لەگەڵ بەکارهێنانە گشتیەکەیدا ناکۆکە. ریالیزم لەفەلسەفەدا بۆوەسف کردنی دیدگای ریالیستە سکولاستیکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەکاردێت کەباوەڕیان وابوو هەمەکیەکان، جۆرەکان یان ئەبستراکتەکانن کە (واقیعی) راستەقینەن، نەك شتە (جوزئیەکان) کەشتی نائەبستراکتن کەبەهێزی هەستی مرۆڤ دەرکیان پێ دەکرێ. لەیەکەم سەرنج دا وادێتە بەرچاو کەئەم خاڵە یارمەتی بەرەو پێشەوە چوونی باسەکە نادات، بەڵام ئەم نامۆییەی ریالیزمی سکولاستیك بەلای کەمەوە ئەو

سوودەی هەیە کەسەرنجمان بۆ لای یەکیك لەخەسڵەتەکانی رۆمان رادەکێشێکە حاڵەتێکی وای هەیە لەمەعنای فەلسەفی گۆراوی (ریالیزم)ی ئەمرۆ دەچێت: رۆمان لەسەر دەمێکی نوێدا سەری هەڵدا، واتە لەسەردەمێکدا کەئاراستەی فیکری بەگشتی تیایدا لەبەر ئەفەرۆزکردن–یان بەلای کەمەوە هەوڵدان بۆ ئەفەرۆزکردنی– چەمکە گشتیەکان، پەیوەندی خۆی لەگەڵ میراتی کلاسیكو سەدەکانی ناوەراستیدا پچڕاندبوو(14). هەڵبەتە ئەوەی کەتاك دەتوانێت لەریگەی هەستەوە دەرك بەحەقیقەت بکات، خاڵی دەرچوونی ریالیزمە لەسەردەمی نوێدا. ڕەگو ریشەی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی دیکارت(15) و لۆك(16) و بۆ یەکەم جار لەناوەراستی سەدەی هەژدەدا تۆمس رید (17) بەتەواوی ئەمەی ڕوون کردەوە (18). بەلاّم ئاشکرایە کەبابەتی بوونی دنیای دەرەوەیان حەقیقیبوونی ئەو هوشیارییەی کەئێمە لەریگای هەستەوە بەدەستی دەهێنین، یارمەتیەکی ئەوتۆمان نادات سەبارەت بەرون کردنەوەی ئەو بابەتەی کەپەیوەندی بەریالیزمەوە هەیە لەئەدەب دا. لەو لایەنەوە کەتاڕادەیەك هەموو مرۆڤایەتی لە چاخە جیاوازەکاندا، بەپێی ئەزموونی تایبەتی خۆیان بەشێوازی جۆراو جۆر بەناچاری بەئەنجامێکیوا گەیشتوون، ئەدەبیات هەمیشە تاڕادەیەك لەدوای ئەم سادەکردنەوەیەی ئەپستمۆلوجیادا بووە. جگە لەمەش دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەبەشی زۆری پرانسیپە جیاکەرەوەکانی ئەپستمولوجیای ریالیستیو ئەو مشتو مڕانەی لەو پرانیسپانەوە سەرچاوەیان گرتووە ئەوەندە تایبەتین کەناتوانن کاریگەرییەکی ئەو تۆ لەسەر ئەدەبیات بەجێ

بهێڵن. ئەوەی کەلەریالیزمی فەلسەفیدا بۆ رۆمان گرنگی هەیە سیفەتێکی زۆر گشت تری هەیەو ئەویش زیاتر سروشتی گشتی ئەندیشەی ریالستیو شێوەکانی لێکۆڵینەوەیو هەموو ئەو کێشانەیە کەبۆتە هۆیان.

بەگشتی ریالیزمی فەلسەفی سروشتێکی رەخنەگرانەو دژی کۆنو نوێ خوازانەی هەیەو شێوازەکەی ئەوەیە کەتوێژەرەوە دەبێت مێشکی خۆی لە کۆتو بەندی هەموو گریمانەکانی رابردوو بیرو باوەڕە کۆنەکان ئازاد بکاتو دەستبکات بەتاوتوێکردنی وردەکاریەکانی ئەزموون؛ هەروەها ئەم سستەمە فەلسەفیە سەرنجێکی تایبەتی واتا ناسی یەعنی چۆنیەتی گونجان وتەبایی واژەکان لەگەڵ واقیعدا دەدات. هەموو ئەم سیفەتە جیاکەرەوانەی ریالیزم ی فەلسەفی، لەگەڵ سیفەتەکانی رۆماندا لەیەك دەچن، واتە ئەو سیفەتانەی کەسەرنجمان بەلای تەبایی دیاری واقیعی ژیانو ئەدەبیاتدا رادەکێشێ کەلەزەمانی دیفۆو ریچارسۆنەوە لەئەدەبیاتی چیرۆك دا بەکارهاتوون.

## ا–تەرحکردن

ئەوەی کەبوو بەهۆی ئەوەی دیکارت ببێ بەفەیلەسوفێکی گەورە، بەر لەهەرشتێ ئەو میتۆدەبوو کەبەکاری هێنا، چونکە دیکارت هیچ شتێکی بەبێ بەڵگە قبوڵ نەدەکرد. کتێبەکانی بەناونیشانی (گوتارێك لەبارەی میتۆدەوە 1637و (وردبوونەوەکان) لە دەرکەوتنی ئەو گریمانە تازەیەدا دەورێکی گرنگیان بینی کەبەدەستهێنانی حەقیقەت، مەسەلەیەکی تاکەکەسی رووتەو تاکەکەس لەم رێبازەدا دەبێ'' بەشێوەیەکی لۆجیکی لەنەریتەکۆنەکان جیا بێتەوەو لەواقیع دا بزانێت

کەئەگەری دەست گەیشتنی بەحەقیقەت، کاتێ زیاتر دەبێ کەخاڵی مەبەستیشی خودی حەقیقەت بێ. ڕۆمان ئەو ژانرەیە ئەم گۆڕانی ئاڕاستەی تاك سەنتەرکاریە نوێخوازانەیە بەکامڵترین شێوە تیایدا ڕەنگدەداتەوە. ژانرەکانی پێش ڕۆمان پیشاندەری ئەو حەقیقەتە بوون کەبەرهەمە ئەدەبیەکان لەچوارچێوەی ئەو ڕۆشنبیریانەدا لەدایکدەبن کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەسەربنەمای پەیڕەویکردنی بۆچوونی کۆن حەقیقەت لەمەحەکدەدەن. بۆ نموونە، تەرحکردنی داستانە کۆنەکانو سەردەمی ڕێنیسانس لەسەر بنەمای مێژووی ڕابردوو یان ئەفسانە کۆنەکان بوو، وحوکمدانیش دەربارەی ئەوەی کەنووسەر، تاچ ڕادەیەك هونەرمەندانە تەرحەکەیکردووە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەربنەمای ئەو پێودانە ئەنجام دەدرا کەنووسەر تاچ ڕادەیەك تایبەتمەندیەکانی ئەو ژانرەی پاراستووەو ئەو تایبەتمەندیانەش بۆ خۆیان لەنموونە پەسەندکراوەکانی ئەو ژانرە هەڵدەهێنجران. یەکەمجار ڕۆمان شەڕێکی تەواو عەیاری لەگەڵ ئەو نەریتگەریە ئەدەبیە هەڵگیرساندو سەنگی محەکی سەرەکیش بەکارهێنانی ئەزمونی تاکەکەسی بوو کەهەمیشە تایبەتە بەتاکەکەسەوە، بۆیە ناوازەیە. بەم شێوەیە لەرووی لوجیکییەوە ڕۆمان ئامرازێکی ئەدەبی فەرهەنگییە کە لەماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا بەهایەکی بێ وێنەی بۆ نوێمایەیی‌وناوازەیی داناوە، وهەر بۆیە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی[19]. کۆمەڵێ کێشەی ئاڵۆز کەزۆر کەس باوەڕیان وایە لەماهیەتی ڕۆمانەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەکرێ بەسەرنجدان لەم جەختکردنە لەسەر ناوازەیی ئاڕاستە بکرێ، زۆرجار گرنگو

هەندێ جاریش پێویستە کەبەر لەحوکمدان سەبارەت بەبەرهەمێك کەلە ژانرێکی دیکەدا نووسراوە، بەچەند نموونەیەکی ئەو ژانرە ئاشنابین، بەها دانانی ئێمە بۆ ئەو بەرهەمە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەوەوە هەیە کەببنین نووسەرەکەی تاچ ڕادەیەك توانیوویەتی شارەزایانە ریّسا ڕواڵەتیە پێویستەکان لەبەرهەمەکەیدا بەکاربێنێ. لەلایەکی دیکەوە، دەبێ حساب بۆ ئەوە بکرێ کەلاساییکردنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی دیکە، بەهەر شێوەیەك بێ، بۆ رۆمان بەکەلێنێکی گەورە لەقەڵەمدەدرێ و هۆکەشی رۆشنە: لەو لایەنەوە کەیەکەم ئامانجی رۆماننووس ئەوەیە کەخوێنەر واهەست بکات بێ کەم و زیاد ئەزموونە مرۆییەکانی بۆ گوێزراوەتەوە، لەبەر ئەوە نووسەر ئەگەر سەرنجی خۆی بەلای ئەو ریّسا ڕواڵەتیانەدا بەکێشبکات کەکۆنن، بەتەواوی سەرکەوتنی خۆی دەخاتە مەترسیەوە. هۆیەکەش ئەوەیە کەزۆر جار واهەستدەکرێ کەرۆمان بەبەراورد بۆ نموونە لەگەڵ تراجیدیا یان قەسیدە چوارچێوەیەکی تایبەتی نییە، رەنگە لەبەرئەوە بێ کە: هەژاریی رۆمان لەبواری ریّسا ڕواڵەتیەکاندا، بەهایەکە دەبوو بۆ ریالیزمیەکەی بیدات. بەم پێیە لەئاستی بەراوردکاریدا دەتوانرێ بگوترێ کەبەلاوەنانی تەرحە باوەکان لەرۆماندا لەلەدەستدانی ریّسا ڕواڵەتیەکان گرنگترە. هەڵبەتە تەرح، بابەتێکی سادەنییەو دەستنیشانکردنی ڕادەی نوێمایەیی تەرحێك، هەمیشە دژوارە؛ لەگەڵ ئەمەش دا، بەراوردکردنی گشتی و کورت لەنێوان رۆمان و ژانرەکانی پێش رۆماندا جیاوازییەکی گرنگ نیشان دەدات؛ دیفۆو ریچارسۆن یەکەمین چیرۆکنووسانی گەورەی ئینگلیزین کەتەرحی بەرهەمەکانیان

لەئەفسانە، مێژوو، ئەفسانە یان ئەدەبیانی چاخەکانی رابردوو وەرنەگیراوە، ئەم خاڵە ئەو دوو نووسەرە لەکەسانی وەکو چوسەر[20]، سپنسەر[21]، شکسپیر[22]و میلتۆن[23] جیا دەکاتەوە کەوەکو نووسەرانی یۆنانو رۆمانی کۆن بەپێی نەریت تەرحی کۆنیان بەکاردەهێنا، چونکە ئەم نووسەرانە دواجار پێش گریمانەی گشتی سەردەمی خۆیان قبوڵ کردبوو کەلەسەر ئەوە بنیات نرابوو مادەم خودی سروشت بێ کەمو کورتییە گۆڕانکاری تێداناکرێت، پێشینە مێژووییەکانی مرۆڤیش- جا چ بەو شێوەیە بێ کەلەئەفسانەو کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە یان بەو شێوەیەی کەلەمێژووی نووسراودا تۆمار کراوە- یەکێکە لەگەنجینە راستەقینەکانی ئەزموونی مرۆڤ. ئەم بۆ چوونە هەتا سەدەی نۆزدە وەك خۆی مایەوە، بۆ نموونە نەیارانی بەلزاك[24] بەپشت بەستن بەهەمان بۆچون لەبەرحسابکردنی لەرادەبەری بۆ واقیعیەتی زەمانە گاڵتەیان پێدەکرد کە بەقسەی ئەوان کەم خایەن بوو. لەهەمان کاتدا، پاش سەردەمی رێنیسانس ئاراستەیەکی روولەزیاد بۆ جێگیرکردنی ئەزموونی فەردی لەبری نەریتی دەستەجەمعی وەك دواپێوەری واقیع پێی گرتو پێدەچێ کەئەم قۆناغی گواستنەوەیە، بەشێکی گرنگی پێشزەمینەی کلتوری دەرکەوتنی رۆمان بێت. خاڵی گرنگ ئەوەیە کەئارەزوو بۆ نایابی یەکەمجار بەبەهێزترین شێوە لە سەدەی هەژدەدا لەبەریتانیا رەواجی پەیداکردو هەتا چەمکی (نایابی)ش لەهەمان کاتدا گۆڕانی بەسەرداهاتو ئەم زاراوەیە مەعنایەکی تازەی پەیداکرد. بەرلەوە بینیمان کەچۆن لەسەدەکانی ناوەڕاستدا باوەڕیان بە واقیعیەتە گشتیەکان هەبوو، (ریالیزم)یش بەمەعنای باوەڕبوو بە توانای

وەرگرتنـــی واقیعیـــەت لەڕێگـــەی هەســـتکردنەوە، بـــەم پێیـــە، زاراوەی (نایـــاب–Original)ش کەلـــە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا بەمـــەعنای (لەســـەرەتاوە خـــاوەنی بـــوون)بـــەکار دەهـــات مـــەعنای (وەرنـــەگیراو، سەربەخۆ، خاوێن)ی وەرگرت و لەوکاتەوە کەئیدوارد یانگ[25] لەکتێبە گۆڕانکاریهێنەرەکـەیدا بەناونیشـانی (چـەند وێنـاکردنێك دەربـارەی نووسـینی نوێمایـە) (1759) لەستایشـکردنی ریچارسـۆندا (چ لـەرووی ئەخلاقی و چ لـەرووی نوێمایە بوونـەوە، وەك بلیمـەتێك)[26] لەقەڵـەمیدا، زاراوەی ناوبراو وەکو زارەوەیـەکی سـتایش ئـامێز بەمـەعنای (نـاوازە نوێ لەسیفەت یان لەشێوازدا) بەکاردێت.

بـەکارهێنانی تەرحـە تازەکـان لـەرۆماندا، یەکێکـە لەدەرکەوتـە سـەرەتاییەکان و رەنگـە بـەجیای ئـەم تـەئکیدەبێ لەسـەر نایـابی. بـۆ نموونە دیفۆ لەسەرەتای کاری چیرۆکنووسینی خۆیدا هێندە بایەخی بەتیوری رەخنەیی کارپێکراوی ئەو رۆژگارە نەدەدا– کەهێشتا مەیلی بەلای بەکارهێنانی تەرحە کۆنـەکان دا هـەبوو–، بـەڵکو بەپێچەوانـەوە لێدەگەڕا تاچیرۆکـەکانی شـێوازی ئاسـایی خۆیـان هـەبێ و کارەکتـەرە سـەرەکیەکانی بەتـەواوی بـەو شـێوەیە هەڵسـوکەوت بکـەن کەبـەلای دیفۆوە مەعقولانە دەهاتـە بـەرچاو. دیفـۆ بـەم کـارە بـوو بەداهێنـەری مـەیلێکی نـوێ و گرنـگ لــــــــەئەدەبیاتی چیرۆکدا: دیفـۆ بەتـەواوی تەرحیکرد بەملکەچی قاڵبی بیرەوەری ژیاننامەی تایبەتی ئەم کارەشـی لـەڕۆماندا، حوکمـی جـاردانی ئازایانـەی ئەولەویـەتی ئـەزموونی تاکەکەسی هەبوو. دروست بەهەمان شێوەی کـەدیکارت لەفەلسـەفەدا هەمان حوکمیدابوو کەدەڵێت (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم).

لـەدوای دیفـۆ، ریچـارد سـۆن و فیلدینـگ هەریەکـەیان بەشـێوەی تایبەتی خۆی و بەبەکارهێنانی تەرحە تازە داهێنراوەکان یان تارادەیەك لەسەر بنەمای رووداوەکانی رۆژگار درێژەیان بـەکار داو ئـەم کـارەش پاشـان بـوو بەبەشـێك لەبنـەماکانی رۆماننووسـین. هەڵبەتـە نـاتوانرێ ئیدیعای ئەوە بکـرێ کەدیچاردسـۆن یـان فیلدینـگ بەتـەواوی لـەوەدا سـەرکەوتن کەئـەو هاوپەیوەندیە دەروونییـەی تـەرح و کارەکتـەرو ئـەو ناوەرۆکـە ئەخلاقیـەی لێیـەوە بەرهـەمدێت بەدەسـتبێنن کەلەنموونـە بەرزەکانی رۆمـان دابـەدی دەکرێـن. بـەڵام نابـێ ئـەوەمان لـەبیر بچێـت کەگەیشـتن بـەئامانجێکی لـەو جـۆرە ئاسـان نـەبوو، بەتایبـەتی لەسـەر دەمکێدا کەبیری داهێنەرانە تەنهایەك دەروازەی ئەدەبی دیاری کراوی لەبەردەمدابوو، ناچار دەبوایە قاڵبێکی تاکەکەسی لەتەرحێك وەربگیرێ کەچیتر ناوازەنەبوو، وبایەخی ئەوەی لەزەمانەی خۆی دانیشاندەدا.

## ب-وەسفی ریالیستی

بێجگە لەتـەرح، دەبوو زۆر گۆڕانکـاری دیکـە لەنـەریتی ئـەدەبیاتی چیرۆك دابکرێ بۆ ئەوەی بەهەمان ئەو ئاسانیەی کەمیتۆدی دیکارت و لـۆك دەبـووە هـۆی دروسـتبوونی بیرکردنـەوەیان لـەبارەی حەقیقەتـە راسـتەوخۆکانی هوشـیاریەوە، رۆمـانیش بەرجەسـتەبوونی ئیدراکـی تاکەکـەس بـێ لـە واقیعـەوە. پێـش هـەموو شـتێك، دەبـوو کارکـەرانی پیادەکردنی تەرح و شوێنی ڕوودانی کارەکەیان بـەتێڕوانینێکی تازەی ئەدەبیەوە دەستنیشان بکرانایە: بەپێچەوانـەی رابـردووەوە کـەوا بـاو بوو چـەند نـەژادێکی دیـاری کەسـان لەپێشـینەیەکدا کەبەشـێوەیەکی سەرەکی لەسـەر بنچینـەی نەریتە ئەدەبیە باوەکان دەستنیشان دەکرا

رووداوەکانی تەرحەکەیان پیادەدەکرد، دەبوو چەند کەسێکی تایبەتی لەچەند جێگایەکی تایبەتدا وایان بکردایە.

ئەم گۆڕانکاریە ئەدەبیە لەڕەتکردنەوەی هەمەکیەکان و جەختکردن لەسەر تایبەتیەکان دەچوو کەخەسڵەتی دیاریکراوی ریالیزمە لەفەلسەفەدا.

ئەرستۆ [27] لەگەڵ بەگریمانەی بنەڕەتی لۆکدا تەبابوو کەدەرککردنی هەستی مرۆڤ (سەرەتا ڕێگە بۆ وێنا تایبەتیەکان خۆشدەکات و هۆو کەرەسەکانی خەڵوەت سەررایی زیهن ئامادەی دەکات) [28] بەلام بەدڵنیاییەوە ئەوەشی دەگوت کەوردبوونەوە لەحاڵەتە تایبەتەکان، خۆی لەخۆیدا بەهایەکی ئەوتۆی نییە؛ مرۆڤ دەبێ بەهەموو توانای خۆیەوە بەعەقڵ لەبەرامبەر لافاوی بێمەعنای دەرککردنی هەستیدا بوەستێ و ناسینێك سەبارەت بەهەمەکیەکان بەدەست بێنێ کەتاکە واقیعیەتی کۆتایی و لەگۆڕان نەهاتووە.[29] هەتا سەدەی حەڤدە، هەمان ئەم تەئکیدکردنەوە گشتی بەخشە لەیەکچوونی ناوەرۆکیی وابەهێز بەزۆربەی ئەندێشە خۆرئاواییەکان دەبەخشێ کەهەموو جیاوازییە زۆرو جۆراوجۆرەکانی ئەو ئەندێشانە بەکەم بایەخ نیشاندەدات. بەهەمان شێوە، لەساڵی 1713دا کە فیلوناوس–Philonous– بارکلی [30] سەلماندی کە(ئەم یاسایە جیهانییە کەهەرچی هەیە، تایبەتە)[31] قسەکەی بەپێچەوانەی مەیلی سەردەمی تازەوە بوو کەبۆ خۆی لەدوای دیکارت یەکێتییەکی تایبەتی بەتێڕوانین و شێوەی ئەندێشەی نوێدەدات.

لێرەشدا دەبینین کە، هەم ئارەزووە تازە فەلسەفیەکان و هەم تایبەتمەندییە ڕواڵەتیە پەیوەستەکان لەرۆماندا، پێچەوانەی تێڕوانینی

ئەدەبی باو بوون لەو سەردەمەدا، چونکە ئارەزووی دێرینەی بەباشتر زانینی گشتو گشتیەکان هێشتا بەتوندی نەریتی ڕەخنەگرتنی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەم بەباشتر زانینە بەتایبەتی لەمەیلی ئەفلاتوونیەتی نوێدا دیاربوو، کەلەکۆنەوە لەڕۆمانسەکاندا بەهێز بوو، وبەشێوەیەکی گشتی لەڕەخنەی ئەدەبیو جوانناسیدا بایەخێکی زۆری پێدەدرا. بۆ نموونە شافتسبری[32] لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (نامەیەك دەربارەی ئازادیی سەلیقەو تەنز) (1709)، بێزاری ئەم قوتابخانە فیکریە لەدەستبردنی ئەدەبیاتو هونەر بۆ وردە کاریەکان، بەجەختکردنی فراوانەوە، ئاوادەردەبڕێ: (هەمەڕەنگی سروشت وەهایەکە هەموو شتێك دەخولقێنێ، لەگەڵ سیفەتی نوێمایەێکی تایبەتیدا ئەوە جیادەکاتەوە کەلە دڵنیاترین حاڵەتی خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو شتە جیاواز بێتە بەرچاو لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەجیهانی دەوروبەریدا هەن. بەڵام شاعیرانو وێنەکێشانی چاك، سەر سەختانە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی لەبەرهەمەکانیاندا لەدیاردەیەکی وا دوور بکەونەوە، ئەوانە لە(جوزئیەت) بێزارنو لەتاكو تەنیاییش دەترسن)[33] درێژەی دەداتێو دەڵێت (وێنە کێشێ کەتەنها وێنە دەکێشێ، لەڕاستیدا لەگەڵ شاعیردا هێندە خاڵی هاوبەشی نییە، بەڵکو وەکو کەسێك کەتەنها مێژوو دەنووسێ، ئەوەی کەدەیبینێ وەکو خۆی وێنەی دەکێشێو هەموو پێکهاتەیەكو نیشانەیەکی نائاسایی بەوردی ڕەسم دەکات)و بە دڵنیاییەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی (باری ئەوانەی کەسەروکاریان لەگەڵ داهێنانو نەخشەکێشاندا هەیە، جیاوازە).

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای بێچەندو چوونیی سەرنجڕاکیشی قسەکانی شافتسبری، زۆری نەخایاند کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەئەنجامی بەکارهێنانی ڕێبازی دەروونزانیی هۆبز[34] و لۆك لە مەسەلە ئەدەبیەکاندا، مەیلی جوانناسییەکی نەیار بەلایەنگریی دەستبردنی ئەدەبیات بۆ (بەش)ەکان رووی لەپەرەسەندن کرد. ڕەنگە بتوانرێ بگوترێ لۆرد کیمز[35] ئاشکراترین ناسێنەری سەرەتای ئەم مەیلە بووە، کیمز لەکتێبەکەیدا کەبەناونیشانی (کۆڵەکەکانی رەخنەیە-1762) رایگەیاندکە (زاراوە ئەبستراکت یان گشتیەکان لەهیچ نووسراوێك دا بەئاقاری سەرنجڕاکێشانی خوێنەر کاریگەریی باشیان نییە، چونکە تەنها بەشتە تایبەتیەکان دەتوانرێ چەند وێنەیەك لەخەیاڵدا پەروەردە بکرێ)[36] هەروەها کیمز رایگەیاند کەبەپێچەوانەی باوەڕی گشتییەوە، سەرنجڕاکێشی بەرهەمەکانی شکسپیر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە (بەش بەشی وەسفەکانی، ڕاست وەکو سروشت، سروشتێکی تایبەتیان هەیە).

لەم بارەیەشەوە، ڕاست وەکو لایەنی نوێمایەیی رۆمان، دیفۆو ریچاردسۆن بوون کەئاراستەی ئەدەبی تایبەتی رۆمانیان لەحوکمی ژانردا چەسپاندو ئەم ماوەیە بەر لەوە بوو کەرۆمان لەسەر تیۆری ڕەخنە سەقامگیربێ، باوەڕی کیمز دەربارەی تایبەتێتی (تاکبەتاکی)ی وەسفەکانی شکسپیر لەلای هەموان پەسەندنییە، لەکاتێکدا کە تایبەتێتی وەسفەکانی رۆبینسون کروزوو پامیلا، هەمیشە وەکو یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شێوەی گێڕانەوەی ئەم دوو (رۆماننووسە) * لەقەڵەمدراوە. لەڕاستیدا، یەکەم کەس کەژیاننامەی

ریچاردســۆنی نووســییەوە، واتــە (بــاربولد)[37] خــانم، بلیمــەتی ریچاردسـۆنی بـەپێوەرێك راڤـە کـرد کەهەمیشـە لەمشـتومڕی نێـوان گشــتخوازی کلاســیکی نــوێو تایبــەت خــوازی ریالیســت دا بەرچاوکـەوتووە، بـۆ نموونـە جـەنابی جاشـوا رینلـدز [38] کۆنخـوازی کلاسـیکی نـوێ خـۆی بـەم شـێوەیە دەربـڕی کـە (کـەوێنا هەمـەکی و گەورەکان)ی وێنەکێشانی ئیتالیایی پێباشترە لەحەقیقەتی تەبا لەگەڵ واقیع و.. سەرنجدانی وردبینانەی قوتابخانـەی هوڵـەندی لـەجوزئیاتی کەبەرێکەوت رێکدەکرێتەوە [39] لەکاتێکدا کە بەهەمان شێوە کە پێشان ئامـاژەی بۆکـرا– ریالیسـتە فەرەنسـیەکان زیـاتر پـەیرەوی (واقیعـی ئینسـانی) رامـبراند یـان دەکـرد تـا (خـەیاڵ پـلاوی شـیعر ئـامێزی) قوتابخانــەی کلاســیك، (بـاربولد) خـانم بەنووســینی ئــەوەی کــە (قووڵبوونـەوەی وێنەکێشـانی هوڵـەندایی لـەدوا قۆناغـەکانی کـاری ریچاردســۆندا هــەبوو.. کــە دەیــەوێ رەنجــی دەســت بــردن بــۆ وردەکارییـەکان بـۆ خـۆی خۆشـبکات بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵێ کاریگـەریی لەسـەر (بینـەر) بەجێبهێڵێ)[40] ، بەوردی هەڵوێستی ریچاردسۆنی لەو ململانێیەدا روونکردەوە. لەڕاستیدا، ریچاردسـۆن و دیفـۆ هـەردوکیان گوێیان بەوە نەدەدا کەشافتسبری سوکایەتی پێکردوون و دەیانویست وەکو رامبراند (تەنها وێنەکێش و مێژوونووس)بن.

چـەمکی دەسـتبردنی ریالیزمانـە بـۆ وردەکارییـەکان لەبەرهەمـە ئەدەبییەکاندا ، هەندێك لەوەگشتی ترە کە بەشێوەیەکی دەستنیشـان کراو بتوانین بیسەلمێنین. سەلماندنی ئەم مەسەلەیە سەرەتا پێویستی بەلێکۆڵینەوەی دەستبردنی ریالیزمانە هەیە بۆ وردەکارییەکان لەگەڵ

هەندێ لایەنی تایبەتی هونەری گێرانەوەی چیرۆکدا. ودیارە دوولایەن لەو لایەنانە لەرۆماندا گرنگی تایبەتیان هەیە: واتە کارەکتەرسازیو پێشکەشکردنی پێش زەمینە. ئەو بایەخدانەی کە لەرۆماندا بەشێوەیەکی ئاسایی بەبەخشینی تاکێتی بەکەسایەتییەکانو هەروەها وەسفی دورودرێژی دەوروبەریان دەدرێ، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی بۆ مشتومڕی رۆمان لەژانرەکانی دیکەو جۆرەکانی پێشووی ئەدەبیاتی چیرۆك.

## ج-کارەکتەر

لەڕوانگەی فەلسەفیەوە، مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ کارەکتەردا، بریتی‌یە لە دیاریی کردنی تاکێتی کارەکتەر. دوای ئەوەی دیکارت ئەوپەڕی بایەخی بەپرۆسەکانی ئەندێشەدا لەخود هوشیاریی تاك دا، مەسەلە فەلسەفیەکانی شوناسی فەردییش زۆر بوونە جێی بایەخپێدان، بۆ نموونە لۆك، قەشە باتلەر[41]، بارکلی، هیوم[42]و ڕێد لەبەریتانیا باسیان لەم جۆرە مەسەلانەکرد، تاکار گەیشتە ئەوەی ئەم مشتومڕە چووە سەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی سپیکتیتۆر[43].لەیەك چوونی نەریتی ئەندێشەی ڕیالیستیو تازەگەرییە فۆرمیەکانی رۆماننووسانی سەرقافڵە ئاشکرایە: هەم فەیلەسوفەکانو هەم رۆماننووسەکان زۆر زیاتر لەوەی تا ئەو کاتە باوبوو بایەخیان بە تاکێتی تایبەتی کەسەکان دا. هەڵبەتە بایەخی زۆری رۆمان بەتایبەتی کردنی کارەکتەرەکان، خۆی لەخۆیدا هێندە بابەتێکی فراوانە کەئێمە لێرەدا تەنها لەیەکێك لەلایەنەکانی دەکۆڵینەوە کەزیاتر دەتوانرێ دەستی بدرێتێ: لەولایەنەوە کەهەر کەسێك لەژیانی واقیعی‌دا ناوێکی

تایبەتی هەیە، رۆماننووسانیش بەناو نانی کارەکتەرەکان هەوڵ دەدەن بەتایبەتی نیشانیان بدەن. مەسەلەی شوناسی تاکێتی، لەڕووی لۆجێکی‌یەوە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ شوێنی ئەپستمۆلۆجی ناوە تایبەتیەکان هەیە، چونکە بەقسەی هۆبز، (ناوە تایبەتیەکان یەك شت دەخەنە زەینەوە، بەلاّم گشتیەکان شتی جوراو جۆر دەهێننە زەینەوە)[44] لەژیانی کۆمەلاّیەتی‌دا، ناوە تایبەتیەکان ڕێك هەمان دەوریان هەیە، واتە پیشاندەری قسەی تایبەتی کەسەکانن، بەلاّم ئەم دەورەی ناوە تایبەتیەکان، لەئەدەب دا بۆیەکەمجار لەرۆمان دا بەتەواوی سەقامگیربوو.هەڵبەتە کارەکتەرەکان لەژانرەکانی پێش رۆمانیشدا بەشێوەیەکی ئاسایی ناوی تایبەتیان هەبوو، بەلاّم لەڕاستی‌دا ئەو ناوانە گوزارشتیان لەوە دەکرد کەنووسەر بەدوای ئەوەدا وێل نی‌یە کە بەتەواوی کارەکتەرەکانی وەکو بوونەوەری (تاك)نیشان بدات. نووسەران رەواجیان بەوە دەدا لەسەر بنچینەی میتۆدی باو لەئەدەبیاتی کلاسیكو سەردەمی رێنیسانس دا، ناوی مێژوویی یان ناوی نموونەیی Typical بۆ کارەکتەرەکانیان هەڵبژێرن و ئەمەش لەگەڵ بنچینەکانی رەخنەی ئەو سەردەمەدا کوّك و تەبابوو. بەکار هێنانی ناوی مێژوویی یان نموونەیی دەبووە هۆی ئەوەی چاوەروانی شتی گەورە لە کارەکتەرەکان بکرێ کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەئەدەبیاتی رابردووەوە سەرچاوەی دەگرت تا ناوەڕۆکی ژیانی هاوچەرخ. ئەرستۆ دەیگوت هەتا لەکومیدیاش دا کەکارەکتەرەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەمێژووی رابردووەوە هەڵنابژێردرێن بەلکو دەسکردی زیهنی کومیدیا نووسانن، واوێنا

دەكرێ كەناوی كارەكتەرەكان تایبەتی دەنوێنی. هەمان ئەم وێناكردنە لەدوای سەرهەڵدانی رۆمانیش تاماوەیەك باوبوو.لەچیرۆكە پەخشان ئامێزەكانی رابردووشدا زیاتر ئەو ناوانە بەكار دەهاتن كەتایبەتی دەنوێنن یان ئەو ناوانە بەكاردەهاتن كە بەشێوەیەكی تر ناریالیستی بوون و گوزارشتیان لەكەسێكی تایبەتی نەدەكرد. ئەم ناوانە یان چەند سیفەتێكی تایبەتیان دیاری دەكرد (وەكو ئەو ناوانەی كەڕەبلی[45]، سیدنی[46]، بونین[47] لەبەرهەمەكانیان دا بەكاریان دەهێنان) یان هەڵگری چەمكی شاراوەی دەرەكی، داماڵراوو ئەدەبێك بوو كەهەرجۆرە دەلالەتێكی واقعی ژیانی ئەو سەردەمەی رەت دەكردەوە (وەكو ئەو ناوانەی كەلەبەرهەمەكانی لی لی[48]، ئەفرا بین، [49]، یان مەنلی[50] خانم دا هەن) ئەوەی كە كارەكتەرەكانی ئەم چیرۆكانە بەپێچەوانەی ئەو كەسانەوە كەلەژیانی رۆژانەدا دەیانبینین، هەڵگری ناوی بچووك و ناوی بنەماڵە نەبوون بەڵكو بەشێوەیەكی ئاسایی تەنها یەكێك لەو دوانەیان هەبوو (وەكو مستەر بادمان یان یوفیویز) بەلگەیەكی دیكەیە بۆ ئاراستەی سەرەكی ئەدەبی و خەت بۆ كێشراوی ئەم ناوە تایبەتیانە.بەڵام ڕۆماننووسانی سەرقافڵە بەشێوەیەكی دیار لەم نەریتە باوهەڵاتن و چەند ناوێكیان بۆ كارەكتەرەكانی رۆمانەكانیان هەڵبژاردكە ئەوەی نیشان دەدا دەبێ والەو كارەكتەرانە بگەین كەسانی تایبەتین لەدەوروبەری كۆمەڵایەتی هەمان سەردەم دا. دیفۆ جار بەجارێ ناوی تایبەتی بەكار دەهێناو هەندێ جاریش ناوی ناكۆكی ئامێزی بەكار دەهێنا، بەڵام زۆر بەدەگمەن ڕێكدەكەوت كەناوی باویان خەیاڵی بۆ كارەكتەرەكانی بەكاربێنێ، رەنگە حاڵەتی تایبەتی تەنها

ناوی (رۆکسانا)بێت کەناوێکی خوازراوو تەواو روون کراوەیە. هەروەها، زۆربەی کارەکتەرە سەرەکیەکانی رۆمانەکانی دیفۆ وەکو کارەکتەرەکانی رۆبینسون کروزو یان مول فلاندز، ناوی تەواو وریالیستی یان ناوی جگە لەناوی ئەسڵی خۆیان هەیە.ریچارد سۆنیش هەمان بۆچوونی هەیە، بەو جیاوازییەشەوە کەوردەکاریی زیاتری بەکار دەهێناو بۆ هەموو کارەکتەرە سەرەکیەکانیو هەتا زۆرجار بۆ کارەکتەرە لاوەکیەکانی رۆمانەکانی، هەم ناوی بچووکی هەڵدە بژاردو هەم ناوی بنەماڵەشی هەڵدەبژارد. هەروەها ریچاردسۆن لەرۆماننووسیندا روو بەرووی کێشەیەکی بچووك بەلام نەك کەم بایەخ بۆوە کەبریتی بوو لەبەکارهێنانی ئەو ناوانەی کەبەشێوەیەکی شارەزایانە گونجاوو پرمەعنان بەلام لەهەمان کاتدا لەناوە ریالیستییە باوەکان دەچن. لەم رووەوە، چەمکە ناوەکیەکانی ناوی پامێلا کەزیاتر بۆ رۆمانس گونجاوە، بەناوی فامیلی ئاسایی ئەندروز لغاو دەکات. هەم ناوی کلریسا هارلوو هەم ناوی رۆبەرت لوڤلیس لە زۆرلایەنەوە شایستەی ئەوانەو لەراستیدا دەتوانرێ بگوترێ تەواوی ئەو ناوە تایبەتیانەی کەریچاردسۆن بەکاری دەهێنان، لە(سینکلەر)ەوە بیگرە هەتا مستەر چارلزگرندیسۆن مەعنایان هەیەو لەهەمان کاتدا لەگەڵ سروشتو خوی خاوەنەکانیاندا جووتن.

بەهەمان شێوە کەیەکێك لەرەخنەگرە نەناسراوەکانی هاوچەرخی ئاماژەی بۆ دەکات، فیلدینگ بۆ کارەکتەری رۆمانەکانی (ناوی سەیرو سەمەرەی پر بریقو باقی بەکار نەدەهێنا، بەڵکو چەند ناوێکی هەڵدەبژارد کەئەگەر چی جار بەجارێ ئاماژەیەکیان بۆ کارەکتەری

ئامارژە بۆکراو دەکرد، بەڵام مۆرکیان تازە تربوو)[51] گەرچی دەتوانرێ ئەوە قبوڵ بکرێ کە ناوی کەسێ هێرتفری، ئەلورتی، سکوێر، بێت، بەڵام بێگومان ئەم جۆرە ناوانە وێنەی تازەکراوەی ناوە نموونەییەکانن.هەتا ناوی ویسترین‌و تۆم جونز بەڵگەی بەهێزی ئەوەن کەفیڵدنیگ ئەوەندە بایەخی بەنموونەی گشتی دەدا کەتایبەتبێ بەتاك.

هەڵبەتە ئەم خاڵە لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا ناکۆك نی‌یە، چونکە لەم بارەیەوە کۆ دەنگی هەیە کە تێڕوانینی فیلدێنگ لەناونانی کارەکتەرەکانی‌و لەحەقیقەتی گشتی شێوازیدا بۆ وێنەکردنی کارەکتەرەکانی، جیاواز بووە لەگەڵ شێوازی باوی رۆماندا.مەبەستی ئێمە ئەوەنی‌یە کە (هەر وەکو سەبارەت بەریچارد سۆن بینیمان) لەرۆماندا جێگایەك بۆ ئەو ناوانەنی‌یە کە بەشێوەیەکی شایستە کارەکتەری لەبەرچاوگیراوبن، بەڵکو بەرەچاوکردنی ئەوەی کەرۆڵی سەرەکی ناوی هەر کارەکتەرێك ئەوەیە کەنیشانی بدات کارەکتەری ویستراو دەبێ وەکو کەسیکی تایبەتی لێك بدرێتەوە نەك وەکو نموونەیەك، ئەم شایستەیی ناوە نابێ وابێ کەلێن بخاتە رۆڵی سەرەکی ناوەکەوە.لەڕاستی‌دا وادیارە کەفیڵدینگ لەکاتێکدا دوا رۆمانی خۆی واتە (ئەمیلیا)ی دەنووسی، ئاگای لەهەمان بابەت بوو.لەم ڕۆمانەدا ئارەزووی کلاسیکی نوێی فیڵدینگ بۆ بەکارهێنانی ناوە نموونەییەکان تەنها لەناوی کارەکتەرە لاوەکیەکانی وەکو (ترشەر)ی دادوەرو (باندم)ی یاریدەدەری کۆمیسەردا ڕەنگی داوەتەوەو هەموو کارەکتەرە سەرەکیەکان (بۆ نموونە خێزانی بۆت، مس متیوز، دکتۆر هەریسن، سەرهەنگ جیمز، عەریف ئەتکینسۆن، کاپیتان ترێنت،

بینیت خانم) ناوی ئاسایی‌و هاوچەرخیان هەیە. لەڕاستی‌دا، بەپێی چەند بەڵگەیەك فیلدینگیش وەکو هەندێك لەرۆماننووسانی مۆدیرن، تاڕادەیەك بەرێکەوت ئەم ناوانەی لەلیستی چاپکراوی کەسانی هاوچەرخی خۆیەوە وەرگرتووە: هەموو ناوە خێزانیەکانی سەرەوە لەلیستی هاوکارەکانی چاپی تایبەتی وەزیری کتێبەکەی (گیلبرت برنیت)[52]دا بەناو نیشانی (مێژوی سەردەمی خۆی)[53] لەچاپی ساڵی 1724دا بەرچاو دەکەوی‌و هەمان چاپەکە دیارە لەبەر دەستی فیلدینگیش دابووە[54].بەچاو پۆشین لەوەی کەوابێ یان نا، گومان لەوەدانی‌یە کەفیلدینگ بەشێوەیەکی فراوان‌و بەرچاو گۆڕانکاری لەرێسای بەکارهێنانی ناوە ئاساییە هاوچەرخەکاندا کرد کەدیفۆو ریچاد سۆن بنیات نەری بوون، گەرچی پاشان هەندێ لەرۆماننووسانی سەدەی هەژدە وەکو سمۆلیت[55]و ستێرن[56]پەیرەوی ئەو رێسایەیان نەکرد، بەلآم لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم ریسایە بووبە بەشێك لەنەریتەکانی رۆمان‌و بەهەمان شێوە کەهینری جەیمز[57] لەباسی تایبەت بەقەشە ترۆلپ واتە (مستەر کویڤ رفول) ئاماژەی بۆ دەکات [58].ئەو بەهایەی کەرۆماننوس بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنی نەریتی کۆن دەبێ بیدات، ئەوەیە کەخوێنەر باوەڕناکات کە ئەو کارەکتەرەی رۆمانووس بەکاری دێنی بەراستی لەواقیع دا هەیە.

## د.کات

لۆك وتبووی ناسنامەی تاکەکەس بریتی‌یە لەناسنامەی ویژدانیکی بەئاگا کەلەرێگەی بەردەوامیەوە لەکات دا لەرەوتدایە؛ بەدەربڕینێکی تر، تاك لەرێگەی ئەو یادەوەرییانەوە کەسەبارەت بە بیرو کارەکانی رابردووی هەیەتی، لەگەڵ ناسنامەی بەردەوامی خۆیدا پەیوەندیی پەیدا دەکات [59]. هیومیش شوێنگەی سەرچاوەی ناسنامەی تاکی بەکۆی یادەوەرییەکانی تاك دەزانی: (ئەگەر یادەوەرییەکمان نەبوایە، هەرگیز هیچ جۆرە وێناکردنێکمان سەبارەت بەهۆ نەدەبوو، ئەنجامیش وێناکردنێکمان سەبارەت بەو زنجیرە عیلەت و مەعلولانە نەدەبوو کە گیان یان خودی خۆمان پێك دەهێنن)[60] روانینێکی لەم جۆرە، لە تایبەتمەندییەکانی رۆمانە. لیکۆڵینەوە لەکەسێتی مرۆڤ، بەو جۆرەی کەلە توانای بەرامبەری هوشیاریی رابردوو و ئێستایدا نیشان دەدرێ، بابەتێکە کەزۆربەی رۆمان نووسان لە (سیترن)ەوە بیگرە هەتا پروست [61]بایەخیان پێداوە. لەرێبازێکی دیکەدا مەسەلەی پیناسەی تاکێتی شتەکان کەپەیوەست بەڵام دەرەکی ترە، کات وەکو گۆتەیەکی زاتی لێك دەدرێتەوە. (بنچینەی تاکێتی) بەپێی باوەڕی لۆك بریتی بوو لەبوون لەپلەو پایەیەکی تایبەتی لەشوێن و کات دا.بەهەمان شێوە لۆك کەنووسی، لەولایەنەوە کە (چەمکەکان بەجیابوونەوەیان لەسیفەتی کات و شوێن، شمولیەت بەدەست دێنن)[62] هەروەها، چەمکەکان تەنها لەکاتێکدا دەبن بەتایبەتی کەئەو دوو کۆت و بەندە ئاشکرا بکرێن. بەم پێیە، کارەکتەرەکانی رۆمانیش تەنها کاتێك تاکێتی بەدەست دەهێنن کەلەباکگراوندی کات و شوێنیکی تایبەتی‌دا بن. هەم فەلسەفەو هەم

ئـەدەبیاتی یونـانو رۆمـان بـەقوڵی کەوتبوونـە ژێـر کاریگـەریی ئـەو بۆچوونـەی ئەفلاتونەوە [63] کەوێنـەیان نموونـەکان، چـەند راسـتیەکی کۆتایین لـەدوای شتە هەست پێکراوەکـانی دنیـای ناپایـەدارەوە. ئـەم وێنانـە، بەئـەزەلی –هەمیشـەییو لـەگۆران نـەهاتوو لەقەڵـەم دەدران[64] و بـەم پێیــە بەشــێوەیەکی گشــتی نوێنــەرەوەی گریمانــەی بنچینــەیی مەدەنیـەتی یونـانو رۆمـای کـۆن بـوون کەبـەپێی ئـەوە، تەنـها شـتێك کەمـەعنا بنچینەییەکەی لـەرەوتی کـات سـەربەخۆ بـێ، روویـداوە یـان دەشێ روویدات. ئەم گریمانەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا تـەواو جیاوازە کەلـە دوای سـەردەمی رێنیسـانس سـەری هـەڵداو بـەپێی ئـەو بۆچونـە کـات نـەك تەنـها رەهـەندێکی گرنگـە سـەبارەت بـە جیـهانی مـادی بـەڵکو هێزی فۆرمەڵە بەخشی مێژووی تاكو کۆمەڵی مرۆڤە.

رۆمـان زیـاتر لەهەرشـتێك بـەهۆی شـێوەی رەنگدانـەوەی لایـەنگیریی تایبەتمەندی بیری هاوچەرخەوە، بەباشـترین شـێوە تایبەتمەندییـەکانی رۆشنبیریی خۆرئاوانیشان دەدات. بەرای ئی، ئیم، فۆرستێر[65] ئـەدەب لەکۆنـەوە ئاراستەیەکی زیادەرەوی هـەبوو لەوێنـەکردنی (ژیـان لەسـەر بنـەمای بـەهاکان)و ئـەوەش رۆمـان بـوو کەبەوێنـەکردنی (ژیـان لەسـەر بنـەمای کـات) ئـەرکێکی جیـاوازی بـۆ ئەرکـەکانی ئـەدەب زیـادکرد. لەروانگـەی (شـپینگلەر)[66]ەوە سـەرهەڵدانی رۆمـان لەبـەر ئـەوەبوو کەمرۆڤی (دەرەوەی مێژوو)ی سەردەمی نوێ پێویستی بـەژانرێك هەیـە کـەبتوانێ (ژیـان بەگشـتی) لـەخۆبگرێ. بـەڵام لـەنێو رەخنـەگرانی هاوچـەرخدا (نـۆر تـرۆپ فـرای) رەخنـەگری ئـەدەبی کەنـەدایی لـەو

باوەڕەدایە کە تایبەتمەندی دیاری رۆمان بەبەراورد لەگەڵ ژانرەکانی دیکەدا، بریتییە لە(پەیوەندی کات و مرۆڤی خۆرئاوایی).

بەرلەمە، لەلایەنێکی ئەو گرنگیەمان کۆڵیەوە کەڕۆمان بەڕەهەندی کاتی دەبەخشێ و بینیمان کەڕۆمان رێسای ئەدەبی دێرینەی بەکارهێنانی چیرۆکە بێکاتەکانی بەمەبەستی نیشاندانەوەی راستییە نەمرە ئەخلاقیەکان کرد بەژێرپێوە، تایبەتمەندیەکەی دیکەکە تەرحی رۆمان لەزۆربەی ئەدەبیاتی چیرۆکی پێشین جیا دەکاتەوە، ئەیەکە کەڵك وەرگرتن لەئەزموونەکانی رابردوو لەحوکمی هۆکاری کارەکانی ئێستادایە، بەدەربڕینێکی دیکە، تەرحی ئەدەبیاتی چیرۆکی پێش رۆمان، لەسەر هاوزەمانیی چاوەڕوان نەکراوی رووداوەکان یان گۆڕینی شێوەی کارەکتەرەکان بنیاتنرابوو. لەکاتێکدا کەلەتەرحی رۆماندا بەهۆی فاکتەری کاتەوە، پەیوەندیەکی هۆکاریی لەنێوان رووداوەکاندا دروست دەبێت و ئەم مەسەلەیەش، پێکهاتەی رۆمان زۆر هۆمۆجین تر دەکات. ڕەنگە لەمەش گرنگتر ئەو کاریگەرییە بێت کەتەئکیدکردنەوەی رۆمان لەسەر رەگەزی کات لەمامەڵە لەگەڵ کارەکتەردا بەجێیدەهێڵێ.دیارترین و درێژترین نموونە لەم بوارەدا، رۆمانی مەنەلۆجە کەئیدیعای ئەوەدەکات ڕاستەوخۆ ئەو قسەیە نەقڵ دەکات کەلەبەرهەمەکەدایەو لەکاتدا لەڕەوتدایەو لەمێشکی تاك دادێت و دەچێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رۆمان زۆر زیاتر لەهەر ژانریکی دیکە حسابی بۆ گۆڕانی کارەکتەر کردووە بەدرێژایی کات، و دواجار ئەو وێنەگرتنە دووروودرێژەش کەرۆمان سەبارەت بەژیانی رۆژانە دەیدات بەدەستەوە لەسەر زاڵبوون بەسەر رەهەندی کاتدا بنیاتنراوە،

بەقسەی ت.ه. گرین[67] بەشێکی گەورە لەژیانی مرۆڤ تەنها لەبەرخاوی رەوتەکەی، لەبەرهەمی ئەدەبیدا تارادەیەك بەگشتی بەعەکس نەکراوی مابۆوە، رۆمان پێوەرێکی کات بەکاردەهێنێ کە بەبەراورد لەگەڵ پێوەری (کات)ی ئەدەبیاتی چیرۆکی بەر لەرۆمان، بەشێوەیەکی زۆر ورد دەستنیشانکراوترە و ئەو لێکچوونەش کەلەنێوان رۆمان و پێکهاتەی ئەزموونەکانی رۆژانەدا هەیە بەوردی بەندە بەهەمان پێوەری کاتەوە. بێگومان رۆڵی کات لەئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناوەراست و سەردەمی رێنیسانسدا زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو رۆڵەدا کەلەرۆمان داهەیەتی. بۆ نموونە، سنووردارکردنی رووداوە تراژیدییەکان لەبیست و چوار سەعاتدا– واتە هەمان بنەمای یەکێتی کات کەهەموان پێی ئاشنان– لەراستیدا رەتکردنەوەی گرنگی رەهەندی کاتە لەژیانی مرۆڤدا، چونکە ئەم کارە بە حسابکردن بۆ روانگەی باو لەدنیای کۆندا کەبەپێی ئەوە واقیع لەگشتە ئەزەلی– ئەبەدیەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی نادیار گوزارشت لەوە دەکات کەئاشکراکردنی حەقیقەتی بوون، پێویستی بەتەمەنێك نییە ، بەڵکو کارێکی لەو جۆرە لەماوەی یەك رۆژیشدا بەتەواوی مەیسەر دەبێت، لەراستیدا بەگیانلەبەر زانینی مەرگ بەشێوەی گالیسکەیەکی باڵداریان دروێنەکەرێکی مۆن– کەدیسان هەموان پێی ئاشناین– باس لەهەمان روانین دەکات، ئەمانە سەرنجی ئێمە بۆ رەوتی کات راناکێشن، بەڵکو سەرنجمان بۆ تایبەتمەندیی ئامانجی ئەزەلی– ئەبەدی بوونی مەرگ رادەکێشن و راوەستانی ئێمە لەسەر ژیانی رۆژانە دەخەنە ژێر رۆشنایی خۆیانەوە بۆ ئەوەی بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ژیانی دوای مەرگدا ئامادەبین، لە

ڕاستیدا، بەگیاندار زانینی مەرگ، چ بەشێوەی گالیسکەی باڵدارو چ بە شێوەی دروێنەکەری مۆن، لەم ڕوانگەیەوەلە بنەمای یەکێتی کات دەچێت کەبنەمایەکی نامێژوویی هەیەو هەر بۆیە، دیسان نموونەیەکی دیارە لەو گرنگییە زۆرکەمەی کەزۆرجار ئەدەبیاتی پێش رۆمان بەڕەهەندی کاتی دەدات، بۆ نموونە مامەڵەی شکسپیر لەگەڵ رابردووی مێژووییدا، زۆر جیاوازە لەگەڵ مامەڵەی سەردەمی نوێدا، تروا[68]، رۆما، خانەدانی پلنتجێنیت[69]یان خانەدانی تیودۆر[70] هیچکامیان ئەوەندە پەیوەندیان بەرابردووەوە نییەکە لەگەڵ حاڵی حازریان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازبن، لێرەدا شکسپیر ڕوانینی رۆژگاری خۆی نیشاندەداتەوە، چونکە سی ساڵ لەدوای مەرگی بوو کەزاراوەی (ئاناکرۆنیزم)[71] بۆ یەکەم جار چووە ناو زمانی ئینگلیزی یەوەو شکسپیر زۆر لەدەرککردنی سەدەکانی ناوەڕاستی مێژووەوە نزیك بوو کەبەپێی ئەوە ڕەورەوەی کات، لەهەموو قوناغە مێژووییەکاندا چەند نموونەیەکی جێگیر زیاددەکات کەهەتا هەتایە بەکاردێن.ئەم ڕوانینە نامێژووییە پەیوەست دەبێ بەلەدەستدانی هەستپێکراوی پەیوەندیەوە لەبواری فاکتەری کاتدا دەقە بەدەقەو رۆژ بەرۆژو هەمان لەدەستدانی پەیوەندی بۆتە هۆی ئەوەی کەتەرحی کاتی زۆر لە شانۆ نامەکان (چ ئەوانەی شکسپیر نووسی بوونیو چ ئەوانەی زیاتر بەر لەو لەئاشیل بەدواوە نووسی بوویان) ئەوکەسانە گێژبکات کەپاشان[72] کۆیانکردنەوە رەخنەیان لەسەر نووسین، لەئەدەبیاتی چیرۆکی رابردووشدا سەبارەت بەکات رووبەڕووی ڕوانینێکی لەم جۆرە دەبینەوە؛ بەدواییەکدا هاتنی رووداوەکان لەزنجیرەیەکی زۆر دابڕاو

لەکات و شوێن روودەدات و گرنگییەکی زۆر کەم بۆ کات دادەنرێ وەکو فاکتەرێك لەپەیوەندییە مرۆییەکاندا.

کۆلریج[73] لەشاژنی پەریان[74]دا حسابی بۆ (سەربەخۆیی سەرسوڕهێنەرانەو لەدەستدانی واقیعی خەیاڵی تەواوی کات و شوێنە تایبەتیەکان) کردبوو. هەروەها رەهەندی (کات)ی تەمسیلەکانی بۆنین و رۆمانسە پاڵەوانیەکانیش بەهەمان ئەندازە نادیارو تایبەتی نەکراون.

بەڵام بەزوویی چەمکی تازەی کات لەزۆربەی بوارەکانی فیکری مرۆڤدا پەرەیسەند. کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی بابەتی تری دەربارەی مێژوو بەخۆیەوەبینی، هەر بۆیە جیاوازی لەنێوان رابردوو و ئێستادا زیاتر هەستی پێدەکرا. لەهەمانکاتدا، نیوتن[75]و لۆك شیکردنەوەیەکی نوێیان سەبارەت بەرەوتی کات خستەڕوو؛ کات چەمکی بەردەوامی خاوترو میکانیکی تری بەخۆیەوەبینیکە وەها ورد دەستنیشان کرابوو کەدەکرا کەوتنی شتەکان و ڕیزبەندی ئەندێشەی پێهەڵبسەنگێنرێ لەزیهندا.ئەم تەئکیدکردنەوە تازانە، لەرۆمانەکانی دیفۆدا رەنگیداوەتەوە. یەکەم جار لەچیرۆکەکانی دیفۆدا بوو کەوێنەی ژیان هەم لەدوورایییە فراوانەکەیدا وەکو رەوتێکی مێژوویی خرایە ڕوو، وهەم لەو دیمەنە نزیکەیدا کەنیشانیدەدا ئەم ڕەوتە لەباکگراوندی خێراترین ئەندیشەو کارەکاندا رەنگدەداتەوە، هەڵبەتە ئەوەش ڕاستە کەجاربەجارێ پێوەری کاتی رۆمانەکانی دیفۆ، هەم خۆی لەخۆیدا ناکۆکەو هەم لەگەڵ دیمەنی مێژوویی رووکەشیدا جیاوازە، بەڵام بێگومان خستنە ڕووی کەموکورتی لەم جۆرە خۆی لەخۆیدا پەسەند کردنێکە سەبارەت بەوەی

چۆن خوێنەر هەستدەکات کارەکتەرەکانی دیفۆ لەڕەهەندی کاتدا ڕەگ‌و ڕیشەیان هەیە. ئاشکرایە کەناتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین کەموکورتی لەو جۆرە بەزۆری دەربارەی ئارکیدیا Arcadiaنووسینی سیدنی یان سەفەری گەشتیار– نووسینی بۆنین تەرحبکرێ، چونکە لەم بەرهەمانەدا بەڵگەی تەواو بۆ واقیعی بوونی کات نییە تابتوانرێ جۆرێك جیاوازی لەم بەرهەمانەدا بدۆزرێتەوە، بەڵام بێگومان دیفۆ بەڵگەی لەو جۆرە بەدەستەوە دەدات. دیفۆ لەباشترین بەرهەمەکانیدا بەتەواوی قەناعەتمان پێدەکات کەچیرۆکەکەی لەکات‌و شوێنێکی تایبەتیدا ڕوودەدات‌و ئەو یادەوەرییەی کەسەبارەت بەرۆمانەکانی لەزەینماندادەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەو بەشانەی ژیانی کارەکتەرەکان پێکدێت کەبەشێوەیەکی سست بەیەکەوە لکێنراون بۆ ئەوەی دیمەنێکی باوەڕپێهێن سەبارەت بەژیاننامەی کارەکتەرەکان نیشانبدات، لەبەرهەمەکانی دیفۆدا، چەمکێك سەبارەت بەناسنامەی تاك لەدرێژەکێشانی کاتدا هەیەو لەهەمانکاتدا ناسنامەی تاك لەرەوتی تاقیکردنەوەدا گۆڕانی بەسەردا دێت.ئەم ئەنجامە بەشێوەیەکی زۆر هەستپێکراوترو تەواوتر لەبەرهەمەکانی ریچارد سۆندا بەرچاودەکەوێ، ریچاردسۆن زۆر وردەکاریی لەوەدا دەکرد تا هەموو ڕووداوی چیرۆکەکانی لەتەرحی کاتێکی ڕاڤەکراودا جێگە بکاتەوە، کەبەرلەوە هەرگیز وێنەی نەبووە: سەرەتای هەر نامەیەك لەرۆمانەکانی ریچاردسۆندا بەخوێنەر دەڵێت کەئەو نامەیە لەکام رۆژی هەفتەدا نووسراوەو زۆر جار سەعاتی نووسینی نامەکەش باسدەکرێ‌و ئەمەش بۆخۆی لەحوکمی چوارچێوەیەکی بابەتیدایە بۆ وردەکارییەکانی کات

هەتا بۆ زیاتری خودی نامەکانیشە، بۆ نموونە لە رۆمانی کلریسای ریچارد سۆندا ئەوە دەخوێنینەوە کەکلریسا سەعات 6.40دەقەی پاشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە 7ی ئەیلول مرد. هەروەها سوود وەرگرتنی ریچارد سۆن لەنامە لەرۆمانەکانیدا، ئەو هەستەی لای خوێنەر دروستدەکرد کەبەڕاستی لەهەموو رووداوەکانی رۆمانەکەدا بەشدارەو ئەم هەستە بەرادەیەك بەهێزو بێکەمو کورتی بوو کەتا ئەو کاتە وێنەی نەبوو، ریچاردسۆن بەهەمان شێوە کەلە (پێشەکی) رۆمانی کلریسادا ئاماژەی بۆ کردووە، دەیزانی کە (هەلومەرجی قەیراناوی...لەگەڵ ئەوەدا کەدەتوانرێ بەوەسف و رەنگدانەوەکانی قوناغێك لەقەڵەم بدرێ) لەهەر شێوەیەکی دیکە باشتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێو لەزۆربەی دیمەنەکانی رۆمانەکانیدا، ڕیتمی چیرۆك لەگەڵ وەسفێکی وردو درێژدا خاودەبێتەوەو لەئەزموونی ڕاستەقینە دەچێت. لەم جۆرە دیمەنانەدا ئەنجامەکەی ریچاردسۆن بۆ رۆمان حوکمی ئەو کاریگەرییەی هەبوو کەهونەری (وێنەی نزیك)لای د.و. گریفیت لەفیلمدا بەجێیهێشت: واتە رەهەندێکی تازەی بۆ نیشاندانەوەی واقیع زیادکرد.

فیلدینگ لەمامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی کات لەرۆمانەکانیدا، دیدگایەکی رێکوپێك ترو سیستماتیکتری پەیرەوکرد. فیلدینگ لەرۆمانی شامیلا Shamelaدا گاڵتەی بەریچاردسۆن کرد لەبەر ئەوەی کرداری حاڵی حازری بەکارهێنابوو: (منو خانم جیرڤیس تازە چووینەتە ناو جێگاکەوەو دەرگا دانەخراوە؛ ئەگەر ئاغام بێتەوە– ئەی وەی! دەنگی پێی دەبیستم کەهەر ئێستا لەدەرگاکەوە هاتەماڵەوە.

دەزانیت، بەهەمان شێوە کەقەشە ویلیام دەڵێت، من کرداری حاڵی حازر بۆ نووسین بەکاردەهێنم. باشە. ئەویش لەنێوان ئێمەدا لەناوجێگەدایە...)فیلدینگ لەرۆمانی تۆم جۆنزدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کەبەنیازە سەبارەت بەڕەهەندی کات، بەسەلیقەتر لەریچاردسۆن کار بکات (ئێمە بەنیازین... لەجیاتی لاساییکردنەوەی مێژوونووسان کەزەحمەتی زۆر بۆ خۆیان ئاساندەکەن و خاوەنی کتێبی بێشومارن و بۆ پاراستنی وەکیەکی سەرجەم نووسینەکانیان پێیانوایە بێگومان دەبێ دەربارەی ئەو مانگ و ساڵانەی کەهیچ رووداوێکی گرنگ تیایاندا روویننەداوە بەهەمان رادە کاغەز رەشبکەنەوە کەدەربارەی ئەو ماوە گرنگانە دەیکەن کەگەورەترین رووداوەکانی ژیانی مرۆڤ تیایاندا روویداوە، دەبێ زیاتر پەیرەوی شێوازی ئەو تاقمە نووسەرە بکەین کەدانبەوەدا دەنێن شۆڕشی ولاتان نیشاندەدەن) بەلام رۆمانی تۆم جۆنز لەهەمانکاتدا داهێنانێکی سەرنجڕاکێشی لەبواری ماڵەمەکردن لەگەڵ کاتی چیرۆکدا خستەڕوو. وادیارە فیلدینگ لەنووسینی ئەم رۆمانەدا رۆژ ژمێری بەکارهێناوە. واتە هەمان رەمزی ئاشکرای مامەڵەی بابەتی تر لەگەڵ کات لەرێگەی پیشەسازی چاپەوە. بەچاوپۆشین لەهەندێ حاڵەتی تایبەتی بچووک، تارادەیەك هەموو رووداوەکانی ئەم رۆمانە، نەك تەنها لەپەیوەندیاندا لەگەڵ یەکتری و ئەو کاتەی کەهەر قۆناغێك لەسەفەری کارەکتەرە جیاوازەکان لە(ولاتی خۆرئاواوە) بۆ لەندەن بەکردەوە روودەدات، بەڵکو هەروەها لەپەیوەندیشیاندا لەگەڵ سەرنجەکانی دەرەوە وەکو هیلالە باریکەکانی مانگ و خشتەی کاتی شۆڕشی جیمزخوازان[76] لەساڵی 1745 (واتە ئەو

ساڵە کەبڕیار بوو بەناو  ساڵی شۆڕشگێڕان بێت) لە ڕووی ڕێکخستنی کاتەوە هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتریدا نییە.

## هـ-شوێن

لەم بوارەشدا، وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکە، شوێن پێویستو ملکەچی کاتە. بەپێی لۆجیك هەر مەسەلەیەکی تاكو تایبەت، بەئاماژەکردن بۆ دووجیاکەرەوەی هاوبنەما -واتە شوێنو کات- پێناسە دەکرێ. هەروەکو کۆلریج ئاماژەی بۆ دەکات. لەڕووی سایکۆلۆجیەوە، ئەو وێناکردنەی کەسەبارەت  بەکات هەمانە (هەمیشە بە وێناکردنی شوێنەوە پەیوەستە). لەڕاستیدا، ئەم دوو ڕەهەندە لەبەر زۆر مەبەستی پراکتیکی، قابیلی  جیاکردنەوە نین لەیەکتری، هەروەکو ناولێنانی واژەکانی (ئێستا)و(دەقیقە) بۆ ئەم دوو ڕەهەندە بەڵگەی هەمان ئەو لێك جیانەبوونەوەیەن، ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین کەناتوانین  بەئاسانی ماوەیەکی تایبەتیی بوون (وجود)بهێنینە بەرچاوی خۆمان مەگەر ئەوەی کەئەو ماوەیە لەبواری شوێنەکەشیدا دابنێین.

لەکۆنەوە شوێن تاڕادەیەك بەهەمان ڕادە گشتیو نادیار بوو  کەکات لەتراجیدیاو کومیدیاو ڕۆمانسەکاندا هەر وەکو جۆنسۆن[77] دەڵێت، شکسپیر (گوێی بەجیاوازی کاتو شوێن نەدەدا)و ئارکیدیای (سیدنی)ش، ڕاست وەکو بەرزەخە گەڕۆکەکانی پیشانگەکانی سەردەمی ئەلیزابێث[78] تایبەت نییە بەشوێنکی دیاریکراوەوە.

هەڵبەتە ئەوە ڕاستە کەلەڕۆمانی وێڵگەردانو لەبەرهەمەکانی بونیندا زۆر وەسفی زیندوو وتایبەتی بەدەنی هەن، بەڵام ئەم جۆرە

وەسفانە، بەڕێکەوتو کەمو کورتن. رەنگە دیفۆ یەکەم نووسەری ئینگلیز بێ کەهەموو چیرۆکەکانی بەشێوەیەك بەرجەستە دەکرد کەگوایە بەڕاستی لەدەوروبەرێکی مادیدا ڕوویداوە، تێڕوانینی دیفۆ بۆ وەسف کردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی هێشتا ناوبەناوە نەك هەمیشەیی، بەڵام جار بەجارێ وردەکاریی ئاشکرا دەکات بەتەواوکەری بەڵگەی بەردەوامی چیرۆکەکەیو دەبێتە هۆی ئەوەی کەڕۆبینسۆن کروزو ومۆل فلاندرز بەرلەمانە زیاتر لەهەر کارەکتەرێکی چیرۆك بەشێوەی تەواو کامڵ بەدەوروبەرەکەیانەوە گرێ بدەین، یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی دیفۆ، هەمان بەرچاویی جێگریی کاتو شوێنە، بەتایبەتی لەو رۆڵەدا کەشتە جوڵاوەکانی دنیای مادی لەڕۆمانەکانیدا هەیانە: لەڕۆمانی مۆل فلاندرزدا پارچەی کەتانو خشڵێکی زۆر هەیە بۆ ژماردنو دورگەی رۆبینسون کروزو پڕە لەقاپو قاچاغی مسو جلو بەرگی کۆنو ئەنتیکە.

ریچارد سۆنیش کەلەم بارەیەوە رۆڵی سەرەکی هەبوو لەتەواوکردنی ریالیزم لە گێڕانەوەدا، تاڕادەیەکی زۆر رەوتی ناوبراوی بەرەو پێش برد. لەهەموو رۆمانەکانی ریچاردسۆندا، وەسفی دیمەنی سروشتی کەمە، بەڵام سەرنجێکی زۆر لەفەزای ناوخۆیی شوێنی دانیشتنی کارەکتەرەکان دراوە: شوێنی دانیشتنی پامێلا لە (لینکۆڵن شێر)و (بێد فۆرد شێر)دا بەڕاستی لەزیندان دەچێت. هۆڵی (گرەندیسۆن) بەشێوەیەکی زۆر دووروودرێژ بۆ خوێنەر وەسف کراوە، وهەندێ لەوەسفەکان لەڕۆمانی (کلریسا)دا باکگراوندێکە بۆ شارەزایی بەلزاك لەگۆڕینی شوێنی رۆمان بۆ هێزێکی کاریگەرو هەمیشە ئامادە؛

بۆ نموونە تەلاری هارلۆ، دەگورێ بەدەوروبەرێکی مادیو ئەخلاقی کەبەشێوەیەکی ترس هێنەرهەیە وهەستی پێدەکرێ. لەم بوارەدا، فیلْدینگیش زۆر لە دوای تایبەت خوازیی ریچارد سۆنەوەیە.

فیلْدینگ لەرۆمانەکانیدا، بەوردەکاریی تەواوەوە فەزای ناوەوەی شوێنی دانیشتنی کارەکتەرەکان وەسف ناکاتو وەسفە دوبارە کراوەکانی سەبارەت بەدیمەنە سروشتیەکان، بەشێوەیەکی زۆر تەقلیدی ئەنجام دراون، لەگەڵ ئەمانەشدا، بەدرێژایی مێژووی رۆمان، تۆم جۆنز یەکەم رۆمانە کەتەلاری گۆتیك تیایدا رۆڵێکی گرنگی هەیە[79]. هەروەها فیلْدینگ شوێنی روودانی رۆمانەکانی بەهەمان ئەو وردەکارییە وەسف دەکرد کەبەدواییەکدا هاتنی کاتی ئەو رووداوانە وای کردووە زۆر لەو شوێنانەی کەتۆم جۆنز لەسەر رێگەیدا بۆ لەندەن پیایاندا ڕەت دەبێ بەناو دەست نیشان کراونو دەتوانرێ بەوردی شوێنی جوگرافیایی ئەوانی تریش بەبەکارهێنانی بەڵگەی جیاجیای دیکە بزانرێ.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بگوترێ، ئەگەرچی هیچ یەکێك لەرۆمانەکانی سەدەی هەژدە هاوشێوەی بەشەکانی سەرەتای (سوورو رەش)، یان بابەگۆریۆ نین کە هەر لەسەرەتاوە ئەو گرنگییە نیشان دەدات کەستاندال[80] و بەلزاك لەرەسم کردنی گشتیاندا سەبارەت بەژیان بۆ دەوروبەر باوەڕیان پێیەتی، بەڵام بێگومان پەیرەوی کردنی پرانسیپی نیشاندانەوەی واقیعی دیفۆ، ریچارد سۆنو فیلْدینگی بەرەو ئەو شوێنە برد کەداهێنەری هێزی (جێگیرکردنی مرۆڤ بن بەتەواوی لەدەوروبەرە مادییەکەی خۆیدا). بەڕای ئەلەن

تیت[81]، توانای جیاکەرەوەی رۆمان وەکو ژانرێکیش هەمان شتە. دەبێ ئەوەش بگوترێ سەرکەوتنی بەرچاوی ئەم سێ رۆمان نووسە لەم بوارەدا لەو فاکتەرە گرنگانەیە کە لە چیرۆك نووسانی پێش خۆیان جیایان دەکاتەوەو شوێنی گرنگیان لەڕیسای ئەم ژانرە تازەیەدا نیشان دەدات.

## و/ زمان

ئەو تایبەتمەندییە هونەرییە جۆراو جۆرانەی ڕۆمان کەتائێرە ژماردمان، بەڕووکەش هەموو بواری بەدەست هێنانی ئامانجێك فەراهەم دەکەن کەلەنێوان رۆماننووسانو فەیلەسوفاندا هاوبەشە؛ واتە دروستکردنی شتێکە کەئیدیعای ئەوە دەکات باسێکی هاوڕێك لەگەڵ واقیعدا بەدەستەوە دەدات کەتاکەکان بەکردەوە لەژیانی خۆیاندا رووبەڕووی دەبنەوە. گەیشتن بەم ئامانجە پێویستی بەوەبوو کەسەرەڕای ئەو ڕێسایەی پێشان باسمان کرد، زۆری دیکە لەڕێساکانی ئەدەبی چیرۆك تێك بشکێنرێت. بەکارهێنانی داڕشتن بەمەبەستی زیاتر هاوڕێکی واقیع نیشاندانی رۆمان، رەنگە گرنگترین ڕێسا شکاندن بێت کەپەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ یەکێك لەدووپات کردنەوەکانی میتۆلۆجیا تایبەتی ریالیزمدا هەیە لەفەلسەفەدا.

ڕاست بەهەمان شێوە کەسکالای نومینالیستەکان (ناوگەرایان) دەربارەی زمان، بەرەبەرە هۆیەکانی لاوازکردنی ڕوانینی فەیلەسوفە ریالیستە سکۆلاسیتکەکانی دەربارەی شتەگشتیەکان فەراهەمکرد، بەهەمان شێوە زۆری نەخایاند کەڕیالیزمی سەردەمی نوێش خۆی لەبەرامبەر کێشەیەکی مەعناناسی لەو جۆرەدا بینیەوە، واژەکان

هەموویان نیشاندەری شتە واقیعیەکان نەبوون یان بەجۆرێکی یەکسان نیشاندەری شتە واقعیەکان نەبوون، و بۆیە دەبوو فەلسەفە بنەمای عەقڵانی واژەکان بدۆزێتەوە، ئەوەی لۆك لەبەشەکانی کۆتایی کتێبی سێیەم- نامەیەك لەبارەی توانای تیگەیشتنی مرۆڤ- [82]دا دەڵێت: رەنگە گرنگترین گەواهی ئەم رەوتە لەسەدەی حەڤدەدا بێت. زیاتر ئەوەی لۆك دەربارەی بەکارهێنانی ڕاستی واژەکان وتوویەتی، بەشی زۆری ئەدەبیات ناگرێتەوە، چونکە بەهەمان شێوە کەلۆك رووبەڕووی نارەحەتی بۆتەوە، (رەوانبێژی قسە وەکو جنسی لەتیف) فریودانێکی لەزەت بەخشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەو خاڵەش شایانی سەرنجدانە کەئەگەرچی هەندێ لەو (خراپ بەکارهێنانەی زمان) کەلۆك دەستنیشانی دەکات- وەکو زمانی مەجازی- لەتایبەتمەندییە هەمیشەییەکانی رۆمانسەکان بوو، بەڵام لەپەخشانی دیفۆو ریچارسۆندا بەبەراورد لەگەڵ داڕشتنی هەر چیرۆك نووسێکی دیکە هەتا پێش ئەو سەردەمە، ئەم جۆرە (خراپ بەکارهێنانانەی زمان) دەگمەن ترە.

هەتا پێش سەرهەڵدانی رۆمان، ئەدەبیاتی چیرۆکیش، بەشێوەیەکی باو دەنووسرا کەپێکەوە گونجانی نێوان واژەکانو شتەکان، گرنگیی پلەیەکی نەبوو، بەڵکو گرنگ جوانیەکانی خستنەڕوویەك بوو کەپیشەی تازەیی بە وەسفی رووداوەکاندەدا ڕێسای داتاشینی زمان لەرۆمانسە یۆنانیەکاندا یەکەم جار بە(ئیسۆ پیکا- Aethiopica)بەرهەمی هیلیۆدۆروس [83] بنیاتنراوەو بەڕەوانبێژی (دەسکرد)[84]ی جۆن لیلیو سیدنی لەگەڵ خواستنی دوور[85] وئاڵۆزی لاکالپریندو ماگدلین دی سکودیری

بەردەوام بووە. هەر بۆیە، هەتا ئەگەر چیرۆك نووسانی تازە رێسای دێرینەی تێکەڵ کردنی شیعرو پەخشانیشان بکردایە بەژێر پێوە (واتە ئەو نەو رێسایەی کەهەتا لەرۆمانەکانی وەکو (ستریکۆن–Satyricon)ی پیترۆنیس [86] پەیرەو بکرایە کەلەسەرەتاوە تاکۆتایی تەنها ژیانی چینە ژێر دەستەکانی دەنواند) هێشتا لەروانگەی ئەدەبیەوە زۆر چاوەروان دەکرا کەچیرۆك نووسەکان وەك سەرچاوەیەك زمان بەکاربێنن کەخۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی هونەرکاری نەك وەکو ئامرازێکی دەربڕین کەتەنها لایەنێکی فەرمانی هەیە.

هەڵبەتە بەکارهێنانی زمان بەم شێوەیە، لەهەموو حاڵەتەکاندا باس لەوەسفیکی ریالیستی ئاراستە نەکراو دەکات کەرێسای رەخنەگری کلاسیك بەشێوەیەکی گشتی هیچ کاریگەرییەکی لەسەری نییە، ناساندنی (وەسفی بەیانیان) [87] نووسینی سویفت [88] لەژمارە(9)ی بڵاو کراوەی تەتلیر Tatlerدا (1709) وەکو بەرهەمێك کەنووسەرەکەی تیایدا(بەخێرایی لەرێگایەکی تازەدا هەنگاوی ناوەو هەموو شتێکی وەك ئەوەی کەرووویداوە وەسف کردووە) لەراستیدا زەمێك بووکە لەستایش دەچوو، گریمانی ناخی نووسەران و رەخنەگرانی خاوەن بڕوانامە ئەوە بووکە شارەزایی نووسەر، لەبەکارهێنانی وردیی واژەکاندا بۆ پیکەوە گونجان لەگەڵ شتەکاندا خۆی نیشان نادات، بەڵکو دەبێت ئەوە ببینرێ کەنووسەر بەچ پێوەرێك لە هەستیاری ئەدەبی، رەوانبێژی زمانی گونجاو لەگەڵ بابەتدا لەشێوازی نووسیندا خۆی نواندۆتەوە، کەواتە سەیرنییەکە نموونەکانی سەرەتای گێرانەوەی چیرۆك بەشێوەی داڕشتن کەتارادەیەك بەتەواوی لەبازنەی

وەســفی ئاشــکرای زمــاندا بــوو، نووســینی کەســانێکە کەدەســتەی نووســەرانەکەی خــاوەن سروشــتی ناســك نــین. ئــەوەش ســەیر نییــە کەزۆربەی نووسەرانی ئەو سەردەمە کەخاوەنی بروانامەی باشتر بوون، دیفۆو پاشان دیچاردسۆنیان لەبەر شێوەی نووسینی ناقولاو زۆر جار بێ وردەکارییان دایە بەربای رەخنە.

ئاشکرایە مەبەستەکانی دیفۆو ریچاردسۆن کەلەبنچینەدا ریالیستی بوون، پێویستی بەشتێك بوو کەزۆر جیاواز بێ لەگەڵ قاڵبە باوەکانی دارِشتنی ئەدەبیدا.

ئــەوە راســتە کەلــە کۆتاییــەکانی ســەدەی حــەڤدەدا بزووتنەوەیــەك کــەئامانجی دارِشــتنی روونو ســادە بــوو بەشــدارییەکی زۆری کــرد لەهێنانەکایەی شێوە دەربڕینێکدا کەزۆر زیـاتر لەقاڵبـەکانی رابـردوو لەگەڵ رۆمانی ریالیستیدا دەگونجا؛ بەڵام لەهــەمان کـاتدا تـێڕوانینی لۆك دەربارەی زمان بەرە بەرە لـەتیۆری ئەدەبیدا رەنگی دەدایەوە، بۆ نموونە جۆن دنیس [89] وێنە خەیاڵیەکانی لەبەرهۆی ناریالیستی بوونی لەهەندێ لایەنی تایبەتیەوە رەتدەکردەوە.

(هیچ جۆرە وێنەیەکی خەیاڵی هەرگیز ناتوانێت ئامرازی دەربڕینی خەم بێت. ئەگەر کەسێك بەبەکارهێنانی شوبهاندنی ئەندێشـە سـکاڵا بکات، کاردانەوەی من ئەوە دەبێت کەیان پیکەنینم پێدێت یان خەو دەمباتەوە).

لەگەڵ ئەوەشـدا، ئاسـتی پەخشـان لەسـەردەمی ئاگۆسـت[90]دا زۆر لـەوە ئـەدەبی تـر بـوو کـەبتوانێ زمـانی سروشـتی مـۆل فلاندرزو پـامێلا ئەندروز بێو ئەگەر چی بۆ نموونە پەخشانی ئەدیسۆن[91]یان سوییفت

بەتەواوی سادەو ئاشكرایە، بەلاّم كورتەی ئاراستەكراوی زیاتر جورێك لە كورت كردنەوەی زۆر چڕ دەخاتە زیهنەوە تا باسێكی تەواوی ئەو شتەی وەسف دەكریّ.

كەواتە نابیّ دەرچوونی دیفۆو ریچاردسۆن لەرێگا باوەكانی پەخشان نووسین وەكو سیفەتێكی خراپی رێكەوت لێك بدەینەوە، بەلّكو دەبیّ ئەوە بەو بەهایە بزانین كەدیفۆو ریچاردسۆن بۆ بەدەست هێنانی پەیوەندییەكی بیّ نێوان و نزیك لەنێوان ناوەرۆكی نووسینەكانیان و ئەوەی وەسفیان دەكرد، ناچار بوون بیدەن، لەبەرهەمەكانی دیفۆدا ئەم پەیوەندییە نزیكە بەشێوەیەكی سەرەكی لایەنی بەدەنی هەیە، لەكاتێكدا ئەمە لەبەرهەمەكانی ریچاردسۆندا بەشێوەی سەرەكی عاتیفییە، بەلاّم لەهەردوو حالّەتەكەدا خوێنەر هەست دەكات تاكە ئامانجی نووسەر ئەوەبووە كەبەهەر نرخێك بیّ – ئایا بەدوبارە كردنەوەی وشەو دەستەواژەوكان بێت یا بەهێنانەوەی رستەی دڕ بەیەك ویان بەدرێژكردنەوەی قسە–كارێك بكات بۆئەوەی واژەكان ئەوەیئەو مەبەستیبووەبە هەموو ئەو سیفەتاییەتیانەوەكەهەلّیان گرتووە بۆ خوێنەر ڕوونبكەنەوە. هەلّبەتە فیلّدینگ لەدیدگا یان ڕێسای پەخشان نووسینی سەردەمی ئاگوست لای نەدا، بەلاّم دەتوانریّ بەلّگەی ئەوە بهێنرێتەوەكە هەمان مەسەلە بۆتە هۆی ئەوەی كەلە وەك واقیع بوونی چیرۆكەكانی كەم بێتەوە.

كاتیّ رۆمانی –تۆم جۆنز– دەخوێنینەوە، تەسەور ناكەین كەبەنادیاریی لەگەرانێكی نویّ بۆ دۆزینەوەی واقیعیەت ئاگادار دەبین. لەدارشتنی فیلّدینگەوە یەكسەر تیّ دەگەین كەكاری گەڕان ماوەیەكی

زۆرپیش ئەوە تەواو بووە وچیتر پێویست نییە زەحمەتی کارێکی لەو جۆرە بدەینە بەر خۆمان، بەڵکو بەپێچەوانەوە راپۆرتێکی هەڵبژێردراو لەگەڵ روون کردنەوەی پێویست دەربارەی ئەنجامەکان دەخرێتە بەرچاومان.

لەم خاڵەدا ناکۆکیەکی سەر سوڕهێنەر بەرچاو دەکەوێ. لەلایەکەوە دیفۆو ریچاردسۆن زمانو بنەمایەکی پەخشان لەرۆمانەکانیاندا بەکار دەهێنن کەهەمیشەو بێ بواردن ریالیستییەو لەبەر ئەم هۆیە، بەها ئەدەبیەکانی دیکە لەدەست دەدەن. لەلایەکی دیکەوە، ئەو تایبەتمەندییە ئیجابیانەی کەلەشێوازی نووسینی فیلدینگدا بەرچاو دەکەون، بەزۆری لەگەڵ هونەری رۆماننووسینیدا ناکۆکن، چونکە لەکاتێکدا بۆچوونی بەرووخراو لەرۆماندا بەشێوەیەکی زەق لەلایەن رۆماننووسەوە هەڵبژێردرێ، ئێمە چیتر باوەڕ بەواقیعیەتی ئەوە ناکەین کەدەگێڕدرێتەوە، یان بەلای کەمەوە سەرنجمان لەناوەرۆکی گێڕانەوەکەوە بۆ شارەزایی گێرەرەوە رادەکێشرێ، پێدەچێت لەنێوان بەها کۆنەکانو نەمریی ئەدەب لەلایەكو هونەرە تایبەتییەکانی گێڕانەوە لەرۆماندا، ناکۆکی زاتیی هەبێ.

دەتوانرێ ئەم ناکۆکیە زاتییە لەرێگەی بەراوردێکەوە لەگەڵ ئەدەبیاتی چیرۆکی فەرەنسەدا نیشان بدرێ. لەفەرەنسا بۆچوونی رەخنە گرانەی کلاسیك تەئکیدی لەرەوانبێژیی قسەو کورت کردنەوە دەکردەوەو تاکاتی سەرهەڵدانی قوتابخانەی رۆمانتیك، هەرگیز بە تەواوی داوای تەحەدا نەکرا. رەنگە تاڕادەیەك لەبەر ئەو هۆیە بێ کەئەدەبیاتی چیرۆکی فەرەنسا لە (شازادە خانم کلو)وە تا (پەیوەندییە

ترســـناكەكان) لـــەدەرەوەی رێســـای ســـەرەكی رۆمانـــەوە دادەنـــرێ.
خوێنەری چیرۆكە فەرەنسیەكان، سەرەڕای لێهاتوویی ئەدەبیو قووڵی
ســـایكۆلۆجی ئـــەم چیرۆكانـــە، هەســـت دەكـــات ئـــەم چیرۆكانـــە لـــەوە
دەســـكردترن كەلەگـــەڵ واقیعـــدا بێنـــەوە، لـــەم روانگەیـــەوە، (مـــەدام
لافییت)[92]و (شودرلۆلاكلۆ)[93] ڕاست لەبەرامبەر دیفۆو ریچارد سۆندان
كەسوود وەرگرتنیان لەواژە فراوانەكان خۆی لەخۆیدا گرەنتیەكە بۆ
وەك واقیـــع بوونـــی ئـــەوەی كەدەیگێڕنـــەوە؛ كەتاكـــە ئامـــانجی
دارشتنەكانیان ئەو شتەیە كەلۆك ناوینا ئامانجی شایستەی زمان، واتە
(نیشاندانی مەعریفەی نووسەر بۆ شتەكان) كەئیدیعای ئـەوە دەكـەن
رۆمانەكانیان سەراپا تەنها ڕەسم كردنێكی ژیانی واقیعی -یان فلۆبیر
وتەنی (نووسینێكی واقیعی)یە.

بەم پێیە وادیارە كاری زمان لەرۆماندا بەبەراورد لەگەڵ ژانرەكانی
دیكەدا، زۆر سەرەكی تربێو پرۆسەی خودی رۆمانیش زیاتر لەریگەی
وەسفی هەمەلایەنەوەیە تاچربوونەوەی رەوانبێژیانە لەسەر لایـەنێكی
تایبـەتی. بـێ دودڵـی ئـەم خاڵـە، چـەند مەسـەلەیەك روون دەكاتـەوە،
لەوانە: چۆن دەتوانرێ رۆمان لەهەموو ژانرێكی دیكە باشتر تەرجومە
بكـرێ؛ چـۆن زۆر لـەو نووسـەرانەی كـەبێ گومـان لەڕۆماننووسـە
بەرجەســـتەكانن، لەریچاردســـۆنو بەلزاكـــەوە بیگـــرە تاهـــاردی[94]و
دۆستویڤسـكی[95]، نووسـینەكانیان بـەزۆری باسـی ناسـكی سروشـت
(طبع)ناكەنو هەتا جاربەجارێ نیشاندەری جوینەوەی رووتن؛ هەروەها
چۆن رۆمان لەهەموو ژانرێكی دیكە كەمتر پێویستی بەڕاڤەكردنی خاڵە

مێژوویی‌و ئەدەبییەکانە -ڕێسای فۆرمالیستی ڕۆمان ناچاری دەکات پەراوێزەکانی خۆی دابین بکات.

## ریالیزمی فۆرمالیستی

دەربارەی لێکچوونە سەرەکیەکانی ریالیزم لەفەلسەفەو ئەدەبدا، ئەوەندەی کەوتمان بەسە. هەڵبەتە مەبەستی ئێمە ئەوەنییە کە ئەو لێکچوونانەی باسکران، بەڵگەی وەکیەکی وردی ریالیزمی فەلسەفی‌و ئەدەبین؛ فەلسەفەو ئەدەب دوو گۆتەی جیاوازن، هەروەها بەهیچ شێوەیەك ئەو لێکچوونانەمان لەسەر بنەمای ئەو ئەگەرە تەرح نەکرد کەڕێبازی ریالیستی لەفەلسەفەدا، هۆی سەرهەڵدانی ریالیزم بووە لەڕۆماندا، بەئەگەرێکی بەهێز، ریالیزمی فەلسەفی لەم بوارەدا بێکاریگەریی نەبووە. بەتایبەتی لەڕێگەی (جۆن لۆك)ەوە کەئەندێشەی لەهەموو لایەکەوە چوو بووە ناو فەزای بیرو باوەڕەکانی سەدەی هەژدەوە. بەڵام ئەگەر پەیوەندیەکی هۆکاری گرنگیش لەنێوان ریالیزم لەفەلسەفەو ئەدەبدا هەبێ، ڕەنگە ئەوەندە ڕاستەوخۆ نەبووبێ: دەبێ تازە گەرییە فەلسەفی‌و ئەدەبیەکانیش بەچەند دیمەنێکی لەیەك چووی گۆڕانێکی گەورەتر بزانین؛ واتە ئەو گۆڕانە گەورەیەی شارستانیەتی خۆرئاوا لەدوای سەردەمی ڕێنیسانس کەوێنەی هەمەڕەنگی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستی گۆڕیووە بۆ وێنەیەکی زۆر جیاواز، وێنەیەك کەوەك پێویست هەمە جۆرێکی روو لەپێشکەوتنە بەڵام بێبەرنامەییەکمان سەبارەت بەچەند کەسێکی تایبەتی نیشاندەدات کەچەند ئەزموونێکی تایبەتیان هەیە لەکات‌و شوێنی تایبەتی‌دا.

بەڵام لێرەدا ئێمە سەروکاریمان لەگەڵ چەمکێکی زۆر سنووردارتردا هەیە؛ واتە دەمانەوێ بزانین بەراوردکردنی ریالیزمی ئەدەبی لەگەڵ ریالیزمی فەلسەفیدا تاچ رادەیەك لەدیاریکردن و ژماردنی تایبەتمەندییەکانی شێوەی تایبەتی گێڕانەوە لەرۆماندا یارمەتیماندەدات. هەندێك باوەڕیان وایە کەئەم شێوەی گێڕانەوەیە، بەرهەمی هەموو ئەو هونەرە ئەدەبییەیە کەبەپێی ئەوە لاساییکردنەوەی ژیانی مرۆڤ لەرۆماندا بەپەیڕەویکردنی هەمان ئەو ئەندێشانە ئەنجامدەدرێ کەریالیزمی فەلسەفی لەکۆششدا بۆ دیاریکردن و راڤەکردنی حەقیقەت بەکاری دەهێنێت. بەهیچ شێوەیەك ئەو ئەندێشانە تەنها تایبەت نین بەفەلسەفە، بەڵکو لەراستیدا هەرکاتێ بمانەوێ لەوە بکۆڵینەوەکە راڤەیەك سەبارەت بەرووداوێك تاچ رادەیەك هاورێکی واقیعە، ئەو ئەندێشانە پەیڕەودەکەین. هەر بۆیە، دەتوانرێت شێوەی لاساییکردنەوەی واقیع لەرۆماندا لەرێگەی بەراوردکردنی لەگەڵ ئەندێشەکانی گروپێکی دیکە لەپسپۆرانی ئەپستمۆلوجیا؛ واتە لەگەڵ دەستەی دادپەروەرانی داگا، بەباشی کورت بکرێتەوە. لەزۆر لایەنەوە، چاوەڕوانیەکانی دەستەی دادپەروەرانی دادگاو خوێنەرانی رۆمان لەگەڵ یەکتریدا چونیەکن: هەر دوولا دەیانەوێ (هەموو خاڵە تایبەتیەکانی) رووداوی دانراو- واتە کات و شوێنی رووداوەکە- بزانن؛ هەردوولا خوازیاری زانیاری تەواون دەربارەی ئەو کەسانەی لەناو رووداوەکەدان، چونکە هەر دوولا هیچ بەڵگەیەك دەربارەی کەسێك بەناوی جەنابی (تۆبی بلیچ)یان (مستەر بەدمان) قبوڵ ناکەن،

چ جای کلۆیی (Chloe)کەناوێکە ناوی خانەوادەی لەگەڵ نییەو (وەکو هەوایەك کەهەڵیدەمژین، ئاساییە).

هەروەها هەردوولا دەیانەوێت کەشایەتەکان، رووداوەکە (لەزمانی خۆیانەوە) باس بکەن نەك لەزمانی کەسێکی ترەوە، لەڕاستیدا، دەستەی داد پەروەران (بۆ چوونێکی گشتگیر دەربارەی ژیان) هەڵدەبژێرێو بەڕای ت.هـ.گرین، تێڕوانینی تایبەتی رۆمانیش هەمان شتە.

ئەو شێوەی گێڕانەوەیەی کەرۆمان بەهۆیەوە بەو دیدگا گشتیگرەی ژیان بەرجەستە دەکات، دەتوانرێ بە(ریالیزمی فورمالیستی) ناوبرێ، ئەم ریالیزمە، فۆرمالیستیە چونکە زاراوەی ریالیزم لێرەدا ئاماژە بۆ هیچ تیورێك یان مەبەستێکی ئەدەبی تایبەتی ناکات، بەڵکو مەبەست لێی تەنها کۆمەڵێ لەشێوەکانی گێڕانەوەیە کەزۆرجار لەرۆماندا بەکاردێن و ئەوەندە بەدەگمەن لەژانرەکانی دیکەدا بەدی دەکرێن کە ئەو ئەندێشانە دەتوانرێت تایبەت بەرۆمان بناسرێو بەس، لەراستیدا ریالیزمی فۆرمالیستی بەرجەستەکردنی گریمانێکەکە دیفۆو ریچاردسۆن بەمەفهومی زۆر وردی وشەکە پەسەندیانکرد. بەڵام بەگشتی لەرۆماندا وەکو ژانرێك بەشێوەیەکی نادیار بوونی هەیە؛ واتە ئەو گریمانە یان ئەو رێسا سەرەتاییەی کەرۆمان راڤەیەکی تەواو وهاوڕێکی واقیعی ئەزموونەکانی مرۆڤەو بۆیە دەبوو بەچەند وردەکارییەکی لەبابەتی تاکێتی ئەو کارەکتەرانەی لەرووداوەکاندا هەن و تایبەتمەندییەکانی کات و شوێنی کارەکانیان قەناعەت بەخوێنەر

بکات، ئەو وردەکارییانەی کەلەڕێگەی زمانێکی زۆر سەرەکی ترەوە لەوەی کەلەژانرەکانی دیکەدا باوە دەخرێنەروو.

هەڵبەتە ریالیزمی فۆرمالیستی وەکو بریارەکانی شایەتیدان لەدادگادا، تەنها نەریتیکەو بەڵگەیەك لەبەردەستدانییە سەبارەت بەوەی کەئەو راڤەیەی لەرێگەی ریالیزمی فۆرمالیستیەوە دەربارەی ژیان دەکرێت، لەو راڤەیە واقیعی تربێ کەلەڕێگەی عورفە زۆر جیاوازەکانی ژانرەکانی دیکەوە دەخرێنە روو. لەراستیدا، ئەوەی کەرۆمان بەتەواوی وەك وێنەیەکی فوتوگرافی واقیع دیارە، بۆتە هۆی جۆرێك لەسەرلێ ٚتێکچوون لەم بارەیەوە، هەروەها هەندێ لەنووسەرە ریالیستو ناتورالیستەکان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەوە فەرامۆش دەکەن کەنووسینەوەی دەقاو دەقی واقیع، وەك پێویست بەرهەمێك ناهێنێتە ئاراوەکە بەراستی خاوەنی حەقیقەت بێت یان بەهایەکی ئەدەبی نەمریی هەبێت، بێ دوودڵی ئەم مەسەلەیە تارادەیەك بۆتە هۆی ئەوەی کەئەمرۆ بێمەیلیەکی تاڕادەیەك فراوان دەربارەی قوتابخانەی ریالیزمو بەرهەمی ریالیستی باوی هەبێ، بەلاّم ئەم بێمەیلیە رەنگە بەرەو هەڵەیەکی پێچەوانەی هەڵەی نووسەرانی ناوبراو بمانباتو لەم رێگەیەوە ببێتە هۆی سەرلێتێکچوونێك لەرەخنەدا، نابێ بیەڵێن ئەو هوشیارییەی سەبارەت بەوکەموکورتییە تایبەتیانەی کەلەئامانجەکانی قوتابخانەی ریالیزمدا بەرچاودەکەوێ ٚت، ببێتە هۆی ئەوەی کەسوود وەرگرتنی گەلێك زۆری رۆمان بەشێوەیەکی گشتی-چ رۆمانەکانی جۆیس[96] و چ رۆمانەکانی زۆلا [97] لەو شێوە ئەدەبیانەی کەلێرەدا بەریالیزمی فۆرمالیستی ناوی دەبەین بەکەم بایەخ نیشانبدرێ.

هـــەروەها نابــێ ئـــەوە فـــەرامۆش بکـــەین کەئەگـــەرچی ریـــالیزمی فۆرمالیســـتی نەریتێکەڕێســـایەکە، بـــەڵام وەکـــو تـــەواوی نەریتـــە ئەدەبیەکان، ئیجابیەتی تایبەتی خۆی هەیە.

ریالیزم لەژانرە جیاوازەکاندا بەڕادەی جیاجیا لاسایی دەکرێتەوەو ریالیزمی فۆرمالیستی رۆمان بەنیسبەت ژانرەکانی دیکـەوە، لاسـایی کردنـەوەی راسـتەوخۆی ئەزموونـەکانی تاکەکـەس ئاسـاندەکات کەلـە دەوروبەری کـاتو شـوێنی خۆیـدا دانـراوە. لـە ئـەنجامدا، ڕێسـاکانی رۆمـان بەبەراود لەگەڵ زۆربەی ڕێسا ئەدەبیـەکاندا بـارێکی زۆر کـەمتر دەکاتە کۆڵی خوێنـەر وبیگومـان لەبەرهـەمان هۆیەکـە لـە مـاوەی ئـەم دووسـەد سـاڵەی دواییـدا خوێنـەران، رۆمـان بـەژانرێك دەزانـن کـە خواستەکانیان بۆ تـەبایی نزیك لـە نێوان ژیانو هونـەردا بـە باشـترین شـێوە بەرجەسـتە دەکــات.هەڵبەتــە ســیفەتە باشــەکانی ریــالیزمی فۆرمالیستی لـە بواری تـەبایی نزیكو راڤـەکراو لەگـەڵ واقیعـی ژیـان، تەنها لـەو قاڵبـەدا نـەبووە کەتەنها خۆشەویستی رۆمـان زیـاتر بکـات، بـەڵکو ئـەم ئیجابیاتانـە پـەیوەندییان بـە دیـارترین تایبەتمەندییـە ئەدەبییەکانی رۆمانەوە هەیە.

هەڵبەتە ریالیزمی فۆرمالیستی، بەتایبەتیترین چەمکی، شێوەیەك نەبوو کە دیفۆو ریچاردسۆن دۆزیبێتیانەوە؛ ئەو کارەی ئەوان کردیان تەنها ئەوەبوو کەبەشێوەیەکی زۆر کامڵتر لەڕابردوو بەکاریان هێنا . بۆ نموونـــە، هـــەروەکو کـــار لایـــل[98] ئامـــاژەی بۆدەکـــات، هومـــیرۆس-یـــش[99] هـــەمان(ئـــەو بینینـــە روونـــە)باڵایـــەی هـــەبووە کـــە لـــە وەسفە(دورودرێژو فراوانەکاندا و بە شێوەیەکی سەرنجراکێشی ورد)لە

هەموو بەرهەمەکانی دیفۆو ریچاردسۆندا بەرچاودەکەوێت. هەرروەها لەو چیرۆکانەدا کە پاشان نووسران لە (جاشەکەری ئاڵتوونیەوە[100] بیگرە هەتا ئۆکاسین و نیکۆلیت و[101] لەبەرهەمەکانی (چوسەر)یشەوە بیگرە هەتا بۆنین)، چەند بەشێکیان هەیە کە کارەکتەرەکان و کردەوەکانیان و دەوروبەریان بەڕادەیەك تایبەتی نیشاندراون کە دەتوانرێت بگوترێت ئەم بەشانە بە ئەندازەی رۆمانەکانی سەدەی هەژدە هاورێکی واقیعن. بەڵام جیاوازییەکی گرنگیش لە ئارادایە: ئەم بەشانە لە بەرهەمەکانی هۆمیرۆس و چیرۆکە پەخشانەکانی رابردوودا تارادەیەك دەگمەنن و زۆرجار لەو رۆمانە جیادەبنەوە کە لە ناویدا هەن.
بنەمای ئەدەبی زاڵ بەسەر یەکپارچەیی ئەو بەرهەمانەدا کە ناوبران بە شێوەیەکی یەکپارچە رووی بەرەو ریالیزمی فۆرماڵی نەبووە و بە تایبەتی تەرحی ئەو بەرهەمانەدا کەبەشێوەیەکی ئاسایی کۆن و زۆر چاوەڕوان نەکراوبوو_ بەتەواوی لەگەڵ گریمانەکانی خۆیاندا ناتەبابوون، نووسەرانی چاخەکانی رابردوو، هەتا لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا هاواریان دەکرد تەواو ئامانجێکی ریالیستیان هەیە- وەکو زۆر لە نووسەرانی سەدەی حەڤدە- لەسەر بە دواداچوونی ئامانجەکەیان بەردەوام نەبوون. لاکاپرند، ریچاردهید[102]، گریملشوزن[103] بۆنین، ئەفرابوون و فورتیر تەنها ژمارەیەکی کەمن لەو کەسانەی کە هەموویان ئەوەیان راگەیاندبوو چیرۆکەکانیان بە تەواوی مەعناوە واقیعییە. بەڵام قسە تەئکیدەکانی ئەمانە لە پێشەکی چیرۆکەکانیاندا. قەناعەت پێبهێنەرتر نییە لەو دووپاتکردنەوە زۆر لەیەك چوانەی کە تیایاندا زۆرجار ژیاننامەی قەشەکانی سەدەکانی ناوەراست بەرچاو دەکەوێ.

لەم دوو سەرچاوەیەدا، ئامانجی نیشاندانەوەی واقیع بە تەواوی لەگەڵ تان‌وپۆی بەرهەمەکەدانە شێلرابوو کە ببێتە هۆی وەدەرنانی تەواوی هەموو ڕێسا ناڕیالیستیەکان. دیفۆو ریچاردسۆن وەها سەربەخۆیی خۆیان لەو ڕێسا ئەدەبیانە پاراست کە ڕەنگ بوو لە گەڵ ئامانجە پلەیەکەکانیاندا ناکۆك بێ کەتائەوکاتە بێوێنە بوو، و پێویستیەکانی حەقیقەتی رووتیان بە شێوەیەکی زۆر بەربلاوتر قبوڵکرد.(لام)[104] دەربارەی ڕۆمانەکانی دیفۆ وتبووی (وەکو ئەوەوایە کە چەند شایەتیەك بخوێنینەوە کە لە دادگایەك درابن)لام هەرگیز نەیدەتوانی ئەم رایە سەبارت بە ئەدەبیاتی چیرۆکی پێش دیفۆ دەرببڕێت–کە زۆر لەوە دەچێت کە (هەزلیت)[105] دەربارەی ریچاردسۆن وتی[106] ئەو مەسەلەیەی کە ئایا ئەو تایبەتمەندییەی کە (لام)ئاماژەی بۆ دەکات، خۆی لەخۆیدا خاڵێکی ئیجابییەیان نا، هێشتا شایانی باسە. بەڵام ئەگەر دیفۆو ریچاردسۆن بە شێوەیەکی جیاوازو باشتر لە کەسانی‌دی سەرنجی ئێمەیان ڕانەکێشایە، هەرگیز شایستەی ناوبانگێکی لەو جۆرە نەدەبوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گومان لەوەدانییە کە کامڵبوونی ئەو شێوە گێڕانەوەیەی کە بتوانێت کاریگەرییەکی وا بەجێبهێڵی، دیارترین دیمەنی ئەو گۆڕانە سەرسوڕهێنەرە لە چیرۆکە پەخشانە ئامێزەکاندایە کەبەڕۆمان ناوی دەبەین. هەر بۆیە، گرنگیی مێژوویی دیفۆوریچاردسۆنیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراوو بەتەواویی ئەوە بەدیبهێنن کەدەتوانرێت بە سیفەتی گشتی ڕۆمان بناسرێت؛ واتە ریالیزمی فۆرمالیستی ڕۆمان.

## پەراوێزەکان:-

1-Daniel Dfoe(1660-1731)ڕۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

2-Richardson Samvel(1689-1761) ڕۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

3-Henry Fielding(1707-1754) ڕۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

4-Janusخواوەندێکی دوو روخسارە لەئەفسانە ڕۆمانیەکاندا کەلەهەمان کاتدا تەماشای پێشەوەو دواوەی دەکردو بە دەرگاو مەدخەڵ و دەست پێکردنی کارەکانیش دەوترا، بۆیە ناوی یەکەم مانگی ساڵی فەرەنسی واتە(ژانویە) لەناوی ئەو خوداوەندەوە وەرگیراوە (و.فارسی).

5-Rembrandt(1606-1669)وێنە کێشی هوڵەندی (و.فارسی).

6-Dvranty Walter(1884-1957)ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئینگلیزی (و.فارسی).

7-See Bernard Weinberg, French Realism: The Critical Reaction 1830-1870(London, 1937) P114.

8-GustaveFlaubert(1821-1880)ڕۆماننووسی فەرەنسی(و.فارسی).

9-Ephesusشارێکی کۆنە کەوتۆتە خۆرئاوای ئاسیای بچووک (تورکیا) وە لەنزیکی دەریای ئیجەیە. (و.فارسی).

10-Fabliauحیکایەتیکی تەنزئامێزی کورت بوو بەشیعر نووسرابوو کە بەشێوەیەکی ریالیستی باسی لەژیانی چەند شەخسیەتێك ی

توێـژی نـاوەندی کۆمـەڵ یـان چینـی بندەسـت دەکـرد لەسـەدەکانی ناوەراستدا (و.فارسی).

11–Antoine Furetiere(1619–1688)فەرهـەنگ نووسـی فەرەنسـی (و.فارسی).

12–Paul Scarron(1610–1660)شـاعیرو ڕۆمـاننووس‌و شـانۆنامە نووسی فەرەنسی (و.فارسی).

13–Alainpene Lesage(1668–1747) ڕۆماننووس‌و شانۆنامە نووسی فەرەنسی (و.فارسی).

14-See. R. I. Aaron, The theory of Universals (ox qord 1952), PP18-41.

15–Rene Descartes(1596–1650) فەیلەسوف بیرکاری زانی فەرەنسی (و.فارسی).

16–John Locke (1632–1704) فەیلەسوفی سکۆتلەندی (و.فارسی).

18- See S.Z.Hassan, Realism (Cambridge, 1928) chs 1 and2

19–واژەی (ڕۆمان) (novel)لە زمانی ئینگلیزیدا بەمەعنای (تازە)ش دێت. (و.فارسی).

20–GeoffreyChaucer(1340–1400) شاعیری ئینگلیزی (و.فارسی).

21–Edmund Spenser(1552–1599)شاعیری ئینگلیزی (و.فارسی).

22–William Shakespeare(1564–1616) شـاعیرو شـانۆنامە نووسـی ئینگلیزی (و.فارسی).

23–John milton(1608–1674) شاعیری ئینگلیزی (و.فارسی).

24–Honore De Balzac(1799–1850) رۆماننووسـی فەرەنسـی (و.فارسی).

25– EdwardYoung(1683–1765) شاعیری ئینگلیزی (و.فارسی).

26-Works (1773),V, 125, See also Maxscheler, Versvche zV einer Soziologie des Wissens cmunchen and Leipzig 1924), PP. 104 FF; Mannthe problem of Oringin English Literary Criticism, 1750-1800,Po, Xv111 (1939).

27–ئەرستۆ(384–322پ.ز) فەیلەسوفی یونانی (و.فارسی).

28Essay Concering Human Understanding (1690) Ich 2,Sect. XV.

29-See posterior Analytics, BK.I, ch 24; BK. II, ch 19.

30–George Berkley(1685–1753) فەیلەسوفی ئیرلەندایی (و.فارسی).

31-First Dialogue between Hylas and philonous 1713 (Berkeley Works ed. Luce and jessop (London 1949) II, 192).

32–Shaftesbury (1621–1683) کاربەدەستی ئینگلیزی (و.فارسی).

33-PT IV, Sect.3.

34–Thomas Hobbes(1588–1679)فەیلەسوفی ئینگلیزی (و.فارسی).

35–Kames Lord (Henry Home) (1696–1782)، فەیلەسوفو مافناسی سکوتلەندایی (و.فارسی).

36-1763 ed 198-199.

37–Barbauld Leitia Anna(1743–1825)نووسەری ئینگلیزی (و.فارسی).

38–Reynolds jshua Sir(1723–1792) وێنەکێشی ئینگلیزی (و.فارسی).

39-Idler, No. 79 (1759) See also Scott Elledge, The Backg round and Deve lopment in English Criticism of the theories of Generality and particularity PMLA, LX (1945) 161-174.

40-Correspondence of Samuel Richardson, 1804.I, CXXXvii For similar comments by contemporary French readers, See joseph Text, Jean-Jacques Rousseau and the composition Spirit in Literaure (London 1899), PP 174-175.

41– joseph Butler (1692–1752)قەشەی ئینگلیزی (و.فارسی).

42–David Hume(1711–1776)فەیلەسوفی سکۆتلەندی (و.فارسی).

43-Spectator, No 578 (1714).
44-Levi athan (1651)pt Ich 4.

45–FrancoisRabelais(1492–1553)رۆماننووسی فەرەنسی(و.فارسی).

46– Sidney Philip (1554–1586) پەخشان نووس و شاعیری ئینگلیزی (و.فارسی).

47–Bunyan John(1628–1688) تەمسیل نووسی انگلیزی (و.فارسی).

48–Lyly John(1554–1606) پەخشاننووس و شانونامە نووسی ئینگلزی (و.فارسی).

49–Behn Aphra(1640–1689) رۆماننووس و شانۆ نامەنووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

50–Mary deol Riviere Manley (1663–1724) نووسەری ئینگلیزی (و.فارسی).

**51-Essay on the new Species of Writing Founded by Mr. Fielding, 1751, P.18. This whole question is treated more fully in my ,the Naming of characters in Defoe, Richardson and fielding, RES, XXX (1949), 322-338.**

**52–Burnet Gilburt (1643–1715) مێژوونووسی ئینگلیزی (و.فارسی)**

**53-History of His Own Time**
**54-See Wilbur L.Cross, History of Henry Fielding (New Haven, 1918), I, 342-343.**

55-Tobias George Smollett (1771-1721) رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی)

56-Laurence Sterne رۆماننووسی ئیرلەندی (و.فارسی)

57-Henry James رۆماننووس و رەخنەگری ئەمریکایی کەتەبەعیەتی ئینگلیزی هەڵبژارد.

58-Anthony Trollope (1882-1815) رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

59-Human Understanding, BK. II, Ch. 27, sects. Ix,x.

60-Treatise of Human Nature, Bk. I, Pt. 4. Sect. Vi.

61-Marcel Proust (1922-1871)رۆماننوس فەرەنسی (و.فارسی)

62-Human Understanding, Bk. III, Ch. 3, sect. Vi.

63-ئەفلاتون 429-347پ.ز فەیلەسوفی یونانی.

64-ئەفلاتون بەراشکاوی ئەزەلی ئەبەدی بوونی نموونەکان دەرنابڕێ، بەڵام ئەم بۆ چوونە کەکۆلینەگەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆ بنەمای گشتی فیکری هەردوکیانە (مابعد الطبیعة، کتاب دوازدهم، فصل ششم).

65-Edgar Morgan Forste (1970-1879) رۆمانووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

66-Oswald Spengler(1936-1880)فەیلەسوفی ئەڵمانی (و.فارسی).

67-Thomas Hill Green(1862-1836)فەیلەسوفی ئینگلیزی (و.فارسی).

68–Troy شارێکی کۆنە لەباکووری خۆرئاوایی (ئاناتولی)؛ شوێنی جەنگە ئەفسانەییەکانی نێوان یۆنانی کۆن و خەڵکی تروا (و.فارسی).

69–The Plantagenets خانەدانی پاشایەتی ئینگلیز لەساڵی 1154 تاساڵی 1399(و.فارسی).

70–The Tudors خانەدانی پاشایەتی ئینگلیز لەساڵی 1485 تاساڵی 1603 (و.فارسی).

71–Anachronism زاراوەیەکی ئەدەبییە کە بۆ ئاماژەکردن بۆ شت، تاك یان رەفتارێك بەکاردێ کەلەگەڵ کاتی روودانی بەرهەمەکەدا هاورێك نییە. بۆ نموونە ئەو سەعاتەی کەلەشانۆنامەی یۆلۆس قەیسەری شکسپیردا زەنگ لێدەدات نموونەیەکە بۆ (ئاناکرۆنیزم) چونکە رووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە لەکاتێکدا روودەدەن کەهێشتا سەعات دانەهێنرابوو. (و.فارسی).

72–Aeschylus (525–456)پ.ز شانۆنامەنووسی یۆنانی (و.فارسی).

73–Samuel Taylor Coleridge (1772–1834)شاعیرو رەخنەگری ئینگلیزی (و.فارسی).

74–The Faerie Queene نووسینی شاعیری ئینگلیزی ئیدموند سپنسەر.

75–Isaac Newton(1642–1727) فەیلەسوف و بیرکاریزانی ئینگلیزی (و.فارسی).

76–Griffth Wark Lewelyn David، فیلمسازی ئەمریکایی (و.فارسی).

77-Dr. Samuel johnson (1709–1784)شاعیرو رەخنەگری ئینگلیزی (و.فارسی).

78-گەرۆك (سیار) ئاماژەیەكە بۆ گەرۆكی گروپەكانی نواندن لەبەریتانیای سەردەمی ئەلیزابیث دا؛ (بەرزەخ)* یش ئاماژەیەكە بۆ ئەو نواندنە باوە لەو سەردەمەدا كەتیایدا مەسیح دەچووە بەرزەخ بۆ ئەوەی گیانی ئەو خواپەرستانەی بەرلە پیغەمبەرایەتی ئەو مردبوون رزگار بكات هەروەها گیانی ئەومناڵانەش رزگار بكات كە بەشێوەی ئایینی مەسیحی نەشۆرابوون.

79-Gothic جۆرە تەلار سازیەكە كەهەندێ لەتایبەتمەندیەكانی بریتین لەگومەزی نوك تیژو ژێر زەمینی تەنگو تاریكو هێمادار (و.فارسی).

80-Stendhal نازناوی Marie Henri Beyle (1783–1842) رۆماننووسی فەرەنسی یە(و.فارسی).

81-Tate Allen (1899–1979)شاعیرو رەخنەگری ئەمریكایی (و.فارسی).

*بەرزەخ: كۆسپو جیاكەرەوەی نێوان دووشت، جیهانی نێوان دنیاو ڕۆژی دوایی، لەكاتی مردنەوە تاڕۆژی قیامەت وەكو (اعراف)كە بەرزەخ (جیگایەكە) لەنێوان دوزەخو بەهەشت دا.

(و.كوردی) (فرهنگ عمید 2جلدی ص 336)

82-Essay Conceming Human Understading.

83-Heliodorus(سەدەی سێیەمی پ.ز)، نووسەری یونانی (و.فارسی).

84–Euphuism ناوێکە کەجون لی لەیەکێك لەبەرھەمەکانی خۆیدا بەناونیشانیEUPHU THE Anatomy of witلەساڵی (1578)دا بۆ ئاماژە بۆ شێوازی نووسینی باو لەبەریتانیا لەکۆتاییەکانی سەدەی شانزەدا بەکاری ھێنا. بۆ سیفەتەکانی ئەم شێوازە دەتوانرێ باسی داتاشینی زۆرو بەکارھێنانی شتی دەسکردی وەکو دژایەتیو وەك یەکی، Alliterationلێکچواندنو ئاماژە بۆکردن بکرێ، (و.فارسی).

85–Conceit، جۆرە خواستنێکەکە تایبەتمەندیەکەی بریتییە لەئاڵۆزی وێناکردنی ھەموو جۆرە لەیەك چوونێك لەنێوان لێکچوو لەو چوودا (و.فارسی).

86–Gautier de Costes La Calprenede(1614–1663) رۆماننووسی فەرەنسی (و.فارسی).

87–Magdeleine de Scudery (1607–1701)رۆماننووسی فەرەنسی (و.فارسی).

88–Arbiter Petronius (سەدەی یەکەمی پ.ن) تەنز نووسی رۆمانی (و.فارسی).

89–JonathanSwift (1667–1745)شاعیری ئیرلەندایی (و.فارسی).

90–Augustan Period حکومەتی ئیمپراتۆر ئاگوستوس لەرۆما سەردەمی درەوشانەوەی ئەدەبو داھێنانی بەرھەمەکانی ڤیرژیلو ھوراسو کەسانیدی بوو، نیوەی یەکەمی سەدەی ھەژدەش لەئەدەبی ئینگلیزیدا بەسەردەمی ئاگوست ناونراوە چونکە نووسەرانو شاعیرانی ئەم سەردەمە، بەچاوی رێزەوە لەئەدیبانی سەردەمی ئاگوستیان دەروانی لەرۆماو یونانی کۆنو ھەوڵیان دەدا لەگەڵ لاسایی

کردنەوەی شێوازی نووسینیاندا، لەو بابەتانە بدوێن کەلەبەرهەمەکانی ئەواندا بەرچاو دەکەوت (و.فارسی).

91–Addison Joseph (1672–1719)مەقالـــە نووســـی ئینگلـــیزی (و.فارسی).

92–fayette Ia de Madame (1634–1693)رۆماننووســی فەرەنســی (و.فارسی).

93–Laclos de Chodelos (1741–1803)نووســـەری فەرەنســـی (و.فارسی).

94–Hardy Thomas (1840–1928)رۆماننووســـی ئینگلـــیزی (و.فارسی).

95–Dostoyevsky Mikhaylovich Fyodor (1821–1881)رۆماننووســی روسی (و.فارسی).

96–James Joyce(1882–1941) رۆماننووسی ئێرلەندایی (و.فارسی).

97–Emile Zola(1840–1902)رۆماننووسی فەرەنسی (و.فارسی).

98–thomasCalyle(1759–1881)نووسەری سکۆتلەندایی(و.فارسی)

99–homer(ســەدەی هەشـــتەمی پ.ز)داستاننووســـی یۆنـــانی(و. فارسی)

100– the golden ass

101–aucassin and nicolette

102–richard head(1637–1686)نووسەری ئینگلزی (و.فارسی)

103- von.grimmeldshausen christoffel jacob hans(1620-
1676)نووسەری ئەڵمانی(و.فارسی)

104-charlesLamb(1775-1834)مەقالەنووسی ئینگلیزی(و.فارسی)

105-williamHazlitt (1778-1830)رەخنەگری ئینگلیزی(و.فارسی)

# فەسڵی دووەم

# تیۆری رۆمان
# نووسینی:جۆن هەڵپرین

کـاتێك کەعیسـای مەسـیح لەتەمـەنی دوانـزە سـاڵیدا ژیـانی سەربەخۆی خۆی دەست پێکرد، هەزاران ساڵ بەسەر تەمەنی شیعردا تێدەپـەڕیو نمایشـێکی کۆنـی چـەند سـاڵەی هـەبوو. سـەردەمی گەشەکردنی ڕۆمان هەزارو پێنج سەد ساڵ دوای ئەوە دەستی پێکرد. ئێسـتا لـەکۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا*، مایـەی سەرسـوڕمان نییـە کەژمارەیـەکی زۆر بـەڵام هێشـتا رادەیـەکی کـەم لـەتیۆری رەخنـەی ڕۆمانمـان لەبەردەسـتدایە، لـەکاتێکدا کەچـەندان سـەدەیە جـۆرە جیاوازەکـانی تیـۆری شـیعرو نوانـدن هـەن. نزیکـەی پـەنجا سـاڵە کەنووسـەران‌و رەخنـەگرانی ڕۆمان ئارەزوویـەکی زیاتریـان بـۆ هـەندێ لەبنـەما تیۆرییـەکانی ئـەم ژانـرە نیشـان داوە. ئـەوەی کەلـە سـەدەی هـەژدەو نـۆزدەدا سـەرەتا بـەجۆرێك جوڵـەی هێـواش بـەرەو تیۆریـزم حسـاب دەکـرا، لـەم سـەدەیەدا** بـە شـێوەی کۆمـەڵێکی کـەم تـا زۆر بەرجەستە لەتیۆری رەخنەی ڕۆمان هاتۆتە بەرهـەم. رەخنـەی ڕۆمـان نـەك تەنها لـەڕێڕەوی بەدەسـتهێنانی بەپلەیـەك لـەئاڵۆزیو کـامڵبوونی هونـەریی قـابیلی بـەراورد لەگـەڵ ژانرەکـانی دیکـەدا، بـەڵکو هـەروەها بەرەو ڕادەیـەکی وا لەتوێژینـەوەی پشـکنەرانە بـەرەو پێشـەوە دەچێـت کەسنووری ئەو کۆمەڵە تیۆرە دەبەزێنێ کە کۆنترن.

لـەم نووسـینەدا بـەنیازم تـەرحێکی گشـتی تیـۆری ڕۆمـان تـاپێش سـەدەی بیسـتەم بخەمـە بـەرچاوی خوێنـەر، هەرچـەندە ئـەم تیـۆرە هەمیشـە لـەگۆڕاندابووە، لیکۆڵینـەوەی هەمەلایەنـەی تیۆری ڕۆمـان لـەم نووسینەدا لەتواناداننییە ئامانجی مـن تەنها ئەوەیـە کەبەشـێوەیەکی

گشتی ئەوەنیشان بدەم بنەمای مەیلە تازەکان لەڕەخنەی تیۆری ڕۆماندا چیيە، ئەم مەیلانە لەچ بیروباوەڕێکەوە سەرچاوەیان گرتووەو لەگەڵ کام دیدگایانەدا جیاوازن.

یەکەم ڕەخنەی تیۆری ڕۆمان لەسەدەی هەژدەدا، تەنها بایەخی بەئەنجامە ئەخلاقیەکانی هونەری ڕۆماننووسین دەدا. بۆ نموونە دکتۆر جۆنسون[1] دەربارەی ئەدەبیاتی چیرۆك ئاوا ڕای خۆی دەردەبڕێ: (**بۆیە بەس نی‌یە کەلە داکۆکی کردندا لەکارەکتەرێك بڵێین بەو جۆرە رەسم کراوە کەحەقیقی دێتە بەرچاو، چونکە زۆر لەکارەکتەرەکان نابێ هەرگیز رەسم بکرێن، بەهەمان شێوە دەربارەی گێڕانەوەیەکیش ئەوە بەس نی‌یە کەبڵێین ڕەوتی ڕووداوەکان لەگەڵ بینین و ئەزموونەکانمان وەك یەکن، چونکە ئەو بینین و ئەزموونانە کەبەدنیا دیدەیی ناو دەبرێن، زۆرجار تەئیدی ئەوە دەکەن کەئینسانەکان زیاتر فێڵبازن تانیازپاك... نازانم لەو گێڕانەوانەدا کەسەروکاریان لەگەڵ ڕاستیە مێژووییەکان دانی‌یە بۆچی نابێ مەفهومی فەزیلەت بەشێوەیەکی کامڵتر نیشان بدرێ؛ نە فەزیلەتی فریشتە ئاساو نەفەزیلەتی چاوەڕوان نەکراو (چونکە ئەوەی نەتوانین باوەڕی پێبکەین، هەرگیز لاسایی ناکەینەوە)، بەڵکو بەرزترین و پاکترین فەزیلەت کەمرۆڤ دەتوانێ بەدەستی بێنێ، ئەو فەزیلەتەی کەلەبۆتەی تاقی کردنەوەی ڕووداوەکاندا لەگەڵ سەرکەوتن بەسەر هەندێ لەکارەساتەکان و بەرگەگرتنی هەندێکی دیکە ئەوەمان فێر بکات کەدەتوانرێ ئومێد بەچی بکرێ و دەتوانرێ چی بکرێ**).

رەخنەیەکی ئاوا زیاتر حساب بۆ دەوری ئـەخلاقی هونـەر دەکـات تالایەنە تیۆرییـەکانی رۆمان، لێرەدا جۆنسـۆن دژی خـودی ریـالیزمی ئـەدەبی ناوەسـتێتەوە، بـەڵکو زیـاتر دژی چـەند چیرۆکێکـە لەبابـەتی چیرۆکەکانی فیلدینـگ کەبـەڕای ئـەو لـەڕووی ئەخلاقیـەوە دابـەزیوون چونکە بەو شێوەیەی کەدەبێ جیاوازی لـەنێوان فەزیلـەت و رەزیلـەتدا بکرێ جیاوازی ناکەن، ئەمەش بەمەعنای تەئیدکردنی ئارمانگەرایی بێ سنووری ئەخلاقی نییە، چونکە ئەوەی لەڕادەبەر ئارمانیی بکرێ وەها لەخوێنـەر دوور دەکەوێتـەوە کـەناتوانیٚ شـتێك فـێری خوێنـەر بکـات (بەقسـەی جۆنسـۆن)، (ئـەوەی نـەتوانین بـاوەڕی پێبکـەین، هـەرگیز لاسایی ناکەینەوە))؛ بەڵکو زیاتر داوامان لێدەکات تـەئکید لەفەزیلـەتی ئەو مرۆڤانە بکەینەوە کە بۆخۆیان چاکن و شایستەی لاسایکردنەوەن، ئـەم تـەئکید کردنەوەیـە سەرنجمان بۆ نموونەیەك ڕادەکێشـی کـەدەبێ دەرس و پەندی لێوەربگرین و بەو شێوەیە بەجۆرێکی کاریگەرتردەبێتـە هۆی ئەوەی ئێمە بەزاتی پڕ لەفەزیلەتمانەوە پەیڕەوی ئەو نموونەیـە بکـەین. لـێرەدا جۆنسـۆن، وەکـو ئەرسـتۆ لەچـەند بەشـێکی نامـەی (هونـەری شـیعر)دا هونـەر بـەڕێنوێنی ئـەخلاقی مـرۆڤ و هونەرمـەند مامۆسـتای فـێرکردنی ئـەخلاق دەزانێـت. جۆنسـۆن ئافـەرینی ریچاردسۆنی دەکرد کەهەمیشە لەرۆمانەکانیدا نموونەیـەکی ئەخلاقی تەواو دیار بەدی دەکرێ، شێوەی ریچاردسۆن ئەوەبوو کەبۆ نووسـینی ریڕەوەکانی هەست، یان زیهن لەکاتی کارکردندا نامەی بەکار دەهێنا.

جۆنسـۆن بـاوەڕی وابـوو لـەکاتێکدا ریـڕەوە زیهنیـەکانی کەسـێکی ئاسایيمان نیشـان بـدرێ، دەتوانیـن ئەزموونـە تایبـەکانی ئـەو کەسـە،

بەئەزموونی خۆمان بزانین و ئەمەش بەو مەعنایەیە کەئاسانتر دەتوانین لەگەڵ ئەوکەسەدا خۆمان بەهاوشوناس و هاوهەست بزانین؛ هەروەها لەکاتێکدا لەبەر زیاتربوونی خۆشەویستیمان بۆ ئەوکەسە زیاتر دەیناسین، دەتوانین باشتر خۆشمان بناسین، بەهەمان شێوە کە دەبینین، یەك سەدە دوای ئەوەش جورج ئیلیوت[2] هەمان شێوازی بەکارهێنا، لەڕاستیدا، وەك یەکبوونی شوناس و هەستی خوێنەرو کارەکتەرەکانی رۆمان بەمەبەستی روشنگەری ئەخلاقی، یەکێکە لەپرانسیپە سەرەکیەکانی فیکرە باوەکان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو سەردەمی ئاگۆستدا دەربارەی رۆمان، نموونەیەکی دیکە لەم بوارەدا دیفۆیە کە لەڕۆمانەکانیدا ژیانی بەشێوەی بەربەرەکانیی هەمیشەیی ئەخلاقیی نیشان دەدا. هەروەکو ئیان وات ئاماژەی بۆ دەکات، رۆماننووس هەر ئەزموونێکی، تاکەکەس والێکدەداتەوە کەخاوەنی جۆرێك گرنگی ئەخلاقیەو بەم پێیە، ریالیزمی فۆرمالیستی-یان تۆمارکردنی ژیانی واقیعی- بەکردەوە بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی ئێمەیە لەگرنگی ئەخلاقیی یەکەیەکەی کارەکانمان، هەڵبەتە جۆرج ئیلیوت-یش هەمان ئامانجی هەبوو:

(ئەو ئەنجامە شوومانەی کەهەموو جارێ رەنگە رازیکردنی ئارەزومەندانەی دەروونی ئێمەی بەدوادابێ، بەڕادەیەك ترسناکە کەبێگومان لەدلێرییمان کەم دەکاتەوەو رەغبەتی بەپەلەی ئێمە بۆ سزادانی (کەسانێك کە بەتاوانباریان دەزانین) جڵەو دەکات.

دبەپێچەوانەی جۆنسۆنەوە کەبەڕاشکاوی قسەناکات، فیڵدینگ دەربارەی ئامانجە ئەخلاقیەکانی خۆی وەکو رۆماننووس بەراشکاوی

دەدوێ، ئەگەر چی بەبەراورد لەگەڵ هەندێ لە هاو تەمەنەکانیدا کەمتر حسابی بۆ رۆڵی فێرکاریی ئەدەب دەکرد. فیلْدینگ زیاتر حەزی بەنموونەکان بوو تاکەسەکان و بەشێوەیەکی سەرەکی لەدیدگای دەرەوە تەماشای کارەکتەری دەکرد، خواستی فیلْدینگ وەکو رۆماننووسێك- هەروەکو لەبەندەکانی سەرەتای رۆمانی (جۆزیف ئەندروز (1742)بەرروونی باسی کردووە- بریتییە لەچاکردنی ئەخلاقی خوێنەرەکانی، یان بەدەربرینێکی تر بریتییە لەبلاوکردنەوەی هاوسۆزیی لەرێگەی پەروەردەکردنی ئەخلاقیەوە:

(ئەمە وتەیەکی کۆنە بەلام حەقیقەتی تیایە کەکاریگەریی نموونە ئەخلاقیەکان لەکاریگەریی حوکمەکان زیاتر ئەخلاقییە؛ ئەگەر ئەم وتەیە دەربارەی ئەوەی مایەی نەفرەت و سەرزەنشتە راست بێ، سەبارەت بەوەی کەجوانەو مایەی ستایش کردنە بەرادەیەکی زیاتر راست دەردەچێت، نمونە ئەخلاقیەکان دەبنە هۆی ئەوەی کەئارەزوو بۆ منافەسە بەکاریگەرترین شێوە کارمان تێ بکات و رەغبەتی لە بەربەرەکانی نەهاتوو بۆ لاسایی کردنەوە لەناخماندا دروست بێ، چونکە، مرۆڤی باش لەلای ئاشنایانی هەمیشە وەکو دەرسی ئەخلاق وایەو لەو ناوەندە بچووکەدا کاریگەریی بەسود تری هەیە لەکتێبێکی باش.

بەلام بەوپێیەی کەزۆرجار مرۆڤە زۆر باشەکان کەم دەناسرێن و لەئەنجامدا ناتوانن بەکەڵکی خۆیان وەکو چەند نموونەیەکی ئەخلاقی بەرادەیەکی زۆر بلاو بکەنەوە، دەتوانرێ داوای کۆمەك لەنووسەر بکرێ بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی ئەوان زیاتر بلاو بکاتەوەو وێنە جوانەکانی ئەوان بەکەسانێ نیشان بدات کەلە

**بنچینەوە لێی بێ بەشن. بەم پێیە نووسەر، بەراگەیاندنی ئەو نموونە بەبەهایانە بەجیهان، رەنگە خزمەتێکی گەورەتر بەمرۆڤایەتی بکات تائەو کەسەی کەسەرەتا ژیانی بۆتە خولقێنەری ئەو نموونەیە).**

رەخنەگران دەربارەی ئەوەی کەقسەکانی فیلدینگ تاچ رادەیەك دەتوانرێ بەجدی بگیرێ هەتا ئێستا پێك نەهاتوون، بەلام سەرنجدانی لەکاریگەرییە نیسبیەکانی نموونە ئیجابیو سەلبیە ئەخلاقیەکان لەئەدەبیاتی چیرۆکدا لەهەندێ شوێنی بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێ. فیلدینگ لەمەقالەیەکدا– دوسال پێش نووسینی رۆمانی جوزیف ئەندروز– دەڵێت: (ئێمە لەو نموونە ئەخلاقیانەی کەدەڵێن لەچی خۆمان بەدوور بگرین، زۆر باشترو ئاسانتر فێر دەبین تالەو نموونانەی کەپێمان دەڵێن کەپەیرەوی چی بکەین. . . هۆی ئەم مەسەلەیە. . . رەنگە ئەوە بێ کەزیاتر حەزمان لەوەیە لەسیفەتی نەفرەتاوی کەسانیدی بێتاقەتو بێزاربین تائەوەی ستایشکەری سیفەتە باشەکانیان بین. ئەگەر چی وادیارە سەرەتای رۆمانی (جوزیف ئەندروز) دژی ئەو قسەیەیە، بەلام فیلدینگ لە هەر دوو حاڵەتەکەدا حسابی بۆ کاریگەرییە ئەخلاقیەکانی ئەدەب کردووە لەسەر خوێنەر جۆنسۆنیش سەرەرای قسە نائاشکراکانی لەو وتارانەدا کەبۆ بلاوکراوەی (رامبلەر– Rambler)ی دەنووسی، لەزۆر لایەنەوە هەمان ئەو بنەما ئەخلاقیانەی دوبارە دەکردەوە کەفیلدینگ لە (جوزیف ئەندروز)دا دەربڕی بوو.

شایانی سەرنجە کەبۆچوونی تەرحکراو لەوبەشەدا کەلەرۆمانی جۆزیف ئەندروز هێنامانەوە– ئەوەیە کەرۆماننووس نموونە

ئەخلاقیەکان لەژیانی باش‌و بەکەڵکی مرۆڤی ئاسایی‌و گومناوەوە بەدەستەوە دەدات- پاڵنەری بزوێنەرە لەچیرۆکەکەی جۆرج ئیلیۆتدا دەربارەی (دۆریتە بروک)یش. لەکۆتایی رۆمانی (میدل مارچ) جورج ئیلیۆت سەبارەت بەی‌دۆریتە ئاوا دەڵێت: (بوونی ئەو کاریگەرییەکی زۆر فراوانی هەبوو لەسەر دەوروبەرەکەی، چونکە زیاد بوونی چاکە لەجیهاندا تارادەیەك لەکارە بچووکەکانەوە سەرچاوە دەگرێ‌و ئەگەر رۆژگار ئەوەندەش سەخت بەسەر من‌و ئێوەدا ناگوزەرێ، کەم‌و زۆر بەهۆی کەسانیکەوەیە کەبەباوەڕەوە بەگومناوی ژیان‌و غەریبانە لەگۆڕدا ئارامیان گرتووە) رۆماننووسانی سەردەمی ڤیکتوریا[3]-ش سەرەڕای بوونی ماوەی ساڵەها لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆیان لەسەردەمی ئاگۆستدا وەکو ئەوان لەبنچینەوە بڕوایان بەبەهای فێرکاریی هونەر هەبوو.

تیورسینانی رۆمان چ لەسەردەمی ئاگۆست‌و چ لەسەدەی نۆزدەدا (بەلای کەمەوە تاپێش گۆستاف فلۆبیرو هێنری جیمس)- لەپلەی یەکەمدا حەزیان بەپەیوەندی نێوان خوێنەرو دەق دەکرد. ماهیەتی ئەم پەیوەندییە کە رادەی حیکایەتخوانی رۆمان ئەو پەیوەندییە دەستنیشان دەکات- نیشان دەری جۆرێك بەهای ئەخلاقی‌یە؛ بەدەربرینێکی دیکە ئاستی مەعنەوی رۆمان بەهەمان رادە لەسەربنەمای پەیوەندی خوێنەر بەرۆمانەوە دەست نیشان دەکرێت کە بەپێی بنەمای سروشتی ئەخلاقی خودی نووسەر، چیرۆکەکانی نووسەری پابەندی ئەخلاق ئەوەندە (ریالیستی)یە کەخوێنەر لێیەوە فێر دەبێت مرۆڤێکی چاك بێت. تەئکیدکردنەوە لەسەر رادەی

حیکایـەتخوانی چـیرۆك، لەڕاسـتیدا تەئکیدیکـە لەسـەر کاریگـەریی چیرۆك لەسەر خوێنەر.

رەخنـەگرانی ئـەو زەمانـە باوەڕیـان وابـوو کـەریالیزمی ئـەدەبی لـە سـەربنەمای لاسـایی کردنـەوەی باوەڕپێهێنـەری سروشـت، کاریگەرییـەکی مەعنـەوی تایبـەتی هەیـە چونکـە رۆمـان هەرچـەندە ریالیستی تر بێ زیاتر دەتوانێ کاریگەریی لەسەر خوێنەر بەجێ بهێڵێ (ئیدی ئەو کاریگەرییە ئیجابی بێ یان سەلبی) هـەر چەندە نووسـەرێك زیـاتر پابـەندی ئـەخلاق بێـت، ئەگـەری ئـەوەی کەچیرۆکـەکانی کاریگەرییەکی بەسوود تریان هەبێ زیاترە.

هـەر وەکـو ئیـان وات لەسـەرهەڵدانی رۆمـاندا ئامـاژەی بـۆ دەکـات، لەکۆتاییـەکانی سـەدەی هـەژدەو سـەرەتاکانی سـەدەی نـۆزدەدا نووسـەرانێکیجۆراو جـۆر لەبابـەتی (سـتێرن، فـەنی بـیرنی[4]، جـین ئۆستن[5])لـە رۆمانـەکانیاندا بایـەخیان بەلایەنـە دەروونیـەکانی ژیـانی کارەکتـەرەکاندا، جار بـەجارێ، مەبەسـت لـەم کـارە لاسـاییکردنەوەی گاڵتە جاریی فۆرمی رۆمان بوو وەکو ژانرێك؛ بۆ نموونە لەرۆمانەکانی سـتێرن دا، بـەلام لـەزۆر لایەنـەوە، بـۆ نموونـە لەرۆمانـەکانی جـین ئوسـتندا، مەبەسـت لەوەبووکـە لەرێگـەی رەسـم کردنـی دەروونیکـەوە کەلـەدەروونی خـودی ئێمـەوە هێنـدە دوور نـەبێ شـتێکمان سـەبارەت بـەخۆمان فـێر بکـەن، لەگـەڵ ئەمەشـدا، بەشـێوەیەکی گشـتی رۆماننووسانی سەدەی هەژدە هێندە بایەخیان بەبنـەما تیۆرییـەکانی رۆمان نەدا:

**"ئەگەرچی ریچاردسۆن و فیلدینگ هەردوکیان خۆیان بەبناغەدانەری جۆریکی نوێ لەرۆمانووسین دەزانیو باوەڕیان وابوو کە بەرهەمەکانیان نیشاندەری دابڕانە لەرۆمانە لەڕەواج کەوتووەکان، بەڵام خودی ئەم دوانەیان هاوچەرخە کانیشیان هیچ کامیان تایبەتمەندییەکانی ئەو ژانرە تازەیە بەدەستەوە نادەن کەئێمە پێویستمانە، لەڕاستی دا ئەوانە هەتا نەیانویست جورێکی تر بوونی ماهیەتی چیرۆکە کانیان بسەلمێنن بەگۆرینی ناوی ژانرەکەیو تەنها لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بوو کەزاراوەی رۆمان بەتەواوی رەواجی پەیداکرد".**

هەڵبەتە تا ئەوکاتە، رۆمانی گۆتیك و رۆمانی (دەرککردن)[6] بەتەواوی هاتبوونە بەرهەمو تیۆریزمی جدی دەربارەی فۆرمی ئەدەبیاتی چیرۆك، کەمو زۆر قۆناغی ناوەندی تەی دەکرد.

دیکنز لەپێشەکی چاپی 1839ی (ئولیڤەر تویست)دا لەگەڵ گلەییو سکالادا، پرانسیپێك ڕادەگەیەنێ کەزۆر لەو قسەیەی جۆنسۆن دەچێت کەپێشتر لەو وتارەمان وەرگرت کەلەبڵاوکراوەی (ڕەمبلەر)دا بڵاوکراوەتەوە، دیکنز دەڵێت: چاکەو خراپە لەچیرۆکە هاوچەرخەکاندا وەها تێکچڕژاون کەزۆرجار ناتوانرێ لەیەکتری جیابکرێنەوە. دیکنز لەڕەخنەیەکی توندا لەڕۆمانە زۆر بازاڕییەکانی (نیوگیت)[7] (کەپاڵەوانی زۆر لەو رۆمانانە، وەکو چیرۆکە سەرەتاییەکانی (بلور لیتۆن)[8] و(هاریسۆن ئینزۆرت) کەسێکی تاوانباربوو)ئەوە دەردەبڕێ رۆمانی ئولیڤەر تویستی بەو مەبەستە نووسیووە کەهەم (پرانسیپی ژیانی سەربەرزانە لەهەل ومەرجی نالەبارو لەکۆتاییدا سەرکەوتن)نیشان بداتو هەم ئەوەی کەزەمینەیەکی فیکری فێڵبازانە

دیـاری بکـات کەزیـــهنی کەســانی تاوانبـــار پیــایدا تیپــەڕدەبێو تیایدا دەژی.

(ئەنتۆنی ترۆلـوپ)[9]– کـە بـەهیچ جۆرێـك دیکـنزی بـەدڵ نـەبوو– باوەڕی وابوو ڕۆمان وەسـیلەیەکە بـۆ نیشـاندانی دەرسـێك دەربـارەی ڕەفتـاری ڕاسـتو دروسـت، هـەتا (هـاردی)[10] چـەند سـاڵێ دوای ئـەوە بۆچوونێـك دەردەبـڕێ بـەم ناوەڕۆکـەی کـە (ئامـانجی راســتەقینەی خوێندنەوەی چیرۆك بریتـییە لـەفێربوونی دەرسـێك دەربـارەی ژیـانو فراوانکردنی ئاسۆکانی بیر لەرەگەزە پێویستەکانی گێڕانەوەو هـەروەها لـەو بیرانـەی کەئەو ڕەگەزانە دەیهێننـە ئاراوە) بـەم پێیـە دەبینـین کـە دیدگاکانی کلاسیکی نوێ[11] دەربارەی ڕۆمان لەسـەردەمی ڤیکتۆریـادا هێشتا بەرقەراربوون.

(جــۆرج هیــنری لویــس)[12]– کــەبێ دو دڵــی بەرجەســتە تریــن تیۆرسینی ئینگلـیزی زمـانی پێش (جیمـس)ە– کاتـێ کـەدەڵێ نابـێ لایەنە دزێوو پیسەکانی ژیان لەڕۆماندا رەسم بکرێ چونکە بەم شێوەیە نــەبێ نــاتوانرێ هــاودەردی خوێنــەر ببزوێــنرێو لــەو ریگەیــەوە هەستیاریی زیاد بکرێ، لەڕاستیدا هەمان ئەو قسەیە دوبارە دەکاتەوە کەجاربەجارێ لەتیۆرە رەخنەییەکانی رۆماندا لەسـەردەمی ئاگۆسـتدا بەتەلمیح ئاماژەی بۆ کراوە، لویس بـاوەڕی وایـە کەنابێ هونەر بایـەخ بەشتی نـاواقیعی بدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ تاسـنوورێك واقیـع ئایدیالیزە بکات تا لەو ریگەیەوە ئیلهام بەخشو بلاوکەرەوەی بالاترین توانـای زیـهنی مـرۆڤ بـێ. بـەڕای لویـس تەنـها لاسـایی کردنـەوەی سروشـت، هەسـتی جوانـی لـەڕۆحی مرۆڤدا جێگـر ناکـات، لـەکتێبی

(پرانسیپەکانی سەرکەوتن لەئەدەبیات)[13] (1865)دا باس لەو مەسەلەیە دەکات کەڕیالیزمی رووکەش تەنها بەشوێن نیشاندانی واقیعی دەرەوەی مەسەلەکاندا دەچێت. لەکاتێدا ئایدیالیزم هەوڵ دەدات راستیە ناوەکیو دەرەکیەکان ئاشکرا بکات.

بەم پێیە، ئایدیالیزم، جۆرێکە لەڕیالیزمو (بنەمای هەموو شێوەکانی هونەرە کە دژەکەی خەیاڵی نییە بەڵکو درۆکردنە) سووربوونی لویس لەسەر ئەوەی ئەدەبیاتی چیرۆك دەبێ هەم راستیە دەرەکیەکانو هەم راستیە ناوەکیەکان ئاشکرا بکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کەلویس گرنگییەکی زۆر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەردا لەڕووی سایکۆلۆژیەوە دابنێ. ئەو میتۆدەی ئەو بۆ ئەم مەبەستە بەلایەوە پەسەندە، بریتییە لەنیشاندانی دراماتیکی کارەکتەر-یان خۆی وتەنی بریتییە لە (دواندنی ناوەوەی دراماتیك)ی کەتیایدا نووسەر رەفتاری کارەکتەرەکان لەڕێگەی قسەو هەڵسوکەوتیانەوە ئاشکرادەکات. بەدڵنیاییەوە دەتوانرێ بگوترێ بەرهەمی نەپساوەی تیۆرەکانی لویس، رۆمانەکانی جورج ئیلیۆت بوو کەتیایاندا بنەما پێشنیازکراوەکانی لویس دەربارەی بزواندنی هەستی هاودەردی خوێنەرو ریالیزمی راست کراوە لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەردا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، پەیرەوکراون، (هەرچەندە ئامادەبوونی (راوی)رۆمانەکانی ئیلیوت، لەو رادەیە دەست تێوەردەرترە کەتیۆری مەنەلۆجی دراماتیك)ی لویس بەڕووکەش بەشیاو لەقەڵەمی دەدات. جۆرج ئیلیۆت لەکۆتاییەکانی تەمەنی خۆیدا

بەکرۆسی[14] وتبوو کەلەلویس-ەوە فێربووە کە نیشاندانی دراماتیکی کارەکتەر، دەربڕی باڵاترین چۆنێتی ئەدەبیاتی چیرۆکە.

ئیلیۆت چ لەڕۆمانەکانیو چ لەوتارەکانیدا هەمیشە جەختی لەسەر پێویستی تەرحکردنی دراماتیکی کارەکتەر کردبۆوە وەکو کارامەترین شێوە بۆ ئەوەی لەڕێگەی نموونەی ئەخلاقیەوە خوێنەرانی بکات بەخوێنەرێکی راستەقینەتر.

(ئەم خاڵە بەڕۆشنترین شێوە لەفەسڵی(17)ی رۆمانی (ئەدام بید- Adam Bede)دا بەدی دەکرێ) ئیلیۆت لەبەر بەکارهێنانی شێوازی نمایشیی ستایشی ستاندال-ی دەکردو لەساڵی 1856دا لەوتارێکدا سەبارەت بە(چارلس رید)[15] بەتەلمیح ئەو بۆچوونە تەرح دەکات کەڕۆماننووس دەبێ خاوەنی (قابلیەتی سلبی)[16] کیتس بێ بۆ خوڵقاندنی کارەکتەرو هەم خاوەنی خەیاڵی کولریج [17] بۆ فۆرمەلەکردنی کەرەسەی ئیشەکەی، بەڵام ئیلیۆت وەکو (میردیت)[18] لەدەیەی 1850دا ریالیزمی بەتاکە بناغەی هونەر دەزانی، دوا رۆمانەکانی ئیلوت، وەکو دوارۆمانەکانی میردیت کەمتر گێڕانەوەنو زیاتر باس لەخاوبوونەوەی ریالیزم دەکەن، ئەم دوو نووسەرە هەردوکیان لەدوا ساڵەکانی ئیش کردنیاندا، هەوڵیاندا بەشوێن رێبازێکدا بچن لەنێوان ئایدیالیزمو ناتورالیزمدا.

یەکێکی تر لەرەخنەگرانو تیۆرسینانی رۆمان لەسەدەی نۆزدەدا کەبەداخەوە کەمتر بایەخی پێدراوە (دێڤید ماسن)[19]ە. ماسن لەبەرهەمە مەزنو نەمرەکەیدا کەبەناونیشانی (رۆماننووسە بەریتانیەکانو شێوازیان)[20]ە (1859)- کە بۆ خۆی (لایەنەکانی رۆمان)[21]ی سەدەی

نۆزدەیە- بەو باسەی کەرۆمان، داستانێکی پەخشان ئامێزە یان دەتوانێ وابێ، درێژە بەدژایەتیکردنی ریالیزمی رووت دەدات. بەڕای ئەو رۆمان دەبێ زیاتر بایەخ بەبابەتە (بنچینەییەکان)بدات تا بەژیانی رۆژانەو کۆمیدیای داب و نەریت. بەڵام ماسن بیرو بۆچوونی گرنگتریشی هەیە کەلەسەر ئەوە بنیات نراوە رۆمان (راڤەیەکی هەمە جۆرتر سەبارەت بەتەمەنی کەمی مرۆڤ) بەدەستەوە دەدات تاشیعر، بۆیە دەتوانێ خاوەنی هەمان جدیەتی پایەبەرزی شیعر بێ و ئەو رەخنەیەی کەدەربارەی شیعر بەکاردێ دەبێ سەبارەت بەرۆمانیش بەکار بهێنرێت. ماسن لەوتارێکی بەناوبانگدا سەبارەت بەدیکنزو پاکەری کەبەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بەجیاوازی نێوان رۆمانس و ریالیزم لەئەدەبیاتی چیرۆکدا دەدات، رەخنەیەکی (شیعری) بۆ شیکردنەوەی وردی (شێوازەکانی) ئەو دوو رۆماننووسە بەکار دەهێنێ جۆری تەئکیدکردنەوەی ماسن لەسەر پەیوەندی نێوان گێرانەوەو رەگەزە ئەخلاقیەکانی ئەدەبیاتی چیرۆکدایە لەلایەکەوەو سروشتی ئەخلاقی خودی رۆماننووس لەلایەکی دیکەوە. ماسنیش هەروەکو زۆر لەوانەی پێش خۆی لەسەردەمی ئاگۆستدا باوەڕی وابوو کەسروشتی ئەخلاقی رۆماننووس، بیەوێ یان نەیەوێ کار لەماهیەتی ئەخلاقی چیرۆکەکانی دەکات:

**(رۆماننووس هەم خوڵقێنەری دنیایەکی دەسکردەو هەم قەدەرەکانی ئەو دنیایە دیاریدەکات. رۆماننووس یاسا دانەری دنیا دەسکردەکەی خۆیەتی، رووداوەکانی بەئەنجام دەگەیەنێ و چارەنووسی هەموو کەسەکان بەدانایی دادوەرانەی خۆی دیاری دەکات. لەم رووەوە، دەتوانرێ هەست**

**بەوەبکرێ کەتەرزی حوکمدانی ئـەخلاقی ماسـن چـەند هاوڕێکـە لەگـەڵ تـەرزی حوکمدانـی ئـەخلاقی ئەوکەسـانەی کـەرەوتی راسـتەقینەی کاروبارەکانیـان لەئەسـتۆدایە، وبۆیـە لەلایەکـەوە، تـاچ رادەیـەك و بـەچ وردەکارییەك دەربارەی ژیان قوڵبۆتەوەو لێکۆڵینەوەی کردووەو لـە لایـەکی دیکەوە، ئایا لەدوای ئەم قوڵبوونەوەو لێکۆڵینەوەیە ئـەو ئـەندامی بـەوەفای کۆمەڵگای بەرژەوەندی هاوبەشی مرۆڤایەتیە، یان یاخیە، وباوەڕی بـەخودی مرۆڤ نیەو لەدڕندەکانە.)**

حسابکردنی لەرادەبەدەری ماسن بۆ پەیوەندی ئەخلاق و ریالیزم، رەنگدانەوەی ئاشکرای بیرو بۆچوونـە زاڵـەکانی سـەردەمی خۆیـەتی، بەلاّم کاتێك جەخت لەوە دەکات ئەو جۆرە رەخنەیەی کەبەشێوەیەکی ئاسـایی بـۆ شـیعر بـەکاردێت دەتوانـرێ بـۆ ئـەدەبیاتی چـیرۆکیش بەکاربهێنرێ، لەراستیدا لەگەڵ بیروبۆچوونی باودا دەربارەی رۆمان ناتەبایی خۆی نیشاندەدات.

-ئەو بیروبۆچوونەی لەباوەڕی چەند نووسەرێکی جۆراو جۆرەوە سـەرچاوەی گرتـووەو لەسـەر ئـەوە بنیـات نـراوە کـەرۆمان فۆرمیکـی هونـەری کـەم بایەخـە، بـەلاّم دیـارترینی ئـەو نووسـەرانە بریتـین لـە سـکۆت[22]، ثاکـەری، ترۆلـوپ، رەسـکین[23] و میـل[24]. لەگەڵ ئەوەشـدا، روانینـی بێبایـەخ لەقەڵـەمدراوی ئـەم نووســەرە ناودارانـە دەربـارەی ئـەدەبیاتی چیرۆك، لەهەشتاکانی سـەدەی نـۆزدەدا جێگـای خـۆی بـۆ مامەڵــەی جدیــتری کەســانی وەکــو ماســن و لویــس و چــارلس کینگزلی[25]چۆڵ کرد. ئەمانە کەرۆمانیان بەژانرێك دەزانی، تەئکیدیان لە (سـێ یەکـەی نمـایش)[26] لەئــەدەبیاتی چـیرۆکدا کـردەوە، لــەدژی

(موغاڵەتـە)دەسـتیان بەهێزشـکردو شـێوەیەکی جـدی تریـان بـەباس و خـواس دەربـارەی بابـەتی رۆمـان بەخشـی، بەشـێکی زۆر لـەم تـەرزە لێکدانـەوە تازەیـە دەربـارەی رۆمـانی شەسـتەکانی سـەدەی نـۆزدە، لەسـەرهەڵدانی ریـالیزم لەفەرەنسـاو کاردانەوەکانیـەوە سـەرچاوەی گرتبوو.

دیـارە ئـەم دوو مەیلـە دژ بەیەکـە سـەبارەت بـەرۆمانس و ریـالیزم بـەزۆری لای فلۆبـێر لەکێشمەکێشـدا بـوون، تـەواو روون و ئاشـکرایە کـەفلۆبێر سـەرەرای مـەیلی فراوانـی بـۆ خـودی ریـالیزم، لـەریالیزمی رووت- واتە لاساییکردنەوەی رووت یان لەبەر نووسینەوەی ریالیزمی دەرەوە-ش بێزار بـوو، خـۆی وتـەنی، (هونەرمـەند دەبـێ هەمووشـتێ گەشە پێبدات)بـەلای فلۆبێریشـەوە وەکـو جـورج ئیلیـۆت، لەبنچینـەدا رۆمـان لەبـەرگرنگیدانی بەواقیعیـەتی نـاوەوە، جوانـی دروسـت دەکـات، چۆنیـەتی ئـەم کـارە بـەلای فلۆبـێرەوە گرنگـی تـەواوی هەیـە؛ فلۆبـێر حسـابێکی لەرادەبـەدەر بـۆ ئـەو مەسـەلانە دەکـات کەپـەیوەندیان بەفۆرمـەوە هەیـەو لەماسـن زیـاتر باوەری بەوەیە کەبەجێیە هـەمان ئەو بایەخی جوانناسانەیەی کەبەشیعر دەدرێ‌و ئەو شیکردنەوەیەی کە بۆ تەکنیکی شیعر دەکرێ لەلێکۆڵینەوەی تەکنیکی ئەدەبیاتی چیرۆکیشدا بەکاربێ. بەرای ئەو بەهاو جوانی هونەر لەشێوازەوە سەرچاوە دەگرێ:

**(دەڵێیت لەرادە بەدەر بایەخ بەفۆرم دەدەم، ئەفسووس! مەسەلەکە وەکو پەیوەندی نێوان جەستەو گیانە؛ شێوەو ناوەرۆك بـەلای منـەوە یـەك شـتن و نازانم یەکێکیان بێ ئەوی تر دەتوانێ چی بێ بەهەڵەدا نەچی: هەرچـەندە ناوەرۆکی جوانتربێ، زمانی بـەکارهێنراو بـۆ دەربرینیشـی هاوئاهـەنگترە،**

بیرۆکەی حساب بۆکراوو ورد، کاریگەرییەکی حساب بۆکراوو ورد بەجێدەهێڵێ (خۆی لەخۆیدا جگە لەمەنییە).

فلۆبیریش وەکو جیمس، بابەتی چیرۆكو شێوازی نووسەر بەلازمو مەلزومی یەکتریو هەتا بەیەك شت دەزانێ، موپاسان[27] دەربارەی فلۆبیر دەڵێت:

(بەلای ئەوەوە، فۆرم یەعنی خودی بەرهەمەکە؛ راست بەهەمان شێوە کەخوێن، خواردن بەلەش دەدات، و فۆرم-یان بە دەربڕینێکی دیکە شێوەی دیاری بەدەنی مرۆڤ- بەپێی تایبەتمەندییە نەژادیو خێزانیەکان دیاریدەکات، بەهەمان شێوە لای فلۆبیر بەرهەم (دەق)یان بەدەربڕینێکی تر مەعنای ناوەوەی، بەشێوەیەك کەقابیلی خۆلێلادان نیە دەروشانەوەی راستو تاکەکەسی، پێوەری، ریتمو بەگشتی وێنەی کۆتایی فۆرم دەسەپێنێ.)

فلۆبیر باوەڕی وابوو کە دەبێ هەموو کەسێ لەزمانی نووسەر تێبگات، واتە داماڵرابێ لەوەی کەبەناوچەی جوگرافیایی یان چینێکی کۆمەلایەتی یان سەردەمێکی تایبەتەوە پەیوەستی دەکات. یەکێك لەرێگاکانی بەدەستهێنانی ئەم شێوازە ئەوەیە کەنووسەر داکۆکیکاری سەرسەختی هیچ بیر یان مەرام یان باوەڕێکی تایبەتی نەبێت، هونەر دەبێ بەقەد زانست، مۆرکی گشتی پێوە بێ (رەنگە بتوانرێ ئەم بۆچوونانە بەسەرەتای ناتۆرالیزم لەقەلەم بدرێ). سەرەڕای ئەمانە، فلۆبیر باوەڕی وابوو پەخشان لەگەڵ چونێتی پێویستیەکەیدا، دەتوانێت وەکو شیعر مۆسیقاییو هاوسەنگ بێ: (رستەیەکی باش لەپەخشان، دەبێ وەکو بەیتێکی باش بێ لەشیعردا). بەواتایەکی

دیکه، لەگۆڕان نەهاتوو بەهەمان پێوەر وەزندارو هاوئاهەنگ بێ) بەڕای فلۆبیر دەبێ لەچیرۆکدا، کتومت وەکو شیعر پێکهاتەی زمانی شایستەی باری تایبەتی هونەریی بەکار بهێنرێ.

باری هونەریی پێویست لەروانگەی فلۆبیرەوە دەشێ (کتێبێك بێت کەدەربارەی هیچ شتێك نیە، کتێبێك کەهیچ پەیوەندیەکی بە دنیای دەرەوەی‌نیە، کتێبێك کەپایەی زاتی شێوازەکەی دەبێتە هۆی دیسپلینی.. کتێبێك کەتاڕادەیەك هیچ بابەتێکی تیانیە، یان بەلای کەمەوە بابەتەکەی- لەحاڵەتی ئیمکاندا- نادیارە).

ئانێت مایکڵسن بەڕاستی وتویەتی فلۆبیرکاتێ لاساییکردنەوەی هونەری خستە بەر پرسیارەوە، بۆ یەکەم جار ئارەزووی بەدیهێنانی (بەرهەمێکی تەواو پشت بەخۆ بەستوو کەمەیلی بەلای خۆیدا هەبێ‌و بەردەوامی لەخۆیەوە سەرچاوە بگرێ‌و خۆی ئاراستە بکات) بەشێوەیەکی سیستماتیك‌و گونجاو لەئەدەبدا بەرجەستەکرا:

**لەئەنجامی هوشیاری پڕمشتومڕ سەبارەت بەو واقیعەی کەچیتر بۆ بەرهەمی خەیاڵیی، کە لەپێشدا دەست نیشانکراوە یان لەپێشدا مەوجود نیە، بابەت یان کارەکتەری نموونە دەخرێتە لاوەو هونەر وەکو لاساییکردنەوە، و هەروەها خودی ریالیزم رەتدەکرێتەوە، ئێستا هونەر گەوهەری ریالیزم‌و گەوهەری هوشیاریی لەڕێگەی بابەتەوە بەقەڵەمڕەوی خۆی دەزانێ (ودەگۆڕێ)بە دۆزینەوەی چونیەتیەکان‌و بوونی درککردنەوە.**

چەمکی هونەر وەکو (هوشیاریی)یان (درککردن)، تایبەتمەندیی بەشێکی گەورەیە لەتیۆری پشت بەخۆ بەستنی ئەدەبیاتی چیرۆك لەسەردەمی نوێدا[28].

لـەم بـوارەدا دەبـێ ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـرێ کـەفلۆبیر یـەکێك بـوو لەیەکەمین بایەخ پێدەرانی خستنەرووی نماشیانەی ژیهن لـەچیرۆکدا. فلۆبـیر هەمیشـە دژی بـەفێرکار لەقەڵـەمدانی ئـەدەب بـوو بـەڕۆمانس کەتەرحێکی پڕ ڕووداوی هەیە، هەروەها سەرسەختانە دژایەتی (ڕەنگی ناوچەیی[29])دەکرد.

فلوبـیر دەڵێـت: هونەرمـەند بـۆ ئـەوەی وێنەیـەکی پـڕ لەحەقیقەتـە جیهانیەکان بەدەستەوە بدات، پێویست ناکات چیرۆکێکی شـەرحکراو بنووسـێو– هـەروەکو پێشـان دیمـان– لەبنچینـەدا پێویسـت نیـە چیرۆکێکی وابنووسێ؛ تەنها ئەوەندە بەسە کەرۆحی مرۆڤ بەئامانجی غەیری فێرکاریو هەتا لەتواناشدا بێت بەبێ هیچ جۆرە دەستێوەردانێك نیشان بدات.

یـەکێك لـەو ڕێگایانـەی کەنووسـەر دەتوانێـت بەهۆیـەوە خـۆی لەدەستێوەردان بەدووربگرێ ئەوەیە کەبەباسکردنی زانیارییەکانی یان بیرو بۆچوونـەکانی دەربـارەی مەسـەلەکانی ڕۆژ، بـاری ناوچـەیی یـان وردەکارییـەکانی دیکـە لەڕێگـەی خۆیـەوە نیشـان نـەدات. فلۆبـیر لـەو کەسانەبوو کەبۆ یەکەمجار لەگـەڵ ڕاگـەیاندنی پرانسـیپی (نووسـەری نادیـــار)دا، لەســـاڵی 1852ڕایگـــەیاند کـــەئامادەبوونی نووســـەر لەچیرۆکـەکانیدا دەبێ تـەواو هەست پێنـەکراوبێ، واتـە ئێمـە ئـەوەندە ئاگامان لەبیرو بۆچوونەکانی نووسـەر بێ سـەبارەت بـەو کارەکتەرانـەی خوڵقـاندوونی کـە لـەبیرو بۆچوونـەکانی خوداوەنـد سـەبارەت بـەخوڵقێنراوەکانی ئاگـادارین: (نووسـەر لەچیرۆکەکـەیدا دەبـێ وەکـو خوداوەند لەدنیادا، لەهەموو جێگایەك ئامادەبوونی هەبێ بەڵام لەهیچ

جێگایەکدا نەبینرێ)رۆماننووس (دەبێ لەکاتی خوڵقاندندا کاری خوداوەند بکات بەسەرمەشقی خۆی؛ واتە دەست بداتە (خوڵقاندن)و بێدەنگ بێ) بەڕای فلۆبیر، نووسەر نابێ بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێ؛ ئەگەر خوێنەر ئەوبنەما ئەخلاقیە درك ناکات کەنووسەر مەبەستێتی، هۆیەکەی یان دەبەنگی خوێنەرە یان ئەوەیە کەخودی چیرۆکەکە (فڕی بەسەر حەقیقەتەوە نیە بۆیە پووچە).

(ئەمیل زۆلا)[30] لەپێشەکی چاپی دووەمی یەکەم رۆمانی لەساڵی 1868دا، تیۆرەکەی فلۆبیری سەبارەت بەبێلایەنی نووسەر هەنگاوێك بردە پێشەوەو بۆچوونی (قووڵبوونەوەی زانستیی رووت)ی تەرحکرد کەپاشان بووبە فاکتەری یەکێتی لایەنگرانی ناتۆرالیزم لەئەورووپادا.

زولا دەڵێت: ئەو وەکو چیرۆکنووس (رێك ئەو شیکارییەی لەسەر لاشەی زیندوو کردووە کەدکتۆرە جەراحەکان لەسەر لاشەی بێگیان دەیکەن). زۆلا پاشان بۆچوونێکی چارەنووسسازی دیکەی خستە سەر ئەو پرانسیپی نووسینەی سەرەوە کەئەویش (سوودی کۆمەڵایەتی ناتورالیزم)بوو.

تازەیی تیۆرەکانی فلۆبیر دەربارەی چیرۆك، وەکو تیۆرەکانی هێنری جەیمز، بەشێوەیەکی سەرەکی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەمەعناو ناوەڕۆکێکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ تیۆری رۆمانی سەرەتای سەدەی نۆزدەدا. فلۆبیر یەکەم نووسەر بوو کەتیۆرێکی سیستماتیکیو زۆر پراکتیکی سەبارەت بەڕۆمان شەرحکرد؛ لەتیۆرەکەیدا زیاتر بایەخ بەو پەیوەندییە دەدرێ کەبەشە پێکهێنەرەکانی داهێنانی جوانی لەگەڵ یەکتریو لەگەڵ بەرهەمەکەدا بەگشتی هەیانە نەك بەرۆڵی ئەخلاقی

هونەر، هەر بۆیە فلۆبیر بەیەکەم تیۆرسینی (مۆدیرن)ی رۆمان لەقەڵەم دەدرێ، ئەگەرچی بەدەستەوەدانی تێگەیشتنێکی گشتی سەبارەت بەتیۆری مۆدێرنی رۆمان کارێکی دژوارە، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ‌کە سیفەتە گشتیەکانی بریتین لەوەی کەهەڵبژاردنێکی پشت بەخۆبەستوو وجاربەجارێ فینۆمینۆلۆجیانەی هەیەو بەدەگمەنیش سەبارەت بەشێوەی شت وەردەگرێ، ئاسایی زیاتر بایەخ بە بنەما رووتەکانی نووسین دەدات تابەچۆنیەتی ئەخلاقی پێکهاتەی رۆمان، لەتیۆری مۆدێرنی رۆماندا ریالیزم زۆرجار بەمەفهومی بەرهەمهێنانەوەی حاڵەتە زیهنیەکان بەکار دێ تا لاساییکردنەوەی روداوەکانی دنیای دەرەوە، فلۆبیریش وەکو گوتییە[31] باوەڕی بەوە هەبوو کەبوونی بنیات نراو لەسەرخودی کەماڵی هونەری، خۆی لەخۆیدا بۆ ئاراستەکردنی ئەخلاقی ئەدەبیات بەسە.

رۆلان بارت[32] هەمان مەبەست بەم شێوەیە دەردەبڕێ: (فلۆبیر.. لەڕێگەی گەشەپێدانی کاری ئەدەبیەوە بۆ پایەی چۆنیەتی بەها، سەرئەنجام توانی (بابەت)[33]بوونی ئەدەبیات تۆماربکات؛ بەم شێوەیە، فۆرم- وەکو قاپێکی فەخفوری یان پارچەیەك گەوهەر- گۆڕا بە دەسکەوتێکی چالاکی هونەرمەندانە.. ئەدەبیات بەگشتی، لەزەمانی فلۆبیرەوە تا ئەمڕۆ گۆڕ ِ ِ ِا بەلێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مەسەلەکانی زمان) لێرەدا بارت وەکو ئانتی مایکڵسۆن، فلۆبیر بەلەمپەری نێوان شێوەی کۆنی چیرۆکنووسین (لاساییکردنەوە)و شێوەی تازەی چیرۆکنووسین (خود سالاری)دەزانێت.

ئەوەی کەبارت سەبارەت بەفلۆبیر دەیڵێت، دەربارەی هێنری جەیمزیش راستە. تیۆرەکانی جەیمز دەربارەی ئەدەبیاتی چیرۆك‌و بنەماکانی فۆرم، هێندە زۆرن کەلەم نووسینەدا بواری ئەوە نی‌یە کەبەشێوەیەکی هەمەلایەنە باسیان بکەین؛ هەرچەندە دەتوانرێ لەپەراوێزدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو پرانسیپە بنچینەییانەی جەیمز باوەڕی پێیەتی لەگەڵ فلۆبیردا تا چ رادەیەك لەیەك دەچن، جەیمزیش وەکو فلۆبیر ئەوە دوپات دەکاتەوە کەچیرۆکنووس دەبێ خاسیەتی دەروونی کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی دراماتیکی نیشانی خوێنەر بدات، لایەنگری هیچ فەلسەفەیەکی تایبەتی نەبێ لەهونەردا، لەگێڕانەوەی چیرۆکدا خۆی لەبڕیاردان دەربارەی کارەکتەرو رووداوەکان بەدوور بگرێ، جەیمز-یش بەوردی شێوازی نووسینی خۆی لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەخاتە کار کەهەڵیدەبژێرێ، جەیمز-یش وەکو فلۆبیر شێوازی نووسەر لەو مەفهومەی کەبابەتی بەرهەمەکەیەتی بەلەجیابوونەوە نەهاتوو دەزانێ:

لەولایەنەوە کە هەرچەندە بەرهەمێك سەرکەوتووتر بێ ئەو مەفهومەی (نووسەر مەبەستێتی)هەموو رووەکانی لەخۆ دەگرێ‌و شێوەو ناوەڕۆکی پێدەبەخشێ، بەشێوەیەك کەهەریەکە لەوشەکان‌و هەریەکە لەنیشانە نەخشکراوەکان راستەوخۆ کار لەتەرزی دەربڕینی مەبەستەکە دەکەن، بۆیە بەهەمان رادە ئێمەش ئەوە فەرامۆش دەکەین کەچیرۆك شمشێرێکە کەمومکینە کەم‌و زۆر لەکێلان دەربهێنرێ. رووداوو رۆمان، مەفهوم‌و شێوە، وەکو دەرزی‌و دەزوو وان‌و من هیچ کاتێ نەم بیستووە کەبەرگدروویەك داوای ئەوە بکات کە دەزوو بێ دەرزی یان دەرزی بێ دەزوو بەکاربهێنرێ.

بۆچوونـــەکانی جـــەیمز لـــێرەدا بەشـــێوەیەکی سەرســـوڕهێنەر لەقســـەکانی فلۆبـــیر دەچـــن (کـــە پێشـــان هـــاتوون)، بـــەڵام چـــەند جیاوازیەکیش لە نێوانیاندا هەیـە، هـەردوکیان زیـاتر مـەیلیان بـەلای پەیوەندی نێوان مەتن و ئەو مەفهومانەی (بابەتانەی) کە تـەرحی دەکەن هەیـە تـا پـەیوەندیی نێـوان مـەتن و خوێنـەر. بـەڵام فلۆبـیر بایـەخ بەپەیوەندی نێوان شێواز (هەڵبژاردنی واژەکان، ڕێزمان و هتد)و مەفهوم (بابـەت)دەدات، وئەمـــەش بـــەجۆرێك هـــەمان مشـــتومڕی کۆنـــی (هـۆراس)[34]ی تێدایە کەدەربارەی بابەتی بەرهـەم و زمان بـەکارهاتووە، جەیمز لەگەڵ ئامارژەدا بۆ گرنگی شێواز، کەم تازۆر ڕاڤەیەکی جیاوازی هەیەکـە لەسـەربنەمای پـەیوەندی نێـوان روداو (کرۆکـی تـەرح، ڕووداوەکانی چیرۆك)و ڕۆمان (بەتەواوی بەدی هاتنی ڕووداو بەشێوەی گێڕانەوەیەك)بنیات نراوە، سەرەڕای ئەمانە، حسابکردنی لەڕادەبەدەری ئـەم دوو نووسـەرە بـۆ لایەنـەکانی ئیسـتاتیکا-نـەك ئـەخلاقی- چیرۆکنووسـین بەئاشـکرا ئـەوە نیشـان دەدات کەهـەردووکیان زیـاتر لـەوەی بەشوێن لاسایـیکردنەوەی تـەواوی واقعیەتەوە بن، حەزدەکـەن بەرهەمـەکانیان لـەڕووی هونەریـەوە پشـت بـەخۆی ببەسـتێ. ئـەو دیدگایەی کەمن بـەتیۆری (مۆدێـرن)ی ڕۆمـان نـاوی دەبـەم، لەهـەمان جێگاوە دەست پێدەکات.

هەڵبەتـە قسـەکانی جـەیمز دەربـارەی ڕۆمـان، جـاری وایـە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی نووسەرەکانی پێش خۆیـەتی، بۆ نموونە ئەو بۆچوونەی کەلەسەر ئەوە بنیاتنراوە ڕۆماننووس دەبێ بەڕاستی وەکو مێژوونـووس تەماشـای خـۆی بکـات و وای بەخـەیاڵدا نەیـەت

کەبەرهەمەکەی ناواقیعی‌یە، بۆچوونێکە کەلەپێش جەیمزدا بولڤید-لیتن لەسالَی 1838دا دەریبڕیووە، مێردیت چەند جارێ وتبووی کەباوەڕی وایە چیرۆکنووس دەبێ بەنۆرە هەر دوو شێوەی (وەسفی روائی)و (دیمەنی دراماتیکی)بەکاربێنێ بەلاَم هەولَبدات هەتا بۆی بکرێ (دیمەنی دراماتیکی)کەمتر بەکاربێنێ، جەیمزلە زۆربەی ئەو چیرۆکانەدا کەلەدوای هەشتاکان (هەشتاکانی سەدەی نۆزدە)نووسی ئەم بنەمایەی رەچاوکردو پاشان لەو پێشەکیەدا کەبۆ رۆمانی (بالَیوزەکان-The Ambassadors)نووسی وەکو بنەمایەکی چیرۆکنووسین حسابی بۆکرد. جەیمز چەند باسێکی جوراوجۆرو زۆرجوانی هەبوو سەبارەت بەگۆشە نیگاو هەمیشە دوپاتی دەکردەوە کەبەکارهێنانی روانینگای سنوورداری زیهنیەتی هەستیاری کارەکتەرێك، دەبێتە هۆی ئیجابیەتی زۆر لەچیرۆکدا، لەم رووەوە، بۆچوونەکانی جەیمز زۆر تازەن.

بەم شێوەیە دەبینین کەنیازی ئەخلاقی نووسەر، بنەمای تیۆرە ئەدەبیەکانی جەیمز پێکناهێنێ، بەلَکو هەمیشە بایەخ بەبنەما ئیستاتیکیەکانی هونەری چیرۆکنووسین دەدات. هەلَبەتە ئەمەش بەمەعنای پشت گوێ خستنی شتە ئەخلاقی و واقیعیەکان نی‌یە لەلایەن جەیمزەوە، جەیمز بەدوای دۆزینەوەی باشترین رێگەدا دەگەڕێ بۆ بەرهەمهێنانەوەی لایەنی دەروونی ژیانی کارەکتەرەکانی و لەلیکۆلَینەوەی رۆماندا وەکو ژانرێك، زیاتر حساب بۆ ئیستاتیکا دەکات و کەمتریش بۆشتە ئەخلاقیەکان. جەیمز بەمەبەستی داوەری ئەخلاقی دیدگا ئیستاتیکیەکانی خۆی بەکار دەهێنێ، بەلاَم ئەو

دیدگایانە- لەبەر حسابکردنی لەڕادەبەدەری جەیمز بۆ ڕەوتی داهێنانی هونەریی- بێگومان خەسڵەتێکی نائەخلاقیان هەیە (وەکو دیدگاکانی فلۆبێر). جورج ئیلیوت باوەڕی بەریالیزمی دەروونزانی هەبوو چونکە بەڕای ئەو لاکردنەوەی وردو هاوسۆزانە لەژیانی پیاوان و ژنانی ئاسایی، باشترین شێوازی راکێشان و سەقامگیرکردنی هەستیاریی خوێنەرانە، بەڵام باوەڕی جەیمز بەریالیزمی سایکۆلۆجی هێندە لەئامانجی فێرکاری رووتەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەمەبەستی سەقامگیرکردنی هەستی هاوسۆزیی خوێنەرانی، بەڵکو زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەبەڕای ئەو کاتێ شێوازی ریالیزمی سایکۆلوجی بەکاردەهێنرێ و هەستی هاوسۆزی خوێنەر سەقامگیر دەبێ، رۆمان دەگاتە بەرزترین درەوشانەوەی خۆی، هەرچەندە جەیمز لەچیرۆکەکانی‌دا بایەخ بەلایەنە مەلموس و تایبەتیەکانی ژیانی مرۆڤ دەدات، بەڵام وەکو چیرۆکنووس زیاتر روو لەپرانسیپە رووتەکانی کەماڵی هونەری دەکات. لەم رووەوە، بیرو بۆچوونەکانی هەر وەکو بیرو بۆچوونەکانی فلۆبێر- پێش دەرامەتێکە بۆ ناوەڕۆکی زۆربەی تیۆرەکانی رۆمان لەسەدەی بیستەمدا.

وتارەکانی جەیمزو ئەو پێشەکیە رەخنەگرانەیەی کەبۆ رۆمانەکەکانی دەنووسی هەموویان ئەوە ئاشکرا دەکەن کەئەو وەکو هونەرمەندێکی چالاک و داهێنەر بەقووڵی لەمەسەلە جیاوازەکانی کارەکەی روانیوە؛ لەکاتێکدا کەڕاو بۆچوونەکانی جۆرج ئیلیوت دەربارەی رۆمان بەشێوەیەکی ئاسایی باس لەحەزو ئارەزووی بەرفراوانی دەکەن بۆ چاکردنی ژیانی ئینسانەکانی دیکە لەڕێگەی

هونەری گێڕانەوەوە ئەگەر رۆمانەکانی جۆرج ئیلیۆت و جەیمز زۆر خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا هەبێ وەك ئەوەی واقیعی مەسەلەکە هەروایە– زۆرجار سەرچاوەی پاڵنەری داهێنانیان تەواو جیاوازە. هەڵبەتە هەموو کەسێ دەتوانێ لە لەیەکچوونە جۆراوجۆرەکانی نێوان رۆمانی (میدل مارچ)یا (دەنیل دراندە)[35] و رۆمانی (پۆرترێتی خانمێك)[36]ەوە تێبگات کە جۆرج ئیلیوت زۆر کاری لەجەیمز کردوە، بەڵام جەیمز بەر لەهەرشتێك حەزی لەو توانا زۆرەبوو کەچیرۆکەکانی جۆرج ئیلیوت نیشانی دەدا هونەرمەند دەتوانێ بەهرەمەندبێ لێی، هەر. بۆیە دەبینین جەیمز لەڕادەربرینێکدا سەبارەت بەچیرۆکی (دارتیە برۆك لەمیدل مارچ)دا دەڵێت:

(دیارە ئەم بارودۆخە هەرگیز تا ئەوپەڕی سنووری شیاو دەرێژەی پێ نادرێ)جەیمز هەمیشە حەزێکی زۆری بەلایەنەکانی هونەری چیرۆکنووسین دەکرد بۆیە تەنها لەبەر ئەوە (پۆرترێتی خانمێك)ی نەنووسی کەئاشکراکردنی روو لەهەڵچونی لایەنی دەروونی کارەکتەری (ئەو ناوەڕۆکەی جۆرج ئیلیۆت لەهەردوو رۆمانی (میدل مارچ و دەنیل دراندە)دامەبەستێتی)سەرسامی کردبوو بەڵکو هەروەها لەبەرئەوەش کەبەنیازبوو ئەوە ببینێ تاچ رادەیەك دەتوانێ ئەو ناوەڕۆکە تەرح بکات.

سەردەمی بەناو (داچوونی رۆمانتیك)لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە (ولەڕاستیدا چەند ساڵی پێش ئەو کاتەی کەچاوەڕوان دەکرا)کاریگەریە ژیانیەکانی خۆی لەسەر تیۆری رەخنەی رۆمان بەجێ هێشت. (هونەر بۆ هونەر)کە گۆتە تەرحی کردبوو، تەنها دروشمی ئەو

سەردەمە نەبوو؛ بەپێچەوانەوە، کاردانەوەی نووسەرانی ئینگلیزی لەدژی ناتۆرالیزمی ئەورووپایی (کەهەڵبەت چەند نووسەرێکی دیاری وەکو گیسینك[37] مۆر[38] جەیمز هاردیو گۆس[39]تیایدا بەشداربوون)بووبەهۆی نوێکردنەوەی ژیانی لاوازی ئەو جۆرە ئایدیالیزمە ئەدەبییەی کەبولڤیر لیتن نیوسەدە پێش ئەوە رەواجی پێدەدا، لیتن باوەڕی وابوو دەبێ رۆماننووسان وێنەیەکی راست کراوەی واقیع لەڕۆمانەکانیدا نیشانبدەن بۆ ئەوی لەڕێگەیەوە پێویستیەکانی سەرگەرمیی خوێنەرانیان فەراهەم بکەن، نوێ کردنەوەی حەز بۆ تەرحی چیرۆك کەپێشتر بەنووسینەکانی (بەجیت)[40] ویلکی کۆلینز[41] و هاوبیرانیان دەستی پێکردبوو-لەبەرهەمەکانی کیپلینگ[42] ستیڤنسن[43] سانتسبیری[44] و کەسانی تردا تاڕادەیەك حەقانیەتی خۆی بەدەست هێنایەوە.

سەرلەنوێ رەواج پەیداکردنی چیرۆکی کۆمیدی بووبەهۆی ئەوەی کە ترولۆپ، جۆرج ئیلیوت، هۆڵس[45] و جەیمز لەنەوەدەکاندا (نەوەدەکانی سەدەی 19)بەتوندی بکەونە بەر رەخنەو رەنگە بتوانری بگوترێ توندترین هێرش لەدژی ریالیزم، لە وتارە ئەدەبیەکانی لیزلی ستیڤن[46]دا خۆی بینیەوە کەبەگشتی رۆماننووسانی هاندەدا کەپەیڕەوی دیزریلی[47] و ئاوێتەکردنی لایەنە نامۆو ئاشناکانی ژیان بکەن لەرۆمانەکانیدا هەرلەو سالاندا بوو کەهاردیو (ئەوانی تر)سکالایان لەوەدەکرد کە (ئارمانی کردنی کاراکتەرەکان، لەڕاستیدا بەومەعنایەیە کەبەڕادەیەك واقیعی نیشانیان دەدەین کەبوونیان نامومکین دەبێ).

بـەرای هـاردی ئارمانگـەرایان وەهـا بـەدوورودرێژیو میـهرو خۆشەویستیەوە بایەخ بەکارەکتەرە باشەکانیان دەدەن کە خوێنەر ئیتر خەیاڵی خۆی بەکارناهێنێ.

خاسیەتەکانی ئەم جۆرە کاراکتەرانـە بەهـەموو وردەکاریەکانیـەوە دەخرێتـە روو، لەئـەنجامدا هیـچ کـام لـەرەفتاری کارەکتـەرەکان بـەلای خوێنـەرەوە چاوەڕوان نـەکراو نییـەو زۆر نابـا کەحـەزی خوێنـەریان لێ زەوت دەکرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا، هاردی داکۆکی لـەریالیزمی رووت نـەدەکرد. هـاردی لەسـاڵی1890لەدەفتەری یاداشـتی خۆیـدا ئەمـەی نووسـی: (هونـەر بریتیـە لـەتێکدانی شـتە واقعییـەکان (واتـە گۆڕینـی شێوەو قەبارەیان، یـان دەرکردنیـان لـەگونجاوی))بەمەبەسـتی روونـتر نیشـاندانی لایەنـە گرنگـەکانی ئـەو واقعیەتانـە کەئەگـەر رێـک بنووسرێنەوە یان وەکو فەهرەست گوزارشـتیان لێ بکـرێ، ئەگـەرێکی لاوازهەیە کە لەبەرچاو بگیرێن، لەم رووەوە، (ریالیزم هونەر نییـە)لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەکاتی ئـەم رووبەڕووبوونەوەیـەدا، دەنگـی تێکچـڕژاوی ریالیسـتە کۆنـەکانو جوانناسـە تـازە دەرکـەوتووەکان کەلایـەنگیری تیـۆری خودسـالاری رۆمانیـان دەکـرد، هێشـتاش بـەرگوێ دەکـەوت، لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدەدا، دەنگی ڤێرنون لی [48]لەهـەمووان زوڵاڵ تربوو.

ڤـێرنۆن لی یـەکێکی تـرە لەتیۆرسـینە گومناوەکـانی رۆمـان، بـەڵام گرنگە. لی دوای بڵاوبوونـەوەی وتـارە گرنگـەگانی جـەیمز بۆ یەکـەمجار لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا، لەنووسینەکانیدا باسی هـەندێ بابەتی سـەقامگیر دەکـات کەپاشـان جـەیمز لەپێشـەکی چـاپی رۆمانـەکانیدا

لەنیۆرك قسەی لەسەر کرد بەتایبەتی مەسەلەی گۆشەنیگا point of view .
لی ئەو نووسەرانەی بەباشتر دەزانی کەلەڕێگەی جۆرێك ئاشکراکردنەوە بەشـێوەیەکی نـهێنی ئـامێز (ژیـان)بەکارەکتـەرەکان دەبەخشـن لـەو نووسەرانەی کەهۆشیارانە تر کارەکتەرەکانیان بەکاردەهێنن دەیانکەن بە (چەند وێنەیەکی گشتی ژیان). نووسەرانی گروپی دووەم ناچارن لەچیرۆکـەکانیاندا گۆشـەنیگای دەرەوە (گێڕانـەوەی ناراسـتەوخۆ)بەکاربـهێنن. لـەکاتێکدا کەنووسـەرانی گروپـی یەکـەم ئاسایی ناوبەناو گۆشەنیگای (گێڕانەوەی راستەوخۆ)بەکاردەهێنن کە لەکارەکتەرێکـەوە دەگوێزرێتـەوە بۆکارەکتـەرێکی تـرو بەتـەواوەیی هاوناسـنامەی نووسـەر لەگـەڵ هەریەکـە لەکارەکتـەرە سـەرەکیەکاندا نیشاندەدات وێڕای هەستکردنی بەعەشق یان بێزاریی، لەم شێوازەدا کەلەدیدی (ڤێرنون لی)یەوە کاریگەرترین شێوەی گێڕانەوەیە، نووسەر لەچارەنووسی یەکەیەکەی کارەکتەرە گرنگەکانی چیرۆکەکەیدا پشکدار دەبێ و لەگەڵ هەریەکێکیاندا دەبێ بەهاوناسنامە بەم شێوەیە وادیارە گۆشەنیگای تایبەتی خۆی، بەتەواوەتی سڕاوەتەوە، بەباوەڕی لی ئەم کارە، کەماڵی هونەری ئەدەبیاتی چیرۆکەو دەشێ زۆربەی نموونەکانی لەبەرهەمەکانی تۆڵستۆیدا[49] سۆراغ بکرێ.

ڤـێرنون لی-ش وەکـو فلۆبـێرو جـەیمز بـەرزترین شـێوەی گێڕانـەوە بەوگێڕانەوەیە دەزانێت کەتیایدا نووسـەر بەزۆری نادیـارە، کـاتێکیش کەدەربارەی گۆشەی گێڕانەوە قسە دەکات، قسەکانی سەرچاوەیەکە بۆ هەندێ بابەتی تایبەتی کەجەیمز لەپێشەکیە رەخنەییەکانیدا بۆ چاپی رۆمانـەکانی لـەنیۆیۆرك بایـەخی پێـداو پاشـان پێرسـی لوبیـك[50]

(کەلایەنگری تیۆرەکانی جەیمز بوو) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (تەکنیکی چیرۆکنووسین The Craft of Fiction) بایەخی پێدایەوەو دەڵێت:

**(ئەم بابەتە لەدروست بوونی رۆماندا راست بەهەمان ئەوڕادەیە کەلە وێنەکێشاندا هەیە، شەرحەکەی من سەبارەت بەهەڵبژاردنی گۆشەنیگا لەلایەن وێنەکێشەوە دەربارەی هەستیارترین بابەتیش راستە کەئەدیب-دەبێ هەڵیبژێرێ، (واتە هەڵبژاردنی گۆشەنیگایەك کەلێیەوە کارەکتەرو رووداوەکانی رۆمانەکە دەبینرێت)چونکە هەرکارەکتەرێك یان رووداوێك لەچەند ریگەیەکی جیاوازو لەپەیوەندیی لەگەڵ چەندین کارەکتەرو رووداوی دیکەدا دەتوانرێ ببینرێ. ئەوکارەکتەرەی جێی مەبەستە دەتوانرێ لەگۆشەنیگای هیچ کەسێکەوە، یان لەگۆشەنیگای یەکێکی ترلە کارەکتەرەکانەوە، یان لەگۆشەنیگای نووسەرێکی شیکەرەوەو خاوەن بڕیاری ژیرانەوە، ببینرێ).**

جەیمز لەدوا(دە)ساڵی تەمەنیدا، زۆرجار لەوبابەتە دەدوا کەنووسەر دەبێ کام گۆشەنیگا بەکاربێنێ و خوێنەر خاوەنی کام گۆشەنیگا بێ. ڤێرنون لی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەوقسەیەی سەرەوەدا وەکو زۆربەی باسەکانی سەبارەت بەهونەری گێڕانەوە، وەکو جەیمز چیرۆکنوسین لەگەڵ وێنەکێشاندا بەراورد دەکات. گەرچی لی بایەخ بەهەندێ لەوبابەتانە دەدات کەکەمێك (پێش) *** ئەو جەیمز خستیە بەرباس، لەگەڵ ئەمەشدا بەمەفهومی راستەقینەی وشە ناتوانرێ لی بە(مورِیدی جەیمز)لێکبدرێتەوە. راست بەپێچەوانەوە؛ لی بەتوندی(شێوەی دراماتیکی)یان (نمایشی)دەداتە بەر رەخنەو دەڵێت (لەرۆماندا دەتوانین لەناتۆرالیزم نزیك بینەوە، بەلام نابێ

هەوڵ بۆلاسایکردنەوەی شێوازەکانی شانۆنامە بدریٚ. ڤیرنون لی دژی خستنەرووی دراماتیکی کارەکتەرکانە، ئەمەش لەبەرئەوەی کەکاریگەریی ئەم شێوازە زۆرجار دژی ئەو تەحەمولەیە کەخوێنەر لەبەشەکانی گێڕانەوەی رۆماندا سەبارەت بەکارەکتەرەکان بەدەستی دەهێنیٚ. لی لەگەڵ جەیمزو مێردیتدا یەك رای هەیە کەدەبیٚ کەمتر(دیمەنی)دراماتیکی بەکاربهێنریٚو ئەمەی بەملکەچی(هێزی کەڵەکەبوونی رووداوەکانی)رۆمان زانی.

هەندیٚ لەبۆچوونەکانی ڤیرنۆن لی دەربارەی ئەگەری بەکەماڵ گەیاندنی فۆرم لەرۆماندا لەبۆچوونەکانی فلوبیر دەچن. لی باوەڕی وایە کەدەبیٚ رۆمان وەکو سەمفۆنیا یان ئۆپێرا بنووسرێت، بەشێوەیەك کە ناوەڕۆکە دوبارەو سەرنجراکێشەکان بەدرێژایی رۆمانەکە، چەند کاریگەرییەکی هاوئاهەنگ لەسەرخوێنەر بەجیٚ بهێڵن. ئەونیشاندەرەی کەڕەوتی پێکهاتەی پیرۆکەوخاڵو واژە جۆراوجۆرەکانی رۆمان نیشان دەدات دەبیٚ بازنەیەکی تەواوو بەیانکەری حەتمیەتی ئۆرگانێکی فۆرم بیٚ. هەربۆیە، ڤێرنون لی سوورە لەسەرئەوەی کەنووسەر دەبیٚ یەکەیەکەی واژەکان بەوردی هەڵبسەنگێنیٚو ئەوانە بەکاربهێنیٚ کەلەدەرەوەی رووبەری بازنەی ناوبراوەوەن بینای کتێبی تەواو هەمان نزیکی لەگەڵ بینای رستەیەکدا هەیە کە ئالۆزترین پێکهاتەی دەنگەکان لەمۆزیکاو رێکخستنی پارچە موزیکادا بۆ ئورکسترا لەگەڵ ئەو لەرزینانەدا هەیەتی کە یەك نۆتە پێکدەهێنن). ڤێرنون لی-ش وەکو فلوبێر باوەڕی وایە کە جوانیی بەرهەمە هونەرییەکان لەشێوازەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها، حیسابکردنی لەڕادەبەدەری لی بۆپەیوەندییە ناوەکییەکانی چیرۆکیش سەرچاوەیەکە بۆتیۆری بنیاتنراو لەسەر (خود)ی ئەدەبیاتی چیرۆك لەسەدەی بیستەمدا.

بەهەمان شێوە کەدیمان، ڕەخنەی تیۆری ڕۆمـان تـاپێش فلوبـێرو جەیمز بەگشتی شێوازو ئاراستەیەکی لاسایی کەرەوەو نـاوەڕۆکێکی ئـەخلاقی هـەبوو. لاسـاییکردنەوە، وەسـیلە بـوو، ئـەخلاقیش ئامانجەکەی، بەپێی ئەم تیۆرە، ئەدەب دەتوانێ ئەخلاقی مرۆڤ باشتر بکات، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەرەتا قەناعەت بەمرۆڤ بکات کەدنیای دروستکراو لەڕۆمانێکدا کە دەیخوێنێتەوە، لەگەڵ دنیـای واقیعیدا بێ پەیوەندی نیە.

لەڕاستیدا، ئەو رایەی کەهونەر سیفەتیکی لاساییکردنەوەی هەیەو لاسـاییکردنەوەی رووداوەکـانی دنیـای واقیـع، گرنگـترین تیـۆری هونەرییـە لەسـەردەمی ئەرسـتۆوە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی هـەژدە. پەیوەندی لازمو مەلزومی ریالیزمی فۆرمالیستیو لاساییکردنەوە تەنها کـاتێك نـەما کەچیرۆکنووسـان زیـاتر حـەزیان بـەرێرەوە زیهنیـەکانی کارەکتەر دەکرد. ئاسایی ئارەزوویەکی ئـاوا لـەو شـێوازە هونەریـەدا بەرجەسـتە دەبێـت کەکـەمتر لاسـاییکردنەوەو زیـاتر ئورگانێکییـە، بەدەربڕینێکی دیکە، فۆرمی (بنیاتنراو لەسەر خود)یان خودو بەس، ئەم لەبەریـەك هەڵوشـانەوەیەی دیدگـا تیۆریـەکان، لـەڕۆماندا کـەمێك درەنگتر لەشیعر روویدا، تیۆری ئورگانێکی بوون یان پشت بەسـتوو بـەخودبوونی شـیعر، پێشـتر لەدەیـەی 1760دا (بـۆ نموونـە لەهـەندێ لەنووسـینەکانی قەشـە هـێرد)و[51] و پاشـان لەلایـەن شـاعیرە ڕۆمانسیەکانی ئینگلیز (بەتایبەتی لەلایەن کۆلریج)ەوە تەرحکرا، بەڵام تەنها لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو بەنووسینە ڕەخنەییەکانی فلوبێرو پاشان جەیمز، ئەلتەرناتیڤەکانی جوانناسیی لاساییکردنەوە

بەشێوەیەکی جدیو سیستماتیك لەتیۆری رۆماندا حسابیان بۆ کراو لەوە بەدواوە پشت بە(خود)بەستن- نەك لاساییکردنەوە- بەرەگەزی سەرەکی ریالیزمی فۆرمالیستی لەقەڵەم درا. تیۆری رۆمان لەسەدەی بیستدا کە کەمو زۆر ناوەرۆکی خۆی لەرەخنەگرانی ئەوروپاییەوە وەرگرتووە، کەمتر بایەخ بەپەیوەندی نێوان خوێنەرو مەتن دەداتو زیاتر مەیلی بەلای پەیوەستی رەگەزە جیاوازەکانی بینای چیرۆکدا هەیە. بەدەربڕینێکی دیکە، رەخنەی تیۆری رۆمان لەسەردەمی نوێدا، هێندە حساب بۆ لایەنەکانی لاساییکردنەوەو ئەخلاقی رۆمان ناکات، بەڵکو زیاتر رۆمان بە خوڵقێنراوێك دەزانێت کەلەسەر خود بنیاتنراوە کەسەربەخۆیە لەدنیای واقیعی یان بەلای کەمەوە وابەستە نیە بەواقیعەوە، دنیای رۆمان-ی لەسەر خود بنیاتنراو، رەنگە بەناچاری لەدنیای ئێمەش بچێ، بەڵام بۆ دروستکردنەوەی بەئەنقەستی شتێکی دەرەوەی خۆی نەخوڵقێنراوە.

لەتیۆری مۆدیرنی رۆماندا زیاتر تەئکید لەپێکهاتەی بەرهەمو لازمو مەلزوم بوونی بەشە پێکهاتووەکانی دەکرێتەوە تا لەخودی چیرۆك وەکو نیشاندانەوە یان نیشان نەدانەوەی (واقیعی) ئەخلاقی یان لاساییکردنەوە، بێ ئەوەی بگوترێ دیارە کەدەتوانرێ بەمەبەستی باسو بەراورد چەند تیۆرێکی دیکەش تەرح بکرێ، بەڵام بەرای من ئەو تیۆرانە زیاتر دەبنە هۆی ئاڵۆزتربوونی- نەك رۆشن بوونەوەی جیاوازییە گرنگەکانی رەخنەی رۆمان لەسەردەمی ئاگۆستو ڤیکتۆریادا لەلایەکەوەو رەخنەی (مۆدیرن)ی رۆمان تا پێش سەدەی بیستەم لەلایەکی ترەوە.

## پەراوێزەکان:

1- Dr Samuel johnson(1709-1784)شـــاعیرو فەرهـــەنگ نـــووس و رەخنەگری ئینگلیزی (و.فارسی).

2- Georg Eliot(نازنـــاوی Mary Ann Evins 1819-1880)رۆماننووســـی ئینگلیزی (و.فارسی).

*مەبەستی لەکاتی نووسینی لێکۆڵینەوەکەیە. (و.کوردی)

**مەبەستی سەدەی بیستەمە. (و.کوردی)

3-سـەردەمی ڤیکتۆریا لـەمێژووی ئـەدەبیاتی ئینگلیزدا ئاماژەیەکە بۆ سالانی پاشایەتی شاژن ڤیکتۆریا لەسالی 1837-1901 کەلەو ماوەیەدا رۆماننووسانی گـەورەی وەکو چـارلز دیکـنز، (Charles Dickens)تۆمـس هاردی Thomas Hardy، جورج ئیلیۆت، ویلیام ثاکـەری William Thackeray جـورج مـیردیت George Meredith، ئـەنتۆنی ترۆلـۆپ Anthony Trollope و ســـامویل باتلـــەر Butler Samuel بەرهەمـــەکانی خۆیـــان بلاوکردەوە(و.فارسی)

4- Fanny Butney (1752-1840)رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

5- Jane Austen(1775-1817)رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

6-(رۆمانی دەرککردن) Novel of Sensibity بەجۆرێکی تایبـەتی رۆمـانی سـەدەی هـەژدە دەگوتـرێ کـە بۆکاردانـەوەی لـەدژی فەیلەسـوفەکانی سـەدەی حـەڤدە لەبابـەتی تۆمـس هۆبـز دروسـتبوو کـەباوەڕیان وابـوو

مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی خۆپەرستەو پاڵنەری سەرەکی رەفتاری، دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەتیو بەدەست هێنانی دەسەڵاتە لەبەرامبەر ئەمەدا لە(رۆمانی دەرککردن)داخێرخوازیو هاودەردی لەگەڵ لێقەومانی کەسانی دیکەدا بەنیشانەکانی رەوشت بەرزی لەقەڵەم دەدرێ(و. فارسی)

7-Newgate ناوی بەندیخانەیەکی لەندەنە کەلەسەدەی(12)دا لەدەروازەی خۆرئاوای شار دروستکرا. ئەم بەندیخانەیە لەشۆڕشی جوتیاریی ساڵی1381دا سوتاو پاشان لەسەدەی(15)دا چاکرایەوە. ئەو تاوانبارانەی بەمەرگ حوکم درابوون لەدەرەوەی بەندیخانەکە لەسێدارە دەدران و ئەم کارەش خەڵکێکی زۆری بۆ تەماشاکردن رادەکێشا تا ئەوەی لەساڵی1868، جێبەجێکردنی مەراسیمی لەسێدارەدان برایە ناو زیندانەکەوە (نیوگیت) لەساڵی1902روخێنرا(و.فارسی)

8- Harrison Ainsworth (1805-1882)رۆماننووسی ئینگلیزی(و. فارسی)

9- Anthony Trollope (1815-1882)رۆماننووسی ئینگلیزی(و. فارسی)

10- Thomas Hardy (1840-1928) رۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی(و. فارسی)

11-سەردەمی کلاسیکی نوێ لەمێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا ماوەی نێوان ساڵانی(1660-1789)دەگرێتەوە(و.فارسی)

12- George Henry Lewes (1817-1878)رەخنەگری ئینگلیزی(و. فارسی)

13- Principles of Success in Literanture

14- John W.Cross ژنی جۆرج ئەلیوت(و. فارسی)

15- Charies Reade (1814-1884)رۆمـــاننووس و شانۆنامەنووســـی ئینگلیزی.(و. فارسی)

16-(قابلیەتی سلبی) زاراوەیەکە کەیەکەمجار شاعیری رۆمانسی ئینگلـیزی جـۆن کیتـس(Gohn Keats1795-1821)بـەکاری هێنـا. ئـەو هونەرمـەندەی کـەخاوەنی قابلیـەتی سـلبی بێـت بـەزەوت کردنـی کارەکتەرەکە لەخۆی لەڕێگەی خەیاڵەوە خۆی دەخاتە شوێنی کەسانی دیو بـەم شـێوەیە لایـەنی بابـەتیو ئاسـایی بەبەرهەمـەکانی خـۆی دەبەخشێ(و. فارسی)

17- Samuel Taylor Coleridge(1772-1834)شاعیری رۆمانسی ئینگلـیزی کەخەیاڵی بەهێزی بزوێنەری داهێنانی ئەدەبی دەزانی(و. فارسی)

18- George Meredith(1828-1909)رۆماننووس و شاعیری ئینگلـیزی(و. فارسی)

19- David Masson(1822-1907)نووسەرو (ویراستار)ی سەرپەرشتیاری چاپ سکۆتلەندایی(و.فارسی).

20-British Novelists and Their Styls.

21-لایەنەکانی رۆمان (Aspects of the Novel)ناوی کتێبێکی بەناوبانگی (ئی، ئیم فورستێر)ی (1879-1970)رۆماننووسی ئینگلیزییە دەربارەی رۆمان (و.فارسی).

22- Sir Walter Scott(1771-1832)رۆمانووس و شاعیری سـکۆتلەندایی (و.فارسی).

23- Ruskin John(1819-1900)رەخنـــەگرو وتارنووســـی ئینگلیزی(و.فارسی).

24- John Stuart Mill (1806-1873)فەیلەسوفی ئینگلیزی (و.فارسی).

25- Charles Kingsley (1813-1875)رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی).

26-سێ یەکەی نمایش بریتین لەیەکێتی ڕووداو وکاتو شوێن کەبەبنەماکانی نمایشی کلاسیك لەقەڵەم دەدرێن (و.فارسی).

27- Guy de Maupassant (1850-1893)چیرۆکنووسی فەرەنسی (و.فارسی).

28-بۆ نموونە، زۆر لەفۆرمالیستەکانی ڕوسیا- بەتایبەتی ڤیکتور شکلوڤسکی Shklovsky 1893-1984ڕەخنەگری ڕوس (و.فارسی)- بەشێوەیەکی سەرەکی بەهای هونەر لەوەدا دەبینێ کەهونەر دەتوانێ (تێگەیشتنی)گوێگرانی فراوان بکات.

29-(ڕەنگی ناوچەیی)لەچیرۆکنووسیندا بریتیە لەخستنەرووی خاسیەتەکانی ناوچەیەکی تایبەت، وەکو جلو بەرگی ناوچەیی، نەریت، زار(لەهجە)و ئەو جۆرە شتانە (و.فارسی)

30- Emile Zola (1840-1902)رۆمانووسی فەرەنسی (و.فارسی)

31-گوتییە(Theophile Gautier 1811-1872 رۆماننووسو شاعیری فەرەنسی (و.فارسی)

32- Roland Barthes(1915-1980)زمانەوانو فەیلەسوف تیۆرسینی ئەدەبی فەرەنسایی (و.فارسی)

33-بارت لێرە مەبەستی مەعنا فەلسەفیەکەی (بابەت)ە (و.فارسی)

34- Horace(65یان68پ.ز)شاعیری ڕۆحی (و.فارسی)

35- Daniel Deronda ناونیشانی یەکێکە لەرۆمانەکانی جۆرج ئیلیوت (و. فارسی)

36- The Portrait A laedy ناونیشانی یەکێکە لەرۆمانەکانی هێنری جەیمز (و. فارسی)

37- George Gissing (1857-1903)رۆمانووسی ئینگلیزی (و. فارسی)

38- George Moore(1852-1933)رۆماننووسی ئێرلەندایی (و. فارسی)

39- Edmund Wiliam Gosse(1849-1928)رەخنەگرو شاعیری ئنگلیزی (و. فارسی)

40- Walter Bagehot(1826-1877)رۆژنامەننووسی ئینگلیزی (و. فارسی)

41- Wilkie Collins(1824-1889)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی)

42- Rudyard Kipling(1865-1936)رۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی (و. فارسی)

43- Robert Louis Stevenson(1850-1894)رۆماننووس و مقالەنووسی ئسکۆتلەندایی (و. فارسی)

44- George Saintsbury(1845-1933)رەخنەگری ئینگلیزی (و. فارسی)

45- William Dean Howells(1837-1920)چیرۆکنووسی ئەمەریکایی (و. فارسی)

46- Leslie Stephen(1832-1904)رەخنەگری ئینگلیزی (و. فارسی)

47- Benjamin Disraeli(1804-1881)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی)

48-Vernon Leeنازناوی Violete Paget (1906-1935)رەخنەگری ئینگلیزی (و. فارسی)

49-Tolstoy(1828-1910)ڕۆماننووسی ڕووسی (و. فارسی)

50-Percy Lubbock(1879-1965)رەخنەگری ئینگلیزی (و.فارسی)

51-Richard Hurd(1720-1808)، ڕۆحانیو وتارنووسی ئینگلیزی (و. فارسی)

***لەدەقەکەدا لەجیاتی وشەی پێش نووسراوە پاش، دیارە هەڵەیە لەبەرئەوەی جەیمز لەپێش ڤێرنون لیدا ژیاوە. (و. کوردی).

# فەسڵی سێیەم

# ریالیزمو رۆمانی هاوچەرخ

## نووسینی: ریمۆند ویلیامز



ویلیام گوڵدین

ساڵی 1956ڕێکەوتی سەدساڵەی بەکارهێنانی زاراوەی (ریالیزم)بـوو لەڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام بەم بۆنەیەوە کەس ڕێزی لەریالیزم نەنا، لەم سەدساڵەدا، ریـالیزم ئـەوەندەی ڕووداوی ئـاڵۆزو جۆراوجـۆرو تـاڵی بەسـەردا هـاتووە کەلەڕاسـتیدا هـەر جـۆرە ڕێزلێنـانێکی دەبـووە هـۆی جیـاوازیی بـیروڕاو بـاسو خواسـی پـر لەهاتوهـەرا. لەهـەمانکاتدا، ریالیزمیش شتێك نیە کـەبتوانرێ دەسـت نیشـان بکـرێو پێناسـەیەکی وردی بۆ بکرێو لەچەند سەرچاوەیەکی تایبەتیدا بەکاربهێنرێ، بەڵکو زیاتر ئیمکانی وەسفکردنی چەند شێوازو دیدگایەکی دیاریکراو فەراهەم دەکـات، وئاسـایی ئـەو وەسـفانە لەڕێگـەی ئـاڵوگۆڕو پـەرەپێدانی ئەزموونەکانمانـەوە گۆڕانکارییـان بەسـەردا هـاتووە. تـازە بـەتازە سـەرلەنوێ ئـەو وەسـفانەم خسـتە بـەرباسو لێکۆڵینـەوە رەنگـە لـەم ڕێگەیەوە بتوانم هەندێ بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆم دەربارەی ناوەڕۆك و شـێوازەکانی رۆمـانی هاوچـەرخ روون بکەمـەوەو بگەمـە ئـەنجامێکی گشتـــی.

لەم نووسینەدا، بـەنیازم باسـی سـێ بابـەت بکـەم؛ 1-مـەعنا جـۆراو جۆرەکانی (ریالیزم)وەکو زاراوەیەکی وەسفی؛ 2-بیروڕای خۆم سەبارەت بـــەو گۆڕانکاریانـــەی بەســـەر رۆمـــانی مۆدیرنـــدا هـــاتوون؛ 3-مەعنای پێشنیازێکی تازە بۆ ریالیزم.

لەسـەرەتاوە کـاتێك کـە (ریـالیزم)لەئـەدەبدا رەواجـی پـەیداکرد، ئـەم زاراوەیـە لەمەفهومـە تایبەتیەکـەیدا بـۆ ئامـاژە بـۆ وردیو روونـی

خولْقاندنەوەی بەشەکانی ژیان لەهونەردا بەکارهاتووە، هەر وەکو پاشان دەبینـــــین، ئـــــەم بەکارهێنانـــــە بەرِوکـــــەش ســـــادەیەی زاراوەی (ریـــالیزم)لەڕاســـتی‌دا هـــەموو ئاڵۆزییـــەکانی دوای ئـــەم زاراوەیـــەی لـەخۆگرتووە؛ بـەم حاڵـەوە لەسـەرەتای مەسـەلەکەدا وادیـاربوو کـە ئـەو پێناسـەیەی سـەرەوە بەڕادەیەك وردە کـە بەپشت پێبەستنی (بۆ نموونـە لەرێگـــەی بـــەراوردکردنی ریـــالیزم لەگـــەڵ ئایدیـــالیزەکردن یـــان کاریکاتێرسازی)دەتوانرێ شێوە جیاوازەکانی رۆماننووسـین لەیـەکتری جیا بکرێتەوە، بەڵام لەسەرەتای رەواج پەیداکردنی زاراوەی (ریالیزم)ەوە لەئـەدەبیاتدا، ئـەم چەمکـە تایبەتیـە ئامـاژەی بـۆ نـاوەڕۆکی بەرهـەمی ئـەدەبیش کـردووە؛ بـەدەربڕینێکی دیکـە، هـەندێ بابـەت بـەجیاوازییان لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکـەدا، بەرِیالیستی لێکدراونەتـەوە، زۆرجار بـۆ ژماردنی تایبەتمەندییەکانی ریالیزم، بابەتـە ئاسـاییو هاوچەرخـەکانو واقیعـی ژیـانی رۆژانـە لەگـەڵ ئـەو بابەتانـەدا کەلـەکۆندا قارەمانانـــە، رۆمـانتیك یـان ئەفسـانەیی بـون بـەراورد دەکـران، لـەدوای رێنیسـانس، بایـــەخ پێـــدانو پشـــتگیری کـــردن لـــەم (واقیعـــە ئاســـاییو رۆژانـــەو هاوچەرخە)بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ چینی تازە پێگەیشتوی ناوەند، واتە لەگـەڵ چینـی بورجـوازی‌دا داواکـراوە، ئـەم جـۆرە داوایانـە، زیـاتر بە(خـودی)و (بورجـوازی) نـاو دەنـران تـا بـە(ریالیسـتی) هـۆی ئەمـەش روونـە، لـە ئـەدەبیاتدا، شـانۆگەرییە ناوخۆییـەکانو بەتایبـەتی رۆمـان کەلەسـەرەتای سـەدەی هـەژدەدا هاوزەمـان لەگـەڵ سـەرهەڵدانی چینـی ناوەندی سەربەخۆدا لەبەریتانیا پـەرەیان سـەند، سـەرەکیترین ئـامرازی دەربڕینـی ئـەم زیهنیەتـە تازەیـە بـوون، بـەڵام لـەکاتی پێگرتنـی وەسـفی

(ریالیستـــی‌دا)گۆرانێکـــی دیکـــه‌ش، چ لـــه‌ناوه‌رۆکی ریـــالیزم‌و چ لـــه بیروڕایاندا که‌په‌یوه‌ندیان به‌وه‌وه هه‌بوو، له‌دروستبووندا بوون، به‌گشتی سـیفه‌تی (هه‌ژێنـه‌ر)له‌گـه‌ڵ ریـالیزمدا بـه‌کارده‌هات‌و لـه‌زۆر ره‌وه‌نـددا (واقیعـی ئاسـایی، رۆژانـه‌و هاوچـه‌رخ)، حسـابێکی تایبـه‌تی بـۆ لایه‌نـه ناپه‌سه‌ندو ئاشکراو پیسه‌کانی ژیان ده‌کرا. له‌م روانگه‌یه‌وه، هه‌ندێ جار ریالیزم به‌جۆرێك راپه‌ڕین له‌دژی جیهانبینی بورجوازی لێك ده‌درایـه‌وه چونکـه ریالیسـته‌کان به‌هـه‌مان شـێوه چـه‌ند بابـه‌تێکی ئاسـاییان بـۆ به‌رهه‌مـه‌کانیان هـه‌ڵده‌بژارد که‌هونه‌رمـه‌ندانی بـورژوا پێیـان بـاش بـوو به‌بێده‌نگی بیانهێڵنه‌وه، به‌م شێوه‌یه (ریالیزم)بوو به‌نیشانه‌ی جوڵانه‌وه پیشکه‌تنخوازی‌و شۆڕشگێڕییه‌کان.

نـــاتورالیزمیش به‌ســـه‌رهاتێکی لـــه‌و جـــۆره‌ی هه‌یـــه، زاراوه‌ی (نـاتۆرالیزم)له‌سـه‌ره‌تادا بـۆ وه‌سـفی شـێوازێکی هونـه‌ریی دیـاری کـراو به‌کار ده‌هات، به‌ڵام وه‌کو ریالیزم، سنوری مه‌عناکانی ورده ورده په‌ره‌ی سه‌ندو (واقیعی ئاسایی‌و رۆژانه)شی له‌خۆی گرت، تائه‌وه‌ی (به‌تایبه‌تی له‌به‌رهه‌مـــه‌کانی زۆلا)دا گـــۆڕا به‌قوتابخانه‌یـــه‌کی شۆڕشـــگێڕانه، ئـــه‌و قوتابخانه‌یه‌ی که‌رۆژنامه‌ی ده‌یلی نیوز له‌ساڵی 1884به‌م جۆره وه‌سـفی کرد: (شه‌رحی چه‌ند رووداوێکی زیندو که‌به‌شێوه‌یه‌کی زیاد له‌پێویست وردن).

به‌م شێوه‌یه، مه‌عنای زاراوه‌ی وه‌کو ریالیزم‌و ناتۆرالیزم، سـه‌ره‌ڕای لایه‌نـه تایبه‌تیـه‌کان، په‌یوه‌سـتیه‌کانی بـیرو باوه‌ڕیشـی ده‌گرتـه‌وه، ئیجابیترینی ئه‌و مه‌عنایانه، پێناسه‌که‌ی ستریندبیرگ[1] بوو بۆ ناتۆرالیزم وه‌کـو حـه‌زفکردنی خـودا کـه‌تیایدا نـاتورالیزم بـه‌پێی پێشـینه

فەلسەفیەکان لەگەڵ سوپەر ناتورالیزمدا بەراورد دەکرا. هەڵبەتە، پێش کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە لەگـەڵ روونبوونـەوەی زیـاتردا لەسـەدەی بیستەمدا، (ریالیزم)و (ناتورالیزم)لەیـەکتری جیابوونـەوە؛ بـەم شـێوەیە کـەزاراوەی ریالیزمیـان لەهونـەردا تەنـها بەمەفهومـە تایبەتیەکـەی بەکارهێنا، لەکاتێکدا کەریالیزم- (گەرچی چەند رەگـەزێکی لـەم لایەنـە تایبەتیە پاراست)- بۆ وەسفی بابەتی بەرهەمە هونەرییەکانو تێڕوانینی هونەرمەند دەربارەی ئەو بابەتانە بەکارهێنرا.

لەسـەدەی بیستەمدا ریالیزم بەشێوەیەکی سەرەکی بەجۆرێك گـۆڕاو کەمایـەی سەرسـوڕمانە، لـەخۆرئاوا (ریـالیزم)سـەرەڕای بەکارهێنانـە باوەکانی خۆی، لە ئاستێکی فراواندا بەمەفهومی (وەفاداری بۆ واقیعی دەرونـی)بـەکارهاتووە، بەومەعنایـەی بـەو جـۆرە جیاجیایانـەی شـێوازە هونەرییـەکان دەتوانـرێ قەناعـەت بەخوێنـەر بکـرێ کەئـەو ئەزموونـەی لەبەرهـەمێکی ئـەدەبیدا تـەرحکراوە واقیعییـە تێدایـە یـان بۆخـۆی ریالیستییەو بۆ ئەم کارەش هیچ پێویست ناکات کەبابەتی ئەو بەرهەمە لەچوارچێوەی رووداوی ئاسایی، هاوچەرخ یان رۆژانەدا قەتیس بکرێ، لەلایەکی دیکەوە لەسۆڤیەت پێناسـە بەراییـەکانی ریـالیزم وەکـو خـۆی پارێزراوەو پەرەی سەندووە.

رێبـازی ریـالیزم لەسـۆڤیەت بـەئاماژە بـۆ کۆڵەکـەکانی (ریـالیزمی سۆشیالیستی)بەو شێوەیەی کە ڕوسەکان پێناسەیان کردووە، دەتوانرێ باشـتر بناسـرێ، (ریـالیزمی سۆشیالیسـتی) چـوار کۆڵەکـەی هەیـە: جەماوەریی narodnost، نمونەیی tipichnost، مەسلەکی ideinost، حزبیـی partiionst. جـەماوەریی بـەکردەوە چـاودێری لایـەنی تـەکنیك دەکـات،

ئەگەرچی وەرگێرانی (کرۆکی)ریالیزمیشە، چونکە پێویست دەکات کەبەرهەمی ئەدەبی بەشێوەیەکی جەماوەریی سادەو بەشێوازی باوو روون بێ (بەپێچەوانەی (فۆرمالیزم)ەوە کەتێگەیشتن لەبەرهەمی ئەدەبی دژوار دەکات)مەسەلەکیو حزبی چاودێری ئایدیۆلۆژیکی (ریالیزمی سوشیالیست)و برەوپێدانی بێچەندو چوونی سیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیستە، دروست بەهەمان شێوە کەجەماوەریی بریتییە لەدەربڕینی جیاوازی مەعنا تایبەتیەکانی ریالیزم لەرێسای گشتیدا، هەروەها مەسەلەکیو حزبیی–یش تەواوکەری هەمان ئەو بیروباوەڕە شۆڕشگێرانەو ئایدیولۆژیانەیە کەپێشان رونکرایەوە، بەئاماژە بۆ ئەم گۆڕانکاریانە لەئایدیۆلۆژیاو پابەندی ئایدیۆلۆژیدا، دەتوانرێ مەعنایەکی زۆر سادە سەبارەت بە(ریالیزمی سۆسیالستی)بەدەستەوە بدرێو لە(ریالیزمی بورژوازی جیا بکرێتەوە، لەڕاستیدا بەشێکی گەورە لەئەدەبیاتی جەماوەریی (جەماوەری)لەخۆرئاوا (ریالیزمی بورژوازی)بووەو جۆرێك لەمەسلەکیو حزبی تێدابووە کەپەیڕەوی لە جەماوەریی کردووە. ئەم مەسەلەیە کاتێك رەهەندی فراوانتر پەیدا دەکات کەدەگەینە کۆڵەکەی چوارەمی (ریالیزمی سوشیالیستی) واتە نمونەیی.

ئەنگلس[2] ریالییزمی بە (چەند کارەکتەرێکی نموونەیی لەچەند جێگایەکی نموونەییدا)پێناسە کرد. ئەگەر بێجگە لەئەنگلس کەسێکی تر بەم جۆرە ریالیزمی پێناسە بکردایە، دەمانتوانی تەواو بەشتێکی ئاسایی لێکی بدینەوە؛ بەڵام لەپشت پێناسەکەی ئەنگلسەوە کۆمەڵێ ئەندێشەی مارکسستی هەن . نموونەگەرایی بریتیە لەبڵاوکردنەوەی

هەمان پێناسەو سەراپای بابەتی ریالیزم لەرەگو ریشەوە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. چونکە بەقسەی تیۆرسینانی ئەدەب لەسۆڤیەت، (نابێ کارەکتەرو شوێنی نموونەیی لەگەڵ ئەو کارەکتەرو شوێنانەدا کەزۆرجار دەیانبینین بەهەڵە لێکبدەینەوە)؛ کارەکتەرو شوێنی نموونەیی واقیعی (لەسەر یاساو روانگەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لەئایندەدا بنیاتنراوە). بێئەوەی کەبمانەوێ ئەم دیدگایە بەشێوەیەکی تایبەتی لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی سۆڤیەتدا بەکاربێنین (لەو حاڵەتەدا، بنەمای ئێمە بۆرەخنە بریتی دەبێت لەبالادەستی شۆلۆخۆف[3] لەرۆمانەکانی (دونی ئارامو خاکی تازە ئاوەدانکراو)دا بەسەر (نموونەی دەرەکی) ئەلکسی تۆڵستۆی[4] لەرۆمانی(رێگای جلجتا)دا، دەبینین کەمەفهوومی نموونەیی (ریالیزم)لەحوکمی خولقاندنەوەی راستەوخۆی واقعیی بینراودا رووبەرووی گۆڕان دەکاتەوە، بەشێوەیەك کە (ریالیزم)دەگۆڕێ بەهەڵبژادنێکی سیستماتیكو رێکخراو. ئەگەر بەمەفهومی تایبەتمەندی ترین ئەزمونی ئینسانی لەتاك یان لەکۆمەڵدا گوزارشت لە (نموونەیی)بکەینو (مارکسیەکانیش بەروونی دەربارەی بنچینەیی ترین بیرو باوەڕەکانیان وابیر دەکەنەوە)، ئەو کاتە روون‌وئاشکرایە کە ئەم مەفهومە لەگەڵ مەفهومی بڵاوکراوەی بنچینەیدا (بەشێوەیەکی قەناعەت پێ هێنەری واقعیی بوون)کە ئەمرۆ لەخۆرئاوادا بەگشتی بۆ لێکۆڵینەوەی جۆرەها بەرهەمی ریالیستیو ناریالیستی بەکاردێت، هێندە جیاواز نییە. ئەرکی ئێمە ئەوەنییە کەلەم کلافە سەر ونبووەی پێناسەکانی (ریالیزم)دا، ئەو پێناسەیە جیابکەینەوە کەبەلامانەوە پەسەندەو بەتاکە پێناسەی ڕاستی (ریالیزم)لە قەڵەمی

بدەین، بەڵکو دەبێ لەوپێناسانە بکۆڵینەوە کەلەبەردەستدان، دەست نیشانیان بکەین و لەیەکتریان جیا بکەینەوەو بزانین کام لەو پێناسانە دەتوانێ بۆ وەسف و کاردانەوەکانی ئێمە بۆ ئەدەبیات بەکەڵك بێ.

بەشێوەیەکی گشتی لەسەدەی نۆزدەهەمداو لەوەسف کردنی رێبازی سەرەکی ئەدەبیاتی چیرۆکی ئەوروپادا، ئەو رێبازە بە (ریالیستی)ناو دەبەن هەروەها بەشێوەیەکی گشتی وادادەنرێت کەئەم رێبازە تایبەتیە (بەلای کەمەوە لەخۆرئاوادا)تەمەنی کۆتایی هاتووە. رەخنەگرێك لەم دواییەدا وتبووی کەرۆمانی ریالیستی هاوزەمان لەگەڵ عەرەبانەی تریشقەدا ئاوابوو. بەڵام لەیەکەم سەرنجدا. دەرك کردنی ئەنجامەکانی ئەم حوکمە هێندە ئاسان نیە، چونکە بنەما ئاساییەکانی ریالیزم هێشتا لەزۆربەی زۆری رۆمانە تازەکاندا بەئاشکرا بەدی دەکرێ، (لەوانەش ئەو رۆمانانەی کەئێمە وەکو جاران بەنموونەی راستەقینەی ئەدەبیات لەقەڵەمیان دەدەین). بەڵگەی ریالیستی بوونی رۆمانە مۆدێرنەکان تەنها ئەوەنی یە کە هێشتاش زیاتر بایەخ بەناوەرۆکە هاوچەرخەکان دەدرێ؛ رەگەزەکانی ئەزموونی ئاسایی و رۆژانە لەرۆمانی نوێدا لەزۆر لایەنەوە لەرۆمانی سەدەی نۆزدە دیارترە، چونکە هەندێ لەقەدەغەکراوەکانی ئەو سەردەمە ئیتر نەماون. بێ گومان کەس سکاڵا لەوەناکات کەرۆمانی مۆدێرن ئەو لایەنە هەژێنەرو زیندوانەی تێدا نیە کەلەرۆمانە (ریالیستی)یەکانی رابردوودا هەبوون. زۆربەی وەسفەکان لەرۆمانی مودێرندا هێشتاش مۆرکێکی ریالیستیان هەیە، چونکە وەسفی هەرشتێك بەو شێوەیەی کەلەواقیعدا بەرچاو دەکەوێ، بپراسیپێکە کە کەمتر رۆماننووسینی ئێستا ئامادەیە دەستبەرداریبێت.

بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەڵێـین ڕۆمـانی ڕیالیسـتی جیگـای خـۆی بـۆ (ڕۆمـانی سـایکولۆجی)چـۆڵ کـردووەو ئاشـکرایە کـە لێکۆڵینـەوەی ڕاسـتەوخۆی هـەندێ لەحاڵەتـەکانی ژیـەن و هـەندێ لـەو حاڵەتـە دەروونیانـەی کەلـەم دواییـە ناسـراون، یـەکێك بـووە لەتایبەتمەندییـە سـەرەکیەکانی ڕۆمـانی مۆدێـرن. لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕیـالیزم بەدەسـتی ئەنقەسـتی نووسـەر لەوەسـفی ئـەم حاڵەتانـەدا هێنـدەش نەخراوەتـە کـەنارەوە. ئایـا بابەتەکـە تەنـها لەبـەر ئەوەیەکـە. (واقیعـی ڕۆژانـەوو ئاسایی)ئێستا بەشێوەیەکی دیکە لێـك دەدرێتـەوە وچـەند تـەکنیکێکی نوێ بەمەبەستی وەسفکردنی ئەم واقیعە تازەیە داهێـنراوە؟ وئایا ئـەم تەکنیکە تازانە هێشتاش بۆ چەند مەبەستێکی تەواو ڕیالیستی بـەکار دەهێـنرێن؟ ئاشـکرایە کەئـەم پرسـیارانە زۆر دژوارن؛ بـەڵام ڕەنگـە ڕێگایەکی وەڵام دانەوەیان قبوڵ کردنی ئەو باوەرە گشتی‌یە بێت کەئێمە ئیـتر ڕۆمـانی ڕیالیسـتی-مـان خسـتۆتە کـەنارەوە (یـان بـەجێمان هێشتووە)؛ پاشان دەبێ ئەم قەناعەتە تایبەتیەی منیشی بخرێتە سـەر کەلەئەدەبیاتی چیرۆك-ی مۆدێرندا بۆشاییەکی فۆرمی هەیە کەدەربرینی جۆرێك ئەزموون بۆ ئەو بۆشاییە نامومکین دەکات، جۆرێك کەبەرای من گرنگـی تایبـەتی هەیـەو بـۆ ناونانیشـی بـەردەوام واژەی (ڕیـالیزم) دێتە زەینمەوە.

دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەرۆمان تەنها ژانرێك نییە، بەڵکو خۆی لـەخۆیدا ئـەدەب هـەمووی لـەخۆی دەگـرێ. تارادەیـەك هـەموو جـۆرە نووسینێکی هاوچەرخ لەپانتایی بـەرفراوانی ڕۆمـاندا جـێی دەبێتـەوە. ئەگەر تەنها وەکو بەرهەمێکی پەخشانی وەك یەك ڕۆمان لێك بدەینەوە،

ئەوکاتە رێسای ئەدەبیاتی چیرۆك‌و ئەو باسە پێویست‌و رەخنەییانەی دەربارەی چیرۆکن لەکەدار دەکەین. لەبەر ئەم بەیەکسان لێکدانەوە ناراستە بوو کەتولّستۆی سەبارەت بەرۆمانی شەڕو ئاشتی وتی: ناکرێ بەمەعنای تەواوی وشە بەرۆمان لەقەڵەم بدرێ. بەهەمان شێوە کەپێشتر ئامارەم بۆکرد، ئەو ژانرەی کە (میدل مارچ‌و سوتاندنی بێباوەڕو بەرزاییەکانی ویزرینگ[5] وهۆکلبری فین‌و[6] پەلکەزێرینەو[7] کێوی ئەفسوناوی)لەخۆی بگرێ، لەراستی‌دا زیاتر لەجۆرێك ئەدەبی (خود سالار –زاتی)دەچێت. هەڵبەتە مەبەستی من لەسەرنجدانی ئەوەی کەپێم وایە بۆشایی فۆرمالیستی بێ، ئەوەنی‌یە کەئەم جۆرە فراوانیە ئەدەبیەی (رۆمان)بەرەو ئاراستەیەك بروات کەئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بەلاّم لەلایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی زیاتر رۆمان لەو ئەدەبە دەچێت کەپشتی بەخودبەستووە، هەرجۆرە بۆشاییەکی فۆرمالی تیایدا بەتایبەتی گرنگ دێتە بەرچاو.

بایەخدان بەڕێبازی ریالیزم لەچیرۆکدا، لەراستی‌دا بایەخدانە بەو جۆرە رۆمانەی کەبەگشتی چەندوچۆنی شێوەیەك لەژیان بەپێی تایبەتمەندیی کارەکتەرەکان دادەهێنێ‌و هەڵدەسەنگێنێ. ئەم دەسکەوتە پێویستی بەهاوسەنگییەکە کەڕەنگە گرنگترین روخساریشی بێت. لەسەرەتای مەسەلەکەدا، وادیارە کەئەم بابەتە زۆر گشتی‌یەو زۆربەی رۆمانەکان دەگرێتەوە، ئەم هاوسەنگییە لە (شەڕو ئاشتی)دا هەیە، هەروەکو چۆن لە (میدل مارچ‌و پەلکە زێرینە)شدا هەیە. بەلاّم جیاوازیی ئەم جۆرە هاوسەنگییە لەوەدایە کە هەم بەها بۆ سەراپای شێوە ژیانێك‌و ئەو کۆمەڵگایە دادەنێت کەلەتاك تاکی کەسە پێکهێنەرەکانی گەورەترەو

هـەم بـەها بـۆ ئـەو مرۆڤانـە دادەنێـت کەئەگـەرچی بەوشـێوە ژیانـەوە پابـەندن و کاریگـەریی ئـەو کۆمەڵگایـەو بەشـێك لەمەعناکـەیان لەسـەرە، بـەڵام لەهـەمانکاتدا بەشـێوەی تایبـەتی خۆشـیان، چـەند ئامـانجێکی رەهاشـن. هیچکـام لـەم دوو کۆڵەکەیـە (کۆمـەڵ و تـاك)لـە پێـش ئـەوی تریانەوە نین، کۆمەڵ باکگراوندێك نییە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان کەسـەکان و تاکـەکانیش نیشـاندەری لایەنـە جیاجیاکـانی شـێوەیەکی تایبەتی ژیان نین.

هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی تـاك لـەڕەگ و ریشـەوە کاریگـەریی ژیـانی هـەموانی بەسـەرەوەیە، بـەڵام ژیـانی هـەموان لـەگرنگترین حاڵـەتیدا بەشـێوەیەکی تـەواو فـەردی لەبـەرچاو دەگـیرێ. بەتـەواوی لایەنـەکانی ژیانی هەموانەوە سەرنجی هەموو بوون دەدەین، لەگەڵ ئەمەشدا هەردەم کەس وەکو تاك، بەکانگای بەها لێکدەدەینەوە- نـەك یـەك کەسـی دابڕاو، بـەڵکو ئەوکەسـە جـۆراو جۆرانـەی کـەواقعی ژیـانی هـەموانن. لـەنێو رۆماننووسە جۆراو جۆرەکاندا، بە تایبـەتی تولستۆی و جـۆرج ئیلیـۆت بەپێی بەڵگەی وەك ئەوانەی ئاماژەم بۆ کردن، دەیانگوت نیازی بـەدی هێنانی هەمان بۆچوونیان هەیە.

هەڵبەتـە لێکۆڵینـەوەی ئـەو رۆمانانـەی بـەم رێبـازە ریالیسـتییە نووسراون، دەربڕی چەند پلەیەکی جیاوازی سـەرکەوتنە لەبەدیـهێنانی دیدگای ناوبراودا؛ بەڵام ئەم دیدگایە (واتـە دیـاری کردنـی پـەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵ)بە وێنەی شێوازێك لەرۆمان نووسیندا دیارە. نابێ ئـەوە لـەبیر بکـرێ کەئـەم دیدگایـە، ئـەنجامی گەشـەکردنی کـامڵبوونی رۆمانـە، مێـژووی رۆمـان لەسـەرەتای سـەرهەڵدانیەوە لەسـەدەی

هەژدەهەمدا، لەبنچینەدا لێکۆڵینەوەیەکە بۆ گەیشتن بەهەمان دیدگا، لێکۆڵینەوەیەك کەبەسەر زۆرلە شکستەکانی سەرەتاشدا زاڵبووە، رۆمانی سەدەی هەژدە، لەرووی فۆرمەوە زۆر لەرۆمانی سەردەمی ئێمە دەچێت و نیشاندەری فشارەکانی ئەوساو لەدەستدانی قەتعیەتە. لەڕاستیدا هاوزەمان لەگەڵ زیادبوونی تێگەیشتنی ئێمەدا بوو لەپەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵگا کەرۆمان کامڵبوو. کاتێك کەدەبیستم عومری رێبازی ریالیزم کۆتایی هاتووە، لای خۆمەوە بیردەکەمەوە کەلەبەر ئەو فشارە تازانەیە کەلەئەزموونی تایبەتیەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەو دیدگا کامڵەی رۆمان لەناو چووە، مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم دیدگایە وەك پێویست بەشێوازێکی تایبەتی دەخرێتە روو (یان دەبێ بخرێتە روو)ئەو جۆرە وەسفە ریالستیە (یان بەدەربڕینی ئەمڕۆ، ناتورالیست)یەی کەلەگەڵ (عەرەبانەی تریشقەدا لەناوچوو)ئیتر بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەم دیدگایە پێویست نییە. رەنگە بتوانرێ بگوترێ لەرۆمانەکانی نووسەرانێکی وەکو (بینێت)[8]دا هەتا جێگای ئەوەشی گرتەوە، ئەم روانینە بەوەسفی دوورودرێژی دوکانەکان و ژوورەکانی میوان یان هوڵی چاوەڕوانیی وێستگەکان بەدی نایەت، کەزیاتر لەفەهرستی شتەکانی ناویان دەچێت. ئەم جۆرە وەسفانە دەتوانرێ وەکو چەند رەگەزێکی رووداوەکانی رۆمان بەکار بهێنرێ، بەڵام ناتوانرێ وەکو ریالیزمی زاتی لەقەڵەم بدرێ، لەراستیدا، ئەگەر ئەم وەسفانە بەمەبەستی وەسفی رووت جێگەیان بکرێتەوە، رەنگە ئەو هاوسەنگییە لەدەست بدەن کەجەوهەری ریالیزمەو بۆ نموونە ببنە هۆی ئەوەی سەرنجی خوێنەر لەکارەکتەرەکانەوە بگوێزنەوە بۆسەر شتەکان.

لەڕاستیدا، هەمان ئەو ئەنجامەی کەلەم جۆرە ڕۆمانەدا بێکەمو زیاد لەهەموو شتێکدا سەرهەڵدەدات جگە لەژیانی تاکی هاوڕێك لەگەڵ واقیعدا، بوو بە هۆی ناشیرینکردنی ناوی (ریالیزم)لەبیستەکاندا، ڤێرجینیا ووولف[9]لەڕۆمانی (شەپۆلەکان)دا بەشێوەیەکی توندڕەوانە لەدژی ئەو وەسفە دووروودێژانە کاردانەوەی نیشانداو بەدوورکەوتنەوە لەوەسفی شمەکی ژورەکان یان هەتا بەدەنی ئینسانەکان، کارێکی کرد کەخوێنەر لەگەڵ دەنگو هەستدا بەتەنیا بمێنێتەوە.

(ئەویش ئەو دەنگەی کەخاوەنەکەی دیاریکراو نییە)هەڵبەتە ئەمڕۆ ئەوە ئاشکرابووە کەئەو ناهاوسەنگییەش زیان بەخشە. لەڕاستیدا رەنگە مێژووی ڕۆمانی نوێ بتوانرێ بەپێی جەمسەر بەندیی شێوازی نووسەرانی ڕۆمان بەدوو جەمسەری (دەرەوەی زات- ریالیستی)و (ناوەوەی زات- ئەمپرسیڤنیستی)بنووسرێ، بەڵام ئەو جەمسەر بەندییە بنچینەیی ترەی کەبەشێوەیەکی سەرەکی لەساڵی (1900)بەدواوە ئەنجام دراوە بریتییە لەدابەشکردنی ڕۆمانی ریالیستی بۆ دوو ڕێبازی جیاواز، (کەزاتو سیفەتی شێوەیەك لەژیان بەپێی زاتو سیفەتی کارەکتەرەکان خوڵقاندبووی)واتە: ڕۆمانی (دەستەجەمعی)و ڕۆمانی (فەردی) یەکەمیان دەشێ بینینو وەسفێکی ورد بێ سەبارەت بەژیانی هەموان (خەڵك)، دووەمیشیان بینینو وەسفێکی وردبێ سەبارەت بەژیانی کەسەکان (تاك)؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو ڕێبازەی ڕۆمانووسین کەمو کورتیان هەیە، چونکە شێوەی ژیان نەلەسەر خەڵكو نەلەسەر تاك بنیات نراوە بەڵکو ڕەوتێکی لە جیابوونەوە نەهاتووە.

ئەمڕۆ لەنێوان ئەو رۆمانەی (بەلای خەڵك)و ئەو رۆمانەی (بەلای تاك)دا دایدەشکێنێ بەشێوەیەکی گشتی جیاوازیی دەکەین‌و لەراستی‌دا ئەوە بەشتێکی روون‌و ئاشکرا دەزانین. رەنگە بتوانین بەلێکۆڵینەوەی چەند نموونەیەك، بابەتە سەرەکیەکە روون بکەینەوە. ئەمڕۆ ئەو رۆمانەی (بەلای خەڵکدا دایدەشکێنێ)بریتی‌یە لەدوو جۆری سەرەکی. یەکەمیان ئەو رۆمانە وەسفی دەستەجەعیەو حوکمی رۆمانی بەڵگەنامەیی هەیە. ئەم جۆرە رۆمانە لەپلەی یەکەمدا، شێوەیەکی بەکۆمەڵ بۆ ژیان (بەدەربڕینێکی تر، گروپێکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێکی تایبەتی)دەهێنێتە ئاراوە. هەڵبەتە ئەم جۆرە رۆمانە کارەکتەریشی تێدایەو جاربەجارێ کارەکتەرەکانی زۆر بەوردی رەسم دەکرێن، بەڵام بۆ ڕادەربڕین لەسەر ئەم جۆرە رۆمانانە دەڵێین ئەگەر کەسێك بیەوێ لەشارۆچکەیەکی پیشەسازی‌دا بەشێوازی ژیانی کرێکارانی کانەکان ئاشنابێت یان بیەوێ بزانێ کەلەزانکۆیەك یان لەکەشتیەکی کاڵا هەڵگر یان لەیەکەیەکی گەشتیی سوپادا لەبۆرما چی دەگوزەرێ، ئەوکاتە دەبێ ئەو جۆرە رۆمانە بخوێنێتەوە. لەڕاستی‌دا، زۆر لەم رۆمانانە گەلێ پڕ بەهان. ئاسایی رۆمانی بەڵگەنامەیی باش سەرنج راکێشەو خەوشێکی تێدا نی‌یە کە جۆرە جیاوازەکانی وەك خۆیان بنووسرێن. بەڵام ئاشکرایە کەئەم رۆمانانەش چ کەم‌و کورتیەکیان هەیە. بەپلەی یەکەم کارەکتەرەکان کرێکاری کان، مامۆستای زانکۆ یان ئەفرادی سوپان؛ بەدەربڕینێکی دیکە، کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانانە وێنەی شێوەیەك لە ژیان نیشان دەدەن. هەروەکو پێشان روونمکردەوە، لەم جۆرە رۆمانانەدا تەئکید لەو لایەنە دەکرێتەوە کەکارەکتەرەکان

لـەخۆیاندا زۆر مایـەی سـەرنجن و لەهـەمانکاتدا، هـەرکامیان بەشـێکن لەشـێوە ژیـانێك. ئـەم رۆمانانـە لـەرووی ئـەم تەئکیدکردنەوەیـەوە، بێخەوشن. لەنێوان جۆرە باوەکانی رۆماندا. باشـترین نموونـەکانی ئـەم جـۆرە تایبەتیـە (رۆمـانی وەسـفی دەسـتەجەمعی)وادیـارە زۆرتریـن لێکچوونی لەگەڵ ئەوەدا هەیە کەمن بەرۆمانی ریالیستی نـاوی دەبـەم، بەڵام جیاوازیی گرنگی نێوان ئەم دوو قۆناغـە لـەکاتی خوێندنـەوەیاندا ئاشـکرا دەبـێ: لەراسـتیدا، لـەکرداری کۆمەڵایـەتی–وەسـفی رۆمـاندا، وەسفی دەستەجەمعی ئەولەویەتی هەیە.

ئەمرۆ جۆرێکی زۆر جیاوازو شادیبەخش لەرۆمانی دەسـتەجەمعی، بۆتە مایەی رەزامەندیی هەموان و ئەمەش خاڵێکە گرنگی خـۆی هەیـە. روخساری زاڵی ئەم جۆرە رۆمانە وەسف نییە بەڵکو دەرککردن و بەدی هێنانی شێوازێکە دەربارەی کۆمەڵ. لەسـەراپای ئـەزموونی کۆمـەڵگاوە نموونەیـەکی تایبـەتی بەدەسـت دێـت و پاشـان لەسـەر بنـەمای ئـەو نموونەیە،کۆمەڵگایەك دروست دەکرێ. سادەترین نموونەکانی ئەم جۆرە رۆمانـە دەتوانـرێ لـەبواری (چیرۆکـەکانی ئـایندە)دا بدۆزرێتـەوە کەدەسـتپێکی (ئـایندە)تیایـاندا، ململانـێی بـاوی نێـوان نموونـەی هـەڵبژێردراو و روانینـە ئاساییەکان یـەکلایی دەکاتـەوە (بەشـێوەیەکی ئاسـایی لـەم جـۆرە چیرۆکانـەدا،(ئایندە)تەنـها حوکمـی دەسـتپێکێکی هەیەچونکـە دیـارە لـەزۆر لایەنـەوە،چیرۆکەکـە سـەبارەت بەکۆمـەڵگای هاوچەرخـە؛ لەراستیداسـوود وەرگرتـن لـەم دەسـتپێکە وردە وردە دەگۆرێـت بەسـەرەکیترین شێوەیچیرۆکنووسـین دەربـارەی ئـەزموونی کۆمەڵایەتی).

دنیـای قەشـەنگی نـوێ[10] ، هـەزارو نۆسـەدو هەشـتاو چـوار[11] ، – فەهرەنیهایـەت 451[12] – سـێ ڕۆمـانی کۆمەڵایـەتی پایـەدارن کـەتیایاندا نموونەیـەکی وەرگـیراو لەکۆمـەڵگای هاوچـەرخ، بەتـەواوی لـەکات یـان لەشوێنێکی دیکەدا بەدی هاتووە. هەردوو ڕۆمانی لۆردی مێشەکان[13]– و واریسـەکان [14]–ی ویلیـام گۆلدینـگ[15]و تاڕادەیـەك هـەموو (چیرۆکـە خـەیاڵی زانستیەکان)کە بیر دەوروژێنن لـەگروپی هـەمان جـۆر لـەڕۆمانی دەسـتەجەمعیدا جێگـەیان دەبێتـەوە، زۆربـەی ئـەم ڕۆمانانـە بـەجۆرێك دەنووسـرێن کەلـە ڕۆمانـە ریالیسـتیەکان بچـن و لەبنچینـەدا شـێوازێکی یەکسـانیان هەیـە. هـەروەها زۆربـەیان لەبنچینـەدا بیرۆکەیـەکیان تێدایـە دەرباری پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو تاك (وەك شتێکی باو کەسێکی باش یان گروپێکی بچووك لەم کەسانە– لەبەرامبەر کۆمەڵگایەکی دواکەوتودا) دەبینـین. ڕووداوەکـانی ئـەم جـۆرە ڕۆمانانـە زۆرجـار لەسـەر ئـازادی ململانێکانی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێـوان تـاك و کۆمـەڵگا دامـەزراوە، هەڵبەتە من دەڵێم ئازادی ململانێکـان نـەك دۆزینـەوەی ڕێگـە چارەیـەك بۆیـان چونکـە ئاسـایی ئـەم دەسـتپێکە بەشـێوەیەکی هەسـت پێنـەکراو ململانێکـان دەگـۆڕێ و جۆرێکـی تایبـەتی نیشـانی خوێنـەر دەدات و لەئـەنجامدا، لـەجیاتی لێکۆڵینـەوەی هەمـە لایەنـەی ئـەم ململانێیانـە لەخسـتنە ڕوویـاندا زیـادە ڕەویـی دەکـرێ، گۆشـەگیریی و لەخۆبێگانـە بـوون و غوربـەت هـەڵبژاردن بەشـێکی گرنگـە لـەو هەسـتانەی کەلـە کۆمەڵگـەی هاوچـەرخدا تـاقی دەکەینـەوەو هـەر ڕۆمـانێکی ریالیسـتی هاوچـەرخ دەبـێ بـەجدی بایـەخیان پێبـدات. (لـەناو ئەمـەدا مایـەی سەرسـوڕمانە کەلـەم ڕێبـازە ریالیسـتیەدا، چـەند جـارێك و بەتایبـەتی

لەڕۆمانی (تاوان و سزا)دا، هەروەها لەڕێگەی کەسێتی (بزوخۆف)ەوە لەڕۆمانی شەڕو ئاشتیدا بایەخ بەم هەستانە دراو ڕێگە چارەیان بۆ دۆزرایەوە کەلەگەڵ فۆرمولی باوی سەردەمی هاوچەرخدا- واتە (دور کەوتنەوە بۆ دژایەتیکردنی خەڵك؛ مات بوون)- زۆرجیاوازی هەیە.)ئەو ڕۆمانانەی کەلەسەر ڕەمز بنیاتنراون، شادیبەخشن چونکە بایەخ بەهەستە شادیبەخشە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن، بەڵام کەمو کورتیەکیشیان هەیە کەبریتیە لە لەدەستدانی کۆمەڵگەیەکی واقیعیو کارەکتەرە واقیعیەکان. هۆی ئەمە ئەوەیە کەژیانی هەموان لەم جۆرە ڕۆمانانەدا تەواو مەسەلەیەکی ئەبستراکتەو شێوەی ژیان و چارەنووسی کارەکتەرەکانیش لەرەمزدا ڕۆڵیان قبوڵ دەکەن.

ڕۆمانی (ریالیستی)دابەش بوو بۆ ڕۆمانی (دەستەجەمعی)و ڕۆمانی (فەردی)و ڕۆمانی (دەستەجەمعی)یش لەسەردەمی ئێمەدا دابەش بوو بۆ ڕۆمانی بەڵگەنامەییو ڕۆمانی فۆرمولی کۆمەڵایەتی. ڕاستە کە لەچاخەکانی رابردووشدا دەتوانرێ چەند نموونەیەك لەم جۆرە ڕۆمانانە بدۆزرێتەوە بەڵام هەرگیز تا ئەم ڕادەیە ڕەواجیان نەبووە. هەمان خاڵ سەبارەت بە (ڕۆمانی فەردی)و دابەش بوونی وەك ئەوە بۆ ڕۆمانی بەڵگەنامەییو ڕۆمانی فورمول ڕاستە. هەندێ لەباشترین ڕۆمانەکانی سەردەمی ئێمە ئەو ڕۆمانانەن کە بەوردیو دووربینی وەسفی هەڵبژاردەیەك لەپەیوەندی نێوان تاکەکان دەکەن، ئەم جۆرە ڕۆمانانە زۆرجار لەچەند بەشێکی ئەو ڕۆمانە ریالیستیانە دەچن کەپێشتر باسم کردن و شێوەی نووسین و ناوەڕۆکیشیان لەبنچینەدا یەکسانە. ڕۆمانی (گوزەرێك بەهندستاندا)[16]ی فۆرستێر نموونەیەکی باشە کە هەم

بەروونی هێشتا دەتوانرێ نیشانەکانی یەکسانیی سونەتی تێدا بەدی بکرێو هەم ئەوەی کەلەم جۆرە رۆمانە دڵگیرەدا پایەیەکی بەرزی هەیە، وئەمەش لەبەر ئەو رەگەزانەی کۆمەڵگەی هندی رۆمانەکەیە کەکۆمەڵگەی واقیعی بۆ هاورێکی لەگەڵ پێویستیەکانی هەندێ لە کارەکتەرەکان، باش‌و پەسەند نیشان دەدات. ئەم کارە زۆر باوەو بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێ: وادیارە ئەوەی وەسف دەکرێ کۆمەڵگا یان شێوەی ژیانی سەراپای خەڵکە، بەڵام لەڕاستیدا زۆرجار روانگەیەکە زۆر تایبەتی بووە بەمەبەستی لەخۆگرتن‌و روونکردنەوەی وێنەی تاکە کەسێك، نەك قەڵەمڕەوێك بۆ لەخۆگرتنی کۆمەڵێ کەس. زەمینەی کۆمەڵایەتی رۆمانەکانی گراهام گرین [17] لەم بارەیەوە چەند نموونەیەکی باشن: رووداوی رۆمانەکانی لەبرایتۆن[18] و خۆرئاوای ئەفریقاو مەکسیك‌و هیندوچین روو دەدەن؛ کەچەند تایبەتمەندییەکی گرنگ‌و هاوبەش لەنێوان ئەم جێگایانەدا هەیە کەپەیوەندیی بەشێوەی ژیانی واقیعیانەوە نی‌یە، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کەکارەکتەرەکان‌و نموونەی سۆزداریی خودی گرین دەیکەن بە شتێکی پێویست. کاتێ ئەم کارە بەڕاشکاوی‌و بەشێوەیەکی تەواو ئەنجام بدرێ (وەکو بەرهەمەکانی کافکا)، بەلای کەمەوە خوێنەر سەرگەردان نابێ؛ بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی سەرەڕای شێوەی ریالیستی ئەم رۆمانانە، هەمان ناهاوسەنگی دێرینەیان تێدا دەبینرێ. لەڕۆمانی وەسفیی دەستەجەمعیدا لەشێوەی هەمان کەم‌و کورتی لەلایەکی دیکەوە وجودی هەیە. لەڕۆمانی فەردیدا، کارەکتەرەکان ناسێنەری چەند لایەنێکی کۆمەڵگان‌و لەڕۆمانی وەسفی دەستەجەمعیشدا، کۆمەڵ نیشاندەری لایەنێکی کارەکتەرەکانە. هەر

وەکـو لەبیرتـە، لـە هاوسـەنگیی ئامـاژە بـۆ کـراودا، هـەم شـێوەی ژیـانی سەراپای خەڵك و هەم تاکە کەس، بەڕەها لێکدەدرێنەوە.

هەڵبەتە لەزۆربـەی ئـەو ڕۆمانانـەدا کەفـەردین کـەبۆ خۆیـان زۆرجـار باشن، شێوەی ژیانی سـەراپای کۆمـەڵ هـەتا بەشـێوەی نیمچـە شـاراوە نیشان نادرێ، بەڵکو تەواو لەپەردەی ڕەسم لەسـەرکراوی پشـت تەختـەی شانۆ دەچێت کەتیایدا دەتوانرێ کڕین و فرۆشتنی خەڵکی لەسـەرجادەو دەسـت پێکردنـی شـەڕو هـاتوچۆی پاسـەکان، یـان کارەکتـەری لاوەکـی سـەیرو سـەمەرە لـەچینێکی کۆمەڵایـەتی دیکـە ببیـنرێ. لـەم جـۆرە ڕۆمانانـەدا، کۆمـەڵگا لـەدەرەوەی کۆمـەڵانی خەڵکـە، ئەگـەرچی جـار بەجارێ هەتا بەشێوەی توندو تیژ خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ، هەڵبەتە دەبێ ئـەوەشمان لەبـەرچاو بـێ کەئـەو ڕۆمانانـەی فـەردین پـڕ بایـەخن، کەتیایاندا نووسـەر بابەتێکی تایبەتی هـەڵدەبژێرێ و دەیکـات بـەکانگای سـەرنجدانی خـۆی، چونکـە گـەلێ ئـەزموونی گرنگـی بێشـومارهەن کەبەئاشـکرا تایبـەتین و نووسـەر دەتوانێـت بەشـێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بایەخ بەچەندو چونیان بدات.

بەڵام بەڕای من، لەبەرامبـەر هـەر دەستنیشـانکردنێکی هوشـیارانەدا (وەکـو بەرهەمـەکانی پروسـت[19] کـە سـەرچاوەی ئاقاریـان تـەواو ئاراسـتەکەرەو لەهـەمانکاتدا بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ، وێنەیـەکی وەستایانە سەبارەت بەژیانی سەراپای خەڵك بەدەستەوە دەدەن)، ڕەنگە بتوانرێ هـەزار خاڵ حساب بکرێ کەکەم و کورتییان تـەواو لـە نـەبوونی هوشیاریی و دەرك نەکردنی ئەو بابەتـەوە سـەرچاوەی گرتووە کەچـەندو چۆنی ژیانی سـەراپای خـەڵك تاچەند فـەردیترین ئەزموونـە تایبەتیـەکان

دەخاتـە ژێـر کاریگـەریی خۆیـەوە، هەڵبەتـە ئەگـەر کۆمـەڵگا بـۆ ئـەم نووسـەرانە بـووە بەمەسـەلەیەکی ئەبەسـتراکت و بێزارکـەر لـەخراپترین جۆری رۆمـانی دەسـتەجەمعیدا، ئیـتر نابـێ لـەوە سەرسـام بـین کەئـەو نووسەرانە بایەخدان بـەو جـۆرە رۆمانـە بەپێویسـت نـازانن. ئـەم جـۆرە رۆماننووسانە تەئکید لەوە دەکەنەوە کەخەڵك بەپلەی یەکەم خەڵکن نەك چەند یەکەیەکی کۆمەڵ؛ بەڕای منیش تەواو لەسەر حەقن. بەڵام ئەوەی کەلەبەرچاوی ئـەوان بـەنادیاری ماوەتـەوە، خاڵـە هاوبەشـەکانی خەڵکـە کـەدیارە ریالیسـتەکان لەبەرهەمـە جیاوازەکـانی خۆیـاندا حسـابیان بـۆ دەکرد

کەسـێتی تاکەکـەس لەهـەموو گروپێکـی بچووکـدا بەبایـەخدار لێکدەدرێتـەوە، بـەڵام لـەدەرەوەی ئـەو گروپـە، کـەم دەبێتـەوە بـۆ هیـچ. لـەکاتی خوێندنـەوەی ئەم جۆرە رۆمانانەدا، خوێنەر دەرك بـەوە دەکـات کەرۆماننووس بەتەلمیح وتویەتی (خەڵك خودی ئیمەین، ئەم شتانە بۆ ئێمە گرنگە). ئەم قسەیە راست بەمەعنای دوورخستنەوەی کۆمەڵ یان دەلالـەتی لـەخۆ رازیـی بـوون نیـیە، ئەگـەرچی خەوشـی لـەم جـۆرەش بەجێیە، بەڵکو هەروەها نیشانەی دەرك نەکردنی رەگەزی کۆمەڵایەتی‌یە لەژیانی خودی ئێمەدا. ئەم جۆرە رۆماننووسانە دەڵێن: (ئێمە خەڵکین، خـەڵك. تـەواو بـوو رۆیشـت. ئـەوەی کەدەمێنێتـەوە، دنیـای بـوون یـان کۆمـەڵگای سیاسـەت و شـتی تـرە، واتـە ئـەو شـتە بێزارکەرانـەی کەرۆژنامـەکان شتیان لـەبارەوە دەنووسـن) ئێمـە خـەڵکین؛ ئەمـە راسـتە. بەڵام لەڕاستی‌دا، خەڵکێکین لەکۆمەڵگادا. هـەمان ئەم بۆچوونە بەگشتی تەوەری رۆمانی ریالیستی بوو.

زۆربەی ئەو رۆمانە وەسفیانەی فەردین، سەرەڕای کەم و کورتیەکانیان، لەرۆماننووسیندا چەند دەسکەوتێکی گرنگن، بەڵام وادیارە ئارەزووە بەرچاوەکان لەم رۆمانانەدا وردە وردە دەیانکەن بەجۆرێکی تری رۆمانی فەردی، واتە دەیانگۆڕن بەڕۆمانی فورمۆڵی تایبەتی. لەم جۆرە رۆمانەشدا وەکو رۆمانی فۆرموڵی کۆمەڵایەتی، نموونەیەکی تایبەتی لەسەراپای ئەزموونە ئینسانیەکان هەڵدەهێنجرێ و پاشان لەسەر بنەمای ئەو نموونەیە، چەند کارەکتەرێك (نەك چەند کۆمەڵێکی نوێ)دەخولقێنرێن. بەبەکارهێنانی ئەم شێوازە، چەند رۆمانێکی سەنگین و بەهادار نووسراون، بەڵام بەڕای من ئەم شێوازە داڕشتنە بەخێرایی دەبێتە هۆی کردنەوەی بوارێکی نوێ لەئەدەبیاتی چیرۆکدا کەدەتوانرێ بە (بەتەنیا چوونە بەردەمی دادوەر)ناو ببرێ. دەربارەی ئەو رۆمانانەی لەم بابەتەن دەتوانرێ بگوترێ کە بەشێوەیەکی جدی سەبارەت بەیەك کارەکتەر دەدوێن هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کەلەڕاستیدا ئەم لێدوانە زۆر جدییە. رۆمانی (هونەرمەند لەتافی لاویدا)[20]ی جیمس جۆیس نەك تەنها رۆمانێکی لەم بابەتەیە، بەڵکو هەمان تایبەتمەندیی تەوەری بنچینەیی رۆمانەکە پێکدەهێنێ. ناوهێنانی ئەم بەرهەمە نایابە بەمەفهومی تەئیدکردنی کورتکردنەوەی راستەقینەو شکۆداریی راستەقینەی شێوەی چیرۆکنووسینە کە تایبەتمەندیی ناوبراوی لەخۆگرتووە. لەم رۆمانەدا، دنیا لەسەر بنەمای هەستەکانی مرۆڤێك دەبێت بەحەقیقەت؛ بەدەربڕینێکی دیکە، دنیا ناگێڕرێتەوەو ئێمە لەنێوان خۆمان و دنیادا هەست بەدیوارێك ناکەین، بەڵکو دنیا بەهەمان ئەو شێوەیەی کە بەواقیعی هەیە دەهێنینە

بەرچاومان. جیمس جۆیس لەڕۆمانی ئۆلیس (Ulysses)دا لەڕێگەی زیهنی سێ کەسەوە (نەك لەڕێگەی یەك کەسەوە)دنیای رەسم کردو بەم کارەی، سیفەتە بەرزو بەهادارەکانی ئەم شێوە رۆماننوسینەی خستەروو. لەئۆلیسدا سێ بینین یان سێ دنیای جیاواز هەیە کەپەیوەندی بەسێ کارەکتەرەوە هەیە بەناوی ستیڤن Stephenو بلۆم Bloomو مۆلی Molly، بەلام لەراستیدا ئەم سێ دنیایە بەگشتی یەك دنیا پێکدەهێنن کەبریتییە لەدنیای گشتی رۆمانەکە. ئەم یەکسانییە لەسەراپای ئۆلیسدا بەرچاو ناکەوێ. پێکهاتەی سێ دنیای ناوبراو زیاتر لە(4|3)ی سەرەتای رۆمانەکەدا ئەنجام دەدرێو (4|1)ی کۆتایی کتێبەکە، وەکو بەشێکی سەربەخۆ وایە. لەم فۆرمەدا، بەهونەری جیاواز باس لە ئەزمونە دێرینەکانی مرۆڤ کراوە.

ئەم ئەنجامە لەدوای رۆمانی ئۆلیس درەوشانەوەی سەرەتای خۆی لەدەستداوە، هەر وەکو چۆن ئەم هونەری رۆماننووسینەش پتەویی سەرەتای خۆی نییە. رۆمانی (دەمی ئەسپ)[21]ی کیری نموونەیەکی سەرنجراکێشە، چونکە نووسەر شێوازێکی تایبەتی دنیا بینی هەڵبژاردووەو لەگەڵ دنیادا بەراوردی کردووە. هەروەها ئەم شیکردنەوەیە کلیلی تێگەیشتنی جۆرە رۆمانێکی جەماوەری تازەیە کەنموونەکانی بریتین لە (ئەو هەستە نادیارە)[22] نووسینی ئیمیس و (ژیان لەحاڵی حازردا)[23]ی وین. ناکۆکی دیاری ئەم رۆمانانە ئەوەیە کەلەلایەکەوە وادیارە واقیعیترین رۆمانی هاوچەرخن (ئەو پێشوازیەی لەم جۆرە رۆمانە کرا لەبەر ئەوە بوو کەزۆر لەهەستە واقیعیەکانی مرۆڤیان تۆمار کرد)و لەلایەکی ترەوە بەوپەڕی گاڵتەو گەپەوە واقیع

نیشـــان دەدەن. گرفتـــاریی هـــەموو رۆماننووســـە ریالیســـتە هاوچەرخەکانیش ئەوەیە کەئەم نووسـەرانە لەسـەرەتای رۆمانـەکانیاندا بایەخ بە راستەقینەکانی مرۆڤ دەدەن، بەڵام لە درێـژەی کارەکانیاندا بۆ راست نیشاندانی شێوەی ئەو هەستانە، بەناو ناچار دەبـن دنیـای ئـەو رووداوانـەی کەئەم هەستانە تیایاندا وجودی خۆیـان دەدۆزنـەوە بـەرەو کاریکاتـیر بـەرن. (دیکـنزیش لـەوەدا کەئاشـکرا دەیتوانی ببینـێ یـان بینووسێ رووبەڕووی کەمو کورتی دەبۆوە، هەربۆیـە دوچاری گرفتاریی دەبوو. بەم مەفهومە کاریکاتێرکاریو نقوم بوون لەهەستەکاندا دووڕوی جیای دراوێکن کەبۆ چوونە پـەراوێز بەکار دەهێـنران.خسـتنە رووی ئـەم هەسـتانە لـەدنیای واقیعـی خۆمـاندا (نـەك لـەدنیای ئـەو رۆمانانـەدا کەباسکران کەلەقەیراندا دەگۆڕێن بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز)، لەڕاسـتیدا بەمەفهومی دودڵیە دەربارەی رەوایی ئەو هەستانەو– لەوەش دژوارتر– دودڵیـە دەربـارەی رەوایـی واقیعیـەت. بـەڵام لـەجیاتی ئـەم ململانـێ واقیعیـە، لـەرۆمانی هاوچـەرخدا رووبـەڕووی خـەیاڵکاری دەبینـەوە: جوێندانی کارەکتەرەکان لەتەلەفوندا، کەمو کورتی نیمچە لێدوان لەلایـەن کارەکتەریکـەوە، یـان دۆزینـەوەی کارەکتـەرێکی نموونـەیی کەببێتـە ئامانجی هێرش کردنە سەر.

لەوێوە کەئەمانە ناودارترین نووسـەرانی ئێمـەن، بەڕۆشـنترین شـێوە کێشـەی سـەردەمو زەمانـەی ئێمـە نیشـاندەدەن. درزی نێـوان هەسـتەکانمانو ئـەوەی لەکۆمـەڵدا دەیبینـین بەشـێوەیەکی ترسـناك گەورەدەبێ.

ئەدەبیاتی چیرۆکی (سپێشڵ پلەیدینگ*)دەتوانرێ بەروونترین شێوە لەلێشاوی رۆمانە هاوچەرخەکاندا بەدی بکرێ کە تیایاندا بەرپەهاکردنی هەستو پێویستیەکانی تاکێك، کارەکتەرەکانی دیکە بەپێی ئەو هەستو پێویستیانە دەخولقێنرێن. ئەم شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ کارەکتەردا لەگێڕانەوە جەماوەرییەکاندا کەلەرێگەی کەسی یەکەمەوەن بەزۆری بەدی دەکرێو ئاسایی گۆشەنیگای کەسی یەکەم رێك بۆ هەمان مەبەست بەکاردێ. لەبەشەکانی ناوەڕاستی رۆمانی (هاکلیری فین)واقیعیەتێکی گشتی دروستدەکرێ کەچوارچێوەی فراوانکردنی گێڕانەوەی تایبەتی تێدایە. رۆمانی (پاسەوانی دەشت)(24)ی سەلینجەر تەنزێکی تێدایە کەرۆمانەکەی هێشتۆتەوە، بەلام لەو رووەوە کەمو کورتی تێدایە هەرچەندە بەشی زیاتری لێدەخوێنینەوە، زیاتر پەی بەو کەمو کورتیە دەبەین. رۆمانی (ژووری سەرەوە)[25]ی (برین)بەگشتیدەشێوێ، چونکە واقیعێکی دیکە نیە تەنها هەمان مامەڵەی دێرینەی بێرەحمیو رەحم پێکردن بەخودماوەتەوە کەلەباشترین حاڵەتی لاسایی کردنەوەو شێوازە ئەخلاقیەکاندا رەتکراوەتەوە. بەمەستی بەراورد بۆ نموونە رۆمانی (ئەندامی مەراسیمی زەماوەند)([26]ی کارسۆن مکالورز لەبەرچاو بگرە کەریالیستیەو واقیعێتی هەستی تایبەتی تیایدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ لەگەڵ گۆڕینی بۆ خەیاڵ لەکاتی ململانێی حەتمیدا لەگەڵ دنیایەکدا کەدەبێ ئەو هەستانە تاقیبکرێنەوە. یان رۆمانی (سلاو لەغەم)[27]ی ساگان لەبەرچاو بگرە کەکارەکتەرەکانی مۆرکی زاتیان پێوەیە، بەلام رەفتاریان لەگەڵ خەیاڵی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەدا بەراورد کراوە. بەراورد کردنی مکالورز

لەگەڵ ساگاندا، لەڕاستیدا بەراوردکردنی ریالیزمە لەگەڵ لەناوچوونی ریالیزمدا. دەبێ بەداخ بین لەوەی کەزۆربەی نموونەکان سەبارەت بەلەناوچوونی ریالیزمە. گێڕانەوە لەڕێگەی کەسی یەکەمەوە کەتا ئەو رادەیە تەکنیکەکەی بەدرەخشان لەقەڵەم دەدرا. ئاسایی ئێستا لەحوکمی وەسیلەیەکدایە بۆ مەعقول دەرخستنی ئەم لەناوچوونە. بەم پێیە، ئەدەبیاتی چیرۆکی (سپێشڵ پلەیدینگ*)ئەو رۆمانانە دەگرێتەوە کەلەڕووی شێوازەوە هێشتا لەڕۆمانە ریالیستیەکان دەچن. بۆ نموونە لەرۆمانی (گەرمای رۆژ)[28]ی (ئەلیزابیپ بۆین)دا کارەکتەرەکان بەپلەی یەکەم حوکمی چەند رەگەزێکی عاتفیان هەیە لەقەڵەمڕەوی کارەکتەری سەرەکیداو لەسەر هیچ بنەمایەکی دیکە نابینرێن یان هەڵناسەنگێنرین، ئەگەرچی گێڕانەوەکە بەکەسی یەکەم نییەو هەتا چەند وەسفێکی ریالیستی وردیش هەن بۆ ئەوەی خوێنەر زۆر هەست نەکات کەنووسەر (بەتەنیا چۆتە بەردەمی دادوەر). رۆمانی لایەنگری تاکەکەس، لەدرێژەی رەوتی تەواوی خۆیدا، زۆربەی کارەکتەرەکان رەتدەکاتەوە. لەم جۆرە رۆمانەدا، واقیعیی کۆمەڵ فرێدراوەتە دەرەوە بۆیە سەرئەنجام هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بێجگە لەژمارەیەکی کەم کەبەپەنجەی دەست دەژمێردرێن بەناچاری فرێدەدرێنە دەرەوە. بەم پێیە نابێ لەوە سەرسام بین کەبەشێکی گەورە لەو هەستانەی کەلەم جۆرە رۆمانەدا وەسفدەکرین، لە راستیدا دەبێ لەئەزموونی لەناوچوونەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەو مەبەستە ئەم رێزبەندییە چوارییە (وەسفی کۆمەڵایەتی، فۆرمولی کۆمەڵایەتی، وەسفی تایبەتی، فۆرمۆلی تایبەتی)پێشنیاز دەکەم کەهەم بتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی رۆمانی هاوچەرخ شی

بکرێتەوەو هەم لەبەرامبەر ئەمەدا بتوانرێ پێناسەیەك سەبارەت بەرێبازی ریالیزم بەدەستەوە بدرێ کەئەم چوار جۆرەی رۆمان بەشێوەی جیاجیا جێگەیان گرتۆتەوە. پرسیارێك کەئێستا دەبێ وەڵامی بدرێتەوە ئەوەیە کەئایا ئەو چوار جۆرەی کەناوم بردن لەگەڵ جۆری واقیعی گوڕاودا دانویان پێکەوە دەکوڵێو بەڕاستی رێبازی کۆنتریان وەکو عەرەبانەی تریشقە خراوەتەلاوە، یان لەراستیدا چەند نیشانەیەکی قەیراناوی هەمەلایەنەن لەئەزموونداکەسەرەڕای هێنانە ژێر باری ئەم بەرهەمە هونەریانە، هێشتا بەبێ ئەوەی لێیان کوڵرابێتەوە بەردەوام دەبنو وەك پێویست دەبنە هۆی ناڕەزایی ئێمە؟ بەدڵنیاییەوە ناڵیم کەبەلاوەنانی ئەم هاوسەنگیە ریالیستییە بەشێوەیەك لەهەموولایەکەوە بەدەستی ئەنقەست بووەو ئەم جۆرە نووسەرانە بەهەمان ئەو پێداگرتنەوە کەزۆر لەخوێنەرە گێژەکان دەیدەنە پاڵیان، بەئەنقەست پشتیان کردۆتە ڕێبازی کۆن بەڕای من ئەم قەیرانە بەڕادەیەك هەمەلایەنە کەناتوانرێ بەئاسانیو بەسەرزەنش چارەسەر بکرێو بگەڕێنرێتەوە، ماهیەتی گشتی ئەم قەیرانە چییە؟

چەند فاکتەرێکی تایبەتی راستەوخۆ دەوریان لەم قەیرانەدا هەیەو لێکۆڵینەوە یان بابەتەکە روونەدەکاتەوە. رۆمانی ریالیستی لەبنچینەدا پێویستی بەکۆمەڵگایەك هەیە کەلەگەڵ واقیع هاورێکبێ، واتە کۆمەڵگایەك کەتاکەکانی نەك تەنها لەرێگەی یەك پەیوەندییەوە (بۆنموونە پەیوەندی کارکردن، خزمایەتی یان خێزانی)ەوە، بەیەکەوە پەیوەستن بەڵکو لەرێگەی چەندین پەیوەندی پێکەوە لکاوەوە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بۆ ئەوەی بگوترێ دیارە

کەبەدیکردنی کۆمەڵگایەکی وا لەسەدەی بیستەمدا کارێکی دژوارە. رۆمانی (میدل مارچ)کۆمەڵێ پەیوەندی تایبەتیو خێزانیو کارکردن لەخۆی دەگریو بنەمای رۆمانەکە بەگشتی لەکاریگەریی بەرامبەری ئەم پەیوەندیانەوە سەرچاوەی گرتووە لەیەك رەوتدا؛ ئێستا پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکانی زۆربەی رۆمانە هاوچەرخەکان، خەسڵەتێکی تاڕادەیەك تاك رەهەندیو کاتیو پچڕپچڕییان هەیە. هەڵبەتە ئەم بابەتە، بەرلەوەی کەگۆڕانێك بێ لەفۆرمی ئەدەبدا، گۆڕانیکە لەکۆمەڵدا (یان بەلای کەمەوە ئەو بەشە لەکۆمەڵ کەزۆربەی رۆماننووسان زۆرترین سەروکاریان لەگەڵیدا هەبوو)فاکتەرێکی دیکە کەپەیوەندی بەخاڵی ناوبراوەوە هەیە بەڵام کاریگەریی چەند فاکتەرێکی بەهێزی دیکەی لەسەرە، ئەزموونی تایبەتی نوێی ئەم سەدەیەیە، واتە راگەیاندنی تاکێتیو پاراستنێتی (کەدیسان زۆر لەئەزموونی مرۆڤ دەچێ لەسەدەی هەژدەدا). ئەمە لەگەڵ ئەزموونی تایبەتی مرۆڤ لەسەدەی نۆزدەدا بەراورد بکە کەبریتیبوو لە دۆزینەوەی شوێنو پیکەوە گونجان. بەهەمان شێوە کەهەموو تەنز نووسێك (پارۆدیست)دەزانێت، رۆمانی سەردەمی ڤیکتۆریا ئاسایی بەکومەڵی پێکەوە گونجانو پەیمانی نوێو پەیوەندی رەسمی کۆتایی دێت، لەکاتێکدا کە ئاسایی لەکۆتایی رۆمانی سەدەی بیستدا، مرۆڤ خۆی لەدەسەڵات ئازاد کردووە چونکە بەوکارە دەرکی بەخۆی کردووە، واز لەماڵو حاڵ دێنێتو بەتاقی تەنیا رێگەیەکی دیکە دەگرێتە بەر. ئەم تەرزە رەفتارەش پێش ئەوەی لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا بەکاربهێنرێ، لەواقیعدا ئەنجام دەدرێ. لەسەردەمی گۆڕانە گرنگەکاندا، خۆئازادکردنو خۆناسینەوە بەم شێوەیە، بەجوڵەیەکی پێویست وپڕبەها

لێکدەدرایەوە. بەسەرهاتی تۆمارکراوی تاکەکان، مێژووی گشتی سەردەمێك دەخولقێنێ. تاکاتێك کەدەزگا کۆنەکان هێشتا پایەدارن‌و دەزگا دەسەڵاتخوازە تازەکانیش دێنەئاراوە، بەهەمان شێوە دەبێ ئەو لێکترازانەش بەردەوام بێ؛ دەرکەوتنی بوونی تاك دەبێ شێوەو ناوەرۆکێکی وەها بەخۆیەوە ببینێ تا بتوانێ ببێ بەتاکە ناوەرۆکی ئەدەب. چونکە دەزانم چ فشارێك لەکاردایە، وەڵامەکان قبوڵدەکەم؛ بەڵام قسەی من ئەوەیە کەئێمە لەبنبەست نزیکدەبینەوەو لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بەپێناسەیەکی تازە سەبارەت بەریالیزم دەتوانێ رێگەی دەرچوون بێ لەم بنبەستەو دۆزینەوەی رێبازێکی لەباریش بێت.

رۆمانی هاوچەرخ هەم رەنگدانەوەی قەیرانی کۆمەڵگای ئێمەو هەم رۆشنکەرەوەی ماهیەتەکەیەتی. هەڵبەتە دەتوانرێ هەروەکو رابردوو بەڵگەی ئەوە بهێنرێتەوە کەتەنها بەدروستکردنی کۆمەڵگایەکی جیاواز دەتوانین کێشە ئەدەبیەکان چارەسەر بکەین، بەڵام ئەرکی سەرشانی ئەدەبەکە بایەخ بەوردەکاری ئەزموونە هەستپێکراوەکانی مرۆڤ بداتو هەر جۆرە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی پڕ بایەخ، راست وەکو پەروەردەکردنی عەمەلی ومەسولانەوایە. سەرەتا دەبێ بارودۆخی‌فیعلی‌بزانرێ‌و بەرای من، تایبەتمەندیی ئەم وەزعە راست بریتیە لەجیابوونەوەی تاك‌و کۆمەڵ بۆ دوو بوونی رەها کەرەنگدانەوەیمان لەفۆرمی رۆمانی هاوچەرخدا بینی.

هەولی تەواوسازکەر لەسەردەمی ئێمەدا یەعنی خەباتکردن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی بێ کەم‌و کورت، هەم لەرەهەندی تاکەکەسی‌و

هـەم لەرەهـەندی کۆمەڵایـەتیدا. بـەدەربڕینێکی دیکـە، دەبێ بـەکردەوە فێربین کەچۆن چۆنی پەیوەندییەکانمان پەرە پێبدەین.

ریـالیزم بـەو شـێوەیەی کەلـەڕێبازی دێرینـەیدا بەرجەسـتە بـووە، دەستورێکە بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە، چونکە دەسـەڵاتی ئەندێشـە بەهەسـتی تـاك بـۆ کۆمـەڵ و گـۆڕان بـۆ سـەقامگیرکردن کەپێویسـتیەکی زۆرمان پێیـەتی لـەم سـەردەمەدا بەهەڵوەشاویی نیشاندەدات. لـەباڵاترین شـێوەی ریـالیزمدا، کۆمـەڵ لەبنچینـەدا بـەپێی تاکـەکان و تاکـەکانیش لەبنچینـەدا بـەهۆی پەیوەندییانـەوە بـەپێی کۆمـەڵ لەبـەرچاو دەگـیرێن. یەکپارچەبوونی ئەم دوانە رۆڵێکی چارەنووسسازی هەیـە، بـەڵام تەنـها بـەداواکردنی بەدەسـت نایـەت، ئەگـەر بەدەسـتیش بێـت،لـە حوکمـی ئاشـکراکردنێکی داهێنەرانەدایەو رەنگە تەنـها لـەچوارچێوەی پێکهاتـەو ناوەڕۆکی رۆمانی ریالیستیدا بتوانرێ ئەوە تۆمار بکرێ.

لەهـەمانکاتدا، لەبەرئەوەی یەکپارچەبوونی تاك و کۆمەڵ لە حوکمـی ئاشـکراکردندایە نـەك دۆزینـەوە، وەهـەروەها لەبەرئـەوەی حەسـرەت بـۆ رابردوو ولاسـاییکردنەوەی نموونـەکانی رابـردوو نـەك تەنـها بـێ هۆیـە بـەڵکو کۆسپیشـە، بەهـەرحاڵ ریـالیزمی نـوێ لەگـەڵ ریـالیزمی کۆنـدا جیاوازی دەبێ و ئەنجامەکانی ریالیزمی فەردی دەگرێتـەوە کەئـەنجامی سەرەکی سەدەی بیستەمە. لایەنی تیۆری ئەم بابەتە دەتوانرێ بەئاماژە بـۆ ئەنجامـە تازەکـان دەربـارەی هەسـتکردن و پەیوەندییـەکانی مـرۆڤ روونبکرێتـەوە. بەهـەرحاڵ، وێنـەی کـۆن و سـاکارانەی ریـالیزم ئیـتر مردووە، چونکە لەسەر بنەمای تیۆرێك لەبواری خوێندنەوەی سروشتیدا دامەزرابوو کەئێسـتا کـاری کـردە نیـە. لـەرابردوودا وابیرمـان دەکـردەوە

کەهێندە بەسە چاومان بکەینەوە بۆ ئەوەی هەموومان دنیایەکی یەکسان ببینین، هەربۆیە دەمانتوانی وایدابنێین کەریالیزم تەنها تۆمارکردنی واقیعە کەنووسەر بەشێوەیەکی بێئاگایانە ئەنجامی دەدات. بەلاّم ئەمرۆ دەزانین کەلەڕاستیدا خودی ئێمە خوڵقێنەری دنیایەکین کەدەیبینین و ئەم دروستکراوەی مرۆڤ– یەعنی دۆزینەوەی چۆنیەتی ژیان لەم دنیا مادییەدا– وەك پێویست ماهیەتێکی چوستو چالاکی هەیە.

بەم پێیە، ریالیزمی کۆنبووی تەماشاکەری کارلێکراو کەسیفەتێکی وەستاوی هەبوو، ئیتر جگە لەعورفێك کەپێچو پەنا قبوڵ ناکات شتێکی دیکە نییە. لەسەرەتادا دۆزینەوەی ئەو مەعنایەی کە مرۆڤ لەڕێگەی دنیای دەرککردنەکانی خۆیەوە دەژیو ئەم دنیای دەرککردنە، تەفسیری ئەوە سەبارەت بە دنیای مادی دەرەوەی مێشکی خۆی، وا وێنا دەکرا کەئەم دیدگایە دەبێت بەبنەمایەك بۆ رەتکردنەوەی ریالیزم چونکە بەپێی ئەم تیۆرە، هەموو بینینێك لەسەر خودی بینەر بنیاتنراوە. بەلاّم هونەر تەنها دەرککردنی واقیع نیە، بەڵکو جۆرێکی تایبەتیە لەکاردانەوەی چالاکانەو بەشێکە لەسەراپای پەیوەندییەکانی مرۆڤ. کەواتە واقیعیەت شتێکە کەمرۆڤ لەڕێگەی کار یان زمانەوە، سیفەتی گشتیی پێدەبەخشێ. بەم شێوەیە ئەم مامەڵە عەمەلیە لەنێوان ئەوەی کە کەسێك دەیبینێو شیدەکاتەوەو دەیکات بەشتێکی سیستماتیكو ئەوەی کۆمەڵ دەست نیشانی دەکات، دەناسرێو فورمەڵە دەبێت، بەشێوەیەکی دەوڵەمەندو جوان لەدەرککردنو پەیوەندیەکاندا رەنگدەداتەوە. تێگەیشتن لەم مامەڵە بنچینەییە، زۆر دژوارە، بەلاّم بێگومان سەرەداوێك بەدەستەوە دەدات بۆ ئەوەی باشتر بتوانین سەبارەت بەتێڕوانینی

تایبـەتیو پــەیوەندی کۆمەڵایــەتیو پــەیوەندی تــاكو کۆمــەڵگا بــیر بکەینەوە. هەرکەسێك مێشکێکی بۆماوەتەوە کەبەرەبەرە لەجۆری مرۆڤدا کامڵبووەو بنەمای هاوبەشی ئەو ومرۆڤەکانی دیکەیە. ئەو کەسە بەهۆی ئەو میراتەو ئەو قاڵبانەوە کەفەرهەنگەکەی فێردەبێت، شـێوەی بینینـی دنیای بوون فێر دەبێت. بەڵام لەولایەنەوە کە فێربوون رەوتێکی چالاکەو هەروەها لەولایەنەوە کە ئەو دنیایەی ئەو بینیوویەتی دەگۆڕێو گۆڕانی بەسەردا دەهێـنرێ، دەرککـردنو تەفسـیرکردنو سیسـتمە تازەکـان نـەك تەنها کاری کـردەن بـەڵکو لەبنچینـەدا پێویستیشـن. ئەمـە گەشـەکردنی مرۆڤـە لەسـەر بنـەمای تاکەکـەس، بـەڵام گەشـەکردنی جوانـی مـرۆڤ لەمامەڵەکردنێکدایــە کەپاشــان دەتوانــێ لەهــەولی تاکــە کەســدا بــۆ دروســتکردنی پــەیوەندیو گوێزانــەوەی ئەوانــەی فێریــان بــووەو پراکتیککردنی ئەمـە لەگـەڵ واقیعیـەتی لـەبارداو دروسـت واقیعیـەتێکی تــازە لەرێگــەی کــارو زمانــەوە ئــەنجامبدرێ. واقیعیــەت هەمیشــە بەتێکۆشانی هاوبەشی مرۆڤەکان لەدایك دەبێو هونەر یەکێکە لەبالاترین شێوەکانی ئەم رەوتە.بـەڵام دەبـێ ئـەوەمان لەبـەرچاو بـێ کەرەنگـە لـەم رەوتـە دژوارەی دروسـتکردنی واقیعیـەتدا ململانێیـەکی فـراوان بەرهــەم بێو جۆرەها ناکـامیو شکسـت بێتـە پێشـەوە. بـەرای مـن لەسـەردەمی گەشەکردنی بالای مرۆڤدا (وەکو سـەردەمی ئێمە کەگەشەکردنی مـرۆڤ تیایدا بالابوو هەر واش دەبێ)، هەروەها ململانێ بەشێوەیەکی بالا زیاد دەکــاتو رەنگــە هــەندێ لــەناکامی شکســتەکان بــبن بەبەشــێك لەخاسیەتەکانی ئەم سەردەمە.

تۆمارکردنی چەندوچۆنی ئەم هەوڵە سازکەرە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنەی ناکامی لەمجۆرە لەهەموو لایەنێکەوە بەئاسانی ناتوانرێ لەخراپ بەکارهێنانی ئەو ناکامیە جیا بکرێتەوە- کەلەهەر جۆرە تەکنیکێك داماڵراوەو بەشێوەیەکی ناشیانە هەژێنەرە- جگە لەم شێوەیە، روو لەچەند قاڵبێك دەکرێ کەبەیادهێنەرەوەی چەند واقیعێکن کەلەرابردوودا فێریان بووین تا لەم رێگەیەوە، جۆرێکی تایبەتی شیاو نیشان بدرێ.

بەم پێیە، یان دەتوانرێ ململانێکە کەم بکرێتەوە (هەروەکو لەرۆمانی لایەنگری کۆمەڵدا ئاسایی وادەکرێ)یان دەتوانرێ زیادبکرێ (هەروەکو لەرۆمانی لایەنگری تاکەکەسدا ئاسایی وادەکرێ). لەهەردوو حاڵەتەکەدا، جگە لەدوورکەوتنەوە لەریالیزم بەمەفهومی پێشنیازی من ئەنجامێك بەدەست نایەت، لەبەرئەوەی ریالیزم دروست هەمان ئەم ململانێ زیندوەیە کەلەشێوەی گەیاندنی قبوڵکەردا بەدەست دێت. ئیدی ئەم ململانێیە بەکێشەی تاك لەکۆمەڵدا لەقەڵەم بدەینو یان بەکێشەی وەسفی رونو ئاشکرای بزانین، بەهەرحاڵ لەگەڵ ململانێیەکی سازکەردا رووبەرووین. ئەنجامی ریالیزم بریتیە لەیەکسانیی بەردەوام، بۆیە لەدەستدانی یەکسانیی لەجۆرەکانی رۆمانی هاوچەرخدا هەم دەتوانرێ بەجۆری وریاکردنەوە لێکبدرێتەوەو هەم بەجۆری ململانێ. بێگومان هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی لەرۆمانی هاوچەرخدا، بەهەرحاڵ کارێکی ئاڵۆزو دژوارە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ داهێنانمان بپارێزین، ئەم هەوڵەو بەهەمان شێوە ریالیزمی نوێ پێویستە.

## پەراوێزەکان

1-Strindberg August (1849-1912)شـــــانۆ نامەنووســـــی سویدی(و.فارسی)

2- Friedrich Engels (1820-1895)سۆسیالیستی ئـەڵمانی و هاوکـاری کارل مارکس (و. فارسی)

3-Sholokhov Aleksandrovich Mikhail (1905-1984)رۆماننووســی روسی (و. فارسی)

4-Alexei Tolstoy (1882-1945)رۆماننووسی روسی (و. فارسی)

(مەبەست لەلیو تولستوی خاوەنی (شەڕو ئاشتی) نییەو ئەلکســی تولستوی لەسەرچاوەیەکی تردا مێژووی لەدایک بوون و مردنــی بــەم شێوەیە نووسراوە(1817-1875)(و.کوردی)

5-Wuthering Heights، رۆمانێکە ئەمیلی برونتە نووسیویەتی (Emily Bronte 1818-1848)رۆماننوسی ئینگلیزی (و. فارسی)

6-Finn Huckleberry رۆمانێکـە مـارك تواین نووســیوویەتی (Mark Twain1835-1910) رۆماننووسی ئەمریکایی(و. فارسی)

7-Rainbow The رۆمانێکــە د. هـ. لۆرانــس نووســیوویەتی (D.H Lawrence 1885- 1930)رۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی (و. فارسی)

8-Arnold Bennet (1867-1931)رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی)

9-Virjinia Woolf(1882-1941)رۆماننووسی ئینگلیزی (و.فارسی)

10–Brave New World، رۆمانیکــه ئــەلدس هاکســلی (Aldous Huxley1894–1963، رۆماننووسی ئینگلیزی نووسیوویەتی (و.فارسی).

11–Nineteen Eighty- Four، رۆمـانیکه جـورج ئۆریـل نووسـیوویەتی (George Orwell، نازنــاوی Eric Blair، 1903–1950 رۆماننووســـی ئینگلیزییه (و.فارسی)

12-Fahrenheit 451

13-Lord of the Flies

14-The Inheritors

15–William Gloding (لـەدایك بــووی 1911)رۆماننووســی ئینگلــیزی (و.فارسی)

16–A Passage to India، رۆمانیکه ئی.ئیم. فورستێر نووسیوویەتی. (و.فارسی)

17–Graham Greene(1904–1991)رۆماننوسی ئینگلیزی (و.فارسی)

18–Brighton، ناوی شارێکه لەباشووری بەریتانیا (و.فارسی)

19–Marcel Proust(1871–1922)، رۆماننووسی فەرەنسی (و.فارسی).

20–Aportrait of the Artist as a Young man رۆمانیکه جیمس جویس (James Joyce، 1882–1941)رۆماننووســـی ئیرلـــەندایی نووســـیوویەتی (و.فارسی)

21–The Horse,s Mouth رۆمانێکه جویس کیری (Joyce Cary 1888–1957)رۆماننووسی ئینگلیزی نووسیوویەتی (و.فارسی)

22–That Uncertain Feeling رومانێکـه کینگسـلی ئیمـس (Kingsley Amis، لەدایك بووی 1922 رۆماننووسی ئینگلیزی نووسیویەتی.

23–Living in the Prpsent ڕۆمانێکــە جــۆن ویــن John Wain، لــەدایکبووی 1925نووســـیویەتی کەرۆماننووســـێکی ئینگلیزیـــە (و. فارسی).

24–Catcher in the Rye، ڕۆمانێکە جیروم دیڤید سەلینجەر Jerome David Salinger، نووســـیوویەتی کەلـــەدایکبووی (1919)ەیـــەو ڕۆماننووسێکی ئەمریکاییە (و.فارسی).

25–Room at the Top، ڕۆمانێکە جۆن برین John Braine، لەدایکبووی 1922نووسیوویەتی کەرۆمانووسێکی ئینگلیزیە (و.فارسی).

26–Member of the Wedding، ڕۆمانێکە کارسـۆن سمیـپ مکـالورز Carson Smith McCullers (1917–1967) نووسـیوویەتی کەڕۆمانووسـێکی ئەمریکاییە (و.فارسی).

27–Bonjour Tristesse، ڕۆمانێکــە فرانســـواز ســـاگان Francoise Saganلەدایکبووی 1935نووسـیوویەتی کەرۆماننووسـێکی فەرەنسـاییە (و.فارسی).

28–Heat of the Day، ڕۆمانێکـە ئـەلیزابیپ بۆیـن Elizabeth Bowen، 1899–1973 نووسویەتی کەڕۆماننووسێکی ئیرلەندایيە (و.فارسی).

*special pleading بەتەنیا چوونە بەردەمی دادوەر.

# فەسڵی چوارەم

## رۆمانی سەدەی بیستەم

نووسینی:

دەیڤید دیچیز David Daches و

جۆن ستالورذی Stallworthy Jon



فرجينيا وڵف

سالآنی 1912تا 1930چاخی ئالتوونیی رۆمانی مۆدێرن و بەرهەمی رۆماننووسانی وەکو جۆزیف کۆنراد[1]، جیمس جۆیس، د. هـ لۆرانس[2]، ڤێرجینیا وۆلف، ئی. ئێم. فۆرستێر بوو. گۆڕانی هونەرو تێڕوانینەکانی ئەدەبیاتی چیرۆك لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی سەرەکی لەسێ فاکتەرەوە سەرچاوەی گرت. یەکەم فاکتەر بریتی بوو لەهوشیاریی رۆماننووسان سەبارەت بەوەی کە باکگراوندی باوەڕی گشتی ئیتر لەناو چووبوو، کەلە مامەڵەیەکی هاوبەشدا دەربارەی ئەزموونە گرنگەکان لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا ئەوانی کۆ دەکردەوە. لەڕۆمانی سەردەمی ڤیکتۆریادا، قەیرانە سەرەکیەکانی تەرحی چیرۆك دەکرا لەڕێگەی گۆڕانکاریی لەپایەی کۆمەلآیەتی یان وەزعی دارایی و مادی کارەکتەرە سەرەکیەکانەوە نیشان بدرێ؛ بەلآم ئەم بەها گشتیانەی رۆمانی سەردەمی ڤیکتۆریا لەڕۆمانی مۆدێرندا جێگەی خۆیان بۆ چەند مەفهومێکی تایبەتی تری بەها چۆلکرد کەزیاتر پشتیان بەزەوق و هەستی دەست نیشانکردنی خودی رۆماننووسان بەستووە تا بیروباوەڕی گشتی.

ڤێرجینیا وۆلف (لەباسێکدا سەبارەت بەجین ئۆستن)[3]. دەنوسێت: باوەڕ بەوەی کەهەڵسوکەوتە تایبەتیەکانیشمان لای کەسانی دی راست لێکدەدرێنەوە، لەمەحرومی و قەدەغەکانی شەخسیەت رزگارمان دەکات.)بەلآم رۆماننووسانی مۆدێرنی تر نەیاندەتوانی ببنە خاوەنی باوەڕێکی ئاوا، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی چەند بنەمایەك بەمەبەستی

بڕیاردان دەربارەی ئەوەی کام لایەنی ژیانی مرۆڤ گرنگە دەبوو بگەڕێنەوە بۆ لای خۆیان (بە دەربڕینێکی دیکە، بۆ دیاری کردنی چەند ڕێو شوێنێك بەمەبەستی هەڵبژاردنی بابەتی بەرهەمەکانی خۆیان)، پشتیان بەزەوقی تایبەتی خۆیان دەبەست. هەر بۆیە، نووسەرانی مۆدێرن ناچار بوون راستیی باوەڕی خۆیان سەبارەت بەگرنگی ئەو ئەزموونە ئینسانیانەی کەوەکو بابەتی بەرهەمەکانیان هەڵیاندەبژارد، بۆ خوێنەران بسەلمێنن. بەم پێیە، کاری رۆماننووس لەڕووی ئەو تەکنیکانەوە کە لەنووسینەکەی خۆیدا بەکاری دەهێنا دژوارتر بوو، چونکە ئیتر دەبوو لەجیاتی بەکارهێنانی ئەو بەهایانەی کەهەبوون، کۆمەڵێ بەهای نوێی بنیات بنایە. ڤێرجینیا وۆڵف بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەوڵیدا لەڕۆمانەکانی خۆیدا هەندێ لەشێوازەکانی شیعر بەکاربێنێ، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە مامەڵەی تایبەتی رۆماننووس لەبەرامبەر بەهاو خەیاڵی ئەودا دەربارەی دنیا نیشان بدات. لەلایەکی دیکەوە جۆیس، لەبنەڕەتا هەوڵی نەدا تێڕوانینی تایبەتی کەسێك بخاتە روو، بەڵکو لەکاردانەوەیدا بۆ لەناوچوونی بەها گشتیەکان، ڕێگای شێوازە نووسینێکی گرتەبەر کەدەلالەتە چەند لایەنەکانی هاوزەمان دەربڕی چەند دیدگایەکی جیاواز بێ سەرەڕای پاراستنی بابەتیبوونی هەمەلایەنە وەکو داکۆکیکاری هیچ کام لەو دیدگایانە نەیەتە بەرچاو– هەڵبەتە ئەم تەرزە نووسینە پێویستی بە شارەزاییەکی بەرچاو هەبوو لەبواری تەکنیکی چیرۆکنووسیندا.

دووەم فاکتەری گۆڕانی تەکنیك و تێڕوانینەکانی رۆمانی مۆدێرن بریتی بوو لەتێگەیشتنێکی نوێ سەبارەت بەمەفهومی کات. لەڕۆمانی سەدەی بیستەمدا، کات ئیتر وەکو زنجیرەیەك ساتی یەك لەدوای یەك لێکنەدرایەوە کەبڕیاربێ رۆماننووس بەڕیزو جار بەجارێ بەئەنقەست سەرنجێکی رابردوو بدات و (ئەم بابەتە ئەوەی بەیادهێنایەوەکە...، بیری کەوتەوە کە...) بخاتە روو، بەڵکو کات وەکو رەوتێکی هەمیشەیی لەمێشکی تاکدا لەقەڵەم دەدرێ کەتیایدا، رووداوەکانی رابردوو هەمیشە بەکاتی ئێستادا رۆدەچن و چاوپێداخشانەوەی رابردوو لەگەڵ پێشبینی ئایندەدا ئاوێتە دەکات. ئەم لێکدانەوە نوێیەی کات، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سێیەم فاکتەری کاریگەر لەسەر گۆڕانکارییەکانی رۆمانی مۆدێرندا هەیە: ئەندێشە تازەکان سەبارەت بەماهیەتی زیهن بەشێوەیەکی گشتی لەلێکۆڵینەوە رێخۆشکەرەکانی (سیگمۆند فرۆید[4] و کارل یونگ[5])ەوە دەربارەی نەست (اللاشعور)سەری هەڵدا، بەڵام بەشێکیش بوو لەدیدگا زاڵەکانی سەردەم و هەتا لەڕۆمانەکانی ئەو نووسەرانەشدا بەدی دەکرا کەبەرهەمی هیچکام لەو دوو دەروونزانەیان نەخوێندبۆوە. بەپێی ئەم ئەندێشە تازانە، یادەوەری مرۆڤ ماهیەتێکی چەند لایەنەی هەیە؛ رابردوو هەمیشە لەیەکێك لەڕووبەرەکانی زیهنی ئێمەدا ئامادەیەو هەمیشە کاریگەریی لەسەر کاردانەوە راستەقینەکانمان بەجێ دەهێڵێ.

لەفەرەنسا مارسیل پرۆست[6] لەڕۆمانی نایابی چەند بەرگیی (گەڕان بەدوای کاتی لەدەست چوو)دا Rememdrance of things Past (1913–1928)لەم بابەتەی کۆڵیبۆوە کەچۆن رابردوو کار لەئێستا

دەکات و بیرەوەرییەکان چۆن یادەوەریی فۆرمەڵە دەکەن. ئەو دیدگایەی کەئێمە وەکو مرۆڤ شتێك نین جگە لەبیرەوەریمان، کەئێستای ئێمە بەرهەمی کۆی رابردوومانە، کەبەگەڕان لەزیهنی ئینسانەکاندا دەتوانرێ لەبارەیانەوە پەی بەهەموو شتی ببرێ بەبێ ئەوەی پێویست بێ چاوەڕوانی بەدواییەکدا هاتنی تەقویمی کات بین تا لەبارە دژوارەکاندا ئینسانەکانمان پێبناسێنێ، بەناچاریی ئەمەش بوو بەهۆی شۆڕشێك لەتەکنیکی رۆماننووسیندا، چونکە ئیتر رۆماننووسەکان لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەدرێژایی رەهەندی کات رووداوەکانی رۆمان بەرەو لوتکە بەرن، دەیانتوانی بەگەڕان لەقوڵایی زیهن و بیرەوەری کارەکتەرەکاندا رۆمانێك بنووسن کەبەڕوکەش تەنها یەك رۆژی لەژیانی کارەکتەرە سەرەکیەکە لەخۆدەگرت (وەکو رۆمانی ئۆلیس Ulysses ی جیمس جۆیس و خانم دەلوای Mrs. Dallaway ی ڤرجینیا وۆڵف) ئەم دیدگایە سەبارەت بەئەندازەی کاری ئەنجام دراو هاوزەمانی رووبەری چەند لایەنەی زیهن شان بەشانی دیدگایەك بوو کەوەکو رەوتێکی بەردەوام لەکات دەڕوانێ نەك وەکو چەند ساتێکی لەیەك جیا، بەم مەفهومە بوو کەڕۆماننووسان لەجیاتی ئەوەی چوارچێوەیەکی دەرەکی لەگێڕانەوەی بنیاتنراو لەسەر بەدوای یەکداهاتنی کات بەدەستەوە بدەن، وایان پێباشبوو لەزیهنی کارەکتەرەکانیاندا نقوم بن بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە بەسەرهاتەکانیان بگێڕنەوە. تەکنیکی (شەپۆلی هۆش)کە نووسەر بەبەکارهێنانی هەوڵدەدات پێکهاتەی یادەوەریی کارەکتەرەکان راستەوخۆو بەبێ

نەقڵکردنی قسەی تەواو وبیٚ کەم‌و کورت نیشان بدات، لەبیستەکاندا وەکو شیٚوازیٚکی نویٚ‌و گرنگ لەڕۆماننووسیندا بەکار دەهات.

ئەم تەکنیکە، بەلای کەمەوە بۆ ئەو کەسانەی کەتەنها لەگەڵ تەکنیکە کۆنەکانی رۆماندا راهاتبوون خویٚندنەوەی دژوارتر دەکرد، چونکە هیچ (دەروازەیەك)ئامادە نەکرابوو تا خویٚنەر لەگەڵ بەدەستهیٚنانی زانیاریی سەرەتایی پیٚویستدا بتوانیٚ بچیٚتە ناو رۆمانەکەوە، بەڵکو ئەو زانیارییانە هاوزەمان لەگەڵ بەرەو پیٚشەوەچوونی رووداوەکانی رۆمانەکەدا، لەزیهنی کارەکتەرەکان‌و لەڕیٚگەی کاردانەوەی زیهنیی ئەوانەوە بەکاتی ئیٚستا شانبەشانی رەنگدانەوەی کاتی رابردوو بەدەست دەهات. بەپیٚچەوانەی ئەوەی کەلەرابردوودا باوبوو، رۆماننووسان چەند سەرەداویٚکیان نەدەخستە بەردەستی خویٚنەر هەتا لە چەندوچۆنی هەموو شتیٚ سەر دەربکات، چونکە بەڕای رۆماننووسەکان ئەم کارە بیٚلایەن بوونی هەڵویٚستی خویٚنەری پیٚشیٚلدەکرد. بەڵام ئەوەی کەخویٚنەر فیٚربیٚ چۆن ریٚگەی خۆی لەو دۆڵەدا بدۆزیٚتەوە کەهیچ نیشانەیەکی ریٚنمایی تیٚدانیە لەبواری تیٚگەیشتن‌و هەل‌و مەرجە تازەکانی لیٚکدانەوەی واقیعدا وردبینی‌و شارەزایی زیاتر بەدەست دیٚت.

رووکردنە (شەپۆلی هۆش)و تەداعی بیر لەزیهنی تاکدا بەناچاری بوو بەهۆی تەئکیدکردنەوە لەتەنیایی زاتی تاك؛ چونکە هەموو زیهنیٚك تایبەتەو لەزیهنەکانی دیکە جودایە؛ وئەگەر ئەو دنیای واقیعەی کەئیٚمە تیایدا دەژین هەمان دنیای تایبەتی تاك‌و تایبەتی زیهنی ئیٚمەبیٚ، ئەگەر ئەوبەها گشتیانەی کەلەکۆمەڵدا ناچارین بەقسە

داكۆكیان لێبكەین راستەقینەنین كەمەعنا بەكەسێتیمان ببەخشن، ئەو كاتە هەموومان مەحكومین بەوەی كەلەزیندانی زیهنی لەحاڵی بوون نەهاتووی خۆماندا درێژە بەژیانی خۆمان بدەین. لەدنیایەكی ئاوادا چۆن دەتوانرێ بەڕاستی تێكەڵاویی لەگەڵ كەسانی دیكەدا بكرێ؟ ئەو بارو رەفتارە گشتیەی كەكۆمەڵ بەسەرماندا دەسەپێنێ، هەرگیز ناتوانێ لەگەڵ پێویستیە دەروونیەكانماندا رێك و تەبا بێ. ئەو بارو رەفتارانە بەمەعنای ناپەسەندی وشەی سواوو بێگیان و جۆرێ یەكسانی بێزراو بەسەر زروفی بێكۆتایی ئەزموونە مرۆییەكاندا دەسەپێنن. ئەگەر هەوڵ بدەین بەشێوەیەك خودی راستەقینەمان بخەینەڕوو، ئەم هەوڵە كاتێك لەلایەن خودێكی دیكەوە بخوێنرێتەوە كەكەسێتییەكی تەواو جیاوازی هەیە، بێگومان بەد لێی حاڵی دەبێ. هەربۆیە، ناوەڕۆكی زۆربەی رۆمانە تازەكان بریتی‌یە لە مومكین بوونی عەشق و بەرقەراری تێكەڵاوی عاتفی لەناوجەرگەی زیهنی تاكەكەسدا ناوەڕۆكی رۆمانەكانی جۆیس، لورانس، وولف، فورستێرو (بەڕادەیەكی كەم و زیاد جیاوازو نەك هەمیشە بەشێوەیەكی راستەوخۆ) كۆنراد، چەند وێنەیەكی جیاوازی هەمان ناوەڕۆكن. راكەڕاكی لیپولد بلوم Leopold Bloom لەڕۆمانی ئۆلیسدا بەمەبەستی دروستكردنی تێكەولاویی مەعنەوی و گۆشەگیری سەپێنراو بەسەریدا، لەچاوی رۆماننووسی مودێرنەوە وەزع و رۆژگاری مرۆڤ بەشێوەیەكی سەمبۆلیك نیشاندەدات.

فۆرستێر بەلێكۆڵینەوەی ئەو رێسایانەی كەبەڕووكەش ژیان ئاسانتر دەكەن بەڵام لەڕاستیدا دەبنە كۆسپ لەبەردەم پەیوەندییە

ئینسانیە راستەقینەکاندا، و وولف بەوێنەکێشانی پەیوەندی نێوان پێویستی خود بەتەنهایی‌و پێویستی خود بەتێکەڵاوی راستەقینە، لەسەردەمی نوێدا لەشێوازی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵنەوە. ناوەڕۆکی هەموو رۆمانەکانی لۆرانس بریتیە لەپەیوەندیی نێوان ئینسانەکان‌و ئەم رۆماننووسە سەرتاسەری ماوەی نووسەریی خۆی کەم‌و زۆر بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوێنەی ئارمانیی ئەم پەیوەندییانە تەرخانکرد.

بەڕای لۆرانس رێسا بێ گیانەکانی کۆمەڵ‌و چەند مەفهومێکی لەبابەتی رەفتاری پەسەندو رێز، فێڵبازی‌و ریاکاری باو لەژیانی چینی ناوەندی کۆمەڵدا، دەسەڵاتخوازیی، پارەپەرستیی‌و ئەنگێزەی سەرکەوتن، بەئاسانی پەیوەندییە مرۆییەکان لەناوەڕۆکی سەرەکی خۆی بەتاڵدەکەنەوە. بەئازایەتیەوە دەتوانرێ بگوترێ کە درەوشاوەترین رۆمانی نوێ ئەو رۆمانانەن کەدەربارەی دژواری‌و لەهەمانکاتدا بەئاسانی دوورکەوتنەوەیە لەمرۆڤ بوون. لەڕاستیدا، ژیانی مرۆڤ لەم رۆمانانەدا وەك جاران دژوارو بێ سەروبەرە، بەلام هوشیاری لەوەی کەکەسانی تریش هەمان کێشەیان هەیە. (هوشیارییەك کەلەڕۆمانی ئۆلیسدا بەشێوەیەکی زۆربەرز دەخرێتە روو، فورستێر لەبەرهەمەکانیدا بەتانەو سەرزەنشتی فراوان دەیخاتە روو)، دەتوانێت هەم رۆشنکەرەوە بێت‌و هەم ئارامی بەخش.

هەڵبەتە، هەموو رۆماننووسەکانی ئەم ماوەیە بایەخیان بەو ناوەڕۆکانەی سەرەوە نەداو تەکنیکی تازەیان لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکانەدا بەکار نەهێنا. رۆماننووسە (بەڵگەنامە نووسەکان)وەکو ئەرنوڵد بینیت‌و جۆن گلزۆرزی‌و هـ. ج. وێلز (بەلای کەمەوە لەهەندێ رۆمانیدا)زۆرجار

بەشارەزایی فراوانەوە روخساری گۆڕاوی کۆمەڵگایان رەسمکردو بەرەفتاری کارەکتەری رۆمانەکانیان، لەتۆمارکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم گۆڕانکاریەدا، بەرچاو روونیو هاودەردیەکی زۆریان نیشاندا. ڤێرجینیا وولف ئەم نووسەرانە بە(ماتریالیست)ناو دەبات، چونکە باوەڕی وابوو ئەم نووسەرانە لەدیاردەکاندا دەوەستنو لەو لایەنانەی زیهن یان ژیانی دەروونیو حەقیقی ئێمە ناکۆڵنەوە کەناوەوەی (ناخی)مرۆڤ لەخۆ دەگرێ. لەو لایەنەوە کە وولف بۆ داوەریی دەربارەی بەرهەمی ئەو نووسەرانە چەند پێودانێکی نەگونجاوی بەکار دەهێنا، رەنگە بتوانرێ بگوترێ بڕیاردانەکەی ناعادیلانە بووە؛ سەرەڕای ئەوەش، رەخنەی ئەدەبی لەسەردەمی نوێدا راستیی بۆچوونەکەی ئەوی سەلماندووە.

لەزۆربەی بەرهەمە ئەدەبیە تازەکانی بواری چیرۆکدا (و رەنگە زیاتر لەرۆمانی ئۆلیس)دا بەشەکانی سەرخانی چیرۆك کەوادێنە بەرچاو پەیوەندی لۆجیکیان ونکردبێ، لەڕاستیدا بینای ژێرخانی چیرۆکیان لەهەموو روویەکەوە حەشارداوە. ئەمە یەکێکە لەئەنجامەکانی ئاوێتەکردنی ریالیزمو سەمبولیزم (الرمزیە)، یان تێکەڵکردنی ئەگەری روودانی رووداوێك لەسەردەمی هاوچەرخداو بەڵگەی هەمیشەییە. هەڵبەتە لەئەدەبیاتی چیرۆکی درەوشاوەی هەر چەرخێکدا، تێکەڵکردنێکی لەم جۆرە روودەدات؛ بەڵام نووسەرانی مۆدێرن بەنیسبەت ئەوانەی پێش خۆیانەوە بەهۆشیاریی زیاترەوە ئەم هاوژیانیەیان دروستکرد.

## پەراوێزەکان:

1- joseph Conrad. (1857-1924)رۆماننووسی پۆڵەندایی کەبەرهەمەکانی بەزمانی ئینگلیزی دەنووسی (و.فارسی).

2- D.H. Lawrence (1885-1930)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

3- Jane Austen (1775-1817)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

4- Sigmund Freud (1865-1939)دەروونزانی نەمسایی (و. فارسی).

5- Carl Jung (1875-1961)دەروونزانی سویسرایی (و. فارسی).

6- Marcel Proust (1871-1922)رۆماننووسی فەرەنسی (و. فارسی).

7- Arnold Bennett (1867- 1931)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

8- John Galsworthy (1867- 1933)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

9- H.G. Wells (1866- 1946)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

و: محەمەد کەریم

# فەسڵی پێنجەم

## دەرامەتێك بۆ رۆمانی مۆدێرن

## نووسینی:

## ئارنوڵد کیستل– Arnold kesttle

## ا–چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم:

بەچیرۆکەکانی کۆنراد، رۆمان مۆری سەدەی بیستەمی لێدراو ئەمەش تەنها بەهۆی کاتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کۆنرادەوە نییە، بەڵکو روانگەی مێژوویی بەگشتی گۆڕا، ئیدی دنیای رۆمان بریتی بوولە دنیای رۆمانی نۆسترۆمۆ Nostromo دنیای ئیمپریالیزمی نوێ، جەنگ و توندوتیژی و ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ، مرۆڤە ئاوارەکان و گیانی ئازاردراوی خەڵك، ئەویش بەو شێوە بەرفراوانەی کەلەگەڵ هیچ ماوەیەك لەمێژووی ئەزموونەکانی رابردووی مرۆڤدا بەراورد ناکرێ. لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمەڵگای بۆرجوازیی سەردەمی ڤیکتۆریا گەیشتۆتە قۆناغێکی توندتر کەلەرۆمانی بەرزاییەکانی ویزرینگ Wuthering Heights پێشبینی کرابوو، واتە ئەو قۆناغەی کەئیتر هەموو دەمامکە رووکەشەکان کەباسی خۆش رەفتارییان دەکرد لابران و ململانێ و کێشمە کێشەکان وەکو ناتەبایی جەماوەر، قەیرانی ئابووری وێنا نەکراو ودژایەتی شۆڕشگێڕانەی چینە ناکۆکەکان، خەسڵەتێکی ئاشکراو تۆکمەیان پەیداکردووە. مایەی سەرسوڕمان نییەکە تۆنی زاڵی بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم، بەچاوپۆشی لەو دیدگایەی

تیایاندا خراوەتەڕوو، تۆنێکە باس لەململانێ و مشتومڕ دەکات. هەتا لەرۆمانی ئارامترین و خۆش رەفتارترین و بەرووکەش دوور لەهەراو زەناترین رۆماننووسانی سەدەی بیستەم واتە فۆرستیرو

ڤیرجینیا وولف دا هەستی گوشارو نیگەرانیی تەواو دیارە.

بەشێوەیەکی گشتی پێمان وایە لەبەر ئاڵۆزیی لەڕادەبەری ژیان لەسەردەمی نوێو بەهۆی لەدەستدانی سەقامگیرییو بێ چەندوچوونی لەو سەردەمە شۆڕشگێڕانەیەدا کەهەمووشتێك بێ وەستان لەگۆڕاندایە، چیرۆکنووسینیش لەڕادەبەدەر دژوارە. لەیەکەم سەرنجدا باری گشتی فەرهەنگی کۆمەڵگای ئینگلیزی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا، بێگومان راستیی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ.

بێگومان لەم نووسینەدا، بواری شیکردنەوە یان باسی هەمەلایەنە سەبارەت بەبارێکی وا ئاڵۆزو پرسەرئێشە نییە، منیش لەجیاتی تەرحکردنی چەند ئەنجامێکی گشتی کەلەنووسینێکی وا کورتدا ناتوانرێ بسەلمێنرێن، تەنها دەمەوێ ئاماژە بۆ هەندێ خاڵی گرنگی ئەم باسە بکەم.

1-بەرچاوترینو لەهەندێ لایەنەوە ترسناکترین تایبەتمەندیی گۆڕانی رۆمان لەسەدەی بیستەمدا، بریتییە لەو درزە گەورەیەی کەوتۆتە نێوان رۆمانە باشو بازاڕییەکانەوە. لەلایەکەوە، زۆربەی ئەو رۆمانانەی کەداوەرە رووناکبیرەکان زۆر پەسەندی دەکەنو بەبەهادار لەقەڵەمی دەدەن، تەقریبەن خەڵك بەهیچ شێوەیەك نایخوێننەوە. (لەسەردەمێکدا کە واڵتەر سکۆتو چارلس دیکنز رۆمانیان دەنووسی، وەزعەکە بەو جۆرە نەبوو). لەلایەکی دیکەوە، رووناکبیرانیش ئەو کتێبانە بەنیمچە رۆشنبیرانە دەزانن کەژمارەی زۆریان لێدەفرۆشرێ، هەروەها بەچاوی سووك تەماشای ئەو کتێبانە دەکەن کەژمارەی زۆریان لێچاپدەکرێ و زۆربەی خەڵك پەسەندیان دەکەنو تەقریبەن

خۆیان لەخوێندنەوەیان بەدوور دەگرن. ئەنجامەکانی ئەم وەزعە وەکو هۆیەکانی جۆراوجۆرن. بەبازرگانی بوونی ئەدەب نەك تەنها کاریگەرییەکی کارەسات ئامێزی لەسەر بنەما(ستاندارد)ە گشتیەکانی خەڵك بەجێهێشتووە لەکتێب خوێندنەوەدا، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوەی کەنووسەری باش زیاتر هەست بەوە بکات کەمرۆڤێکی تەنیاو گۆشەگیرەو لەبەر خاتری ژمارەیەك خوێنەری کەم رۆشنایی دەخاتە سەر بوارێکی زۆر سنوورداری ئەزموونە مرۆییەکان. یەکێك لەئەنجامەکانی ئەم مەسەلەیە ئەوە بووە کەلەزەینی جەماوەری ملیۆنیدا ئەدەبیاتی باش بەڕاستیی بەهاوتای تەمومژو داتاشینو هەموو خەسڵەتە فیکریو کۆمەڵایەتیەکانی رەفتاری روناکبیرانە لێکدراوەتەوە؛ لەهەمانکاتدا، زۆربەی ئەو نووسەرانەی فیکر دەوروژێنن چیتر خوازیاری خۆشەویستی جەماوەری خەڵك نینو هەتا بەچاوی سووكو بەدگومانییەوە لەو جۆرە خۆشەویستیە دەڕوانن.

2-بەم پێیە، لەو لایەنەوە کەنووسەران چیتر نووسینی ئەو بەرهەمانە بەئەرکی سەرشانی خۆیان نازانن کەبەشێوەیەکی جەماوەریی (بازاڕی)تەماشا بکرێ، ئارەزووی ئەو گروپە رۆماننووسەی کە لەخێزانەکانی توێژی رووناکبیرانی کۆمەڵدا لەدایك بوون یان خوورەوشتی ئەو توێژەیان هەڵگرتووە ئەوە بووە کەهەرچی زیاتر سەرقاڵی فیکری خۆیان بەلای توێژینەوە لەبوارە تایبەتیەکانی هەستیاریی تاکە کەسو بەشێوەیەکی گشتی زۆر نانموونەییدا رابکێشن، تیۆرە سایکولۆجیەکانی فرۆیدو یونگو چەند لایەنێکی تایبەتی لەبەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکیو پروستو بەرهەمە سەر

سورهێنەرو سەر سەختانەکانی کافکاش ئەم ئارەزووەیان زیاتر کرد، هەستی گۆشەگیریی هونەرمەندو رۆشنبیر لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا، لەبەرهەمەکانی کافکادا دەگاتە لووتکە، ئەو بەرهەمانەی کەتیایاندا کابوس دەبێت بەواقیعو تاك لەدنیایەکدا گرفتار بووە کەنەك تەنها دوژمنایەتی دەکرێ، بەڵکو بەرووکەش کردەوەی ئینسانەکانیش کاری لێناکات، تەرزی فیکری قبوڵکراو لەناواخنی زۆر لەبەرهەمە ئەدەبیە فیکر وروژێنەرەکانی سەدەی بیستەمدا، بەمەبەستی رەشبینانەو گیان ئازاردەرو نائومێدانەیە.

3- هەتا لەبەرهەمی بەرجەستەترین نووسەرانی ئەم چەرخەدا واتە (کونراد، لۆرانس و جویس)، مشتومڕ لەنێوان رۆماننووس و مادەی خاوی رۆمانەکانیدا زۆرجار مشتومڕێکی نابەرامبەرە. هیچ یەکێ لەم رۆماننووسانە تەسلیمی لایەنە نزمەکانی کۆمەڵگای خۆی نابێ، بەڵام لەهەمانکاتدا هیچ کامیان توانای بەدەستهێنانی فەلسەفەیەکی تایبەتی و سەرئەنجام دیدگایەکی هونەریی گشتییان نییە تا لەسەر بنەمای ئەوە بتوانن بەشێوەیەکی زۆرباش رووبەرووی ئەو دنیایە ببنەوە کەسەروکاریان لەگەڵیدا هەیە. هەستکردن بەفشارو لەدەستدانی ئارامی شانبەشانی پشت بەخۆبەستن (ئارامی لای هەر نووسەرێك، ئایا فیلدینگ یان تۆلستۆی بێ)، کورتکردنەوەی لەرادە بەدەرو ئارەزووی بەردەوام بۆ بەزاندنی سنووری سەلامەتی رۆح بەنووسینێکی پڕ رازو رەمزو تەمومژاوی کەباسی هەڵچوونی دەروونی بکات کەسەرەرای هەمووی درەوشاوەیی رۆمانی مودێرنی تێدا دەبینرێ، لەهەمان مەسەلەوە سەرچاوە دەگرێ.

4-شانبەشانی رۆمانەکانی نووسەرانی وەکو کۆنراد، ڤێرجینیا وۆڵف، لۆرانس، جیمس جۆیس و فۆرستیر لەسەدەی بیستدا کۆمەڵێ رۆمانی تر لەڕوانگەی چینی کرێکارەوە بەمەفهومی تایبەتی وشە کەنووسراون کە لەبنچینەدا دیدگایەکی جیاوازە. هەریەکە لەم رۆمانانە بەهای تایبەتی خۆی هەیەو لەم نووسینەدا ناتوانرێ بەشێوەیەکی شایستە باسیان بکرێ. ئەوەندە بەسە کەتەنها ناوی رۆمانی (چەند مرۆڤ دۆستێك بەپانتۆڵە شڕەکانیانەوە)[1] 1914ی رۆبەرت تریسال و رۆمانی (کوایەرێکی سکوتلەندایی (1932-1934))لویس گراسیك گیبون بهێنرێ وەکو دوو رۆمانی گرنگ و هەژێنەر کە لەبواری مێژوویی خۆیاندان نیشاندەری کاریگەریی جولانەوەیەکی تازەن، لەڕۆماندا.

5=لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، هەوڵی لەمێژینەی رۆماننووسی ئینگلیزی بۆ بەدەستهێنانی ریالیزمێکی تەواوو گشتگیر، زۆرجار لەڕێڕەوی سەرەکی خۆی لادەدات، هاوزەمان لەگەڵ توندوتیژ ئامێزی و توندڕەوتر بوونی مەسەلەکان، خەبات بۆ بەدەستهێنانی دیدگایەکی بەردەوام و گشتی دەربارەی ژیانیش هەرچی زیاتر دژوارو تاقەت پڕوکێن دەبێ. بەقسەی مەکسیم گۆرکی (ئامانجی زۆربەی خەڵك لەبیرکردنەوەو باسکردن ئەوە نییە کەلەدیاردەکانی ژیان بکۆڵنەوە، بەڵکو زیاتر دەیانەوێ هەرچی زووتر پەناگایەکی ئارام بۆ ئەندێشەکانی خۆیان بدۆزنەوەو جۆرەها راستی تۆمارکراو بسەلمێنن)بەڕای من، کێشەی سەرەکی رۆماننووسی سەدەی بیستەم، ماهیەتی کەرەسەی خاوی رۆمانەکانی نییە بەڵکو دژواریی

بەدەستهێنانی دیدگایەکە کەبتوانێ لەسەر بنەمای ئەو دیدگایە ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤ دیاری بکاتو دەوڵەمەندیان بکاتو جڵەویان بکات. هۆیەکی تایبەتی لەئارادا نییە بۆ ئەوەی کەهونەری باش نەتوانێ لەکاتو سەردەمی گۆڕانە مەزنە کۆمەڵایەتیو مەعنەویەکاندا سەرهەڵبدات. بەپێچەوانەوە، بەپێی بەڵگەی مێژوویی و ئەوەی عەقڵی تەندروست حوکمی دەکات، دەتوانرێ باوەڕ بەوە بهێنرێ کە توانا هونەریەکان بەتایبەتی لەسەردەمێکی ئاوادا دەبێ دەوڵەمەند بن.

## ب-چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم:

لەچارەکی دووەمی سەدەی بیستەمدا، هیچ رۆمانێکی مەزن نەنووسراوەو لەڕاستیدا ئەو کتێبانەی کەمرۆڤ حەز بکات بۆ وەسفکردنیان سیفەتی (باش)بەکار بینێ، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. هەڵبەتە رەنگە چەند بەرهەمێکی ئاشکرانەکراوی بلیمەتێك سەرهەڵبدەن. یان رەنگە نەوەی داهاتوو لەو بەرهەمانەدا کەئێمە ئەمڕۆ وەکو دەستی سێیەم لێی دەڕوانین، چەند سیفەتێك بدۆزنەوە کەئێمە هەرگیز دەرکمان پێنەکردوون یان بایەخمان پێنەداون. بەڵام زیاتر وادێتە بەرچاو کەرەنگە مێژوونووسانی ئەدەب، ئەم ماوەیە وەکو ماوەیەکی بێ ئەنجام حساب بکەن کەڕۆمانەکانی ئەم ماوەیە ئەگەر بشخوێنرێنەوە، زیاتر لەحوکمی چەند دیاردەیەکی سەیرو سەمەرەی کۆمەڵناسیدا دەبن تاهونەری زیندوو.

رەنگە ئەو دوو تایبەتمەندییەی کەلەلێکۆڵینەوەی رۆمانەکانی ئەم ماوەیەدا زیاتر سەرنجڕادەکێشن بریتی بن لەبێ بەهرەیی رەشبینی.

ئـەم دوو خاسـیەتە تاڕادەیـەك لەیـەكتری جیاناكرێنـەوەو هەڵبەتـە هەردووكیان لەبواری مێژوویی خۆیاندا بەباشی دەركدەكرێن.

بـێ بـەهرەیی تاڕادەیـەكی زۆر ئـەنجامی لاوەكـی رەشـبینییە. ئـەو نووسەرانەی كەدەبینن بەشێوەكی گشتی ناتوانن لەگەڵ دنیـادا خۆیـان بگونجێنـن، حـەز دەكـەن لەتاكـە گۆشـەی ئـارامدا كەكـەمو زۆر هەسـت بەدڵنیایی دەكەن (واتە لەگرفتاریی رۆحی خۆیان چەند كەسێكی كەمی وەكو خۆیاندا)گۆشەگیری هەڵدەبژێرن. هەر لەبەر ئەمەیە كەنووسـەرانی چینـی ناوەڕاسـت لەسـەدەی بیسـتەمدا حـەز دەكـەن كـەمرۆڤێكی گۆشەگیربنو تەنها بایەخ بـەگیانی ئازاردراوی خۆیـان بدەن، یـان جگە لەم حاڵەتە تەنها بایەخ بەدنیایەكی نائاسایی سنووردار بدەن كـەتیایدا هەسـت بـەنامۆیی خۆیـان ناكـەن. بەقسـەی یـەكێك لەرەخنـەگران: (بەچاوخشانێك بەئەدەبیاتی چیرۆكی ئینگلیزی لەماوەی نێوان هەردوو جـەنگی جیـهانییدا، بەدڵنیاییـەوە دەتوانـرێ بگوتـرێ كەباشـترین چیرۆكـەكانی ئـەم ماوەیـە تەقریبـەن هـەموویان چـیرۆكی كەمبایـەخن كەكارەكتەرەكانیان لەئەدەبیاتی كۆنتردا، زیاتر دەوری لاوەكیان هـەبوو تادەوری ژنو پیاوانی پاڵەوان).

ئایا (بێ بەهرەیی)و (رەشبینی)تەنـها دوو واژەنین كەخوێنـەر بـۆ دەربڕینـی بیروبـاوەڕی سـەبارەت بـەو چیرۆكـە بـەكاری دەهێنـێ كەئارەزووی ئەوی بزواندووە؟ بەڕای من، بەم جـۆرە باسـانە نـاتوانی لەئەسڵی بابەتەكە لابدەی. ئـەوەی كەكاریگـەریی گشـتی بەرهـەمی رۆماننووسـانی وەكـو ئـەڵدۆس هاكسـلی [4]، جـۆرج ئۆریـڵ[5]، ئارپـەر كۆسـتلەر[6]، گراهـام گریـن[7]و ئیڤلیـن و [8] رەشـبینانەیە، ئەوەیـە

ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرانە ئەوپەڕی وێنەی نائومێدانە نیشاندەداتو ئەنجامێکی بێکەڵك لەحاڵو ڕۆژگاری مرۆڤ بەدەستەوە دەدەن، تەنها مامەڵەیەکی تایبەتی نییە بەڵکو دەتوانرێ وەکو هەر حوکمێکی ترلە ڕەخنەی ئەدەبی بەڕوونی جێگیر بکرێ. مەسەلەکە تەنها ئەوەنییە کەئەم نووسەرانە چەند بابەتێك هەڵدەبژێرن کەئارەزووی خوێنەر دەوروژێنن و ڕۆمانەکانیان دەربارەی کۆمەڵگایەك دەنووسن کەهەموولایەنە دێرینەکانی گەندەڵی (داڕمان)ی تێدا دەبینرێ؛ خاڵی گرنگ ئەوەیە کەنووسەرانی ناوبراو بۆخۆیان تاڕادەیەکی زۆر لەبەهاکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بەشدارن کەرەسمی دەکەن. بەدەربڕینێکی تر ئەو نووسەرانە تەنها وەسفکەری گەندەڵیی نیین، بەڵکو خۆشیان گەندەڵن.

هەڵبەتە ئەم پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە کەبۆچی ڕۆماننووسی مۆدێرن بەم جۆرە نەبێت؟ ڕەشبینیو گەندەڵی چ خەوشکێان تێدایە؟

پێموایە وەڵامی سادەی پرسیارەکەی سەرەوە ئەوەیە کەتێڕوانین لەم بابەتە، پێشێلکەری ژیانە بۆیە پێشێلکەری هونەریشە هەڵبەتە هیچ کەسێك نایەوێت بوونی بەدبەختیو گوناهباری نادیدە بگرێ، یان نکۆڵی لەوەبکات کەرەشبینیو گەندەڵی بەشێکن لەژیانی مرۆڤ کەدەبێت بەگرنگ لێکبدرێنەوە نەك بێ بایەخ لێکبدرێنەوە. هیچ کەسێك نایەوێت نکۆڵی لەوەبکات کەئەوەی لەشانۆگەری (ماکبپ)[9]دا ڕودەدات بەئەندازەی (چیرۆکی زستان)[10] ڕاستەو گرنگی هەیە؛ بەلام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کەئەگەرچی شکسپیر لەماکبپ دا بەدووربینیەکی بێوێنەوە بەناپاکیمان ئاشنادەکاتو بوار نادات

لەواقیعیبوونی ئەو ناپاکییە رابکەین، بەڵام هەرگیز تەسلیمی ئەو هەستە نابێت کەخودی ژیان ناپاکانە یان بێمانایە، یان ئەوەی کەمرۆڤ بونەوەرێکە بێتواناییەکانی بەنابووتی مەحکومی کردووە، خودی ماکبیپ بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئازار دەچێژێت نەک سکۆتلەندا[11].

ئاشکرایە کەکاتێك خوێنەرێك باوەڕی وابێت ژیان لەرووداوی رۆمانەکانی گراهام گرین دەچێت ناتوانرێ بەئاسانی بهێنرێتە سەر ئەو باوەڕەی کەگراهام گرین رۆماننووسێکی گەورە نییە، ئاسایی بڕیاری کۆتایی لەگەڵ دنیاو لەگەڵ خەڵکەکەیدا دەبێت. ئەگەرچی کاتێك ئەم بڕیارە دورودرێژیش بێت، بمانەوێ‌و نەمانەوێت تاڕادەیەك دەمکوتکەر دێتە بەرچاو؛ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەر بڕیارە رەخنەی ئەدەبی بێگیان‌و دەستەگەریی نەبێت، دەبێت لەهەمان بڕیارەوە، سەرچاوە بگرێ.

## پەراوێزەکان:

1– –The Ragged Trousered philanthropists- ڕۆمانێکە Robert Tressall نووسیوویەتی (و. فارسی).

2– A Scots Quair- ڕۆمانێکە Lewis Grassic Gibbon نووسیوویەتی (و.فارسی).

3– Maxim Gorky(1868-1936) -ڕۆماننووسی ڕوسی (و.فارسی).

4–Aldous Huxley (1894- 1963)- ڕۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

5-George Orwell (1903- 1950)-5نازناوی ئەریك بلەر (Eric Blair)ڕۆماننووسی ئینگلیزییە (و. فارسی).

6– Arthur Koestler- لەدایکبوی 1905)ڕۆماننووسی مەجەڕی کە کە جنسیەی بەریتانیایی هەڵبژارد (و. فارسی).

7– Graham Greene(1904- 1991)-ڕۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

8– Evelyn Waugh (1903- 1966)-ڕۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

9– Macbeth-9شانۆگەرییەکە کەولیام شکسپیر ((William Shakespeare (1564- 1616))شانۆنامەنووسی ئینگلیزی نووسیوویەتی (و.فارسی).

10– The Winters Tale-شانۆنامەیەکە شکسپیر نووسیوویەتی (و. فارسی).

11– ڕووداوەکانی شانۆگەریی ماکبیپ لەسکوتلەندا ڕوودەدات (و.فارسی).

# فەسڵی شەشەم

# هێنری جەیمس سەرقافڵەی مۆدێرنیزم لەرۆمان نووسیندا.

## نووسینی: پیتەر فاکنەر



هینری جەیمس

ئەو رۆماننووسەی کەلەهەموان زیاتر هەوڵیدا بۆ ئەوەی شێوەیەکی نوێ لەئەدەبیاتی چیرۆکی سەرەدەمی نوێدا دابهێنێ، هێنری جەیمس[1] بوو. جەیمس سەرەڕای رۆمان و چیرۆکە جۆراو جۆرەکانی، چەند وتارێکیشی لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا نووسی کەنیشاندەری بایەخدانی زۆرو زەبەندی ئەون بەلایەنە تەکنیکیەکانی هونەری رۆماننووسین، هەمان بابەت واتە (رۆماننووسین و هاوزەمان لەگەڵ ئەوەدا، بایەخدان بەباسە تیوریەکانی هونەری رۆماننووسین)بۆ خۆی بەخەسڵەتە دیارەکانی مۆدیرنیزم لەقەڵەم دەدرێ. جەیمس لەساڵی 1884دا لەوتاریکدا بەناونیشانی (هونەری ئەدەبیاتی چیرۆک)ئاماژەی بۆ ئەم گۆڕانکاریە کرد:

هەتا ئەم دواییانە لەوانە بوو واتەسەور بکرێ کەرۆمانی ئینگلیزی بەقسەی فەرەنسیەکان (شایانی قسە لەسەرکردن نییە). وادیار بوو کەرۆمان هیچ جۆرە تیور، دیدگایان تێروانینێکی تایبەت بەخۆی نییە کەپشتیوانی ئەوەبێ و تەرجومانی باوەڕیکی هونەرمەندانە یان ئەنجامی هەڵبژادرن و بەراوردکاریی نییە.)بەقسەی جەیمس، دەبێ گۆڕانی رۆمان لەدیکنزو پاکەری بەدواوە بەباشی تەماشابکرێ چونکە لەو سەردەمەدا (بەگشتی ئەو بۆچوونە سادەو خۆش باوەڕانەیە رەواجی هەبوو کەرۆمان رۆمانە هەر وەکو چۆن دیسەر* دیسەرەو تەنها دەبێ قوت بدرێ)لەڕاستیدا جەیمس ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە شوناسی تیوری رۆمان بەو شێوەیەی کەلای رومانووسە فەرەنسییەکان لەفلوبیرەوە تا زۆلا بەرچاو دەکەوێ، بەمەبەستی تەواوکردنی سەرکەوتنی هونەریی رۆماننووس پێویستەو خودی جەیمس لەو پێشەکیانەدا کەبۆ چاپی

رۆمانەکانی لەنیویورك لەسالآنی (1906– 1907)نووسی، لەگەڵ پایەدارترین رەخنەی رۆماندا بەزمانی ئینگلیزی هەمان شوناسی تیۆریی بەدەستەوەدا، جێگەی سەرسوڕمان نییە کەجەیمس لەوپێشەکیانەدا راستو دروستی زۆربەی شتە فەرزکراوەکانی سەردەمی ڤیکتوریا دەربارەی رۆمان دەخاتە بەردەم گومانەوە.

جەیمس لەوتاری (هونەری ئەدەبیاتی چیرۆك)دا رەخنە لەرۆماننووسانی سەردەمی ڤیکتۆریا دەگرێ کەچۆن بەرادەربڕینی راستەوخۆ لەخۆیانەوە دەچنە ناو رۆمانەکانیانەوە:

(لەم دواییەدا کەزۆر لەبەرهەمەکانی (ترۆلۆپ)م دەخوێندەوە، تەواو راچڵەکیم کەچۆن لەم بوارە تایبەتیەدا وردو وریانە بووە. لەو شوێنەدا کەقسە دەگۆڕیو لەکەوانەدایان راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەراندا قسە دەکات، لەراستیدا دان بەوەدا دەنێ کەلەگەڵ هاوریکەیدا (راوی چیرۆك)کە خوێنەری وەك مەحرەم تەماشاکردووە، تەواو (شێوەسازی)دەکات. ترۆلۆپ ئەوە قبوڵ دەکات کە رووداوە گێڕدراوەکان هەرگیز لەواقیعدا روویان نەداوەو ئەو دەتوانێت هەر جۆرێ کەخوێنەر پەسەندی دەکات چیرۆکەکە بەرەو پێشەوەبەرێ. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە پشت کردنە بەپرسیارێتیەکیوا گرنگ، بەڕای من تاوانێکی ترسناکە..).

لێرەدا جەیمس بەو بەڵگەیەی کەرەنگە ئەمڕۆ بەناکامڵ لێك بدرێتەوە، ئەوە دوپات دەکاتەوە کەڕۆماننووس دەبێ رۆڵی خۆی وەکو بێژەری حەقیقەت بەکەم نەگرێ. لەباسەکەی جەیمسدا، پەیوەندی ئاسانکاری ئامێزی رۆماننووسو جەماوەر شوێنی خۆی بۆ بەرپرسیارێیەکیجدی چۆڵ دەکات لەبەرامبەر خودی بەرهەمەکەدا،

جەیمس کاتی ئاماژە بۆ بەرهەمی ئەدەبی دەکات تەئکید لەسەر یەکپارچەیی ئەو بەرهەمە دەکاتەوە:

(رۆمان بوونەوەرێکی زیندووە کەوەکو هەر بوونەوەرێکی تر یەك پەیکەری پێکەوە لکاوی هەیە، وهەر چەند زیاتر لەعومری بگوزەرێ، زیاتر ئاشکرا دەبێ کەلەهەر بەشێکیدا نیشانەیەك لەباقی بەشەکانی دیکە هەیە.)

لەڕاستیدا جەیمس بەزمانی رەخنەگرانی رۆمانتیكو بەتایبەتی بەزمانی کۆلریج دەربارەی رۆمان قسەدەکات. ئەو هەمیشە بایەخێکی زۆر بەچەمکی (یەکێتی ئۆرگانیکی)دەدا هەمان بابەت بووبەهۆی دوورکەوتنەوەی لەرێساکانی رۆمانی سەردەمی ڤیکتوریا. هەڵبەتە جەیمس هەمیشە دەیگوت کەیەکێتی تەنها بەمەعنای چەند بابەتێکی سنووردارنییە، بەپێچەوانەوە ئەوەی کەئەدەبیاتی چیرۆك بەزیندوویی دەهێڵێتەوە هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی (تانوپۆی ژیانو ریتمی نارێكو سەرسووڕهێنەری ژیان)لەکۆتایی وتارەکەیدا، جەیمس لەگەڵ باسیکدا بەتونێکی توانج ئامێز دەربارەی رازی بوونی رۆماننووسانی سەردەمی ڤیکتۆریا بەپاکژی ئەخلاقی رۆمانی ئینگلیزی ئەوەی دەردەبڕی کە (رۆمانی ئینگلیزی ئامانجی نییە، بەڵکو پشت بەخۆ نەبەستنی تێدایە).

جەیمس مەبەستی لەوەیە کەرۆماننووسە ئینگلیزەکان لەباسکردنی بابەتە پڕ سەرئێشەکانو- بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەپەیوەندیان بەهەڵسوکەوتی سێکسی مرۆڤەوە هەیە- خۆیان بەدوور دەگرن تا رۆمان بەمەسەلە نائەخلاقیەکان ئالوودە نەبێ، لەوەش بێئاگان کەپاکژیەکی لەو جۆرە لەڕووی ئەخلاقیەوە بێمەعنا دەردەچێ.

بەم شێوەیە جەیمس لەبەر رادەربڕینی راستەوخۆی نووسەرو لەبەر

ئـەوەی ڕۆماننووسـان بەسـەر بابەتـە تایبـەتی یـەکاندا بـاز دەدەن تاسنووری بنەما گشتیەکانی ئەخلاق نەبەزێنن ڕۆمانی کۆن دەداتە بەر شـالاوی ڕەخنـەو داکۆکـی لەتـەواوی داخـوازی خـۆی (واتـە بەدەسـت هێنانی یەکێتی زیاتر لەنێوان بەشەکانی ڕۆماندا)دەکات.

جـەیمس لەوپێشـەکیە ڕەخنەییانـەدا کـەبۆ ڕۆمانـەکانی نووسـی و پاشان ر. پ. بلکمور[2] بە ناونیشانی هونەری ڕۆمان چاپی کردن، باسی بەرهـەمانی خۆی و هەوڵەکانی دەکات بۆچارەسەرکردنی ئـەو کێشانەی لەکەم و کورتییەکانی سەردەمی ڤیکتۆریـاوە سەرچاوەی گرتووە. ڕەنگـە دیارترین بەشی هونەری ڕۆمان، ئەو پیشـەکیەبێ کەجەیمس بۆ یـەکێ[3] لـە ڕۆمانـەکانی نووسـیووەو تیـایدا دەڵێـت: (تابلۆیـەك کەبەشـەکانیان پێکـەوە نـەلکاندبێ، پشـتی لـەپڕ بـەهاترین بـەختی خـۆی کـردووە بـۆ جوانیـی و ئەگـەر وێنـەکێش نـەزانێ کـەچۆن ئـەم پرانسـیپەکە راسـتی و دووسـتی و پاراسـتن (واتـە پێکـەوە بەسـتنی بەشـەکانی وێنەکـە)وەکـو هونـەرێکی تـەواو بەسـەر بەرهەمەکـەیدا زاڵـە، ئـەو کاتـە لەبنچینـەدا بەرهـەمێکی هونەری نەهێناوەتە ئاراوە. گومـان لەوەدانییەکـە سـەرەڕای نەبوونی ئاوێتەکردن، بەرهەمی هونەری دەشێ زیندووبێ هـەروەکو چۆن ڕۆمـانی خـێزانی نیوکـام[4] یـان سـێ تفـەنگدار [5] یـان شـەڕو ئاشـتی تۆلسـتۆی زینـدوون؛ بـەڵام ئـەم بوونـەوەرە زەبـەلاح و فوتـێکراوو شـل و شـاوانەی کەبنـەماکانی بوونیـان لەسـەر ڕووداوی ڕێکـەوت و مـن منـی سـەیرو سەمەرەیە. کام مـەعنای هونـەرییان تێدایـە؟.. زیندوویـی چـەند جۆرێکـی جیـاوازی هەیـەو لـەوێوە کەزیادەکاریـەکانی بەرهـەمێك چـەند شتێکی زیندوون کەچاوپۆشیان لێ دەکرێ تا (لەحساب نەیـەن)من لـەزەت

لەکورت کردنەوەی هەمەلایەنەو شێوەی ئۆرگانێگی دەبینم).

جـەیمس پێکەوەبەسـتنی رەگـەزەکانی رۆمـان لەگـەڵ پێکەوەبەسـتنی بەشەکانی تابلۆی وێنەکێشاندا بەراورد دەکات بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە تەئکید لەپێویسـتی یەکپارچـەیی ئیسـتاتیکا لـەرۆماندا بکاتـەوە. لەراسـتیدا وێنەکێشانی سەردەمی ڤیکتۆریاش وەکو رۆماننووسانی ئەو چەرخـە فرە بەشـیان دەخزانـدە بەرهەمەکانیانـەوە؛ بـەڵام جـەیمس بـەدوای رۆمـانی یەکپارچەدا دەگەڕا. راست وەکو ویسلەر[6] کەلە داهێنانی هونەرێکی(بصری- بینین)دا دەستی هەبوو کە بەشەکانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاوئاهەنگ بـێ. ئـەمڕۆ رەنگـە لـە تەنیشـت یەکـەوە دانـانی نـاوی رۆماننووسـانی وەکـو پاکـەری و دومـاو تۆڵسـتوی سـەیر بێتـە بـەرچاو، بـەڵام مەبەسـتی جـەیمس ئاماژەیە بۆ مەیلی باوی رۆمانی سەدەی بیستەم بۆ ئەوەی بە قسەی جەیمس ببێ بە(میدل مـارچ)کـە کۆگـای بەشـەکانە، بـەڵام... بەگشـتی چۆنایەتیـەکی نزمـــی تێدایــە).

چەمکی( یەکپارچەیـــی) یـان (شـێوەی ئۆرگـانێکی)لـە ئەندێشـەکانی جەیمس دا سەبارەت بەرۆمان پایەیەکی گرنگی هەیە. بەم شێوەیە، جەیمس بەدوای بەدی هێنانی ئەم یەکپارچەییەدا ناگەڕێ لەوەدا کە رەنگە بەئاسانترین رێگای(نووسینی کورتە رۆمان یان ئەو چیرۆکانەی دەربارەی یەك بابەتن)بێتە بەرچاو، ئەگەرچی جار بەجارێ ئەم کارەش دەکات. بێگومان جەیمس لـەو رووەوە بەبایـەخدار تەماشای رۆمان ناکات کە باسـی هـەندێ بابـەت ناکـات ، بەڵکو زۆرجار وەکو بەهایەك تەئکیـد لە هەمەجـۆری دەکاتـەوە؛ بۆنموونە لـە پێشەکـی رۆمانی پـۆرترێتـی خـانمێـکدا The Portrait of a lady .

(لێرەدا تـەواو پەی بەزۆر بەهای رۆمان دەبەین لە حوکمی فۆرمێکی

ئەدەبیدا بەتوانای... بۆئەوەی لەگەڵ زیادەڕەوی لە قاڵبی خۆیدا یان بەتێکشکاندنی قاڵبەکەی بە خێرایییەکی نادیار، کارەکتەرەکانی هاوڕێکی واقیع دەخاتە روو.)

جەیمس لەرەخنەگرانی رابردوو زیاتر تەئکید لەئەگەری جۆراوجۆربوونی کاردانەوەی خوێنەرە جیاجیاکان بۆ رۆمانێك دەکاتەوە، یان بەدەربڕینێکی تر تەئکید لەزەینی بینەری تایبەتی رووداوە مرۆییەکان دەکاتەوە.

(ئەووردراوسێکەی سەرقاڵی تەماشای یەك نمایشن، بەڵام یەکێکیان زیاتر دەبینێ و ئەوی تر کەمتر، یەکێك رەشایی دەبینێ و ئەوەی تر سپێتی، یەکێك گەورەیی دەبینێ و ئەوی تر بچووکی، یەکێك رەقی دەبینێ و ئەوی تر نەرمی).

ئەم دیدگایەی کەلەسەر رەسەنایەتی زیهن بنیاتنراوە، خەیاڵی نووسەرانی سەردەمی ڤیکتۆریای دەشێواند، بەڵام جەیمس پێیخۆشحاڵ دەبوو(خۆش بەختانە ناتوانرێ بگوترێ بۆ جووتێ چاوی تایبەتی، پەنجەرە بەڕووی کام دیمەندا ناکرێتەوە). لەگەڵ ئەمەشدا، قبوڵکردنی ئەوەی کەدنیا لەلای بینەرە جیاجیاکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینرێ، بەلای هونەرمەندێکەوە کەبەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بەیەکێتی بەشەکانی بەرهەمەکەی دەدات چەند مەسەلەیەکی تۆکمە دەهێنێتە ئاراوە. ئەو هونەرمەندە چۆن دەتوانێ چەند رەگەزێکی جیاواز کەدەزانێ ژیان پێکدەهێنن یەکپارچە بکات، بەتایبەتی لەکاتێکدا لەوە ئاگادارە کەهەر زیهنێك، بەشێوەیەکی جیاواز ژیان تەجروبە دەکات؟ وەڵامی جەیمس بۆ ئەم پرسیارە ئەو شتەیە کەبلکمۆر بە(عەقڵی وردبینی ناوەندیی) ناوی

دەبات. لەرۆمانی پۆرتریتی خانمێکدا، ئەو عەقڵەی(کەمن پێم باشە ناوی بنێم(زیهنیەت).)کارەکتەرێکە بەناوی(ئیزابێل ئارچەر). جەیمس لەروونکردنەوەی ئەوەدا کەچۆن ئیزابێل ئارچەری بە وەڵامێك بۆ مەسەلەی کانگای بایەخ لەرۆماندا لێك دایەوە دەڵێت:

((بەخۆمم وت: تەوەری بابەتەکە بکە بەزیهنی خودی ئەو ژنە گەنجە تا هەرکێشەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشت هەبێ کەدەتوانی ئارەزووی بکەی بۆ میحوەری رۆمانەکە، تەنها پشت بەو زیهنە ببەستە؛ زۆرترین قورسایی لەوتایەدا دابنێ، ئەوتایەی کەبەشێوەیەکی سەرەکی دەرخەری پەیوەندی ئەو دەبێ لەگەڵ خۆیدا))

جەیمس بە سوودوەرگرتن لەکارەکتەریکی لەمجۆرە، کێشەی یەکپارچەیی بەشەکانی رۆمانی بەبێ چاوپۆشی لەئەگەری ئاڵۆزیی رۆمان چارەسەرکرد. ئەو لەمەفهومی سادەی ئەو یەکپارچەییە زیاتر رۆیشت کەوەکو رۆمانی(تۆم جۆنز)[7] لەرێگەی کارەکتەرێکی سەرەکیەوە بەدەست دێت، بەم پێیە کەزیهنیەت ئەو کارەکتەرەی واپەسەندکرد کەببێتە هێزی راکێشەری ناوەندی رۆمانەکە. جەیمس لەرۆمانە گەورەکانی وەکو پۆرتریتی خانمێك و باڵوێزانیشدا هەمان شێوەی بەکارهێنا. بەڵام لەرۆمانی جامی ئاڵتووندا 1907) The Golden bowl)هەنگاوێکی دیکەی بۆ پێشەوە هەڵگرت و بەشی یەکەمی رۆمانەکەی بۆ شازادەو بەشی دووەمیشی بۆ شازادە خانم تەرخانکرد. ئەم کارە لەحوکمی بەرەسمی ناسینی رەسەنایەتی زیهندا بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا چارەسەری مەسەلەی یەکپارچەیی بەشەکانی رۆمان بەشێوەیەکی باشتر تەرحدەکات. رێگە چارەی جەیمس لەم رۆمانەدا، کەڵك وەرگرتنە لەوێنەیەکی ناوەندیی(خودی جامەکە)و بەرەو لووتکەبردنی

ڕووداوەکـان بەشـێوەیەك کەشـازادە خـانم شـوێنی کارەکتـەری سـەرەکی بگرێتەوە، سەرەڕای ئەمانە، دەتوانرێ چەند پرسیارێکی دیکەش بکرێ؛ بـۆ نموونە؛ چۆن کەڵك لـەزیهنیەتی مستەر ڤێر ڤێر–Mr.Ververیان چـارلۆت ستنت Charlotte Stant وەرنەگیراوە؟ ئایا گۆڕانـی شازادە خـانم زیـاتر لەبەر پێویستی دەروونی مامەڵەی نووسـەرە یان لەبەر سروشـتی خـودی شـازادە خانمە؟ لەڕاستیدا، جەیمس لەڕۆمانی جامی ئاڵتووندا وێڕای سەرکەوتنێکی گەورە توانی هەم لەنێوان بەشە جیاوازەکانی بەرهەمەکەیدا یەکپارچەیی بەدی بێنـێ و هـەم ئـەوەی کەئـەو هەسـتە بـۆ خوێنـەر بگوێزێتـەوە کەزیهنەیـەتی ئینسانەکان ئاڵۆزو جۆراوجۆرە.

## پەراوێزەکان:

1–Henry James(1843-1916) ڕۆماننووسـی ئـەمریکایی کەجنسـیەی بەریتانیایی هەڵبژارد(و. فارسی)

2–R. P. Blackmur(1904-1965)-شاعیرو ڕەخنەگری ئەمەریکایی(و. فارسی)

3–بەناونیشانی The Tragic Muse

4– The Newcomes,-ڕۆمانێکە پاکەری نووسیوویەتی(و. فارسی)

5–Les Trois Mousquetairesڕۆمانێکە ئەلیکساندەر دوما Alexander Dumas(1824-1895)ڕۆماننوسی فەرەنسی نووسیوویەتی (و. فارسی)

*دیسەر Dessert میوەیان شیرینی یان شتێکی تر کەلەدوای خواردن دەخورێ(فەرهەنگی عمید 1361)و. کوردی

6–Whistler(1834-1903)-وێنەکێشی ئەمەریکایی(و. فارسی)

7–Tom Jones -ڕۆمانێکـە هیـنری فیلدینـگ (Henry Fielding-1707-1754ڕۆماننووسی ئینگلیزی نووسیوویەتی).(و. فارسی).

# فەسڵی حەوتەم

# رۆمانی پۆست مۆدێرنیستی



دەیفد لوج

دەتوانرێ مێژووی ئەدەبیاتی مۆدێرن بە هاتووچۆیەك لێكبدرێتەوە لە نێوان كۆمەڵێ تێڕوانین و هونەری نووسینی بە تەوەربوودا: مۆدێرنیستی و رەمزیی یان ئەفسانە دروستكەرو لایەنگری نووسەرو میتافۆریك لەلایەكەوەو دژی مۆدیرنیست و ریالیستی و لایەنگری خوێنەرو مەجازیی لەلایەكی ترەوە . هەربۆیە ئەوەی كەلەسەرەتای مەسەلەكەدا وەكو جۆرێك لە بیدعەت دێتە بەرچاو (تەرزی نووسینی تازەیە كەكاتێ شێوەی باوی نووسین تا لەوزەیدابێت بەكار دەهێنرێت و كۆن دەبێ ، لە بەرامبەریدا خۆی ئاشكرا دەكات )، هەروەها لەروانگەیەكەوە گەڕانەوەیەكە بۆ بنەماو بۆچوونەكانی سەردەمی پێشتر . خەیاڵی مرۆڤ كە بنەمای كارەكەی كەرەسەی نوێی بە دەست هاتووە لە مێژووی سرووشتەوە، ڕەنگاوڕەنگی و بارهێنانێكی وەها بێكۆتایی تێدایە كەبەرهەمی داهێنەرانەی هیچ سەردەمێك ناتوانرێ پێش بینی بكرێ، هەرچەندە دەربڕینی بۆچونی رەخنەگرانەی هەر سەردەمێك تا رادەیەك قابیلی پێش بینی كردنە. لەگەڵ ئەمەشدا جیاكاری لە نێوان دوو تەوەری خوازەو مەجازدا ئەوە ئاشكرا دەكات كە بۆچی مێژووی ئەدەبیات لە قوڵترین ئاستەكانی خۆیدا جۆرێك لە مۆركی رۆژگاری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە بەناچاریی دەبێ قسە بەلای یەكێك لەو دوو تەوەرەدا لابدات . بەڵام جۆرێكی تایبەتی لە هونەری پێشڕەو هەیە كە دەگوترێ تایبەتمەندی مۆدێرنیستی یان دژی مۆدێرنیستی نیە . بەڵكو پۆست مۆدێرنیستە.

پۆست مۆدێرنیزم درێژە بەرەخنەی مۆدێرنیزم لە هونەری لاسایی کردنەوەی کۆن دەدات و وەکو مۆدیرنیزم بەشوێن تازەگەریدا دەگەڕێ بەڵام بەشێوەی تایبەتی خۆی بە شوێن ئامانجەکانی خۆیدا دەچێت . هونەری پۆست مۆدێرن هەوڵدەدات بەرەو ئەودیوو یان دەوروبەر یان قولایی مۆدیرنیزم ڕێگا ببڕێ و زۆرجار ئەوەندە ڕەخنە لە مۆدیرنیزم دەگرێ کە دەبێتە دژی مۆدێرنیزم . ئاشکرایە کەئەم دیاردەیە لە بواری نووسیندا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش توانای ئاشکراکردنی جۆرناسی (Typology) ئەدەبی دەخاتە ململانێوە. لەم نووسینەدا بەنیازم وەسفێکی ئەدەبیاتی چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی بکەم و ببینم جیاکاری لە نێوان خوازەو مەجازدا تا چ رادەیەك لە لێکۆڵینەوەیدا بەسوودە .

پۆست مۆدێرنیزم لە ماوەی دە پانزە ساڵی ئەم دواییەدا بە شێوەیەکی زۆر ماقوڵ لە ڕۆمانی نوێی فەڕەنسی و ئەدەبیاتی چیرۆکی ئەمریکادا وەکو جۆرێك لە (نووسین)بە مەفهومە بارتیەکەی (واتە ئەو شێوە نووسینەی کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی سەردەمێ کی تایبەتی بەکاری دەهێنن) سەقامگیربووە. من لەم نووسینەدا بەشێوەیەکی سەرەکی لەئەدەبیاتی ئەم دواییەی ئەمریکا دەڕوانم، بەڵام لەهەر جێگایەکیشدا پێویست بێت ئاماژە بۆنووسراوی چیرۆکنووسانی بەریتانیاییش دەکەم. سەرەتا باسی بەرهەمەکانی سامویل بیکیت[1] دەکەم کەبەحەق دەبێ وەکو یەکەم نووسەری گرنگی پۆست مودێرنیست لەقەڵەم بدرێ.

بیکیت لەگەشەکردن و کامڵبوونی ئەدەبی خۆیدا، بەتوندی کاریگەریی مۆدێرنیزمی کلاسیکی کەوتەسەر. نووسینە سەرەتاییەکانی بیکیت بریتیبوون لەوتارێك کەبۆ کۆنفرانسێك دەربارەی جۆیس نووسی (1929)و لیکۆڵینەوەیەك دەربارەی بەرهەمەکانی مارسیل پروست (1930). چیرۆکی (دانتی و قرژاڵ)[2] لەسەرەتای یەکەم کتێبی چیرۆکەکانیدا (1934)نیشاندەری یەکەم هەوڵی بیکیتە بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنی رێسای مودێرنیزم و بەتایبەتی تەکنیکەکانی جۆیس. واتە ئەوکەسەی کەلەنێو هەموو مودێرنیستەکاندا بیکیت زۆرترین نزیکایەتی لەگەڵدا هەیە (وماوەیەك وەکو (کاتب)کاری بۆکرد). ئەم چیرۆکە باس لەبابەتی دێرینەی بوون- مەرگ- کات دەکات. نووسەر کاری جۆراوجۆری رۆژانەی خوێندکارێکی دبلنی باس دەکات بەناوی بلکوا Belacqua. بلکوا بەنانی سوخاری و پەنیری گورگونزولا بۆنانی نیوەرۆ سەندەویچ دروستدەکات، دەچێتە کلاسی زمانی ئیتالیایی و بۆ نانی ئێوارەی خۆی و پوری، لەدوکانی ماسی فرۆش قرژاڵ دەکڕێ. هەواڵی جۆراوجۆری بەخەیاڵدا دێت، لەوانەش ئەوەی کەبڕیارە بەیانی تاوانبارێکی حوکمدراو بەئیعدام لەداربدرێ. بینینی ئازارو نەگبەتی خەڵك لەسەر شەقامەکان، لەگەڵ چەند خەیاڵێك دەربارەی دانتی[3]، (بەتایبەتی ئەم دێرە لەدۆزەخ[4]کە (بەزەیی لەوێدا زۆر دەبێ لەکاتێکدا کەبەکردەوە مردووە) دەبێتە هۆی ئەوەی کەبلکوا لەرێگەی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە لەخۆی بپرسێ (بۆچی نەگوترێ بەزەیی و تەقوا هەردووکیان، هەتا لەقولاییدا؟)و پاشان دوعا بۆ (کەمێك

بــەزەیی لەفشــاری دەروونــی قوربــانیدا) دەکــات و لەگــەڵ تاوانبــاری حوکمدراودا هاودەرد دەبێ:

**(میکەیبی نەگبەت، لەبەرەبەیاندا پەتدەکەنە ملــی. لەوکاتــەدا چــی دەکــرد، هەستی چیبوو؟ لەزەتی لەژەمێك خواردنی تر، لەشەوێکی تر، دەبینی).**

بەڵام کەمێك پاش ئەوە ئاشکرا دەبێ کەئەو حاڵەتە دەروونیە، تەنها وێنــاکردنێکی هەســتییە، چونکــە ئــەوەی بەشــێوەیەکی ترســناك ئــەو لەســەر ماهیــەتی ئازارو مــەرگ دەوەســتێنێ ئەوەیــە کەلــەناکاو هەســت دەکات ئەو قرژاڵەی کڕیوویەتی هێشتا زیندووەو دەبێ بەهەمان شێوە لەئاودا بکوڵێنرێ تابلکوا بتوانێ بیخوات.

**بلکوا وتی: (یاعیسای مەسیح! زیندووە.) پووری تەماشــای قرژاڵەکــەی کــرد. دیسان جوڵایەوە، لەسەر موشەماکە بەهێواشی جوڵەیەکی کردکەتــەعبیری لــەژیان دەکــرد. بەسەرســەریەوە وەســتابوون و تەماشــایان دەکــرد کەلــەخوارەوە لەســەر موشەماکە، شێوەی خاچێکی دروستکردبوو. دیسان جوڵایەوە، بلکوا هەستی کــرد کەخەریکە دەرشێتەوە.**

**بلکوا بەئاهو ناڵەوە وتی (خودایە، زینــدووە. دەبــێ چــی بکــەین؟).. پــووری بەتوڕەییەوە وتی: (بەخۆڕایی هات و هــاوار دەکــەی و وەخــت لــەمن تاڵدەکــەی و پاشــان کاتــێ دەتــەوێت نــانی ئێوارەت بخۆیت پــەلاماری دەدەیــت.) پــــووری قرژاڵەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت. نزیکەی (30)سانیەی تر بۆ ژیــان هێشــتیەوە. بلکوا بیری کردەوە، باشە مردنێکــی خێرایــە، خــودا یارمــەتی هــەموومان بــدات وانییە.**

ئــەنجامی چیرۆکەکــە بــەم شــێوەیە (کــەمن زۆر کــورتم کــردەوە)، لەموبــەقی مــاڵی پــووری بلکــوادا ڕوودەدات کــەوەکو دۆزەخــی دانتــی

(لــەقولایی زەوی)دایــە. وادیــارە کــەکۆمیدیای خوداوەنــدی دانتــی لەچیرۆکەکــەی بیکیتــدا هــەمان ڕۆڵــی هەیــە کەئۆدیســەی هۆمــێرۆس لەڕۆمانی ئۆلیسدا هەیەتی. ناوی بلکوا (کەوەکو ناوی ددالوس[5] نامۆ دیارە)لەبەرزەخ Purgatory وەرگیراوە؛ لەسەرەتای چیرۆکەکەدا، بلکـوا بەســـەختی هـــەوڵدەدات بەشـــێکی دژوار لەبەهەشـــت (فـــردوس- Paradise)ڕاڤــە بکــات؛ گفتوگـــۆی بلکـــوا لەگـــەڵ مامۆســـتای زمـــانی ئیتالیـــاییدا دەربـــارەی (بـــەزەیی پێداهاتنـــەوە دەگمەنـــەکانی دانتییـــە لـــەدۆزەخدا)چیرۆکەکـــەی بیکیـــت بەڕووکـــەش ئـــەوە نیشـــاندەدات کەحیکمـــەتی مەســـیحی (کـــەدانتی زۆر بـــەجوانی ئاشـــکرای کردووە)هەرگیز لەمەسەلەی ئازارو مـەرگدا کاریگـەریی نییـە. لەگـەڵ ئەمەشــدا ســەمبۆلیزمی مەســیحیو ئامــاژەکردن (بەتایبــەتی بــۆ ئازارەکانو مەرگی عیسـای مەسیح)لـە لووتکـەی چیرۆکەکـەدا تـەواو دیارە، هەرچەندە بەشێوەی سەرەکی شێوازی دەربڕینێکی ئاست نزم (وەکو عیسای مەسیح! شێوەیەك لەخاچ، خودایە، پەلاماری دەدەی)ئەو ســـەمبولیزمو ئاماژەکردنـــەی شـــاردۆتەوە. دیـــارە مەبەســـت لەتەئکیدکردنـەوەی ئـەو ترسـە بـووە کەلەناسـینی ماهیـەتی واقیعـی دنیـاوە بەدەسـت دێـت، واتـە تـرس لەوەسـتان لەسـەر ئـەو ڕاسـتیەی کەهەریەکـە لەبوونـەوەرەکانی بـوون، بێڕەحمانـە بـۆ ئـەوەی درێـژە بەژیانی خۆی بدات بێڕەحمانە بوونەوەری دیکە دەکات بەقوربانیی.

لەیـەکێك لەبەشـەکانی پێشـەوەی چیرۆکەکـەدا، لـەکاتێکدا کـەبلکوا لەقســەکردن لەگــەڵ مامۆســتای فەرەنســیدا ناچــار دەبــێ واژەی (ماسی)بەکاربێنێ، وەك یەك بوونی ناسنامەی قرژاڵو عیسای مەسیح

لەچیرۆکەکـەدا روندەبێتـەوە. (وشـە هاوتـا فەرەنسـیەکەی قرژاڵـی نـەدەزانی. وشـەی ماسی بەباشـی مەبەسـتەکەی دەگـەیاند. بۆعیسـای مەسیح، کوڕی خوداو رزگارکەری مرۆڤ، ئەم وشەیە بەس بوو، بۆ ملی گلیین بەس بوو)هەتا رووداوی پێکەنیناوی نانی نیوەڕۆ ئامادەکردنی بلکواش لەگەڵ ئەم ناوەڕۆکەدا تەبایە.

چونکە وەسـفی بیکیـت بـۆ ئـەوەی چـۆن بلکـوا تـاڕادەی سـووتان نانەکـە گەرمدەکاتـەوەو پـەنیری بەسـەردا دەکـات، کارەکـانی بیکیـت بەشـێوەی کـاری بێڕەحمانـە لەسـەر مـادەی زینـدووی بـێ ئـازار نیشاندەدات:

(نانە نەرمەکەی خستە سەرگۆنای؛ ئەسفەنجیو گەرم بوو، زیندوو. بەڵام ئـەو زۆر زوو شـێوەی سـفتو سـپێتیکەی زەوت دەکـرد.. (تەئکیدکردنـەوەی دەیڤیـد لۆجە)بەگومانەوە تەماشای پەنیرە قاژ قاژەکـەی کـرد. هەڵیگێڕایـەوە بـۆ ئـەوەی ببینێ ئایا ئەودیوی باشترە یان نـا. ئـەودیوی خراپـتربوو.. سـفتیکرد. عـارەقی دەڕشت. ئەمە بوو بەشتێك بووبەدوو لەتەوەو بۆنی کرد بۆنی سـووکی گـەندەڵی. بەکەڵکی چی دێت؟ پێویستی بەبۆن نەبوو. ئەو کەخواردن ناسێکی ناکەس بەچـە نەبوو؛ بۆنی گەنیوی تەواوی دەویست. یەك پارچە پەنیری گورگوزولای دەویسـت کەبەباشی کەرو لێیدابێ، بۆگەنو گەندەڵ بێ، زیندوو، بەخودا هـەرچۆنێ بوایـە بەدەستی دەهێنا. (تەئکید کردنەوەی دەیڤید لۆجە).

کـردەوەی بلکـوا لەگـەڵ پەنیرەکـەدا، سـەرەتایەکە بـۆ ئـەوکارەی کەپووری لەکۆتایی چیرۆکەکەدا لەگەڵ قرژاڵەکەدا دەیکات: (قرژاڵەکەی هەڵگرتو لەسەرپشت داینا. دەجولایەوە. وتی: هەست بەهیچ ناکات).

کەواتە دەبینین کەچیرۆکی (دانتی‌و قرژاڵ)تاڕادەیەك دەتوانرێ وەکو بەشێك لەڕۆمانی ئۆلیس راڤە بکرێ. واتە وەکو گێڕانەوەیەك دەربارەی ژیان لەسەردەمی نوێدا بەچەند ئاماژەیەك بۆ ئەفسانەیەکی دێرینە کەلەڕوانگەیەکەوە کلیلی مەعناکەیەتی‌و زنجیرەی بەرووکەش بێهۆو چەند رووداوێکی ناخۆش کەلەڕێگەی چەند ناوەڕۆکێکی دوبارەوە بەوردی تێی ترنجێنراون، دواجار دەبنە هۆی یەکالاکردنی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، بەڵام بەم شێوەیە ناتوانرێ چەند بەشێکی زۆر لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە شیبکرێتەوە.

بۆ نموونە رەفتاری شێتانەو دودڵی‌و رەفتاری نائاسایی پاڵەوانی چیرۆك (کەلەبنچینەدا لەو ئارەزوو و خوارافاتانە ناچێت کەبلوم[6] حەزیان لێدەکات)بە هیچ شێوەیەك لەچیرۆکەکەدا (روون)نەکراوەتەوە. بلکوا رەفتارێکی پێکەنیناوی بەڵام لەهەمانکاتدا ناڕەحەتکەری هەیە. دێڕی کۆتایی چیرۆکەکەش کە (وانیە)یە حاڵەتێکی وای هەیە. ئەمە یەکەمجار نییە کەنووسەر لەشوێنی کەسێکدا کەگێڕانەوەکە (ئاشکرا دەکات)لەبلکواوە (کەبەشی زۆری چیرۆکەکە لەگۆشەنیگای ئەوەوەیە)جیاوازی قبوڵدەکات، بەڵام بێگومان ئەو جیاوازیەی لێرەدا باسکراوە بەدڵنیاترین شێوە بەرجەستەبووە،

چونکە ئەمە ئیتر تەنها را دەربڕینێك نییە، بەڵکو لەڕاستیدا بریتییە لەنەفیکردن‌و دابڕینی راشکاوانەی پاڵەوانی چیرۆك‌و درەوشانەوەی درۆزنانەی ئەوە. وەك دەڵێین نووسەر چیرۆکەکەی لەدوا رستەدا وندەکات‌و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەخوێنەر نەتوانێ بەگونجاندنی رێنیشاندەرە سەرلێتێکدەرەکانی لەگوتەی (ئەدەبیات)یان

(ئــەدەبیاتی چــیرۆك)دا خــەیاڵی خــۆی ئاســوودە بکــات. ئــەم تایبەتمەندیانــە لەچیرۆکــەکانی بیکیــت (وبەشــێوەیەکی گشــتی لەبەرهەمی پۆستمودێرنیستیدا)بەرەبەرە بەرجەستەتر دەبن، لەکاتێکدا کە (هەروەکو. ت. س. ئیلیوت لەوتاریکدا دەربارەی جۆیس دەڵێت) (شێوەی ئەفسانەیی) (بۆ نموونە ئاماژەکانی ئەم چیرۆکەی بیکیت لەکۆمیدیای خواوەندی دانتیدا) (کەبریتیە لەنەزم –verse، شێوەو مەعنادان بەڕوانگەی بەرفراوانی بێهوودەیی‌و پاشاگەردانی لەمێژووی هاوچەرخدا)کاڵ دەبێتەوەو بەپێچەوانەوە هەرچی زیاتر جەخت دەکرێ هیچ نەزمێك یان فۆرمەڵەبوونێك یان مەعنایەك لەهیچ جێگایەکدا بەدی ناکرێ.

مورفی Murphyکە بەرهەمێکی دیکەی بیکیت–ەو لەساڵی (1938)دا نووسیوویەتی ئاوادەست پێدەکات:

**(خۆر بەناچاری بەسەر ئەو شتانەدا کەتازە نەبوون تیشکەکانی پەخشکرد. مورفی وەك ئەوەی ئازادبێت، لەکۆڵانێکدا لەشەقامی برۆمپتۆنی خورئاوا لە بەرسێبەر دانیشتبوو.. بەڕووتی لەسەر کورسیە فەرەحەکەی خۆی دانیشتبوو کەلەتەختەی ساج بەبێڕووکەشکردن دروستکرابوو، وا تێکهەڵکێش کرابوو کەدرزنەبات‌و نەجوڵێت‌و نەڕزێت‌و شەو جیرە جیر نەکات. تایەت بوو بەخۆی‌و هەرگیز بەجێی نەدەهێشت. لەگۆشەیەکدا دانیشتبوو کەپەردەکە ڕێگەی لەتیشکی خۆرەکە دەگرت، خۆری پیری نەگبەت ملیارەها جار عازەب . حەوت پارچە پەڕۆ مورفیان لەوحاڵەتەدا هێشتبۆوە. بەدوو پارچە پەڕۆ لاقەکانی بەقاچی کورسیەکەوەو بەپارچە پەڕۆیەك ڕانەکانی بەسەر کورسیەکەوە بەسترابۆوە، بەدوو پارچە پەڕۆ سنگی‌و سکی بەپشتی کورسیەکەوەو بەپارچەیەك پەڕۆ مەچەکەکانی**

بەتەختەی پشت کورسیەکەوە بەسترابۆوە.لەجێگەی خۆیدا دەیتوانی تەنها کەمێك بجولێ. عارەق لەگیانی دەچۆڕاو گرێکانی توندتر دەکرد. هەست بەهەناسەدانی نەدەکرا. چاوانی ساردو بێجولە وەکو چاوانی مراوی*، بەدرەوشانەیەوەیەك وەك هی ڕووناکی لەنەخش و نیگاری گەچی بنمیچی ژوورەکە رامابوو کەکاڵ دەبۆوەو نەدەما)

قسەی نووسەر دەبێتە هۆی قوتکردنەوەی پرسیاری جۆراوجۆر لەمێشکی خوێنەردا. هەندێ لەم پرسیارانە لەناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا وەلام دراونەتەوە؛ بۆ نموونە ئەوەی کەمورفی بەو شێوە سەیرو سەمەرەیە خۆی بەستۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوی لەزیهنیدا بژی؛ بەدەربڕینێکی تر، مورفی زۆر باوەڕی بەوە هەیە کەخود سەرەکییە. بەلام مورفی چۆن دەتوانێ بەبێ یارمەتی کەسانی دی خۆی بەکورسیکەوە ببەستێتەوە؟ پارچە پەڕۆی حەوتەم لەکوێدایە؟ ئەسلەن لەم چیرۆکەدا دەنگی چ کەسێك دەبیستین؟ چ کەسێ بۆ (خۆری پیری بێچارە)دلی دەسووتێ، چ کەسێ چاوانی مورفی لەگەڵ چاوانی مراویدا بەراورد دەکات و مەفهومی ئەم کارە ئەدەبیانە چییە؟ زەحمەتە بتوانرێ وەلامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

چیرۆکی دانتی و قرژاڵ بەرهەمەکانی جۆیس بەیاد دەهێنێتەوەو مورفی-ش رۆمانی سالانی سییەکانی بیکیتە. کات و شوێنەکەی بێزارکەرەو راست کات و شوێنی رۆمانەکە (لەندەن 1935)ەو بابەتەکەی (گەنجێکی هەژاری لەخۆبێگانەیە کەلەپەیداکردنی کاریکی گونجاوو دابینکردنی خەرجی هاوڕێ کچەکەیدا رووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە بۆتەوە)، ئەم رۆمانە لەهەندێ لایەنەوە لەرۆمانەکانی ئیشرۆد[7] و

ئۆریل[8] دەچێت بەڵام دەبێ بەشێوەیەکی تەواو جیاواز بخوێنرێتەوە. رۆمانی مورفی لە حاڵەتی بێبایەخ لەقەڵەمدانی نیمچە لێکچوونی ئەفسانەیی جۆیس لەباسکردنی دبلندا، رێسا ریالیستیەکانی رۆماننووسانی بەرجەستەی سالانی سییەکانیش نادیدە دەگرێو گاڵتەیان پێدەکات. لەم رۆمانەدا رەنگی لۆکاڵ وجودی نییەو وەسفی کارەکتەرەکانو شوێنەکان بە بەکارهێنانی مەجازی نێرەر بەشێوەیەکی یاد هەژێنەر ئەنجام نەدراوە.

لەسەرەتای فەسڵی دووەمدا، بۆ وەسفکردنی کارەکتەری سیلیا Celiaفەهرەستێکی ژمارەو زانیاری خراوەتە روو کەبەشێکی بەم شێوەیەی خوارەوەیە (تەمەن: گرنگ نییە، سەر: بچووكو خڕ، چاو: سەوز، رەنگو روو: سپی، رەنگی قژ: قاوەیی، حاڵەتی دەمو چاو: گۆڕاو، مل: 13وسێ لەسەر چوار)بەم پێیە نووسەر لەرۆمانەکەیدا گاڵتە بەشێوەی باوی وەسفی دەرەوەی کارەکتەکان دەکات، هەروەها وەسفی چاکەتو پانتۆڵە کۆمیدییە سەوزەکەی مورفیش لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەیە سەبارەت بەپەنابردنی رۆماننووسە ریالیستەکان بۆ سەمبولی جلوبەرگ لەحوکمی دیاری کارەکتەردا. زۆرجار راویی رۆمانەکە بەبێ باسکردنی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیو بەتۆنێکی بێلایەنانە رۆمانەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی نابەجێش خۆی لەشتەکان هەڵدەقورتێنێو رووی قسەکانی لەخوێنەر دەکات (ئەی خوێنەری خۆشەویست کەئەم رۆمانە بەشێوەیەکی رووکەش دەخوێنیتەوە)و لەدەرەوەی چیرۆکەوە رای خۆی دەردەبڕێ (سیلیا؛ سوپاس بۆخوا، ناوێکی مەسیحییە).. ئەم بەشەی سەرەوە تەواو

بەدەستی ئەنقەست بەمەبەستی هێنانە خوارەوەی ئەخلاقی خوێنەری بەئەدەب باسکراوە.)زۆر سەختە بتوانرێ شێوازی بەکارهێنراو لەبەشە جیاوازەکانی رۆماندا یان رەوتی رووداوەکان پێشبینی بکرێ، ئەگەرچی چیرۆکێکی زۆر پێکەنین هێنەریشە، بەڵام خوێندنەوەی تەنها لەبەر ئەوهۆیە لەبنچینەدا کارێکی ئاسان نییە.

رۆمانی مورفی قاڵب یان ریتمی جێگیر بەخۆیەوە ناگرێ کەبتوانرێ بەئاسانی دەستنیشان بکرێو لەم رێگەیەوە لەبەرامبەر خوێندنەوەدا خۆی بەدەستەوە نادات؛ بەم شێوەیە ئەم رۆمانە لەسەر ئاستی رێساکانی خوێندنەوە، بەربەرەکانی دنیای بوون لەبەرامبەر راڤەکردندا دەکات بەسەرمەشقی خۆی.

ئەم بیرۆکەیە لەرۆمانی دواتری بیکیتدا کەبەناوی (وات Watt)ەو (لەساڵی 1953دا بڵاوبۆتەوەو لەساڵانی 1942-1943دا نووسراوە)شێوەیەکی ئاشکرا بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەتی لەبەشی هاتنی کورو باوکێکدا بەناوی گاڵ- Gallبۆ بەردەرگای مستەر نۆت Knottکە وات وەکو خزمەتکار لەماڵەکەدا کاردەکات:

**(ئێمە گاڵ-ین، کورو باوکو مەسەلەی گرنگتر ئەوەیە کەیەک دنیا رێ لەشارەوە تائێرە هاتووین بۆ ئەوەی کۆکی پیانۆکە رێك بخەین.**

**بەم شێوەیە دووکەس بوونو ژێر باڵی یەکتریان گرتبوو، لەبەرئەوەی ئەو باوکە وەکو زۆر کەسانی تر کەئەو پیشەیەیان هەیە، کوێربوو، چونکە ئەگەر ئەو باوکە کوێر نەبوایە، چیتر پێویستی بەوە نەبوو کەکورەکەی بچێتە ژێر باڵیو لەرۆیشتن بەملاولادا رێنمایی بکات. نەخێر، بەڵکو کورەکەی ئازاد دەکرد بۆ ئەوەی بچێت بەکارەکانی خۆی رابگات. ئەمە بۆچوونی وات بوو. هەرچەندە**

**لەڕوخساری ئەو باوکەدا هیچ نیشانەیەکی کوێریی بەرچاو نەدەکــەوت، بەهــەمان شێوە لەشێوەی ڕاوەستانەکەشیدا. تەنــها بەشـێوەیەك پـاڵی بەکوڕەکەیـەوە دابـوو کەئاشکرا دەبوو پێویستیەکی زۆری بە جێگەی پاڵدانەوە هەیە. بەڵام ڕەنگــە ئـەم شێوە ڕاوەستانەی لەبەر ئیفلیجبوونی قاچەکانی یان تەنــها لەبـەر ئـەو ماندوێتییـە بووبێ کەلەپیرییەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو.**

**تائەو جێیەی کەعەقڵی وات کاری دەکرد، هیچ لێکچوونێکی خێزانی لەنێوان ئەم دوانەدا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی کەلەبەردەم باوك و کوڕێکدایە، وانییە هەریەك دەقە پێش ئەوە وای پێگوترابوو. یان ڕەنگــە تەنـها زڕ بـاوك و زڕ کــوڕی یەکتربوبن، ئێمە گالین. زڕ بـاوك و زڕ کــوڕ- ڕەنگـە پێویـست بوایـە ئـەم وشـانە بگوترانایە. نەك ئەوەش کەپێنەچێت بەبێ بچوکترین لێکچــوون بەڕاسـتی بـاوك و کوڕ بن، چونکە لەوە دەچوو وابن.)**

حـەتمی نـەبوون وەکـو تـاعون بەهــەموو جێگایـەکی دنیـای ڕۆمـانی (وات)دا بڵاودەبێتەوە. ڕاوی ڕۆمانەکە دەڵێت: (لەدوای ڕووداوی هاتنی باوك و کوڕێك بـەناوی گاڵ، چەند ڕووداوێکی وەك ئـەوە ڕوویـدا. واتـە چەند ڕووداوێك کەبەڕوکەش زۆر بـەرچاوبوون بـەڵام مــەعنایان دیـاری نـەکراوبوو...و وات-یـش نـەیدەتوانی ئـەوە قبـوڵ بکـات کەڕەنگـە ئـەم ڕووداوانە تەنها گەمەی کات بن لەگەڵ شوێندا بەڵکو بەهۆی کەسایەتیە تایبەتیەکەیـەوە، دەبـوو مەعناکــەیان بدۆزێتــەوە... بــەڵام داوای مــەعنا لەوەی بایەخ بەمەعنا نادات چی بەدەست دێنێت؟ ئەنجامی ئەم کارە چی دەبێ؟ ئەمانە چەند پرسیارێکی هەستیارن)لەڕاستیدا وایە، بـەڵام ئــەم پرســیارانە لەبەرهەمــەکانی بیکیــت-یشــدا گرنگیــەکی تــەواو بنــەڕەتییان هەیـە. بەربــەرەکانیی دنیــای بــوون لەبەرامبــەر ڕاڤــەی

مەعنادارداکەزۆرجار تەئکیدی لێدەکرێتەوە، بنەمایەکی بێحاسڵە بۆ ڕۆماننووسین، مەگەر ئەوەی کاری بەئەنقەستی مرۆڤ بۆ هەوڵدان لەپێناوی ڕاڤەیەکدا بەشێوەیەکی ناڕەحەت نیشانبدات، بەتایبەتی لەڕێگەی ڕێکخستنی یادەوەریی کەسێکەوە بەشێوەی ڕۆمان، لەقوناغی دواتری ڕۆماننووسینی بیکیتدا (واتە کاتێك کەسیانەی مۆلۆی Molloy–1951، مالون گیاندەدا Malone Dies–1951، ناو نەهێنان Unnarnable–1953 بڵاوبوەوە)ڕاوی بێبایەخی چیرۆکەکانی سەرەتای کاری بیکیت کەبەشێوەیەکی نائاسایی خۆی لەگێڕانەوەکە هەڵدەقورتان و قسەکانی پێشبینی نەکراو بوو، جێگای خۆی بۆ کۆمەڵێ ڕاوی کەسی یەکەم چۆڵکرد کەهەرچی زیاتر گۆشەگیرن و لەبزوێنەرەکانی هەست بێبەشن و لەوپەڕی تیاماندا هەوڵدەدەن تا بەبەیادهێنانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو سەرلەوە دەربکەن کەبەسەریان هاتووە.

ناکۆکی لەنێوان بێهوودەیی ئەم هەوڵەو ناچاریی بۆ ئەنجامدانی، دەبێتە هۆی نابووتی و بێدەنگی کەبەنۆرەی خۆی نیگەرانی دەهەژێنێ و مرۆڤ ناچار دەکات بۆ ئەوەی بەشڵەژاوی پەنا بۆ پاشماوەکانی هوشیاریی بەرێت– بەڵام ئەم کارەش قابیلی تەحەمولکردن نییە.

**(... بریا شتێك هەبوایە، بەڵام چارەیەك نییەو وجودی نییە، لەکاتی ڕۆیشتندا هەموو شتێکیان برد، سروشتیان لەگەڵ خۆیاندا برد، هەرگیز هیچ کەسێکی لێنەبوو، هیچ کەسێ بێجگە لەخۆم ، هیچ شتێك بێجگە لەخۆم، تا لەگەڵمدا باسی خۆم بکات، ناتوانی بڵێی بەس، ناتوانی درێژەی پێبدەی، بەڵام دەبێ درێژەی بدەمێ، درێژەی دەدەمێ، بەبێ هیچ کەسێ، بەبێ هیچ شتێ، بێجگە لە خۆم،**

بێجگە لە دەنگی خۆم، یەعنی دەڵێم بەس، تەواوی دەکەم ، ئیتر کـاتی کۆتـایی هاتووە ، دنیای فـانیی، ئەمـە چییـە، چـاڵێکی بچـووك، دەچیتـە نـاوی، نـاخی بێدەنگی، لە هاتووهاوار خراپترە، دەبیەی، لەقسەکردن خراپترە، نەو، نەو، ئـەوە خراپتر، خراپتر نییە، چاوەڕێ دەکەی، بەدڵەڕاوکێوە، ئایا منیان فەرامۆشـکردووە، نەو، بەڵێ، نەو، کەسێك بانگم دەکات، دوبارە دەچمە دەرێ، کۆتـایی لەهـەموو شتێ خراپترە نەو، سەرەتا لە هـەموو شـتێ خراپـترە، پاشـان ناوەڕاسـت، ئەوسا کۆتایی، لەکۆتاییدا ئەوە کۆتاییەکە لەهەمووی خراپترە ئەم دەنگـە، ئـەو، نـازانم، هەر سانیەیەك لەهەمووی خراپترە...)

هەڵەیـــەکی تـــەواوە ئەگـــەر بڵێـــین هـــەموو رۆماننووســـانی پۆستمۆدێرنیســـت هـــەمان ســـەرقاڵی زیـــهنیو ســـەرقاڵی فەلســـەفی بیکێتیـان هەیـە، بـەڵام ئـەوەی کەبـە شـێوەیەکی گشـتی دنیـای بـوون لەبەرامبـەر کۆششـە ئیجبارییـەکانی زیـهنی مرۆڤـدا بـۆ راڤـەکردنی بوونەوەرەکان بەربەرەکانێ دەکاتو ئەو گیرۆدەییەی کە مرۆڤ تیایدا گرفتار بووە بـە مەفـهومێك پـووچ (عبـث)ە، کۆڵەکـەی بەشـێکی زۆری چیرۆکـــەکانی پۆستمۆدیرنیســـتیی پێکدەهێـــنێ. هەربۆیـــە پۆستمۆدێرنیزم لەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی چەند بـەدیلێکی فۆرماڵی لەبەرامبـــەر مۆدێرنـــیزمو دژی مۆدێرنیزمدایـــە. خـــاڵی هاوبەشـــی مۆدێرنیسـتو پۆستمۆدیرنیسـتەکان ئەوەیـە کەقاڵبـە سـەپێنراوەکان بەسـەر ئەزمونـەکانی ژیانـدا لـەڕۆمانی ریالیسـتی کۆنـدا رەتدەکەنـەوە، بـەڵام پۆستمۆدێرنیســتەکان باوەڕیـان وایـە کـە مۆدیرنیســتەکانیش سەرەڕای هەموو شتە تازەکان، مەعنای شاراوەو ئاڵۆزی بەرهەمەکانیان لەڕادەبەدەر دنیایان سادە نیشانداوەو ئەو ئومێدە درۆیـەیان هێناوەتـە

ئاراوه کەبتوانێ زیـهنی مـرۆڤ لەگـەڵ دنیـای بوونـدا بگونجێنـێ. بـۆ نموونه شێوازی قسـەکردنو شـێوەی گێڕانـەوەی لەڕادەبـەدەر دژواریـی رۆمـانی بێداریـی فینیگنـەکان Fennegans wake (کـەزیادەڕەوترین بەرهـەمی خـەیاڵی ئـەدەبی مۆدێرنیسـتییە)، بێگومـان خوێندنـەوەو راڤەکردنی رووبەڕووی تـەنگو چەڵەمـە دەکاتـەوەو رەنگە هێشـتا ئـەو (خوێنـەرە پێویسـتەی دوچـاری بێخـەوی پێویسـت بـووە)کـە جۆیـس وتبـووی ئـەم رۆمانـە بەلایـەوە لەبـەرچاو نـەگیرابێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەسووربوونەوە هەوڵدەدەین رۆمانی بێداریی فینیگنەکان بخوێنینەوە چونکە باوەڕمـان وایـە کەئـەم رۆمانـە دواجـار قـابیلی لێتێگەیشـتنە-ئـاخری دەتوانـین تـەواوی ئـەو مەعنایانـە دەربێنـین کـەجۆیس تێـی ترنجاندووەو ئەم مەعنایانە بەشێوەی یەکپارچـە پێکـەوە دەگونجێـن. پۆستمودێرنیزم ئەم باوەڕە سسـت دەکـات. یـەکێك لەکارەکتـەرەکانی رۆمـانی سپی بـەفری[9] Snow white (1967)دونـالد بـارتلمی بەئاماژە بـۆ ناوی چیرۆکێکی هێنری جەیمس کەوەکو جێگای دەرکەوتنی ئامانجی راڤە بۆتە وێردی سەرزمانی رەخنەگرانی مۆدێرن، دەپرسێت: (کەواتە نەخشـەی قاڵییەکـە لەکوێیدایـە؟)بـەلام پاشـان بـەتۆنێکی نیگەرانکـەر درێـژەی دەداتـێ (یـان ئـەوە تەنـها... قاڵییـە؟)زۆربـەی بەرهەمـە پۆستمۆدێرنیسـتەکان ئـەو بیرۆکەیـە دەگەیـەنن کەئـەزموونی (تەنـها قاڵییـە)و هـەر نەخشـێکی تێـدا دیـاری بکـەین، لەخـەیاڵێکی پـووچ و لێکدانەوەیەکی دڵخۆشکەر زیاتر نییە.

کێشەی خوێنەری رۆمانی پۆستمودێرنیستی، تەمومژی نـاوەڕۆك نییـە (چونکـە تـەمومژ دەتوانرێ لابـبرێ)، بـەڵکو زۆربـەی کێشـەکان

حەتمی نەبوونە کەهەموو ناوەڕۆکەکە دەگرێتەوەو زیاتر لەسەر ئاستی گێڕانەوە خۆی دەنوێنێ تالەسەر ئاستی شێواز. بۆ نموونە، هەرچەندە پشوو درێژانە لەڕۆمانی مۆلۆی بکۆڵینەوە، دیسان ناتوانین بێچەندو چون بڵێین کەئایا ئەو پیاوەی کەمۆرین Moranدەیبینێ چاکەتێکی گەورەی لەبەردایەو کڵاوی لەسەردایەو داری پێیە، هەمان ئەو پیاوەیە کەمۆلۆی ناوی دەنێ (س)یاخود مۆلۆی یان کەسێکی تر. ئەو قسەیەی هیوکینەر کەدەڵێت بیکیت (فەزایەك لەحەتمی نەبوون دروست دەکات و چیرۆکی بنیاتنراو لەسەر حەتمی نەبوون ئاسایی بەفیڕۆ دەڕوات)سەبارەت بەزۆربەی نووسەرانی پۆستمودێرنیستی راستە. هەرگیز ناتوانرێ ئەو تەومژە لابرێ کەلەتەرحی رۆمانە پوستمودێرنیستیەکاندا هەیە چونکە ئەم جۆرە رۆمانانە لەکلافەیەکی سەر ونبوو دەچن. لەم بوارەدا، بەتایبەتی شێوەی کۆتاییهاتنی ئەم رۆمانانە-کەحوکمی (دەرگای چوونەدەرەوە)یانی هەیە -شایانی سەرنجە. لەجیاتی ئەنجامی حەتمی رۆمانی کۆن کەلەهەموویاندا مەتەڵەکان حەل دەکرێن و چارەنووسی کارەکتەرەکان دەستنیشاندەکرێ، هەروەها لەجیاتی ئەنجامی نادیاری رۆمانی مۆدێرنیستی (کەهەر وەکو کونراد دەربارەی رۆمانەکانی هێنری جەیمس دەڵێت (مایەی رەزامەندییە، بەڵام ناواقیعییە)) لەڕۆمانی پۆستمودێرنیستیدا رووبەڕووی ئەنجامی چەند جارەو درۆزن و داتاشراو دەبینەوە یان رووبەڕووی لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی ئەنجام دەبینەوە.

شێوازی کۆنی ئەنجامی (حەتمی)لەچیرۆکە پۆلیسیەکاندا هەیە کەتیایاندا پۆلیسی نهێنی رازی تاوانەکە دەدۆزێتەوە، ئەو سەرە داوانەی کەبەڕووکەش بێ پەیوەندیو شێوێنراون بەشێوەیەکی گونجاو پێکەوە دەبەستێو ئەگەری جێبەجێکردنی دادپەروەری فەراهەمدەکات. میوریل سپارک[10] بەنووسینی چەند رۆمانێك کەگۆڕینی دەوری بکوژو کوژراوو شایەتەکان تیایاندا دەبێتە هۆی شێواندنی بیری خوێنەر، گاڵتە بەڕێسای (ئەنجامی حەتمی)لە چیرۆکە پۆلیسیەکاندا دەکاتو بەتەلمیح رەخنە لەبێپەروایی رۆماننووسانو پۆلیسە نهێنیەکان دەگرێ، کەواخۆیان نیشاندەدن کارمەندی جێبەجێکردنی ئیرادەی خوداین. بۆنموونە لەرۆمانی (کورسی شۆفێر) The Drivers Seatدا (1970)، کارەکتەرێك بەناوی لایس Lyse لەدوارۆژەکانی تەمەنیدا چەند سەرە داوێك لەوڵاتە جیاوازەکانی ئەورووپادا بەجێدەهێڵێ کەهیچ مەعنایەکی تایبەتیان نییە، تائەوەی سەرئەنجام تێدەگەین کەئەو بەدەربڕینێك هەم نەخشەی کوشتنەکەی کێشاوەو هەم قوربانیشێتی. لەرۆمانێکی دیکەدا کەبەقەڵەمی هەمان نووسەرە بەناونیشانی (مایەی زەحمەت نەبوون) Not to Disturb (1971) خزمەتکارانی ڤێلایەکی رازاوە لەنزیکی دەریاچەی ژنیف پەیمان دەبەستن لەسەرئەوەی کەلەناوچەوانی تاوانێکەوە کەلەبەر پەیوەندی نامەشروعی ژنی خاوەن کارەکەیان خەریکە رووەدات بەنانو سامانێك بگەن. بۆ هەمان مەبەست ئەوان لەپێشدا هەواڵدەدەنە پەیامنێرانو چەند بەیانێك ئامادەدەکەن. بەتەلەفۆن لەگەڵ ئەولایەنەدا قسەدەکەن کە لەئەمریکا پەیمانیان لەگەڵ بەستوون وچەند چاوپێکەوتنێك لەسەر

کاسێتی ریکۆردەرو ڤیدیۆ تۆمار دەکەن؛ هەڵبەتە هەموو ئەم کارانە لەکاتێکدا دەکەن کەخاوەن کارەکەیان لەکتێبخانەی ماڵەوە سەرقاڵی قسەو باسە لەگەڵ ژنەکەیو دۆستی ژنەکەیداو هێشتا تاوانێك رووی نەداوە. لیستەر سەرخزمەتکاری بەنەزاکەتی ماڵەکە کەرێنمایی هەموو ئەم کارانە دەکات، دەربارەی خاوەن کارەکانی دەڵێت: (بەداخەوە خۆیان خستۆتە مەیدانی زۆرەوە)لیستەر دەبێتە رێگر لەبەردەم هاتنەژوورەوەی دووان لەکارەکتەرەکان (لەبەرئەوەی ئەم دوانە لەگەڵ حیکایەتەکەدا ناگونجێن)و بەلوتفی هەورە بروسکە (کەهەر کاتێ پێویست بێ یارمەتی بە خواوەندانو رۆماننووسان دەگەیەنێ)، ئەم دووکەسە لەدەورەکە دەچنە دەرێ.

جۆن فاولیس[11] رۆمانی (ژنی ملازمە فەرەنسیەکە)[12] (1969)بەچەند شێوەیەکی جیاواز کۆتایی پێدێنێو داوا لەخوێنەر دەکات کەهەر کامیان پەسەند دەکات هەڵیبژێرێ. جۆن بارت[13] لەکورتە چیرۆکێکدا بەناوی (ونبوو لەشاری یاریدا)1968، کۆمەڵێ ئەنجامی شیاو تەرح دەکات، بەڵام دواجار هەموو ئەوانە رەتدەکاتەوە حەتمی نەبوونترینو بێلوتفترین ئەنجام نەبێ. بارت لەچیرۆکێکی دیکە بەناوی (ناونیشان-Title)کە بەئاشکرا کاریگەریی بەرهەمەکانی بیکیتی لەسەرە، هەوڵدەدا کە بەتەواوی لەتەواوکردنی چیرۆکەکە خۆی بدزێتەوە:

**(تارادەیەك تەواوبووە. بوار بدە گرێکردنەوەی چیرۆك، خێراو چاوەڕوان نەکراوبێ، بەپێی توانا پڕ ئازار نەبێ، بەلای کەمەوە خێراو لەهەمووی گرنگتر کتوپڕبێ. ئێستا ئێستا سەرئەنجام چۆن مومکینە).**

لەکۆتایی یەکێك لەڕۆمانەکانی ریچارد بروتیگـەندا[14]، بەشـێکمان دێتـە بـەرچاو کەناونشـانەکەی (دووەمـین ئـەنجام)ە. نووسـەر پاشـان ئەنجامی سێیەمو چوارەمو پێنجەمیشی خستۆتەسەر.

**(کەواتە ئەنجامی زیاترو زیاتر هەن: ئەنجامی ژمارە شەش، ژمارە 53، ژمارە 131، ژمارە 9435 ، ئەو ئەنجامانەی کەخێراو خێراتر بەدوای یەکدا دێن، ئەنجامی زیاترو زیاتر، خـێراترو خـێراتر، تائـەوەی کتێـب لەهـەر سـانیەیەکدا (186)هـەزار ئەنجامی هـەبێ.)** لـەڕۆمانی (راوی تـروت* لەئـەمریکا)[15](1967)کەهـەمان نووسەر نووسیوویەتی، بەشی پێشکۆتایی بەناونیشانی (سـەرەتایەك بۆ بەشی صاصی مـایونز)ئاوا کۆتـایی دێـت: (بەمەبەسـتی دەرخسـتنی پێویستیەکی مرۆیی، هەمیشـە حـەزم دەکـرد کتێـبێك بنـووسم کـە بەوشـەی مـایونز کۆتـایی بێـت.) هـەر بۆیـە، دوابەشـی ئـەم رۆمانـە لەڕاستیدا بریتییە لەکۆپی نامەی (نانسی و دایکی)لەساڵی 1952دا بۆ (فلورنس هارڤ)کەلە پەروایزی نامەکەدا نووسراوە: (ببوورە کەلـەیادم چـوو صـاصی ماینزتـان بدەمـێ) (هەڵـەی ئیملایـی (مـاینز)لەلایـەن نووسەری رۆمانەوەیە)ئەو خاڵەش مایەی پێکەنینە کەباس لەپێویستی مرۆیی کـراوە- کـەزیاتر لەئارەزوویەك دەچێت بـەبێ بەشی کۆتـاییش دەتوانرا لابرێ چونکە بەشی پێشـکۆتاییش بەوشـەی (مایونز)کۆتـایی دێـت. (بەشـی صـاصی مـایونز)یـش شـێوازێکی خـۆ دەرخسـتنە بـۆ دڵنیـابوون لەتـەواوکردنی کتێبەکـە بەوشـەی (مـایونز)، چونکـە ئـەو نامەیەی لەبەشی کۆتاییدا هاتووە لەبنچینـەدا پـەیوەندی بەهیچ یـەکێ لەڕووداوەکانی پێشووی رۆمانەکەوە نییە. لەڕاستیدا هەڵەی ئیملایی

(ماینز)ئەوە نیشاندەدات کەنووسەر لەشێوەی نووسینی وشەکەدا، کارێکی کردووە بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بەدی نەیەت.

دەربارەی ئەوەی کەتازەیی تەکنیکە بەکارهێنراوەکان لەڕۆمانی پۆستمۆدێرنیستیدا بەڕاستی تاچەند مایەی سەرنجە، ڕەخنەگران بیرورای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە لیسلی فیدلەر باوەڕی وایە کەپۆستمۆدێرنیزم لەبواری ڕۆماننووسیندا بەڕاستی شۆڕشێکی بەرپاکردووە. لەکاتێکدا کەفرانك کرمۆد باوەڕی وایە پۆستمۆدێرنیزم تەنها بۆتە هۆی (پێشکەوتنێکی کەمی مودێرنیزمی کۆن). دەتوانرێ داکۆکی لەهەردوو بۆچونەکە بکرێ؛ مەبەستم ئەوەیە کەهەردووکیان بەدەربڕینێك (ڕاستن).

مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەئامانجی ڕەخنەگر چیبێت‌و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی، لەکوێوە دەست بەکارەکەی بکات. فیدلەر بەشێوەیەکی سەرەکی سەرنجی فەرهەنگ‌و ئەدەبیاتی ئەمریکا دەدات (بەمەفهومی مرۆڤ ناسانەی)ئەو فەرهەنگ‌و ئەدەبیاتەو کرمۆد سەرنجی تەواوی هونەری پیشڕەو دەدات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لای فیدلەر پۆستمودێرنیزم لەبنچینەدا بریتییە لەدیاردەیەکی (پۆست هیومانیست)و زۆر دواکەوتوو کەلەگەڵ گۆتەو بەهاکانی ئیستاتیکای کۆندا ناکۆکە یان بایەخیان پێنادات، چەند شێوەیەکی جیاواز لە ڕێبازی لەزەتخوازی بۆ گوێگرەکانی کەزۆربەیان گەنجن تەرحدەکات‌و دەڵێت بەشیکردنەوەی فۆرمالیستی ناتوانرێ لێی بکۆڵرێتەوە (مەبەستی پۆستمودێرنیزمە)هونەرەکەی، دژی هونەرەو دەبێت بە(شێوازی ڕەخنەی مەرگی هونەر)ڕەخنەی لێبگیرێ.

لەلایەکی ترەوە، کرمۆد وەکو مێژوونووسی هونەرو ئیستاتیکا لەپۆستمۆدێرنیزم دەکۆڵێتەوەو سەرچاوەی گریمانە تیۆریەکانی تاڕادەیەك بەئاسانی لەمۆدێرنیزمی کلاسیك یان لەجیابوونەوەی بەشەکانی دادایزمدا دەدۆزێتەوە، (کەماوەیەکی زۆر پێش ئەوە لەساڵی 1916دا رووی دابوو). بەڕای کرمۆد، لەبنچینەدا دادایزم مەیلێکی کەم بایەخ بوو وبەرهەمی دادایستی زیاتر لەگاڵتە دەچێ تالەهونەر. کرمۆد لەیەکێك لەوتارەکانیدا دەنووسێت بەرهەمە دادایستیەکان (چەند ئاماژەیەکی دڵگیرن بۆ چەند شتێك کەلەبنچینەدا لەدادایزم زیاتر سەرنجمان بەلای خۆیاندا بەکێشدەکەن). ئامانجی من لەم نووسینەدا پێکەوە گونجاندن و ئاشتکردنەوەی ئەم دیدگا جیاوازانە نییە، بەڵکو دەمەوێ بنەماکانی ئەو فۆرمە روون بکەمەوە کەبنەمای بەرهەمی پۆستمۆدێرنیستییە.

ئەگەر ئەو قسەیەی رۆمەن یاکۆبسن[16] راستبێ کەهەموو فۆرمەکانی قسە بەلای یەکێك لەدوو تەوەرەکەی خوازە یان مەجازیدا دایدەشکێنێ، کەواتە دەبێ بتوانین لەسەر بنەمای یەکێك لەم دوو تەوەرە بەرهەمی پۆستمۆدێرنیستی ریزبەندی بکەین. کورتەی سادەکراوەی تیۆری یاکوبسن بەم شێوەیە کەلەهەر فۆرمێکی قسەکردندا، بابەتێك بەبابەتێکی دیکەوە دەبەسترێتەوە چونکە ئەم دووبابەتە یان لەڕوویەکەوە لەیەکدەچن یان لە یەکەوە نزیکن. بەپێی ئەم تیۆرە، ئەگەر هەوڵ بدەین چەند بابەتێك لەسەر بنەمای رێسایەکی تر (یان بێ هیچ رێسایەك)دەستەبەندی بکەین، دەبینین کەزیهنی مرۆڤیش هەوڵدەدات بۆ ئەوەی لەناوەڕۆکی ئەنجامی ئەو بابەتانە،

یـــەکێك لەپەیوەندییـــەکانی لەیـــەکچوون یـــان نزیکـــی (یـــان هـەردووکیان)بدۆزێتـەوەو ئەگـەر نـەتوانرێ بـەو شـێوەیە تـەعبیر لـە نـاوەڕۆکێك بکـرێ، ئەوکاتـە دەتوانـرێ بگوتـرێ ئەسـڵەن نـاوەڕۆکێك لەئارادانییە. بەڕای من، بەرهـەمی پۆستمودێرنیستی دەتوانـرێ بـەپێی ئەم تیۆرە شیبکرێتەوە، بەڵام رەنگە ئەم کارە هێندەش بەسوود نـەبێ. چونکـە ئەگـەر شمولیـەتی زاراوەی (پۆسـتمودێرنیزم)ئـەوەندە بـەزیاد بزانین تاهـەموو ئـەو نووسـەرانە بگرێتـەوە کەئـەم زاراوەیـە بەئاشـکرا دەربارەیـــان راســـتە، وەك بنەمایـــەك دەبـــێ بتوانـــین بـــەوردی ئـــەوە دەستنیشـان بکـەین کـەکامیان مـەیلی بـەکارهێنانی خـوازەو کامیـان مـەیلی بەکارهێنانی مـەجازیان هەیـە. بـەڵام سـەختە کـەبتوانرێ ئـەوە نیشـانبدرێ کەبەرهەمـەکانی ئـەو نووسـەرانە بەگشـتی مـەیلیان بـەلای یـەکێك لـەو دوو تـەوەرەدا هەیـە. وادیـارە بـۆ دەستنیشـانکردنی تایبەتمەندییە فۆرمیەکانی بەرهەمی پۆستمودیرنیستی باشترە ببینین کەچۆن خوازە (استعارە)و مەجاز لـەم بەرهەمانـەدا بەشێوەیەکی تـەواو تازە بەکارهێنراون و نەمانەوێ کەبەشێوەیەکی ئیلزامی یەکێك لـەم دوو رێسـایەی پێکـەوە بەسـتنی بابـەتێك بەبابـەتێکی تـرەوە هـەڵبژێرین (هەرچـەندە کـە رەواج پێنـەدانی یـەکێك لـەم دوو رێسـایە ئەوپـەڕی کارێکی بێهوودە بـێ)بێجگـە لـەدوو تـەوەری خـوازەو مـەجازی قسـە، دەتوانـرێ چ ئەڵتـەرناتیڤێك بەمەبەسـتی شـیکردنەوەی بەرهـەمی پۆستمودێرنیستی بەکاربهێنرێ؟ لەبەشـەکانی دوایی ئـەم نووسـینەدا، بـۆ دیـاریکردنی ئـەو ئەڵتەرناتیڤـە شـیاوانە چـەند ناونیشـانێکم بەکارهێناوە.

## ناکۆکی

(بەلام قســەکردن لــەو بارەیــەوە کەبەتەنــها جولــەکردنی وۆرم- Worm بــۆ ئەوەی بەهەرجۆرێ بووە خۆی بەوان بگەیەنێ، ئەوانــە چیدەکــەن، چ ســوودێکی هەیــە، چونکــە ئــەو نــاتوانێت خــۆی بجولێنــێ، هەرچــەندە کــەزۆرجار حەزیشــی لێدەکات. ئەگەر بتوانرێ لەقسەکردندا سەبارەت بــەو دەربــارەی مــەیل قســەیەك بهێنرێتە ئاراوە، کەهەڵبەتە ناتوانرێو نابێ، بەلام چارەیەك نییە، دەبێــت بــەوجۆرە قسەی لەبارەوە بکرێ، گوایە زیندووە، گوایە دەتوانــێ تێبگــات، گوایــە دەتوانــێ مەیلێکی هەبێ، وەك ئەوەی کارێکی بیهوودەبێ، وەك ئەوەی بێهوودەشە)

هەربەشێك لەو پەرەگرافەی سەرەوە کەلە رۆمانی (قابیلی ناوهێنان نیــە)ی بیکیــت وەرگــیراوە، بەشــەکانی پێــش خــۆی پێشــێلدەکات. لەڕاســتیدا هێنانــەوەی ئەوپەرەگرافــەی ســەرەوە نموونــەی دەقێکــە کەڕاویەکــەی مەحکومــە بــەدودلی لــەنێوان مــەیل و ئیدعاســازش قبــوڵ نەکەرەکاندا. لەکۆتایی رۆمانەکەدا شارەزایانە هاتووە(دەبێ درێــژەی بدەیتێ، نــاتوانم درێــژەی بدەمــێ، درێــژەی دەدەمــێ)ئەگــەر رێکخســتنی بەندەکانی ئەم رستەیە هەندێك گۆڕانی تێدا بکرایە(بەم شێوەیە(ناتوانم درێژەی بدەمێ، دەبێ درێژەی بدەیتێ، درێژەی دەدەمــێ))ئەوکاتــە ئیــتر لەگەڵ خۆیدا لەناکۆکیدا نەدەبوو. بەڵکو دەگۆڕا بەبەدوای یــەکداهاتنی لۆجیکی و (ئومێدبەخش)لەنائومێدیو ئامۆژگاری خودو تازەکردنەوەی عەزم. هەربەندێك لەم رستەیە-لەفۆرمە راستەقینەکەیدا- بــەندی پێش خــۆی رەتدەکاتــەوە، ئــەم رســتەیە لــە کورتــە چــیرۆکی (دۆستۆیڤســکی )نووسینی لیونــارد مــایکلز[17] دا کــەدەڵێت (مومکــین نییــە بتوانــین بــە خەیاڵ پلاوی یان بەبێ خەیاڵ پلاوی بژین) لەگەڵ بنەمای زۆر ناکۆکی

نووسین لە پۆستمۆدێرنیزمدا نزیکە . ڕێبازی بۆکۆنیزم–Bokonism لە ڕۆمانی (پەتبازی )[18] کورت ڤۆنیگوت[19]دا لەسەر (پارادۆکسی ئازارهێن... پێویستی غەمناکی درۆکردن دەربارەی واقیع و نەشیاوبوونی غەمناکی درۆکردن دەربارەی ئەوە)بنیاتنراوە.

یەکێك لەهەژێنەرترین ڕوخسارەکانی ناکۆکی کە بنچینەیی ترین سستمی دوولایەنە پێشێلدەکات، بوونەوەری دووڕەگەز (نێرەمووکە)، بۆیە نابێ سەرمان لەوە سوڕبمێنێ کە کارەکتەرەکانی چیرۆکی پۆستمۆدێرنیستی زۆریان لەڕووی سێکسییەوە دووڕەگەزن. بۆ نموونە دەتوانرێ ناوی مایرا مایرۆن بریکینریج[20] بهێنرێ لەڕۆمانەکانی گۆر ڤیدال[21]دا کەڕەگەزێکی گۆڕاوی هەیە، هەروەها کارەکتەری سەرەکی لەڕۆمانی (لەتێپەڕبووندا)In Transitی بریجید برۆفی[22](1969)کە لەفرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیدا تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت ڕەگەزی خۆی بیرنایەتەوە (راوی رۆمانەکە ناتوانێ لەشوێنی گشتیدا تەماشای ئەندامی زاوزێی خۆی بکات، بەڵام کاتێکیش لەئاودەستخانەی گشتیدا گۆشەیەکی چۆڵ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، مەبەستی لەهاتنی بۆ ئەو شوێنە بەیادنایەتەوە). هینری کارەکتەری سەرەکی نیمچە پۆستمۆدێرنیستی ڕۆمانی دووبەرگیی سەرزەمینی نەدۆزراوە[23](1968)ی جولین میچل[24]، بەگۆڕینی ڕەگەزەکەی سەرەتا دەبێت بەژن و پاشان دەبێت بەبوونەوەرێکی نێرەمووك کەپاشان بوونەوەرێکی جوانەو ڕەگەزێکی دیاری نەکراوی هەیە. لەلووتکەی ڕۆمانێکی تەمسیلی جۆن بارتدا[25] (1966)کە زۆر تازەگەریی تێدایە لەڕووی دەربڕینەوە، پاڵەوانی بزن ئاسای رومانەکەو

ئەنیستیزیای خۆشەویستی کاتێ لەحاڵەتی نزیکبوونەوەی ئەم پرسیارە کۆمپیوتەریەدا بۆ ناوو ویسکاك–wescac (نێر یان مێ)؟ بە دوو وەڵامی هاوکاتو ناکۆکی بەڵێو نەخێر وەڵام دەدەنەوە، دەتوانن لەپشکنینی ترسناکی کۆمپیوتەر بەسەلامەتی دەرچن.

## جێگۆڕکێ

پۆستمۆدێرنیست زۆرجار هەوڵ دەدەن بەرێکخستنی چەند ئەڵتەرناتیڤێکی جۆراو جۆری گێڕانەوە لەچیرۆکێکدا، ئەو رێسایەی سەرەوە پێشێل بکەن. ئەم کارە حوکمی جۆرێك لە (ناکۆکی)هەیە، هەر چەندە کەبەکردەوە ئاسایی دەتوانرێ بەپلەبەندی ئەڵتەرناتیڤەکان بەپێی رادەی راستو دروستیان ئەم ناکۆکیە لابەلابکرێ. رێگایەکی بنچینەیی تر بۆ سەرپێچیکردن لەهەڵبژاردن، بەکارهێنانی تەواوی پێکهاتە شیاوەکانە لەبوارێکی تایبەتیدا. لەدنیای خەیاڵیی یەکێك لە حیکایەتە ئەخلاقیەکانی خورخێ لویس بۆرخیس(26)دا کەزۆربەی پۆستمودێرنیستە ئەمریکاییەکانی شەیدای خۆی کردووە.

(بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی چیرۆك یەك تەرحیان هەیە، سەرەڕای جۆرەها جیگۆرکێی تەسەورکراو لەڕووداوەکانی ئەو تەرحەدا)واتە تەرحی ئاڵۆزی رۆمانی (تسویی پین– Tsui pen)ئەو چیرۆکەی بۆرخیسیش کەبەناونیشانی (باخی دووڕیانەکانە)[27] کەمو زۆر لەسەر هەمان رێسابنیات نراوە:

**(لەهەموو چیرۆکەکاندا، هەر جارەی کەسێك رووبەڕووی چەند ئەڵتەرناتیڤێك بێتەوە، یەکێك لەوانە هەڵدەبژێرێو چاوپۆشی لەباقیەکەی دەکات. تسویی پین لەچیرۆکەکانیدا هەموو ئەو ئەڵتەرناتیڤانە پێکەوە هەڵدەبژێرێ. پین بەم کارە**

**چەند رووداوێکی جۆراوجۆر لەئایندەو چەند کاتێکی جۆراوجۆر دەخوڵقێنێ کەهەریەکەیان بەجیا دەخرێتەڕوو. بەم شێوەیە هۆی ناکۆکیەکانی رۆمانەکە ئاشکرا دەبێت. گریمان- فەنگ Fang–نهێنیەکی شاردۆتەوە، غەوارەیەك دێتە سەردانیو فەنگ بریاردەدات بیکوژێت. بێگومان دەشێ چەندین رووداو رووبدات فەنگ: دەتوانێت ئەو بکوژێ کەبۆتە مایەی زەحمەت؛ کابرا دەتوانێت فەنگ بکوژێ؛ رەنگە هەردووکیان هەڵبێن؛ رەنگە هەردووکیان بکوژرێن؛ وهتد. لەبەرهەمەکانی تسویی پیندا تەواوی ئەم ئەگەرانە روودەدەن، بەو شێوەیەی کەهەر رووداوێك خاڵی دەستپێکردنی چەند رووداوێکی دیکەیە.)**

بۆرخیس مەحاڵەکان بەشێوەیەکی ئاراستەکراو بەرجەستە دەکاتو بەم کارە خەیاڵ لەکۆتو بەند رزگار دەکات. بیکیت کەمتر جێگورکێ بەکار دەهێنێ، بەلام دەتوانێت کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەرتر لەسەرخوێنەر بەجێ بهێڵێ:

**(بەلام سەبارەت بەپێیەکانی، جاری وایە گۆرەوی کورت دەکاتە هەر پێیەکی، جاری واشە گۆرەویەکی کورت دەکاتە پێیەکیو یەکێکی درێژیش دەکاتە ئەوی تریان. یان نیوپوت دەکاتە پێی، یان قۆنەرە، یان نەعل، یان گۆرەوی کورتو نیوپوت، یان گۆرەوی کورتو قۆنەرە، یان گۆرەوی کورتو نەعل، یان گۆرەوی درێژو نیوپوت، یان گۆرەوی درێژو قۆنەرە، یان گۆرەوی درێژو نەعل، یان هەر دوو شێوەی نووسینی خوازەو مەجازی پێویستی بەهەڵبژاردن هەیەو لەهەر هەڵبژاردنێکیشدا بەناچاری چاوپۆشی لەشتێك دەکرێ. نووسەرانی ئەسڵەن هیچ ناکاتە پێی. وجاری وایە گۆرەوی درێژ دەکاتە هەر پێیەکی، یان گۆرەوی درێژ دەکاتە پێیەکیو نیوپوت دەکاتە پێیەکەی تری، یان قۆنەرە، یان نەعل، یان گۆرەوی کورتو نیوپوت دەکاتە پێی، یان گۆرەوی کورتو قۆنەرە..)**

بیکیت بەهەمان شێوە لاپەڕەو نیویکیتر درێژەی دەداتێ. هەروەها لەڕۆمانی (وات)یشدا زۆربەشی لەیەکچوو هەن کەنووسەر تیایاندا هەموو تێکەڵکردنە شیاوەکانی وەکو کۆمەڵێ جێگۆڕکێ باسکردووە، بەڵام رەنگە بەرزترین نموونەی جێگۆرکێ لە بەرهەمەکانی بیکیتدا رۆمانی مۆلی Mollyبێت. کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە (وات)(کەناوەکەی ناونیشانی رۆمانەکەشە)لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە مشتومڕەوە بۆ ئەوەی شانزە وردەبەرد وەها بەسەرگیرفانەکانیدا دابەش بکات کەهەر جارەی بتوانێ بەرێك و پێکیو بەدوای یەکدا بیان ملچێنێ، کارەکتەرەکانی بیکیت بەدوای ئەوەدا وێڵن کەلەبەر لەدەستدانی هەموو نەزمێکی لاهوتی، ئەزموونەکانی ژیان بەشێوەیەکی بیرکاریانە رێك بخەنەوە.

پاڵەوانی رۆمانی مورفی لەیەکێك لەدیمەنەکانی رۆمانەکەدا لەکاتێکدا کەپسکیتەکان بەشێوەی جیاواز بۆ نانی نیوەڕۆی خۆی ئامادە دەکات. لەنێو بێدەسەڵاتی لەهەڵبژاردنی جۆرێکی تایبەتی پسکیت و ئەگەری گۆڕینی هەموو پسکیتەکاندا دو دڵ دەبێ: **(ئەگەر بیویستایە دوا هەنگاو هەڵبگریو بەسەر حەزی لەرادەبەری بۆ پسکیتی (زەنجەفیلی)دا زاڵبێ، ئەو کاتە هەموو پسکیتەکان لەبەرچاوی رۆحیان دەهاتە بەرو بەڕووگەشیەوە دەرفەتی ئاڵتوونی گۆڕینی هەموو پسکیتەکانی دەخستەڕوو. سەدو بیست جۆربوون دەکرا بیانخوات)**

کاتێ کەئاڵوگۆڕەکان کەم دەبنەوە بۆ دوو حاڵەت، جیگۆرکێ تەنها دەبێ بەنۆرەکردن و نائومێدانە بوونی وەزعی ژیانی مرۆڤ نیشاندەدات. وایلی– کەیەکێکە لەکارەکتەرەکانی رۆمانی مورفی –

دەڵێت کە (هەر کاتێك ئازارێك دادەمرکێتەوە، ئازارێکی تر روو لەخراپی دەکات) (بەشەریەت بیرێکە بەدوو سەتڵەوە.. یەکێکیان دەچێتە خوارەوە بۆ ئەوەی پڕبێت و ئەوی تریان دێتە سەرەوە بۆ ئەوەی بەتاڵ بێتەوە) لەڕۆمانی (مادەی بیست و دوو)(1961)ی جوزیف هیلەردا [28]، سەربازێکی بریندار لەخەستەخانەدا واوەسف دەکرێ کەهەموو گیانی بەلەفاف پێچراوەو سرومێك و کیسەیەك (ادرار)ی بۆ وەسڵکراوە:

**(کاتێ کەکیسەی (ادرار)ەکە لەسەر زەویەکە پڕدەبوو، ئەو کیسە (سورم)ە، خاڵی دەبۆوە کەبەئانیشکییەوە وەسڵکرابوو. ئەوکاتە بەخێرایی جێگۆرکێیان بەم دووکیسەیە دەکرد بۆ ئەوەی ئەوشتە دڵۆپ دڵۆپ بگەڕێتەوە لەشی.)**

## ناتەبایی

ئەو تایبەتمەندییەی کەلە هەر نووسینێك چاوەروانیی دەکەین، تەباییە. نووسین دەتوانرێ وەکو گفتوگۆیەکی یەکلایەنە لێك بدرێتەوە. هەر خوێندکارێك یان رەخنەگرێك دەزانێت کەدژوارترین لایەنی نووسینی وتارو کۆتاییەنامەی خوێندن یان کتێب، نەزم بەخشینە بەبیروبۆچوونی پەراگەندە بەجۆرێك کە لەبابەتێکەوە چوون بۆ بابەتێکی تر، بەبێ پچڕان، لۆجیکی و ئاسایی بێتە بەرچاو لەهەمان کاتدا هیچ خاڵێکی گرنگ دەسکاری نەکرێ یان لانەبرێ. هەمان ئەم کتێبەی کەلەبەر دەستدایە، رستەو دەربڕینی بێشوماری تێدایە کەمەبەست لەرێکخستنیان بەپلەی یەکەم گویزانەوەی زانیاری نەبووە، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندییەکی نەرم و رەوان بووە لەنێوان ئەو بابە جیاوازانەی لەم کتێبەدا تەرحکراون. لەئەدەبیاتی چیرۆکدا، شێوەی

نووسینی مەجازی جوریك تەبایی زۆر ئاشكرای تێدایە كەلەسەر بنەمای‌لەیەكەوە نزیكی -كات -شوێن -بنیات نراوەو تێگەیشتن لەدەق ئاسانتر دەكات. تێگەیشتنی تەبایی نووسینی خوازە ئەوەندە ئاسان نییە، بەلام بەهەرحال دەتوانرێ دەستنیشان بكرێ. راست بەهەمان شێوە كەتەبایی بابەتە تەرحكراوەكان لەدەقێكی لۆجیكیدا دەربارەی راستو دروستی ئەو بۆچوونانە قەناعەت بەخوێنەر دەكاتو ئەو بۆچوونە فراوان دەكات كەهیچ رێكخستنێكی دیكە لەخستنەڕووی مەبەستەكاندا ناتوانێ تائەو رادەیە لەڕووی عەقلیەوە قەناعەت پێهێنەربێ. بەهەمان شێوە چیرۆكیش -ئەگەر بەرهەمێكی سەركەوتووبێت- بەمتمانەی تەباییەكەی دەربارەی دنیای بوون خوێنەر بەدیدگایەكی تایبەتی قایل دەكاتو دنیایەكی خەیالی دەخاتە شوێنی (دنیای واقیعی)بۆ ئەوەی (ئەگەر بەتایبەتی چیرۆكەكە ریالیستییە)خوێنەر لەرێگەی خەیالەوە تیایدا بژی. پۆستمودێرنیزم بەرامبەر بەتەبایی بەدگومانە. بیكیت بەگۆڕانی كوتوپڕو چاوەڕوان نەكراو لەتۆنی راویدا، قسەكانی -ئەودیوی چیرۆكی (Metafictional ) روو لەخوێنەرو بەجێهێشتنی چەند بەشێك لەدەقو قسەكردنی دژبەیەكو جیگۆركێو تەبایی قسەكانی تێكدەدات.

هەندێ لەنووسەرانی دوایی لەئەمریكا لەمەزیاترپێیان داگرتووچیرۆكەكانیان لەسەربنەمای ناتەبایی نووسی. لەڕۆمانی (98/6)ی رۆنالد سوكنیك[29] دا دەنگی نووسەر بەسووربوونەوە رایدەگەیەنی (لەتو پەت كردن، ناتەبایی، كەمو كورتی، چارەیەك نییە)

ئاشـکراترین نیشـانەی ناتـەبایی لەشـێوەی نووسـینی ئـەدەبیاتی چیرۆکی هاوچەرخدا دەتوانرێ(مـەیلی ئاشـکرا بـۆ نووسـینی چیرۆك لەچەند بەشێکی زۆر کورتـدا) لـەڕۆمانی (98/6)بـەدی بکـرێ. درێژیـی هەریـەکێك لەبەشـەکانی ئـەم رۆمانـە زۆرجار لەپـەرەگرافێك زیاتر نییـەو نـاوەڕۆکی هـەر یـەکێکیان زۆرجـار لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەدا زۆر جیاوازە. جـار بـەجارێ بەمەبەسـتی تەئکیدکردنـەوەی زیـاتر لەسـەر ناپەیوەسـتی بەشـەکان، نووسـەر لەسـەرەتای هـەر بەشـێکدا ژمـارە یـان ناونیشـانێك بـەپیتی گـەورە دەنووسـێت یـان پـەنا بـۆ شـێوازی چـاپ دەبات. رۆمانەکانی دواتری ڤۆنیگوت و تـەواوی رۆمانـەکانی بروتیگـەن چوارچێوەیـەکی لـەو بابەتـەیان هەیـە، بـەدەربڕینێکیتر بەشـەکانیان بەڕادەیـەك کورتـە کـەناتوانرێ بەمەفـهومی بـاوی وشـەکە بەفەسـڵ ناوببرێن. دونـالد بـارتڵمی بـە مەبەسـتی ناتـەباییکردنی دەقی رۆمـانی (ژیـانی شـار City life (1971)لەهـەندێ لەبەشـەکاندا وێنـەی سـەیرو سەمەرە بەکاردەهێنێ ریمۆند فیدرمان ریکخستنی لاپـەڕەکانی رۆمانی (دوو ئــەوەندەیان هیــچ)بــە بــەکارهێنانی هونــەری شــیعری (موجەسـەم)بەشـێوەیەکی داهێنـەرانـە دەگـۆڕێ تالەبـەر بـەکارهێنانی ئـەوەی لەنەقڵکردنی ئـەم قسـەیەی خـوارەوەدا وەسـفیکردووە قـیزەون نەبێ: **(شێوەیەکی زۆر راشکاوانەی گێڕانەوە، بێ ئەوەی خەیاڵت بـڕوات، بـەبێ هیچ رێگرێك تەنها شێوەیەکی سادە، ئاسـایی بەرێسـای خوێندنـەوەی ریالیسـتی راست بۆ چەپ خاڵی لـەڕاز، ئاسـاییو بـاو، بـاش خاڵبـەندی کـراو، ئاسـان بـۆ تیگەیشتن، بێزارکەر، بێ مەترسی، پەرەگرافدار، مەحشــەر، بەلـەزەت، بەکـەڵك،**

مانادار، پەخشان پەخشان، پەخشان، بێزارکەر، لەپەخشانەوە بۆ پەخشان پەخشان، پەخشان، سادە، پەخشان.

لیونارد مایکلز لەم دواییەدا تاڕادەیەك ژانرێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە: کەبریتییە لەکۆمەڵێك (نەخێر زنجیرەیەك)پارچەی کورت لە (چیرۆك، حیکایەت، بیرکردنەوە، قسەی کورت، پەخشانە شیعر، نوکتە)هەر کامێکیان ناونیشانێکی جیای هەیە کەبەپیتی گەورە نووسراوە. خوێنەر سەرسام بەڵام خۆشحاڵ لەنێو ئەم پارچانەدا کەوادیارە ناتەبان وەکو تۆپێك لەملاوە بۆ ئەولا هەڵدەدرێت و سەرگەردان دەبێت؛ چەند بروسکەیەك لەزیهنیدا دەدرەوشێنەوەو بەخێرایی ئاوا دەبن. وردە وردە بەرچاو روونیی زیاتر دەبێ؛ تا ئەوەی کەنووسەر بەکورتی دەڵێت (دۆڕاندت)یەکێك لەم کۆمەڵانە بەناونیشانی (ئەگەر بمتوانیایە رزگارم دەکردن)ە(30) بەشێوەیەکی نوێ باس لەناوەڕۆکی دێرینەی بوون -مەرگ- کات لەسزای لەسێدارەداندا دەکات کەمایکلز بە (چیرۆکی زیندانیی حوکمدراو)ناوی دەبات. ئەم کۆمەڵەیە حەڤدە بەشە کەبریتین لەبەیادهێنانەوە -تەنزێکی کورت و بریندارکەرە دەربارەی ژیانی جولەکەکانی ئەمریکا کەبابەتە سەرەکیەکەی بریتیە لە لەدین لادانی کوڕی خێزانێکی جولەکە؛ جولەکەی گومانلێکراو- لەچیرۆکێکی بورخیس وەرگیراوە بەناونیشانی (موعجیزەی نهێنی) دەربارەی نووسەرێکی جولەکەیە بەناوی (جارۆمیر هلادیك) کەبەفەرمانی (گەشتاپۆ)لەسێدارە دەدرێ، بەڵام خودا دەرفەتی دەداتێ تالەماوەی نێوان تەقاندنی گوللەکان و مردنیدا، بتوانێ لەمێشکیدا شاکاری

نیوەنـاچڵی خـۆی تـەواو بكـات؛ لـەكاتی نـابووتیدا –یـادێكی باپـیری راوییـە (ورەنگـە یـادی نـەنكی نووسـەر)بـۆ كەبـەهۆی قـەڵاچۆكردنی پۆڵەندیەكانـــەوە ئـــاوارەبووە؛ هەلومـــەرجی مـــاددی– وەســـــفێكی دوژمنانەی كارل ماركسە كەبەسوكایەتی كردن بەخاوەن كارێك دەبێ بەتوورەییـەك دەربـارەی مێـژوو؛ كاروكاسـپی– حیكایـەتێكی گاڵتـە ئـامێزە دەربـارەی مـامی راوی كـەخاوەنی چـەند سەرتاشـخانەیەكەو پارەیەكی زۆر بەدەستدێنێ؛ هـەڵدێرەبێ دەوەنـەكان– نـەقڵ كردنێكـی شیعری (زیندانی شییۆن)ی بایرۆن–ە(31) دەربارەی زیندانیەك كەكاتی بـەندێتی خـۆی دەگوزەرێنـێ؛ گۆرانـی– نوكتەیـەكی سـێ دێرییـە دەربارەی گۆرانیە خوماڵیـەكانی روسـیا؛ خونچـەكان– دەربـارەی ئـەو ئەزموونە ترسناكانەیە كەبەگشتی راوی لەسەرەتای نیشـتەجێبوونیدا لەئەوروپا بەسـەری هـاتووە؛ دادو هـاواری منـاڵان– دەربـارەی عیسـای مەسـیح، هلادیـكو كافكـاو (دوا چارەسـەر)؛ هـیراكلیتوس، هیگـل، جـاكۆمتی(32)، نیچـە، وۆردزۆرت(33)، سـتیڤنز(34)–دەربـارەی دەزگـا فەلسەفیەكان؛ نامۆیی– دەربارەی پەیوەندی ماركسیزمو مەسیحیەت؛ نامـەی لـۆرد بـایرۆن– لەبـەر نووسـینەوەی نامەیـەكی بایرۆنـە كەسەرنجەكانی ئەم شاعیرەی لەخۆگرتووە لەمەراسیمی لەسێدارەدانی سێ تاوانباردا بە(ملپەڕێن) (شەرمەندەم كەدەبێ بڵێم دووەمو سێیەم بوونـە هـۆی تۆقینـم–و ئەمـە ئـەوە نیشـان دەدات چـەند زووبـێ بایەخدەبین–، گەرچی ئەگەر بمتوانیایە رزگارم دەكرن)؛ جۆری ژیان– رەخنەیـە لەنامەكـەی بـایرۆن؛ دۆستۆیڤسـكی– كورتـە باسـێكی بەسەرهاتی پوچەڵكردنەوەی حوكمی لەسێدارەدانی دۆستۆیڤسكیە؛

ئەو شەوەی کەبووم بەمارکسیست- باسیکە سەبارەت بەگۆڕینی رێبازکە شێوەی نووسینی، لاساییکردنەوەیەکی گاڵتە جاڕانەی شێوازی پۆلسی(35) پەیامبەرە؛ ئەنجامگیری- کەنووسەر تیایدا لەسەر ئەوە دەوەستێ کە (بەڕای هەندێك (یەعنی بەڕای مردووەکان))ئەم وڕینانە ئیتر هیچیان گرنگیان نییە)دوای ئەوەی چەندجارێك ئەم کۆمەڵە تێکستە دەخوێنینەوە، جۆرێك تەبایی ناواخنی لێبەدەست دێت و پوختەکەی هەمان ئەو رستەیەیە کەپێشتر سەبارەت بەکورتە چیرۆکی (دوستۆیڤسکی)نووسینی لیونارد مایکلز هێنامەوە کەدەڵێ (مومکین نییە بتوانیت بەخەیاڵ لێدان یان بەبێ خەیاڵ لێدان بژیت) خەیاڵ لێدان- ئایا بەشێوەی ئەدەبی، ئایینی، فەلسەفی یان بەشێوەی سیاسیی- هەرگیز مەرگ ناکات بە دیاردەیەکی پەسەند یان هەتا بەشتێکی دەرك پێکراویش، بەم پێیە لەدنیایەکدا کە (بەشێوەیەکی سەرومڕ لەمەرگی بەردەوام دەخولقێنرێ) (ئەنجامگیری)چارەیەکی دیکە نییە. هەریەکە لەبەشەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەپێوەندێکی تایبەتی ئەسڵی هەیە (وردبینی راستگۆیانەی بایرون لەسەر خەیاڵپلاوی بۆرخیس و تیورسینی مارکس رەواجی هەیە)، بەڵام ئەم بابەتە هەرگیز جیاوازیەك دروستناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەربڕینێکی لەم جۆرە زۆر گومڕاکەرە، چونکە کاریگەرییەکانی دەق (لەبابەتی، سەرسامی، پەرێشانی و ناکۆکی)تەنها لەئەزموونی خوێندنەوەی دەقدا، واتە لەو گێژییەوە کەلەگۆرانی چاوەڕوان نەکراوو پێشبینی نەکراوی سیاقی قسەوە سەرچاوە دەگرێ لەبەشە جۆراوجۆرەکاندا هەستیپێدەکرێ. هێنانەوەی ئەم چەند دێڕەی سەرەتای چیرۆکێکی دیکەی مایکلز

بەناونیشانی (لەپەنجاکان-دا)کە ئالۆزیەکی کەمتری تێدایە نموونەیەکی باشترە بۆ ناتەبایی لەشێوەی نووسینی ئەودا: (لەپەنجاکاندا فێری سایەقی بووم، دوبارە عاشق دەبووم، بەبەراورد لەگەڵ ئێستادا هاوڕێی زیاترم هەبوو، کاتێك خرۆچۆف، ستالینی دایە بەر شاڵاوی رەخنە، ئەوەی لەژوورەکەدا لەگەڵمدابوو میزی بووبەخوێن، رەنگو رووی زەردبوو، تەقریبەن تەواوی موی سەری هەڵوەری. لەکلاسی بالای ئی، بی، بورگمدا بەشداریم کرد تائەوەی سیناتور ماکارتی کۆتایی بەکارکردنی هێنا پێموابوو لە زانکۆی نیویۆرك دەبێ بەهەرا. خوێندکاران بەشێوەیەکی منالانە، لەڕارەوەکاندا دەخولانەوەو چاویان لەیەکتری دەبری. شەووڕۆژ هەوڵم داو لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا توانیم رۆمانێکی بێکەڵك بنووسم، زۆرترین کات دەچوومە کۆلێژ (زانکۆی نیویۆرك، مەشیگان، بارکلی)هەفتەی چوار پێنج شەو دەچوومە یانەی هاورەگەزبازان لە (ئان ئاربۆر)و بەڕووگەشیەوە لەگەڵ کەسانیدیدا قسەی خۆشم دەکرد. خەڵك چۆن ئاوی نەبات دەمژن ئاوا رەخنەو لیکۆڵینەوەی ئەدەبیم دەخوێندەوە. بەلای منەوە پەیوەندی تایبەتی لەهەموو شتێکی دیکە گرنگتربوو، رۆژێك لەگەڵ پیاوێکی بەهێزی قەڵەودا شەرم بوو کەخۆیدا بەسەرمداو جوڵەی نەدەکرد. لەگەڵ وەرزشکارانی فتبۆڵو جاز ژەنانو هەتیوبازەکانو ژنانی سۆزانیو ئەو لادەرانەی کەهەموو کارێکی چەوتیاندەکرد، هەروەها لەگەڵ زۆربەی خوێندکارانی جولەکەی کولیژی پزیشکیدا پەیوەندی تایبەتیم هەبوو، لەگەڵ سیو پێنج ملیۆن مەیمونی باکوری هندستاندا کەلەتاقیکردنەوەیەکدا دەربارەی راهاتنی مەیمونەکان لەسەر مۆرفین بەکار دەهێنران، پەیوەندی تایبەتیم هەبوو، دەیانزانی کەمن ئەو کەسەم کەپاشماوەی بۆگەنی ناو قەفەزەکان بەسۆندە دەشۆم).

ئەم چیرۆکە (کە ناتوانرێ هێندەش وەکو چیرۆك حسابی بۆ بکرێ، بەڵام بۆ ناولێنانیشی واژەیەکی دیکە لەئارادا نییە)بەهەمان شێوە درێژەی پێدەدرێ: رستەی خەبەری رووت کەوادێنە بەرچاو هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نییە جگە لەوەی کەژیانی راوی دەگێڕنەوە لەپەنجاکانداو وا دیارە بەبێ هیچ رێکخستنێکی تایبەتی لەکۆی ئەزموونەکانی هەڵبژێردراون. لەم کۆمەڵەیەدا جۆرێك لەناوەڕۆکی دوبارەبۆوە بەرچاو دەکەوێ کەبریتییە لەتیامانی سیاسیی لەماوەی پەنجاکاندا، بەڵام زۆرجار قسەکانی راوی پەیوەندی بەو ناوەڕۆکەوە نییە. وادیارە کەدەقێکی وا زۆر نارەحەت دەتوانێ کاریگەری دڵخوازی نووسەر لەسەرخوێنەر بەجێ بهێڵێ، بەڵام لەراستیدا دەتوانێت چونکە شارەزایی بەکارهێنراو لەنووسینیدا بێ ئامانج دێتە بەرچاو، نووسەر قەناعەتمان پێدەکات کەناتەبایی دەقەکەی کتومت ئەزموونی ئەوە. راوی لەجێگایەکدا دەڵێت (پێشەکی وابیرم دەکردەوە کەدواجار رۆژێك ژیانی گێلانەم لەپەنجاکاندا بەشێوەی چیرۆك دەنووسم)و بەئاماژە مەبەستی لەوەیە کەبەشەخاوەکانی ئەو ژیانەی کە لەبەرامبەر ئێمە قوت بۆتەوە، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوترە لەهەر رۆمانێکی باش نووسراو.

لەبەرهەمەکانی دۆناڵد بارتلمیدا، پەیوەندی لەنێوان رستەکان و هەروەها پەیوەندی لەنێوان پەرەگرافەکاندا یاسای نووسینی ناپەیوەست دەستنیشان دەکات. بۆ نموونە لەیەکێك لەچیرۆکەکانیدا ئاوا دەخوێنینەوە: (ئیدوارد ریشی سووری خۆی لەکێردی نان خواردندا بینی پاشان ئیدواردو (پیا) چوون بۆ سوید بۆ

کێڵگە)جیاوازی گەورە لەنێوان رەهەندەکانی ئەم ئیشانەو لەدەستدانی هەر جۆرە پەیوەندیەکی سەبەبی تیایاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کەکەمتر سەرنجی پەیوەستی (کات)ە کەیان بدەین بەتەنها.

**(چارلس لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای هێڵدای کرد. لە ژێر داری هەرمێ رەشەکەدا دانیشتبوو خۆی سەرقاڵ دەکرد. قەپێکی گەورەی لەهەرمێیەکی رەش گرت. تامی ناخۆش بوو هێڵدا بەدیقەتەوە لەدار هەرمێکە راما. چارلس دەستی بەگریانکرد. بەرهەمەکانی بیرگسون[36]-ی دەخوێندەوە سەری لەگریانەکەی سوڕماو بەسەرسامیەوە بڕیاریدا شتێك بخوات).**

ئەم پارچەیەی سەرەوە بەئەنگێزەیەك دەستپێدەکات کە جۆرێك لەتەبایی لۆجیکی تێدایە، بەلام لەگەڵ کاردانەوە ناتەباکانی چارلسدا (گریان، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بیرگسۆن، هەستکردن بەبرسێتی)نەلەگەڵ یەکتریدا پەیوەندیان هەیە نەلەگەڵ هێڵدادا، ئەم تەباییەش تێکدەچێ. یەکێك لەو شێوازانەی بارتلمی حەزی لێدەکات ئەوەیە کەچەند کارەکتەرێك و زیهنیەت یان گفتوگۆی پەیوەست یان بەردەوام هەڵدەبژێرێ و پاشان بەتێکەڵکردنیان، ئاوێتەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ لەپارچەی قسە دەهێنێتە ئاراوە کەبەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە لەیەك جیان (یەکێك لەکارەکتەرەکانی بارتڵمی لەچیرۆکێکدا دەڵێت (پارچە تەنها شێوەیەکە کەمتمانەی پێدەکەم)نموونەیەك لەم پارچانە لەچیرۆکی (کۆڕی سەمای ئۆپێرای ڤیەننا)دا دەخوێنینەوە:

**(کارولا)لەو کەسانەی بیست کەلەپشت شانە سەرنجڕاکێش و سپیەکانیەوە سەرقاڵی قسەکردن بوون کەیەکێ لەلووت بەرزی خولقێنەرترین شانازیەکانی (مکۆرمەك)ئەوەیە کەلەماوەی چل ویەك ساڵ ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ ژنەکەیدا،**

هەرگیز رێك نەكەوتووە كەبەبێ ئەو نانی ئێوارە بخوات- (نۆكۆ)ی بەیادهاتەوە لە (رۆژی پاشەكشەدا)و وتە بەناوبانگەكەی بۆدلێری[37] كەوتەوە بیر (نا پایەداری دوا مەحەكی هەڵسەنگاندنی شێوەكانە، ئامانجی گرنگ، لەحوكمی ماسولكەیەكی شێوە ئەڵقەیی راستو ساغدایە. كۆرپە هەرچەندە پێنەگەیوتربێ، برینی (مەهبەل)یش لەكاتی مناڵبووندا دەبێ زیاتر بێ (لیۆن جەرۆف)سەرۆكی مەكتەبی رۆژنامەی تایم لەشاری دیترویت وتی بەڵێ، لەپاش نیوەرۆ گەرمەكانی بەهاردا، لەناو پۆلەكەمەوە لەقوتابخانەی سەرەتایی (تۆمەس)ەوە دەمتوانی ئەو دیوی دەروازەكراوەكانی كارخانەی (پاكارد) ببینم. زڕ باوكو زڕ دایكی نموونەیی، مرۆڤی عاقڵن بەڵام وەك پێویست خوشگوزەران نین كەلەژن و مێردایەتیەكەیان رازین و مناڵەكانیان خۆش دەوێ و هەستیان پێدەكەن.

نۆیەمین رۆژی نۆیەمین مانگ، ناوی جەژنی كیكونۆ سیككۆیەو لەو رۆژەدا (ساكی)[38] دروستكراو لەكیكونۆ سیككۆ دەخۆنەوە.)

## لەدەستدانی رێسا:

ناتەبایی دەربڕین لەبەرهەمەكانی بروتیگەن و مایكلزو بارتڵمیدا، نووسینەكانیان بێڕێسا نیشاندەدات، بەڵام راستتر ئەوەیە كەبڵێین ئەم رۆماننووسانە چیرۆكەكانیان بەپێی لۆجیكی (مەعنا لەدەستدان)دەنووسن. لەو لایەنەوە كەزیهنی مرۆڤ خاوەنی رێكوپێكییە، بێڕێسایی بەمەعنا راستەكەی دەبێ بەشێوەیەكی دەسكرد بۆ دەقی ئەدەبی بەكاربێت؛ بۆ نموونە بۆ ئەو شێوازی (پارچە پارچەكردن)ەی كەویلیام بوروز [39] بەكاری دەهێنێ. بەقسەی بوروز (بۆ نووسینی چیرۆك بەشێوەی عەفەوی تەنها ئارەزووی نووسەر بەس نییە، بەڵام بەمقەستێك دەتوانرێ فاكتەری عەفەوی پێشبینی نەكراو

بهێنرێتە ناو کارەکەوە)بۆ ئەم مەبەستە، نووسەر چەند پارچەیەك لەچەند دەقێکی جیاواز (لەوانەش نووسینەکانی خۆی)دەبڕێ، پاشان ئەو پارچانە بێ هیچ ڕێسایەکی تایبەتی بەیەکەوە دەلکێنێو ئەنجامی کارەکە وەکو خۆی دەنووسێتەوە. شێوازێکی لەو جۆرە بۆ کارپێکردنی بێڕێسایی بەمەفهومە راستەقینەکەی، بریتییە لەچاپکردنی کتێب بەشێوەی (کلاسۆر-بۆکس فایل)بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ لاپەڕەکانی کتێبەکە ئەمدیودیو بکاتو لەو ڕێگایەوە ئەو دەقە بهێنێتە ئاراوە کەخۆی حەزی لێیەتی (بۆ نموونە ب. س. جۆنسۆن[40] ڕۆمانی (بێبەختەکان)ی 1969-بەو شێوەیە بلاوکردەوە). بەڕای من ئەم جۆرە داتاشینانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی هەلاتن لەسستمی خوازە/ مەجاز، لەهەر شێوەیەکی تر کەمتر دەچنە دلەوە، چونکە زۆر داتاشراون.

## زیادەڕەویی

هەندێ لەڕۆماننووسە پۆستمۆدێرنیستەکان لەبەکارهێنانی پێشەکی خوازەو مەجازدا بەئەنقەست زیادەڕەویان کردووەو وەك دەلێن زۆریان تێترنجاندووە. بەدەربڕینێکی دیکە، لەڕەوتی بەکارهێنانی ئەم پێشەکیانەدا، پێکەنیناویو گالتەئامێز خستوویاننەتەڕوو بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خۆیان لەبالادەستی خوازەو مەجاز رزگاربکەن. بۆ نموونە تۆماس پینچۆن [41] لەڕۆمانی (پەلکەزێڕینەی راکێشەر)دا 1973- بابەتێکی لاوەکی وەکو لەیەکچوونی موشەكو (زەکەر) هەلدەبژێرێو ئەنجامەکانی ئەم لێکچوونە هەتا کۆتایی ئەم ڕۆمانە زۆر درێژە، یەك لەدوای یەكو بەشێوەیەکی پێکەنیناوی دەژمێرێ. لەڕۆمانێکی دیکەدا کەبەقەلەمی هەمان نووسەر

نووســـراوە بەناونیشـــانی (ڤ–v)1963، درەوشـــانەوە چـــەند لایەنـــەو دووبارەبووەکـانی (ڤ)بەشـێوەی یـەکێك لەناوەڕۆکـەکانی ئـەم رۆمانـە، بەشـێوەیەکی گاڵتەجاڕانـە راڤـە دەکـات. زیـادەڕەوی دونـاڵد بـارتڵمی لەبەکارهێنانی خـوازەدا زیـاتر لـە چەند بەشێك لەڕۆمانـەکانیداو (نـەك لەســـەراپای رۆمانـــەکانیدا)ئـــەنجام دەدرێ، کەنموونەکـــەی چـــەند پێوەرێکـی پووچگەراییـە کەلـەم پارچەیـەی خـوارەوەدا سـەبارەت بەکۆمەڵێك لەبەردەکانی هەسارەی مانگ ئەنجامی دەدات:

**(بـەردەکانی مـانگ بـەچاکی ئـەوەبوون کەبەشـێوەیەکی چاوەڕوانـەکراو کەسـێك فریوبـدەن و ئـەم فریودانـە، بەمـەعناو لـەڕووی سـۆزەوە قایلکـەربێ. بەر دەکانی مانگ بەباشی گوێگرتنبوون لەو قسانەی کەدادوەرەکانی دادگای باڵا لەژووری جل گۆڕیندا بەیەکتری دەڵێن. بەچاکی جەنگبوون. بـەردەکانی مـانگ لەنوسخەیەکی هەدیە کـراوی فەرهـەنگی ئینگلـیزی (رەنـدۆم هـاوس Random House)باشـتربوون کـەخودی جیفـری چوسـەر[42] ئیمـزای کردبـێ. لـەفیلمێ باشـتربوون کـەتیایدا سـەرکۆمار بەخـەڵك نـاڵێت بـۆ رزگـارکردنی گیانیـان لەڕووداوێکی ترسناکدا کەخەریکـە روودەدات چـی بکـەن، وەك ئـەوەی بزانـێ دەبێ چی بکـرێ و فـەرمانێکی نهێنیشـی لەوبارەیـەوە دەرکـردووە. بـەردەکانی مانگ لەکوپێك قاوەی بەلەزەتی جەزوەیەك باشتربوون کەئەو پاشـا زۆردارەی بـۆ چیرۆکی گۆڕینی فیلومیل ئاراستەی کردبێ.)**

رۆمانی (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)ی ریچارد بروتیگـەن بـەهۆی ئـەو لێکچوونـە سـەیرو سـەمەرانەوە کـەتیایدا بـەکارهاتووە، مایـەی سـەرنجە. ئـەم لێکچوونانە کەلەسـەر تێگەیشـتنی زۆر تایبـەتی نووسـەر بنیـاتنراون لێکچوونـی نێـوان لێکچـوو، لـەوچوون و زۆر جـار وادێتـە

بـەرچاو کەلەڕۆمانەکـە دورکەوتوونەتـەوەو بـوون بـەچیرۆکی بچـووك و سەربەخۆ، هەڵبەتە نەك بەشێوەی لێکچوونی حەماسی چونکە نووسـەر لەکۆتاییدا ئەو لێکچوونانە بەبابەتی سەرەکیەوە نابەستێتەوە. چـەند نموونەیەك لەو لێکچوونانە:

(خۆر وەکو پەنجاسـەنتیەکی گـەورە وابـوو کەکەسـێك نـەوتی پێداکردبـێ و پاشان بەشقارتە ئاگری تێبەردابێ و گوتبێتی (وەرە، ئاگاداری ئەمەبـە بـۆ ئـەوەی من بچم رۆژنامە بکرم)و پارەکەی خستبێتە دەستی منەوەو هەرگیز نەگەڕابێتەوە).

(سـەرئەنجام وەرزەکـان وەکـو چێشـت لێنـەرێکی خـەواڵوی خواردنـی حازربەدەست کەچەند هێلکەیـەك لەسـەر کـەباب برژێنـی نزیـك رێگـای ئاسـن بشکێنێ، وریـایی نـاوە تەختەییـەکانی ئـەوانی دەکـرد (یـەعنی ئـەو ناوانـەیان کەلەسـەر خـاچی تەختـەیی گۆڕەکانیـان هەڵکـەنرابوو). (لەشم وەکـو چـەند باڵندەیەکی هەڵنیشتووی سەرتەلی تەلەفۆن بوو کەتا هـەموو دنیـا درێـژ دەبـۆوەو هـەورەکانیش بەوریاییـەوە تەلـەکانیان دەلەرانـەوە).(چـاوانی وەکـو قـەیتانی قۆنەرەی هارپسیکۆرد (جۆرێك ئامێری مۆزیکی (وەرگێڕ))بوو.

(رۆشنایی ئەودیوی دارەکان وەکو چوون بۆفرۆشـگایەکی گـەورە بەرەبـەرەو نائاسایی بوو).

(ئەو رووبارە وەکو ریزێکی (12845)دانەیی کۆشکی تەلەفۆن بوو کەسەقفیان بەشـێوەی (بیناکـانی)سـەردەمی ڤیکتۆریـا بـەرزبێ و هـەموو دەرگاکانیـان دەرهێنابن و پشتیشیان لەبناغەوە هەڵکـەندبن). (شـەقامەکان وەکـو وەکـو پێـك گەیشتنێکی زۆرخێرا لەنێوان گۆڕستانێك و لۆرییەك کەفەردە ئـاردی هـەڵگرتبێ-سپی و وشکبوون)

ئەم لێکچواندنانە نیشاندەری زیادەڕەوین لەبەکارهێنانی خودی لێکچواندندا. بەپێی ئەوەی کەلەم رۆمانەدا هاتووە (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)دەتوانێ کەسێك بێ:

**(هەروەها ئەم کتێبە کتێبێکی بچووکی چێشت لێنانە بۆ (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)دەڵێی (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)خواردن ناسێکی دەوڵەمەندەو دۆستی کچی (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)واتە (ماریا کەلەس)ە[43]، وەدەڵێی پێکەوە لەسەرمێزی مەڕمەڕی خواردن کەبەمۆمی جوان رازێنرابێتەوە نان دەخۆن).**

یان دەتوانێ جەستەیەك بێت:

**ئەم توێکاریی (راوی ماسی ترۆتە لەئەمریکا)دەڵێی (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا) بایرۆن بووەو لە (میسۆلۆنگی)مردووەو ئیتر هەرگیز کەنارەکانی (ئایدهۆ)ی نەدیووە.**

یان دەتوانێ ئوتێلێك بێ:

**لەدوای یەکتربڕینی (برۆدوای)و (کۆلومب)کاتێ کە نیوەی جادەکە ببڕی دەگەیتە (ئوتێلی راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)کە ئوتێلێکی هەرزان بەهایە. ئوتێلێکی کۆنە کەژمارەیەك چینیی بەڕێوەی دەبەن).**

نامە بۆ (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)دەنووسرێ ئەویش وەڵامی ئەو نامانە دەداتەوەو بەئیمزای (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)رەوانەی دەکات. (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)دەتوانێ سیفەتێك بێت. (دوا ئاماژە بۆ کورتە بالای راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا، شایەتی بانگکراوە لەلایەن ئاشتی (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)وە ((راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا)دەتوانێ نووکی قەڵەم بێ:

**(بیرم کردەوەو رەسمکردنی چەند درەختێکــی سـەوزی گونجـاو بـەدرێژایی کەناری رووبارو گوڵە کێوییەکان و تاریکەکان لەسەر کاغەز، چ نووکە قەڵــەمێکی چاك (راوی ماسی ترۆت لەئەمریکا )دروستدەکات.**

بـەکورتی (راوی ماسی تـرۆت لەئـەمریکا)دەتوانێـت هەرشـتێك بـێ کەبروتیگـەن دەیـەوێ. یـەکێك لەهاوکێشـەکانی ئـەم جـۆرە زیادەڕەویـە لـەجێگیرکردندا لەســەر میحــوەری پەیوەســتی رەگــەزە زمانیــەکان و جێگۆڕکێی گۆڕاوەکانە کەتا ئێستا خراونەتە ژێر باس و لێکۆڵینەوەوە. بــەڵام بــارکردنی زیــادە لــەدەرەوەی ســنووری راشــکاوی بــۆ قســـە، کاریگەرییەکی لەو جۆرە بـەجێدەهێڵێ. بەخستنەڕووی قەبارەیەکی وا لەبەش و پارچە کەخوێنـەر توانای پێکەوەبەستنی نـەبێت لەگشتێکدا، قسەی بەربەرەکانیی بوون لەبەرامبەر راڤەدا دەسەلمێنێ. لەڕۆمانەکانی ئـالان رۆب گرییـەدا[44]، وەسفی دووروودرێژی شتەکان کەبەشـێوەیەکی وەستایانەی وردەو لـەخوازە داماڵراوە، بەکردەوە دەبێتە هـۆی ئـەوەی کەخوێنەر نەتوانێت ئەو شتانە بهێنێتە بەرچاوی خۆی، ماوەیـەکی زۆر بەر لەئێستا، هەندێ لەڕیالیستەکانی کۆتایی سەدەی نـۆزدە ئـەوەیان سـەلماندبوو کەنووسینی مـەجازیی بـەناچاری ئـەنجامێکی لـەم جـۆرەی هەیە. یاکۆبسن بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە گلیب ئیڤانوڤیچ ئسپینسکی[45]رۆماننووسی روسی بەنموونە دەهێنێتەوەو ئەو قسەیەی کامگۆلۆڤ دەهێنێتـەوە کەکارەکتـەر کاریی لەڕۆمانـەکانی ئسپینسکیدا بەجۆرێکە کە (خوێنەر لەوردەکارییەکانی بەشێکی کورتدا نقوم دەبێ و بەکردەوە ناتوانێ لەمەعنای گشت تێبگـات و لەئـەنجامدا، وەسـفەکانی نووسـەر زۆر بێزمان دەردەچن )وەسفی بـەناوبانگی کڵاوی قوتابخانـەی چارلس

بۆڤاری[46] لەفەسڵی یەکەمی رۆمانی مەدام بۆڤاریدا نموونەیەکی ئاشناترە بۆ ئەوەی کەدەتوانرێ بە (زیادەڕەوی لەبەکارهێنانی مەجازدا)ناوبنرێ. ئالان رۆب گرییە نەك تەنها خوێنەرانی رۆمانەکانی لەوردەکاری زۆردا نقومدەکات کەیان پێویستیان نییەو یان توانای لێتێگەیشتنیان نییە، بەڵکو بەڕای من بەدەستی ئەنقەست وادەکات ئەو وردەکارییانە بەشێوەیەکی ناتەبا بخاتەڕوو.

بۆ نموونە، ئەم وەسفەی ئەو بەندەرە لەبەرچاو بگرە کە (ماتیاس)[47]لێی نزیکدەبێتەوە لەفەسڵی یەکەمی رۆمانی (چاو لەوەڕێن)دا،

**(لەنگەرگاکە کەئێستا زۆر نزیك دیاربوو، چەندین مەتر بەرزتر لەسەقفی کەشتیەکە بەئاسماندا چووبوو. بێگومان کشابوو. لەو راڕەوە باریکەوە کەبۆ سواربوونی کەشتیەکە بەکاردەهات، دەکرا رووی لووسی بەشی خوارەوەی لەنگەرگاکە ببینی کەسێبەری رەشی ئاوەکەی کەوتبووە سەرو هەرێزی مەیلەو سەوز تاڕادەیەك داپۆشیبوو. کاتێ کەنزیکتر بوونەوە کەناری بەردینی لەنگەرگاکە کەمو زۆر بەشێوەیەکی هەست پێنەکراو هاتبووە پێشەوە.**

**لەسەرووی لەنگەرگاکەوە، بەدرێژایی بەشی سەرەوەی کەنارە بەردینەکە (دامێنێکی لارو باریك کەلەدوورِوی شاقووڵی یەکتربڕ پێکهاتبوو: واتە ئەو تیغە شاقووڵیەی سەر شوێنی بارداگرتنەکەو ئەو پلیکانەیەی لەسەرەوەی لەنگەرگاکە کۆتایی دەهات)هێڵێکی ئاسۆیی هەبوو کەڕاست بەرەو شوێنی بار داگرتن درێژدەبۆوە. لەنگەرگاکە کەلەم گۆشەیەوە لەوە درێژتر دەهاتە بەرچاو کەلەڕاستیدا هەبوو، لەهەردوولای ئەم هێڵەوە پایەیەك بەشێوەی کۆمەڵێك هێڵی تەریب درێژدەبۆوەو ئەم هێڵانە لەگەڵ ئەو رووناکی بەیانی**

**بەشێوەیەکی دیار تۆخی کردبۆوە، ریزێ رووبەری کشاویان رەسم دەکرد، کەبەیەکدا چووبوون و ئاسۆیی و شاقوڵی بوون: واتە ئەو دیوارە گەورەیەی کەلەبەرامبەر شەپۆلە پانەکانی دەریادا پارێزگاریی لە بەندەرەکە دەکرد، دیواری ناوەوەی ئەم دیوارە شەپۆل گێڕەرەوەیە بەدرێژایی بەشی سەرەوەی لەنگەرگاکەو ئەو تیغەیەی کەڕاست دەچووە ناو ئاوی بەندەرەکەوە، دووڕوی شاقووڵیبوون کەچووبوونە ناو تاریکییەوە، دووڕوی تر بەڕووناکی خۆر دەدرەوشانەوە. پانایی تەواوی دیواری پارێزگاریی و سەرتاسەری شەپۆل گێڕەرەوە، بێجگە لەباریکەیەکی تاریك: واتە سێبەری دیواری پارێزگاریی. لەبنچینەدا دەبوو وێنەی ئاوەژووی تەواوی ئەم کۆمەڵەیە لەئاوی بەندەرەکەدا رەنگبداتەوە، هەروەها لەسەر سەربانەکە لەهەمان کاری بەرامبەری هێڵە تەرییەکاندا، سێبەری ئەو تیغەیە دیاربوایە کەڕاست بەرەو شوێنی بار داگرتن درێژ ببۆوە).**

ئەو وەرگێڕەی کەئەم رۆمانەی لەفەرەنسیەوە وەرگێڕاوە بۆ ئینگلیزی، بەدۆزینەوەی هاوتای (دوورتر)لە جیاتی (درێژتر)و بەکارهێنانی تەنها سێ واژەی (لەنگەرگا)، (شوێنی بار داگرتن)، (شەپۆل گێڕەرەوە) لەبەرامبەر ئەو چوار واژەیەی لەدەقە ئەسڵیەکەدا بەکارهاتوون واتە (شەپۆل گێڕەرەوە)، (شوێنی بارداگرتن)، (بەنداو)، (رێڕەو))نەیتوانیوە تێگەیشتنی رۆمانەکە ئاسان بکات.

وەرگێڕ بەیەك جۆریش ئەو هاوتایانەی بەکارنەهێناوە کەخۆی هەڵیبژاردوون و لەئەنجامدا (شەپۆل گێڕەرەوە)ی جارێك بە (لەنگەرگا)تەرجومەکردووەو جارێك بە (شەپۆل گێڕەرەوە)؛ هەروەها لەجیاتی (شوێنی بارداگرتن)هەردوو واژەی (لەنگەرگا)و (شوێنی بارداگرتن)لەوەرگێڕانەکەدا بەرچاو دەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ حەق

بەوکەسە بدرێ کەدەست دەداتە وەرگێڕانی رۆمانێکی وا. ئاشکرایە کەوەرگێڕ دەبوایە سەرەتا نەخشەیەك یان نیشاندەرێکی بەندەرەکەی بکێشیایەو پاشان دەقەکەی تەرجومە بکردایە. منیش سەرەتا داوام لەقوتابییەکانمو پاشان لەهەندێ لەهاوکارانم لەگروپی ئەدەبیاتی فەرەنسە لەزانکۆ کرد نەخشەیەکی ئەو بەندەرە بکێشن کەلەو دەقەدا وەسفکراوە بەڵام هیچیان دەرەقەتی ئەم کارە نەهاتن. کەواتە ئەوە ئاشکرادەبێ کەئەم وەسفە ئەو تەباییەی تێدانییە کەبەگشتی بۆ بەرجەستەکردن پێویستە.

ئەم باسە سەبارەت بەزیادەڕەوی لەبەکارهێنانی مەجازدا دەتوانرێ بەئاماژە بۆ یەکێ لەچیرۆکەکانی بۆرخیس کۆتایی پێبهێنرێ کەبەناونیشانی (فیونیسی زاکیرەباش)ە، نووسەر لەم چیرۆکەدا وەسفی پیاوێکی ئاسایی دەکات بەناوی (فیونیس)کەلەدوای دەعمێکی هەژێنەر، توانای هەستپێکردنی هەموو رووداوەکانی دەوربەری خۆی دەبێو ئیتر ناتوانێت هیچ شتێك فەرامۆش بکات.

**(ئێمەی خەڵکانی ئاسایی دەتوانین بەسەرنجێك پەی بەبوونی سێ پەرداخ لەسەرمێزێك ببەین، بەڵام فیونیس تەواوی گەڵاولاسكو ترێی دارمێوێکی دەستنیشان دەکرد. ئەو لەبەر دەیزانی کەهەورەکانی باشوور لەبەرەبەیانی 30/4/1882چ شێوەیەکیان هەبووەو دەیتوانی لەزاکیرەی خۆیدا لەگەڵ ئەو رەگە خاڵاویانەی لەسەر بەرگی ئەو کتێبەی کەبەشێوەی ئیسپانیایی تەجلیدکرابوو بەراورد بکات کەتەنها یەك جار دیبووی یان لەگەڵ خەتەکانی دەستێکدا بەراوردی بکات کەلەئەنجامی جوڵانی سەوڵی بەلەمێك لەڕووباری (ریو نیگرۆ)دا شەوی بەرلەڕاپەڕینی کیبراچۆ دۆزرابۆوە)**

فیوینس لەدنیایـەکدا دەژی کـەتیایدا هـەموو شـتێك بەشـێوەیەکی تەحـەمول نـەکراو دیـاریکراوو جیایە. تـەواوی کـاتو توانـای بـۆ کـاری بێـهوودەو تاقـەت پروکێنـی ڕێـز بـەندیی بـەش بەشـی ئەنجامـەکانی خـەرجدەکرێ. بـێ ئـەوەی زەڕەیـەك لـەو ئەنجامانـە بنووسـێتەوە یـان بەگشتی بیهۆنێتەوە.

**(فیونیـس بینـەرێکی وەتـاق کـەوتوو دانـای دنیایـەکی هەمـەڕەنگبوو کەهەمووشتێکی، بەخێراییو تاڕادەیەك بەشێوەیەکی تەمەحولنەکراو، وردو حساب بۆکراوبـوو.. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێموایـە هێنـدە توانـای بیرکردنـەوەی نـەبوو، بیرکردنەوە یەعنی فەرامۆشکردنی خاڵی جیاوازی دووشت، یەعنی تەعمیمکردن، ئەبستراکتکردن، لەدنیای زۆر بێ کەموکورتی فیونیسدا، هیچ شتێك وجودی نەبوو جگە لەبەشەکان، وەرەنگە بتوانرێ بگوتـرێ ئـەو بەشـانەی لەتەنیشـتی یەکدیـەوە بوون).**

## گەیاندنێکی کورت

ئەگـەر جیـاوازی نێـوان خـوازەو مـەجاز بەگشـتی تریـن چـەمکی بـەکاربێنین، ئەوکاتـە خـودی ئـەدەب ماهیـەتێکی خوازەیـیو غـەیری ئەدەبیات ماهیەتێکی مەجازی هەیە. دەقی ئەدەبی هەمیشە خوازەییە بەو مەفهومـەی کاتێك دەقێکی لـەو جـۆرە ڕاڤەدەکـەین لەڕاسـتیدا ئـەو دەقە لـەحوکمی خوازەیـی تـەواودا لـەدنیای بوونـدا بـەکاردێنین. پێـش گریمانـەی ئـەم ڕەوتـی ڕاڤەکردنـە ئەمەیـە کەلـەنێوان دەقی ئـەدەبیو جیـهانی واقیـع دا- بـەدەرپرینێکی دیکـە، لـەنێوان هونـەرو واقیعـی ژیـانـدا- ماوەیـــەك هەیـــە. تایبەتمەندیـــەکانی نووســـینی پۆستمۆدێرنیسـتی، هەوڵدانـە بەمەبەسـتی هێنانـە ئـارای بەیـەك

گەیشتنێکی کورت لەوماوەیەدا بۆ ئەوەی خوێنەر سەرسام بێو نەتوانێت بەئاسایی ئەم جۆرە نووسینانە لەگۆتە باوەکانی دەقی ئەدەبی دەربێنێ. شێوەکانی ئەنجامدانی ئەم کارە بریتین لە: تێکەڵکردنی روخساری زۆر جیاواز (روخساری ئاشکرای چیرۆكو روخساری بەرووکەش بنیاتنراو لەسەر واقیع)لەبەرهەمێکدا؛ تەرحکردنی نووسەرو بابەتی نووسین لەدەقدا؛ وئاشکراکردنی رێسا ئەدەبیەکان لەکاتی بەکارهێنانیاندا. ئەم پێشەکیانە بۆ خۆیان وەکو دۆزینەوەی نووسەرانی پۆستمۆدێرنیست لێکنادرێنەوەو لەچیرۆکە پەخشان ئامێزەکاندا بەکۆنی (دۆن کیشۆتو [48]و تریسترام شندی[49])بەکارهاتوون، بەڵام لەبەرهەمی پۆستمودێرنیستیدا ئەوەندە زۆر بەرچاو دەکەونو ئەوەندە بەدورودرێژی بەکار دەهێنرێن کەدەتوانرێ بگوترێ شان بەشانی کۆمەڵێ پێشەکیتر کەلێمان کۆڵیەوە، بەدەسکەوتێکی تەواو نوێ لەقەڵەم دەدرێن. ڤلادیمیر نابۆکۆڤ[50]کە یەکێکە لەرۆماننووسانی ماوەی تیپەربوون لەمۆدێرنیزمەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم، لەکاتی نووسیندا یەعنی لەدووەم رۆمانیدا کەبەناونیشانی (شا، شاژن، سەربازە)و یەکەم جار لەساڵی 1928دا بەروسی بڵاوبۆوە. بەقۆشمەییەوە لەپەراوێزی رۆمانەکەیدا باسی خۆیو ژنەکەی کرد. لەبەشێکی ئەم رۆمانەدا، لەکاتێکدا کەفرانتسی پاڵەوانی خەیاڵ پەشێوی رۆمانەکە بەرەبەرە زیاتر لەبازنەی دەسیسەدا گرفتار دەبێ، لەجێگایەکی رابواردنی کەنار دەریا لەئەڵمانیا ژنو پیاوێك دەبینێ کەبۆبەسەربردنی کاتی پشوو هاتوونەتە ئەوێو بەزمانێك قسەدەکەن کەئەو پێی ئاشنانییە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ژنو

مێردە تۆڕێکی پەپوولە گرتنیشیان پێیە (کەهەڵبەتە لەساڵی 1928دا، واتە لەکاتێکدا نابوکۆڤ هێشتا بەناوبانگترین پەپوولەناسی دنیانەبوو، ئەمە زیاتر گاڵتەیەکی تایبەتی بوو).

**(بیری کردەوە کەسەرنجێکی ئەویان داو بۆ ساتێك قسەکانیان بڕی. کاتێ بەبەردەمیدا تێپەڕین، دوبارە دەستیان بەقسە کردەوە، پێوابوو لەبارەی ئەوەوە قسەدەکەن و هەتا ناویشی دەهێنن. لەوەی کەدەیبینی ئەم هەندەرانیە نەگبەتە سەرخۆشەی کەلەگەڵ یارە برۆنزیو قژ زەردو سەرنجڕاکێشەکەیدا بەپەلە بەرەو کەنارەکە دەڕوات وردورد بەلاو گرفتاریەکەی ئەو دەزانێ، پەرێشان و تووڕەدەبوو..)** نابۆکۆف لەڕۆمانی (ئاگری ڕەنگ زەرد)دا (1962)بەزیرەکی تایبەتی خۆی، دووشێوەی نووسینی خوازەو مەجازی لەدژی یەکتری دادەنێت. ئەم ڕۆمانە بریتییە لەشیعرێك و ڕاڤەکەی. بەشێوەیەکی ئاسایی شیعر لەخەیاڵەوە سەرچاوەدەگرێو ڕاڤە لەسەر واقیع بنیاتنراوە، چونکە شیعر وەسیلەی دەربڕینی خوازەیەو پەخشان وەسیلەی دەربڕینی مەجازی. بەلام لەڕۆمانی (ئاگری ڕەنگ زەرد)دا ئەو ڕاڤەیەی کەبەپەخشان نووسراوە بەئاشکرا لەشیعر خەیاڵی ترە، بەو مەفهومەی کە (کینبۆت)ی- ڕاڤەکەری شیعرەکە- شێتێکە لەوەهمەکانیدا خۆی بەپاشای ولاتێکی پاشایی لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا کەشیعرەکەی (جۆن شەیید)قوڵبوونەوەیە لەبواری باوەڕپێکراوی تایبەتیدا. یەکێك لەبەڵگەکانی شێتی کینبۆت ئەوەیە کەسەرسەختانەو بێهوودە هەوڵدەدات شیعرەکەی شەیید وەکو پایەیەکی تۆری بەیەکداچوو لەئامارە، بەخەیاڵەکانی خۆی ڕاڤەبکات، بەلام ساویلکەییە کەبڵێین نابۆکۆف دەیەوێ لەڕێگەی

رووبەڕووکردنەوەی نێوان کینبۆت و شییددا، جیاوازی نێوان خەیاڵ و واقیع نیشان بدات. لەبەر دووهۆ: یەکەم، کینبۆت بەخەیاڵێکی بەهێزو رەوانبێژییەوە زیمبلای بەیاد دەهێنایەوە کەزۆر هاندەرێین لەگەڵ خامۆشکردنی باوەڕنەکردنی خۆماندا، بەشێوەیەکی کاتی قسەکانی قبوڵ بکەین و ئەوکاتە دنیای شیید ئیتر ئەوەندە سەرنجڕاکێش نابێ؛ دووەم، خودی شیید، بوونەوەرێکی خەیاڵی یان وەهمی و دروستکراوی نووسەرێکی (واقیعی)واتە نابۆکوڤە کەژیاننامە دیارەکەی لەگەڵ ژیانی کینبۆتدا تەباییەکی زیاتری هەیە تا ژیانی شیید. هەتا کوشتنی شیید (کەبکوژەکەی، بەپێی ئەوەی لەڕۆمانەکەدا هاتووە) (لەڕاستیدا)تاوانبارێکی هەڵاتووبوو کەشییدی لەگەڵ ئەو دادوەرەدا کەبەتاوانباری لەقەڵەم دابوو لێتێکچوو، هەرچەندە بەقسەی کینبۆت کوشتنی شیید لەئەنجامی هەڵەی پیاوکوژێکی تەواوەوە روویدا کەبۆ کوشتنی پاشای دورخراوە واتە زیمبلا نێردرابوو)لەئەزموونەکانی خودی نابۆکوڤەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە باوکی نابۆکۆڤ ئەو پیاوکوژە سیاسیانە کوشتیان کە دەیانویست کەسێکی دیکە بکوژن. ئەم جۆرە ئاماژە کۆمیدیانە بۆ نووسەر، لەڕۆمانەکانی دوایی نابۆکۆڤدا بەدی دەکرێن.

لەچیرۆکی پێش کۆتایی دەیڤید سەلینجەردا[51] واتە چیرۆکی (سیمۆر: پێشەکیەك)کەدەربارەی (خێزانی گلاس)ە راوی چیرۆك (بەدی گلاس)ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەدوو چیرۆکی دیکەشی سەبارەت بەبراکەی (سیمۆر)نووسیووە چیرۆکی (دارتاشەکان کۆڵەکەکانی بنمیچ

بەرز رابگرن) (کەئەم زنجیرە چیرۆکە بەلای خوێنەرەوە سەرسوڕهێنەر نییە)لەگەڵ چیرۆکی (رۆژێکی خۆش بۆ (بەنانەفیش)کەئیدیعایەکی سەرسوڕهێنەرە، چونکە ناسنامەی راوی ئەم چیرۆکەی دووەم ئاشکرا نەبوو، لەڕاستیدا ساڵەها پێشتر لەکۆمەڵە چیرۆکێکی سەلینجەردا بەناونیشانی (نۆ چیرۆك) (1953)بڵاوببۆوە کەحەوت چیرۆکیان پەیوەندییان بەخێزانی (گلاس)ەوە نەبوو. (بەدی گلاس)پاشان ئیدیعای نووسینی یەکێك لەم حەوت چیرۆکە دەکات‌و ناوی یەکێك لەڕۆمانەکانی دەهێنێ کەزۆر لەناونیشانی پڕفرۆشترین رۆمانی سەلینجەر واتە (پاسەوانی دەشت– 1951)دەچێت. (بەدی گلاس)پاشان ئاماژە بۆ رەخنەگرتن لەبەرهەمەکانی و چەند پڕوپاگەندەیەك دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات کەزۆر لەو رەخنەو پڕوپاگەندانە دەچێت کەسەبارەت بەژیان‌و بەرهەمەکانی خودی سەلینجەر لەئارادابوون. ئەم قسانەی راوی چیرۆك خوێنەر گێژ دەکەن. لەئیدیعاکانی (بەدی گلاس)ەوە ئەوە بەدەست دێت کەئەو چیرۆکەی نووسیوویەتی واتە (سیمۆر: پێشەکیەك)بەشێوەیەکی لوجیکی لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە کە ج. د. سەلینجەر کەپێمان وابوو چیرۆکی (رۆژێکی خۆش بۆ بەنانەفیش)ی نووسیووە، نازناوی (بەدی گلاس)ە، وهەڵبەتە ناوی ج. د. سەلینجەر لەسەر بەرگی هەردوو کتێبەکە نووسراوە. لەکاتێکدا کەبەناچاریی رووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە کەکام لەم دوانە واتە (بەدی گلاس یان ج. د. سەلینجەر)کەسێکی واقعین، عەقڵی ساغڵەم وەڵامەکەمان پێدەڵێ، بەڵام قسەکانی (بەدی گلاس)ئەم وەڵامە پووچەڵدەکاتەوە. پێکەوەچنینی بەئەنقەستی چیرۆکی خەیاڵیی

خێزانی گلاس و خێزانی (کولفیلْد)لەگەڵ ژیاننامەی سەلینجەردا، تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی دوایی ئەون کەتیایاندا بەرەزامەندی خوێنەر، دەست بۆ گەمەی شەیتانانە دەبات، بەو پێیەی کەلایەنی خەیاڵیی رووداوەکان زیاتر دەکات و هاوکات لایەنی ئەدەبی شێوەی وەسفی ئەو رووداوانە کەم دەکاتەوە. (بەدی گلاس)بەنیشاندانی ئەوەی کەبەسەرهاتی (راستەقینەی)خێزانێك دەگێرێتەوەو بەهەوڵێکی زۆر بۆ گەیاندنی ئەوەی کەئەوو ج. د سەلینجەر یەك کەسن. بەبێشەرمیەوە پێ لەسەر خود سالاریی هونەرو پەیوەستنەبوونی ئەو رەخنەیەی لەسەر ژیاننامەی نووسەر بنیاتنراوە، دادەگرێ. لەم گێرانەوەیەدا، فەلسەفەیەکی زیاد لەرادەی بڵندکردنەوە دەربارەی ژیان، کەبەراست زانینی موعجیزەو دەرککردنی ئەو دیوی هەستە، تەرحکراوە. ئەم فەلسەفەیە بەئەنقەست بەشێوەیەکی سادە، لەناو گورزەیەك هاوسەنگکردنی دوورودرێژ، بەدرۆخستنەوەو پەسەندکردنی ئاشکراو پەنهان و لەرێگەی شێوازێکەوە خراوەتە بەرچاوی خوێنەر کەسەرەرای تەواویی ئەنجامدان و بنەمای زمانزانانەی بەردەوامی، بەئاشکرا بێبەهرەیە لەهەر جۆرە دەنگدانەوەیەکی (شاعیرانە یان ئەدەبی). بەقسەی ئیهاب حەسەن (کەیەکێکە لەو رەخنەگرە دەگمەنانەی کە شێوازو سیاقی بەرهەکانی سەلینجەری بەپۆستمودێرنیستی زانیووە): (ئەم گێرانەوە ناقولاو بێزارکەرو پر ئاماژەو ئاڵۆزانەی کەرووداوی رێکەوت و سەیروسەمەرەو لەدەستدانی بینای ئورگانیکی بەرەوادەزانن، نیشاندەری جۆرێك دژایەتین لەگەڵ

فۆرمدا. پەندو ئامۆژگاری بێ باکانەی ئەم گێڕانەوانە بۆ خوێنەرو نووسەر، بنەماکانی توانای داهێنانی هونەری سستدەکات).

لەگەڵ ئەوەشدا، نابۆکۆڤو سەلینجەر لەیاریکردن بەچەند مەفهومێکی لەبابەتی خەیاڵ لێدانو تەئلیفو عورفی ئەدەبی، کەمو زۆر تۆکمەیی دەپارێزن، چیرۆکەکانیان لەلووتکەی جوانیدا تووشی هەڵخلیسکان دەبن، بەڵام هەرگیز هەرەس ناهێنن. ئەگەرچی نابوکۆڤو سەلینجەر هەردوو شێوە نووسینی خوازەییو مەجازی تێکەڵدەکەن، بەڵام بەهەرحاڵ جۆرێك لەهاوسەنگی یان بەرامبەری دەپارێزن. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەبەرهەمەکانی دۆریس لیسینگ [52]–یش راستەو دوو رۆمانی بەناونیشانی (دەفتەرچەی زێڕین 1962)و (رێنمایی بەر لەشۆڕبوونەوە بۆ دۆزەخ 1971)لەچەند لایەنێکەوە لەبەرهەمەکانی نابوکۆڤو سەلینجەر دەچن.

رۆماننووسانی ئێستای ئەمریکا زۆرجار بەبێ پەروایییەکی زیاترەوە واقیعو خەیاڵ– یان بەدەربڕینێك، ژیانو هونەر– ئاوێتەدەکەنو لەم کارەدا، کۆتو بەندێکی کەمتر بەدی دەکرێن، بۆ نموونە لەڕۆمانی (راوی ماسی تروت لەئەمریکا)دا چەند نیشانەیەکی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون کەئەوە نیشاندەدەن لەڕاستیدا ئەم کتێبە، ژیاننامەی رێکنەخراوی خودی نووسەر واتە (بروتیگەن)ە. ناوەڕۆکی کتێبەکە وا لەخوێنەردەکات چەند جارێك تەماشای وێنەی نووسەر بکات لەسەر بەرگی کتێبەکەو کۆمەڵێ بەڵگەنامەی لەخۆگرتووە، بەڵگەنامەی وەکو، نامە، فەرمانی کارکردن، فهرەستی کتێبناسیو هتد)لەهەمانکاتدا هەندێ لەڕووداوەکانی بەشێوەیەکی ناماقوڵ خەیاڵییە، وەکو ئەم

بەشەی خوارەوە کەڕاوی لە (کارگەی (قراضە)دروستکردنی کلیولند) (رووبارێکی ماسی تروتی کۆن)بۆ خۆی دەکڕێ.

**(ئەندازە جیاوازەکانی لەسەر یەك بەرزکرابوونەوە: سێ مەتری، چوارمەترو نیوی، شەش مەتری، وهتد.. قوبەیەك لەسێ مەتریەکانی بوو. سندوقێك لەپارچە پارچەکانی بوو.. چوومە نزیکترەوەو تەماشای ئەندازەکانی رووبارەکەم کرد.. کۆمەڵێ ماسی تروتیان تێدابوو.. رووبارێکی باش دەهاتە بەرچاو دەستمکرد بەئاوەکەدا. خۆشاییەکی چێژبەخشی هەبوو)**

راوی ئەم رووداوە خەیاڵییە بەشێوازێکی ریالیستیو جدی دەگێڕێتەوە ولەبەرامبەر ئەمەشدا رووداوی ئاسایی بەبەکارهێنانی لێکچواندنی خەیاڵیی باسدەکات. نووسەر ئەرکی بەیەك پارچەکردنی ئەم شێوە تەواو جیاوازانەی نووسین دەخاتە ئەستۆی خوێنەرو لەم بارەیەشەوە ئەسڵەن کە قەت خۆی ناڕەنجێنێ.

کروت ڤونیگوت لەڕۆمانی (قەسابخانەی ژمارە(5))دا چەند شێوەیەکی جیاوازی نووسین بەکوتوپڕیو بەشێوەیەکی سادە ئاوێتە دەکات بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی کەخۆی دەیەوێت ناوەڕۆکی رۆمانەکە بەخوێنەر بگەیەنێ. ڤونیگوت لەکۆتایی دووەم جەنگی جیهانیدا، لەئۆردوگای (درزدن– Dresden) دیلبوو کەئۆردوگای دیلەکان بوو. لەدوای وێرانبوونی (درزدن)لەئەنجامی هێرشی ئاسمانیدا، ڤۆنیگوت لەو کەسانەبوو کەبۆ دەرهێنانی لاشەی سووتاوی (130)هەزار قوربانیی ئەم بۆردومانە لەژێر دیوارە رووخاوەکاندا، کاری کرد. لەیەکەم بەشی (قەسابخانەی ژمارە(5))دا دان بەوەدا دەنێ کەساڵانێکی زۆر بەدوای گۆڕینی ئەم ئەزموونەوە بووە کە (مادەیەکی خاو)بووە بۆ رۆمان.

بەڵام تایبەتمەندیی ئەم جۆرە ڕۆمانانە ئەوەیە کەئەوەی کەبەنهێنی ستایشی دەکەن، بەئاشکرا بەزەمکراو نیشانی دەدەنو بەئاسانی دەبن بەچەند فیلمێك کەفرانك سیناترا[53]و جۆن وێین[54]بەشداری تێدادەکەن. تاکەڕێگای نووسینی ڕۆمانی دژی جەنگ، نووسینی دژی ڕۆمانە. (ڕۆمانێکی ئاوا دەبێ زۆر کورتو تێکەڵو پێکەڵ بێو مشتومڕێکی زۆر هەڵبگرێ.. چونکە ڕەشەکوژی هیچ لایەنێکی عاقڵانەی تێدانییە کەبتوانرێ لەبارەیەوە قسە بکرێ)ڕۆمانی قەسابخانەی ژمارە (5)(چل بەشە)و لەپارچەو نووسینی کورتو ناو بەناو غەمهێنەر، پێکەنین هێنەر، سەیروسەمەرە، کەتیایاندا ئەزموونەکانی پاڵەوانی دو ڕەهەندیی ڕۆمان بەناوی (بیلی پیلگریم)گێڕراونەتەوە: واتە ئەزموونەکانی لەجەنگدا (کەزۆر لەئەزموونەکانی ڤونیگوت دەچن)، ژیانی مەدەنی بیلی وەکو پیاوێکی خێزاندارو پسپۆڕی دەست نیشانکردنی دەرەجەی بینینی چاوو خاوەنی دەرامەتێکی باش (ژیانی خێزانیو کۆمەڵایەتی کۆمیدی)، وخەیاڵی پووچی دەربارەی ئەوەی کەچەند بوونەوەرێکی نەناسراو لەهەسارەیەکی دیکەوە بەناوی (ترالفا مادۆر)دزیویانە (لاسایی کردنەوەی گاڵتە جاڕانەی چیرۆکی خەیاڵی-زانستی)ە. بیلی هەست بەمە دەکات کەکات لای دانیشتوانی ترالفامادۆر، مەیدانی چەند ڕووداوێکی هاوکاتە کەئێمە هەر کامیمان پێ باشە هەڵیبژێرین. بەڕای بیلی ئەم چەمکەی کات، وەلامێکە بۆ مەسەلەی بێهوودە مردن کەنموونەکانی تاڕادەیەك لەهەموو لاپەڕەکانی ڕۆمانی قەسابخانەی ژمارە (5)دا بەرچاودەکەوێ (هەرجارەی کەسێك لەم ڕۆمانەدا بێهوودە دەمرێت، نووسەر بەکورتی ڕای خۆی دەردەبڕێ

کـه(بـهم جۆرهیـه) چونکـه بـهپێی ئـهو بـاوهڕه (کهڕهنگـه لاسـایی کردنهوهیهکی گاڵتهجاڕانهی بنـهماکانی مهسـیحیهت بـێ) (چاوپۆشـی لهوهی کهجاربهجارێ چهند مردوو دێینه بهرچاو ئێمه پێکهوه تا ئهبهد زیندوو دهبین) ههروهها ئهم مهفهوومـه ڕێنماییهکه بۆ شێواندنی توند لهبهدوای یهکداهاتنی کاتی ڕووداوهکانی رۆمانهکهدا که لهئهنجامیدا، خوێنـهر ناتوانێ تێبگات گێڕانهوهکه چ ئاراسـتهیهکی ههیـهو ناتوانێ حاڵـهتی رۆحـی یـهکێك لهبـهربکات. ئـهم چهمکـهی کـات ئـهو توانایـه بهنووسهر دهدات بۆ ئهوهی بهکردن بهنموونهی ئهم ناجۆری و لهبهریـهك ههڵوهشـاویانهی مێـژووی سـهردهمی نـوێ ئهزموونـه ناتـهباکان بهشـێوهیهکی تێکهڵوپێکـهڵ ئاوێتـه بکـات. لایهنـه جۆراوجۆرهکـانی گێڕانـهوهی (ژياننامـهی تایبـهتی، چیرۆك، خـهیاڵ)یـش لهیـهکتری جیانهکراونهتهوه. بۆ نموونه، لـهکاتێکدا کـهبیلی پیلگریمو دیلـهکانی دیکهی ئهمریکا بۆ یهکهمجار لهئهڵمانیا دهچنه ئۆردوگای دیلهکانهوه، گروپێك لهعهسکهرییه بهریتانیاییهکان بـهخێرهاتنیان دهکهنو کۆڕێـك بـۆ بـهخێرهاتنیان ڕێکدهخـهن، بـهڵام ئهمریکاییـهکان کهتاڕادهیـهك تاکهناری مـهرگ بڕسـێتیان کێشاوه، دوای ئـهم کۆڕه تووشـی پشـێوی میزاجو سکچوونی توند دهبن. لهئهنجامدا، ئاودهستخانهی ئوردوگاکه پڕدهبێ لهم بێبهختانه.

**یهکێك لهئهمریکاییهکان لهنزیك (بیلی)یهوه بهناڵه ناڵهوه دهیگـوت هێنـدهی نهماوه لهئاوهدهستهکهدا مهشاعیری خۆشی فڕێداته دهرهوه. چـهند سـاتێ پـاش ئهوه گوتی، (بینیت رۆیشت، بینیت رۆیشت)مهبهستی لهمهشاعیری بـوو. ئـهوه مـن بووم، ئهوه من بووم، ئهوه نووسهری ئهم کتێبهبوو.**

قسەی راویی لێرەدا، کاریگەرییەکی دولایەنەی سەرنجڕاکێشی هەیە. لەلایەکەوە ئەوەمان بیردەخاتەوە کەڕۆمانێکی بەڵگەنامەیی‌و بنیاتنراو لەسەر ژیاننامە دەخوێنینەوە؛ بەدەربڕینێکی دیکە، لەبەرئەوەی خودی نووسەر (لەوێ بووە)، کەواتە ئەم رۆمانە (راستە)، لەلایەکی ترەوە، ئەم قسەیە ئەوەمان بەیاد دەهێنێتەوە کەبیلی پیلگریم‌و نووسەر پەیوەستن بەچەند لایەنێکی جیاوازی واقیعەوە؛ بەدەربڕینێکی تر، ئێمە کتێبێك یان رۆمانێك دەخوێنینەوە کە(بەچاوپۆشیی لەوەی بەدیاری کراوی چەندی خەیاڵ‌و چەندی واقیعە)ئاسایی نووسینێکی زۆر باوو زۆر دەسکردەو لە(خودی واقیعەوە) زۆردوورە.

لەڕۆمانی(بەرچایی قارەمانان)دا ڤۆنیگوت لەشوێنی نووسەر خۆی دەچێتە ناو(کاتی ئێستا)ی گێڕانەوەکەوە. نموونەیەکی ئەم جۆرە کارە لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا دەبینین: (واین Wayne گوێی لێبوو کەخزمەتکارە ژنەکە دەڵێت "بلاك ئەند وایتێکم بدەرێ")[55]

**واین دەبوایە بۆ بیستنی ئەم رستەیە گوێ قوڵاغ بێ. ئەم خواردنەوە تایبەتیە بۆ کەسێکی ئاسایی نەبوو. ئەو خواردنەوەیە بۆ سەبەبکاری هەموو رۆژ رەشیەکانی واین بوو تا ئەو رۆژە، بۆ کەسێك بوو کەدەیتوانی واین بەکوشتبدات یان بیکات بەملیۆنێر یان بیگەڕێنێتەوە بۆ بەندیخانە یان هەر هەڵەیەکی دیکە کەحەزی لێبوو بیکات. ئەو خواردنەوەیە بۆ من بوو.)**

ئەمە ئەو کارەیە کەفۆرمالیستەکانی روسیا بە(ئاشکارکردنی شێوان) ناوی دەبەن، لەشێوە زیادەڕەویەکەیدا. لەبەرهەمی پۆستمۆدێرنیستیدا بەردەوام ئەم تایبەتمەندیەمان دێتەڕێ. بۆ نموونە رۆناڵد سوکنیك لەیەکێك لەچیرۆکەکانی خۆیدا بەناونیشانی (چیرۆکی تۆ چییە؟) ئاوا دەنووسێت:

**(دڵۆپە وردەکانی باران لەگوێسەبانەکە دەتکێــن. سـێبەری گەواڵـە هـەورێك درەوشانەوەی بەفر لێڵ و تاریك دەکات. جـۆرج واشـنتۆن [56] لـە(دیلـوەر) بەسـەر دیوارەکاندا تێپەڕدەبێ. من لەپشت مـێزی نووسـینەکەوە دادەنیشـم و ئـەم قسـانە لەخۆم دەردەهێنم).**

چیرۆکی (شیشی سیحراوی) رۆبەرت کۆڤەر [57] بەم رستەیە دەست پێدەکات(لەدوورگەکەدا پیاسە دەکەم و دایدەهێنم) کۆڤەر شارەزایانە دیمەنەکانی چیرۆکەکە دەخاتە مێشکی خوێنەرەوەو بەدروستکردنی رازو نهێنی، ئارەزووی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە زیاد دەکات؛ بەڵام بـەردەوام راگـەیاندنی ئـەوەی کـەخۆی لەچیرۆکەکـەدا ئامادەیـەو دەسـتی تێـوەردەدات (واتــە ئاشـکراکردنی ئـەوەی کـەڕاویی خـودی نووسەرە) شارەزایی هونەرمەندانەی ئەو کەمبایەخ نیشاندەدات:

**(لەقوڵایی لەوەڕگاکەدا، لـەنزیك کوێـرە رێگایـەك کـە بەیەکـەم میوانخانـە کۆتایی دێت، شیشێکی ئاسن هەیە. شیشەکە درێژو باریکـەو دەسـکێکی جوانـی هەیە، ژەنگی نارنجی دایپۆشیوە. ئەم شیشە لەژێر سێبەردایە، بەڵام نـەك سـێبەری درەخت، بەڵکو لەژێر سێبەری کۆمەڵێ گیادایە کەلەدەورووبەری رواون. من لەوێم دانا.)**

رەخنــەگرو توێــژەران (بەتایبــەتی لەبــەریتانیا) بەگشــتی رەخنــە لەمجۆرە نووسینانە دەگرن کە(دیسان چیرۆکێکە دەربارەی نووسـەرێك کەچیرۆك دەنووسێت! دیسان جوڵەو گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە کەکۆتایی نایەت! ئەوە کێیە کەهونەرێك پەسەند نەکات کەبەلای کەمەوە بەئاشکرا لاسایی شتێکدەکاتەوە بێجگە لەشتە دەستکردەکانی خود؟ واتە ئەو هونەرەی کەبەردەوام هاوار ناکات ئاگات لێبێ کەمن دەسـکردم! ئـەو

هونەرەی کەماهیەتی لاساییکردنەوەی وەکو کارێکی ئاشکرا دادەنێ، چونکە چیتر بەئامانجی ریاکارانەی نکوڵی ئەو ماهیەتە پێی لەسەر داناگرێ، یان بەپێچەوانەوە؟.) هەڵبەتە ئەم کەموکورتیە بەدیارییکراوی لەنووسینێکدا بەقەڵەمی (جۆن بارت) هاتووە کە بەیەکێك لەشارەزاترین و داهێنەرترین نووسەرانی هوشیاری پۆستمۆدێرنیست دەژمێردرێ. ناوەڕۆکی قسەکەی جۆن بارت بۆ لایەنگرە تۆخەکانی ریالیزمی کۆن، دڵخۆشکەر نییە. لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا، بارت لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بەریالیزمی کۆن بەدەستەوە داوە:

**(س)دەستنووسێکی (صفیر)ی فڕێدایە لاوەو بەبێ تاقەتیەوە لەدەرگایەکی شوشەییەوە ئاودیوبوو کەلە ژووری خوێندنەوەوە بۆ سەرهەیوان دەکرایەوەو دیوارەکانی بەتەختەی بەڕوو رووکەشکرابوون. لەتەنیشت تارمەیەکی بەردینەوە وەستا بۆئەوەی پایە ئەبلەقەکەی داگیرسێنێ و لەناوەڕاستی تاڤگەی ئەرخەوانی پێچ ویستریادا (جۆرە گیایەکە و. فارسی)رایگەیاند کە(گلۆریا)ی دەست و پێ ساف، (گلۆریا)ی چاوپڕ شەرم و سینەپان، دووبارە لەنگەرگای بەلەمەکەی ئەوی بۆ حەمامکردنی بەرهەتاو هەڵبژاردووە).**

نووسەر شارەزایانە ئەوەی نیشانداوە کەچۆن بابەتی چیرۆکەکە لەڕێگەی نزیکیی کات و شوێنەوە بەنیگەرانی زۆرەوە دەربارەی وردەکاری زۆر پیادەکراوە. هەروەها لەخستنەڕووی کارەکتەری گلۆریادا، بەشێوەیەکی دڵگیر گاڵتە بەپشت بەستنی نووسەرە ریالیستەکان بەمەجازی (مرسل) کراوە.

(دەستنووسی) ئاماژە بۆکراو لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا، خودی چیرۆکێکە بەناونیشانی (چیرۆکی ژیان) کەتیایدا نووسەرێك بەردەوام هەوڵدەدات چیرۆکێك سەبارەت بەنووسەرێك بنووسێت کەپێیوایە دنیا چیرۆکێکەو خۆشی یەکێکە لەکارەکتەرەکانی ئەو چیرۆکە- ئەو گریمانەیە کەلەحاڵەتی جێگیربوونیدا، ئەنجامەکانی هەردوو نووسەرەکەو (لەڕاستیدا هەموو نووسەرەکان و لەوانیش خودی جۆن بارت) دەگرێتەوە. لەڕەوتی گۆڕینی ئەم بیرۆکە سەرەتاییەدا بەچیرۆك، بەناچاری چەند بیروڕایەك- وەکو ئەمەی لەسەرەوە هات- دەربارەی تیۆری ئەدەبیاتی چیرۆك سەرهەڵدەدەن کەبەڕووکەش چەند رادەربڕینێکن دەربارەی خودی چیرۆکەکە بەڵام پاشان ئاشکرادەبێت کەبەشێکن لەچیرۆکەکە. (چیرۆکی ژیان) میتاچیرۆك-ێکە* کەزیرەکانە بۆ باڵادەستی بەسەر رەخنەگرانی میتاچیرۆکدا نووسراوە، چونکە لێرەدا رووبەڕووی چواچێوەی رەسمێك دەبینەوە کەلەچوارچێوەی میتاچیرۆکدا ئەوە هەمیشە لەخودی وێنەکەدا نابێتە کاری کردە. ئەم (جوڵەو گەڕانەوەیە بۆ دواوە کەکۆتایی نایەت) سەرئەنجام بەبەکارهێنانی شێوازی (گەیاندنی کورت) دەوەستێ:

**(سەرئەنجام چیدەکات؟ هێندەی نەمابوو ببێت بەپاشکۆی چیرۆکەکەی خۆی لەبەرئەوەی کەپێوەری دێرینەی نووسەرو داهێنەر، رۆمان و دنیای بوون، چیتر ناتوانرێ بەکاربهێنرێ مەگەر بەئەنقەست بەشێوەی پێوەرێکی درۆزن، بۆیە وادیارە کە 1- ئەدەبیاتی چیرۆك دەبێ خەیاڵیی بوون و بێبایەخی خوازەیی خۆی پەسەند بکات، یان 2- رەواج بەوەبدات کەگوێ بەم مەسەلەیە نەدات یان وەکو بێ پەیوەندی لێکی بداتەوە، یان 3- پەیوەندی جیاوازو قابیلی پەسەندکردن لەنێوان**

خۆیو نووسەرەکەیو خوێنەریدا دروستبکات. بەڵام تا ئەم کـارەی کـرد، ژیـانی واقیعـیو دڵـدارە خەیاڵیـەکانی چوونـە ژووری خوێندنەوەکەیـەوە. بـەبزەوە پێیوت(کەمێك لەنیوەشەو تێپەڕبووە، دەزانی ئەمە یەعنی چی؟).

بڕینـی چـیرۆك بـەم شـێوەیە ئـەوە بەنووسـەر نیشـاندەدات کـە( بەهـەرحاڵ ناتوانێ لـەچیرۆکێکدا کارەکتـەرێك بێت چونکـە چـیرۆکێکی لەوجۆرە، بەلێکدانەوەی ئەو بەگشتی لەچیرۆك جیاواز دەبێ) هـەروەها لـەکاتێکدا کەژنەکـەی بەبۆنـەی ڕۆژی لـەدایکبوونی نووسـەرەوە مـاچی دەکات، چیتر نـاتوانێت بەباشی دەستنووسـەکەی ببینـێ لەبەرئـەوەی (بەدانانی قەڵەمەکەیو بڕینی چیرۆکەکە، چیرۆکی کۆتایی خۆی بەبێ کۆتـایی تـەواو دەکـات)خـودی بـارت نووسـینی بەشـێوازی پۆستمۆدێرنیسـتی ناونـاوە (ئـەدەبیاتی توانـا تـێر بووەکـان)یـان (ئەدەبیاتی تێرکردن)و ستایشی بۆرخیسی کردووە چونکە بۆرخیس نیشانیدا کە (هونەرمـەند چـۆن دەتوانێـت بەشـێوەی نـاکۆك نوانـدن، ئامانجـە هەسـت پێکراوەکـانی سـەردەمو زەمانـەی ئێمـە بگـۆڕێ بەکەرەسەی خاوی کارەکەی؛ ولەقازانجی کارەکەی بەکاری بێنێ ناکۆك نواندن (پارادۆکس)لەبەرئەوەی کەهونەرمەند بەم کارە، بەرەو ئـەودیوی ئـەوەی کـەوادیاربوو بەتاڵکردنـەوەی خـودی ئـەوبێ، بـەرێ دەکـەوێ)بێگومـان نووسـینی پۆستمۆدێرنیسـتی لەگـەڕاندا بـۆ دۆزینـەوەی (پەیوەندییەکی جیاواز... لـەنێوان خـۆیو نووسـەرەکەیو خوێنەرەکـەیدا)، پەیوەندییـەکی جگەلـەوەی لەرێسـا ئەدەبییـەکانی پێشوودا برەوی هەبووە، ڕووبەڕووی ئەو مەترسیە گەورەیە دەبێتەوە کەلەحاڵەتی سەرکەوتنی کۆتایی، لەبێدەنگیو لەدەستدانی تـەبایی‌دا

یان ئەوەی کەفیدلەر بە (هەستکردن و کاردانەوەی پڕ ئاشوب(واتە نا ئیستاتیکیانەی)خوێنەر)ناوی دەبات، لەناوبچێت و نابووت ببێت. قەت ئیدیعای ئەوە ناکەم کەهەموو ئەو دەقانەی لەم مەقالەیەدا لێیان کۆڵراوەتەوە وەکو یەك ئارەزووی خوێنەر دەبزوێنن و خۆشحاڵی دەکەن. کاریگەری نووسینە پۆستمۆدێرنیستەکان لەسەر خوێنەر زۆر جار بەهەمان رادە دەتوانێت سەرکەوتووبێت کەسەرکەوتوونییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر لەم کتێب و چیرۆکانە تاڕادەیەکی زۆر بواری ئازادیی خەیاڵ فەراهەم دەکەن و لەبواری هێشتنەوەی نووسیندا بەشێوەی جۆراوجۆر بەشدارییەکی زۆریان هەبووە. گوایە لەهەمانکاتدا بواری نووسین بەئاشناترین شێوە، تیایاندا بەدڵنیاییەوە بەکۆتایی هاتوو لێکدراوەتەوە. بەڵام ئەگەر بەڕاستی بسەلمێنرێ کە نووسین بەشێوازەکانی رابردوو کاری کردەیە، بەدەربڕینێکی دیکە ئەگەر پۆستمۆدێرنیزم بەڕاستی لەدەرکردنی چەمکی سامان لەنووسینی مۆدێرندا سەرکەوتووبێ (ئایا سامانی مەجازی یان سامانی خوازەیی بێت)ئەوسا بەڕاستی فاکتەری سڕینەوەی خۆی فەراهەم دەکات، چونکە بەم کارە پێوەرەکانی ئێمە بۆ تێگەیشتنی لەڕێلادانەکانی پۆستمۆدێرنیزمیش لەناودەبات. فۆرگراوند(پێش زەمینە) بەبێ باکگراوند، بەناچاری دەبێت بەباکگراوندی شتێکی دیکە. زاکیرەی مێژوویی شێوەکانی نووسینی مۆدێرنیستی و دژی مۆدیرنیستی ناتوانێ باکگراوندێکی دڵنیابێ بۆ پۆستمۆدێرنیزم، چونکە پۆستمۆدێرنیزم لەبنچینەدا جۆرێك هونەری رێساشکێنە، وەهەڵبەتە پیشێلکردنی رێساکان کارێکی بێهوودەیە کەتەماشاکردنیشی لوتفێك

نییە، مەگەر ئەوەی کەسانێك هێشتا بەدوای پاراستنی ئەو ڕێسایانەوە بن.

## پەراوێزەکان

1-Beckett Samuel(1906-1989)شانۆنامەنووسـی ئیرلـەندایی (و فارسی).

2-Dante and the lopster

3-Dante Alighieri(1265-1321)شاعیری ئیتالیایی (و.فارسی).

4-Infernoبەشێکە لەکۆمیدیای خوداوەندی دانتی (و.فارسی).

5-Dedalusناوی کارەکتەری سەرەکی رۆمانی ئولیس (و.فارسی).

6-Bloom، ناوی کارەکتەرێکە لەڕۆمانی ئولیسدا (و. فارسی).

7-Isherwood Christopher (لـەدایکبووی 1904)رۆماننووسـی ئەمریکایی (و.فارسی).

8-Orwell George نازنـاوی Blair Eric 1903-1950 رۆماننووسـی ئینگلیزییە (و. فارسی).

*گاکی: لەڕاستیدا مراوی نییە بەڵکو باڵندەیەکە لەمراوی دەچـێ بەڵام لەبەرئەوەی بەکوردی ناوێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ ئاسانی تێگەیشتن مراویم داناوە (و. کوردی).

9-white Snow، بەرهـەمی Barthelme Donald (لـەدایکبووی 1930)رۆماننووسی ئەمریکایی (و.فارسی).

10-Spark Muriel(لـەدایکبووی 1918)رۆماننووسـی ئینگلـیزی (و.فارسی).

11– John fowles(لـــەدایکبووی 1926)ڕۆماننووســـی ئینگلـــیزی (و.فارسی).

12-The French lieutenants woman.

13– John Brathلـــەدایکبووی 1930)ڕۆماننووســـی ئـــەمریکایی (و.فارسی).

14– Richard Brautigan (1935– 1984)ڕۆماننووســـی ئـــەمریکایی (و.فارسی).

15-Trout Fishing in America.

16– Roman Jakobson (1896– 1982)زمانـەوان و تیۆرسـینی ئـەدەبی ڕوسی کەجنسیەی ئەمریکایی هەڵبژارد (و.فارسی).

17– Leonard Michaels (لەدایکبووی 1933)چیرۆکنووسی ئەمریکایی (و.فارسی).

18– Cats Cradle نـاوی جـۆرێ یارییـە کـەتیایدا بـەئالاّندنی بـەن لەپەنجەوە چەند شێوەیەکی جیاواز دروست دەکەن (و.فارسی).

19– Kurt Vonnegut (لـەدایکبووی 1922)ڕۆماننووســی ئـەمریکایی (و.فارسی).

20– Myra Myron Breckinridge یەکێك لەدوو ناوە بچووککراوەکانی ئەم کارەکتەرە نێرو ئەوی تریان مێیە (و.فارسی).

21– Gore Vidal لـــەدایکبووی 1925 ڕۆماننووســـی ئـــەمریکایی (و.فارسی).

22– Brigid Brophy لـــەدایکبووی 1929 ڕۆماننووســـی ئینگلـــیزی (و.فارسی).

23–The Undiscovered Countryنیــوەی دووەمــی ئــەم رۆمانــە، ریالیستییە یان لەسەر ژیاننامەی تایبەتییە. (و.فارسی).

24–Julian Mitchell لــەدایکبووی 1935 رۆماننووســی ئینگلــیزی (و.فارسی).

25–رۆمانەکە بەناونیشانی Giles goat- Boy.

*تــروت Trout(قــزل الا)جوریــك ماســی بچووکــە کــەخاڵی ســوور بەگیانیەوەیەو گۆشتەکەی زۆر بەلەزەتە. و.کوردی. فرهنگ عمیـد 1361 ل 900.

26–Jorge Luis Borges (1899–1986)چیرۆکنووســی ئــەرجنتینی. ناونیشانی حیکایەتە ئەخلاقیە ئاماژەبۆکراوەکە بریتییە لە Tlon Uqbar Orbis Tertius (و.فارسی).

27-The Garden of the Forking paths

28–Joseph Heller(لــەدایکبووی 1923)رۆماننووســی ئــەمریکایی (و.فارسی)

29–Ronald Sukenick(لـەدایکبووی 1932)رۆماننووســی ئـەمریکایی (و.فارسی)

30-I Would Have Saved Them If I Could.

31–Lord George Gordon Byron(1788–1824)شـاعیری رۆمانســی ئینگلیزی (و. فارسی).

32–Alberto Giacometi(1901–1966)هونەرمــەندی سویســرایی (و. فارسی).

33–William Wordsworth(1770–1850)شاعیری رۆمانسی ئینگلیزی (و. فارسی).

34–Wallace Stevens(1879–1955)شاعیری ئەمریکایی (و. فارسی).

35–Paulئەو قەشەیەی کەئاینی خۆی لەجولەکەوە گۆڕی بۆ مەسیحیەت (و. فارسی).

36–Henri Bergson(1859–1941)فەیلەسوفی فەرەنسیو وەرگری خەلاتی نوبلی ئەدەب لە1928دا (و. فارسی).

37–Charles- Pierre Baudelaire(1821–1867)شاعیری فەرەنسی (و. فارسی).

38–Sakeخواردنەوەیەکی کحولی ژاپۆنییە کەلەبرنجی بەخەمیر کراو دروستدەکرێ (و. فارسی).

39–William Burroughs(لەدایکبووی 1914)رۆماننووسی ئەمریکایی (و. فارسی).

40–B. S Johnson(1933–1973)رۆماننووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

41–Thomas Pynchon(لەدایکبووی 1937)رۆماننووسی ئەمریکایی (و. فارسی).

42–Geoffry Chaucer(1340–1400)شاعیری کۆنی ئینگلیزی (و. فارسی).

43–Maria Callas(1923–1977)گورانی بێژی بەناوبانگی ئوپێرا، خەڵکی ئەمریکا (و.فارسی).

44-Alain Robbe- Grillet(لەدایکبووی 1922)رۆماننووسی فەرەنسی (و. فارسی).

45-Gleb Ivanovic Uspenskij(1840-1902)رۆماننووسی روسی (و.فارسی).

46-Charles Bovaryکارەکتەرێکی رۆمانی مەدام بۆڤارییە (Madame Bovary)کە گۆستاڤ فلۆبیر Gustave Flaubert(1821-1880)رۆماننووسی فەرەنسی نووسیوویەتی (و. فارسی).

47-Mattiasکارەکتەرێکە لەرۆمانی چاو لەوەرێن(La Voyeur)کەئالان رۆب گرییە نووسیوویەتی (و.فارسی).

48-Don Quixoteچیرۆکێکی درێژی (رۆمانس)و تەنزئامێزی سیرڤانتس (Cervantes 1547-1616چیرۆکنووسی ئیسپانیاییە)بەشی یەکەمی دۆن کیشۆت لەساڵی 1605دا بڵاوبۆوەو بەشی دووەمیشی لەساڵی 1615دا بڵاوبۆوە (و.فارسی).

49-Tristram Shandy رۆمانێکە لۆرانس ستێرن Laurence Sterne 1713-1768رۆماننووسی ئینگلیزی نووسیوویەتی (و.فارسی).

50-Vladimir Nabokov (1899-1977)رۆماننووس و شاعیرو لێکۆڵەرەوەی ئەدەبیی روس (و.فارسی).

51-Jerome David Salinger(لەدایکبووی 1919)رۆماننووسی ئەمریکایی (و. فارسی).

52-Doris Lessing(لەدایکبووی 1919)رۆمانووسی ئینگلیزی (و. فارسی).

53–Frank Sinatra(لـــەدایکبووی 1915)گۆرانیبێـــژو هونەرمـــەندی ئەمریکایی (و. فارسی).

54–John Wayne(1907–1979)هونەرمەندی ئەمریکایی (و. فارسی).

55–Black and White جۆرە ویسکیەکە (و. فارسی)

56–George Washington (1732–1799)یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا (و. فارسی)

57–Robert Coover (لەدایکبوونی 1932)رۆماننووسی ئەمریکایی (و. فارسی)

**زاراوەی (میتاچیرۆک)م لەبەرامبەر زاراوەی (فراداستانی)ی فارسیو زاراوەی (metafictional) داناوە. (و. کوردی)

# فەسڵی هەشتەم

# ئایندەیەک بۆ رۆمان

## ئالان رۆب گریێ



ئالان رۆب گرێ

لەیەکەم سەرنجدا، دووردێتە بەرچاو کەرۆژێك لەرۆژان-بۆنموونە لەم سەردەمو زەمانەی خۆماندا-بەچاوی خۆمان سەرهەڵدانی جۆرێکی تەواو نوێی ئەدەبیات ببینین. ئەو هەوڵە جۆراوجۆرانەی کەلەماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا بۆ کۆتایی هێنان بەیەکئاوازیی ئەدەبیاتی چیرۆك دراون، لەباشتیرین حاڵەتدا تەنها بوونەتە هۆی داهێنانی هەندێ بەرهەمی پەراگەندەو زۆرجار دەبیستین کەهیچ کام لەم بەرهەمانە-سەرەرای هەموو ئەو سەرنجەی بۆخۆی رایکێشاوە-بەقەت رۆمانە بۆرجوازییەکان لەلایەن خەڵکەوە بەگشتی پێشوازی لێنەکراوە. لەراستیدا، هیشتاش تەنها ئەو مامەڵەیە باوێتی کەبەلزاك(1) لەگەڵ رۆماندا دەیکرد. و یان مامەڵەی خانم لافاییت(2)و شیکردنەوەی دەرونزانانە کەلەزەمانەی ئەودا جێگایەکی بەرفراوانی هەبوو، بەبنەمای جۆرەها پەخشان لەقەڵەم دەدراو پێکهاتەی هەر رۆمانێكو وەسفی کارەکتەرەکانی و رەوتی رووداوەکانی ئەو رۆمانەی دیاریدەکرد. لەو کاتەوە تائێستا، رۆمانی (باش) یەعنی لێکۆلێنەوەیەك دەربارەی ئیحساسە هەژێنەرەکان- یان کیشمەکێشێك لەنێوان ئەو ئیحساسانەدا، یان لەدەستدانی ئەوە-لەکۆمەڵگایەکی فەرزکراودا. زۆربەی ئەو رۆماننووسە هاوچەرخانەی کەرۆمانەکانیان بەشێوەی کۆن دەنووسن-بەدەربرینێکی‌تر، ئەو نووسەرانەی کەخوێنەرەکانیان پەسەندیان دەکەن-دەتوانن چەند بەشێکی دووروودرێژ لەرۆمانی (شازادە خانم کلیڤ)ی لافاییتو (بابە گۆریو)ی بەلزاك لەبەرهەمەکانی

خۆیاندا بەکاربێنن بەبێ ئەوەی ئەو هەموو خوێنەرەی کەهەموو کتێبەکانی ئەوان بەشەوقەوە دەخوێننەوە بەم مەسەلەیە بزانن. ئەوەندە بەسە لێرەولەوێ چەند دەستەواژەیەك بگۆڕن، هەندێ رستە بەشێوەیەکی سادەتر بنووسنەوەو جاربەجارێ بەوشەیەك، وێنەگرتنێکی نوێ، ریتمی رستەیەك‌و هتد، بڕێك لە (شێوازی نووسین)ی خۆیان نیشانبدەن. بەلاّم ئەم رۆماننووسانە هەموویان دان بەوەدا دەنێن کەبەشێوەیەکی سەرەکی تەمەنی دیدگاکانیان چەندین سەدەیەو ئەم بابەتەش بەهیچ شێوەیەك مایەی سەرسوڕمانیان نییە. بەلاّم بابزانین چۆن ئەم بابەتە مایەی سەرسوڕمانە. زمانی فەرەنسی کەلەحوکمی کەرەسەی خاوی چیرۆکنووسیندایە، لەماوەی ئەم سێ سەد ساڵەی دواییدا تەنها چەند گۆڕانکارییەکی بچووکی بەسەردا هاتووەو سەرەڕای گۆڕانی بەرەبەرەی کۆمەڵ‌و پێشکەوتنی بەرچاوی پیشەسازی، شارستانییەتی فیکری ئێمە کەم‌و زۆر بێگۆڕان ماوەتەوە. حەزو رق لێبوونەوەی ئێمە-چ لەو خواردنانەدا کەدەیخۆین‌و چ لەبواری مەسەلە ئەخلاقی‌و مەزهەبی‌و سێکسی‌و تەندروستییەکان‌و هتد-لەبنچینەدا وەکو رابردوو وایە. سەرەڕای ئەمە (دڵ)ی مرۆڤ‌و ئەو هەستانەی کەهەموومان دەزانین لەئەزەلەوە بەدی هێنەریشیان بووە بەبێ گۆڕان ماوەتەوە. کورتەی قسە ئەوەیە کەلەدنیای ئێمەدا، هیچ شتێکی تازە وجودی نییە؛ هەموو قسەکان لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی رابردوودا گوتراون؛ ئێمە درەنگ دەستمان بەچیرۆك نووسینکرد؛ هتد. ئەگەر جورئەت بکەین‌و بڵێین نووسینی ئەدەبیاتێکی وانوێ نەك تەنها لەئایندەدا ئیحتیمالی هەیە، بەڵکو بەرلەوە دەستی پێکردووەو

خەملاندنی نیشانەی شۆڕشێکی هەمەلایەنەتر دەبێ لەو شۆڕشانەی کەلەڕابردوودا بەدیهێنەری چەند قوتابخانەیەکی وەکو رۆمانتیزم‌و ناتورالیزم بوو، ئەو کاتە زیاتر دژایەتیمان دەکرێ. هەڵبەتە ئەو بەڵێنەی کە (لەمەودوا بارودۆخ دەگۆڕێ!) تاڕادەیەك مایەی پێکەنینە. بارودۆخ لەچ روانگەیەکەوە دەگۆڕێ؟ ئاراستەی ئەم گۆڕانە چییە؟ ولەهەمووشی گرنگتر، بۆچی ئێستا بارودۆخ رووی لەگۆڕان کردووە؟

بەهەرحاڵ، هونەری رۆماننووسین بەسەختی تووشی بنبەست بووەو هەموو رەخنەگرانی ئەدەب دان بەو سستییەدا دەنێن‌و قسەوباسیان لەبارەوە کردووە. بارودۆخەکە بەشێوەیەکە کەئەستەمە بتوانرێ تەسەوری ئەوەبکرێ کەئەم هونەرە بەبێگۆڕانێکی ریشەیی بتوانێ ماوەیەکی زۆر بەدەوام بێت. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کەدواجار ئەم بارودۆخە تەواو ئاشکرایە: کەلەبەر نەشیاوی ئەم گۆڕانە، هونەری رۆماننووسین لەسەرەمەرگدایە. بەلام بەڕای من چارەنووسێکی ئاوا حەتمی نییە. تاچەند دەیەیەکی تر مێژوو نیشانی دەدات کەئایا ئەم هەولانە، نیشانەی سەرەمەرگن یان لەدایکبوونەوە. بەلام نابێ ئەو کێشە گەورانە بەکەم بگیرێن کەلە رێگەی گۆڕانێکی وا گەورەدان. تەواوی ئاستەکانی بەشی ئەدەبی ئێمە (لەناشرەکانەوە بیگرە تاخاکیترین خوێنەروکتێب فرۆشان‌و رەخنەگران) بەناچاری دژایەتی شێوەی نوێ‌و بێوێنەی ئەو ئەدەبیاتە دەکەن کەهەوڵ دەدات خۆی سەقامگیربکات. ئەوانەی کەبەباشی دەرکیان بەپێویستی ئەم گۆڕانە کردووە، ئەوانەی کەلەگەڵ تازەگەریدان لەئەدەبداو پێشوازیشی لێدەکەن، بەم پێیە میراتگرانی کۆنن. شێوازە تازە ئەدەبیەکان هەمیشە

والێك دەدرێنەوە کە هەمووجۆرە شێوازێکیان ونکردووە چونکە ئێمە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو شێوازانە، ناهوشیارانە فۆرمە بەپیرۆزکراوە کۆنەکان دەکەین بەسەنگی مەحەك. لەیەکێك لە ناسراوترین کتێبی سەرچاوەی فەرەنساییدا، لەوتارێکدا سەبارەت بە (شینبیرگ(3)) ئەمە دەخوێنینەوە (پۆلێنکەری چەند بەرهەمێکی جەسوورانەیە کەبەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە ڕێسایەك بەرهەمەکانی دادەهێنا) ئەم هەڵسەنگاندنە کورتە لەدەروازەی مۆزیکادا نووسراوەو وادیارە بەقەڵەمی پسپۆڕێك نووسراوە.

بەرهەمێکی ئاوا-کەلەحوکمی کۆرپەیەکدایە کەهێشتا بەتەواوی زمانی نەپژاوە-هەتا ئەو کەسانەی کەشەیدای کاری نوێن لەئەدەبیاتدا، وەکو کۆرپەیەکی سەیر خوڵقاوو بەد دروست بوو لێکی دەدەنەوە. هەڵبەتە هەندێك وردبینی خۆیان نیشان دەدەن و هەندێکیش واخۆیان نیشان دەدەن کەحەزیان لەم جۆرە بەرهەمانەیە، چونکە هەمیشە کەسانێك لەخەیاڵی ئایندەو دوانەکەوتندان لەکاروان. هەندێکیشیان بەستایشکردن زمان دەکەنەوە، هەرچەندە ئەوبەشە لەستایشکردنەکەیان کە ڕاستگۆیانەیە و لەناخی دڵەوەیە لەڕاستیدا بەهۆی پاشماوەی ئەدەبیاتی پایەدارو ئاشناوەیە لەبەرهەمە تازە دەرکەوتووەکاندا، واتە لەبەرتەواوی ئەو کۆت و بەندانەیە کەهێشتا بەسەر پەیکەری بەرهەمە تازەکاندا خۆیان قورس دەکەن و بێهودە هەوڵدەدەن ئەو بەرهەمە تازانە لەزیندانی ڕابردوودا بەند بکەن. چونکە ئەگەر پێوەرەکانی ڕابردوو بۆئێستا بەس بن، ئەوسا بەدیهێنەری هەنووکەشن. نووسەر سەرەڕای مەیلی بەلای سەربەخۆییدا،

لــەچوارچێوەی فەرهــەنگو ئـــەدەبیاتی رابـــردوودا بەرهەمـــەکانی دەنووسێ و ناتوانێت بەتەواوی خۆی لەو رێسایانە ئازادبکات چونکە خۆشی بەرهەمی ئەو رێسایانەیە. جاربەجارێ وادێتە بەرچاو کەرێك هەمان ئەو رەگەزانەی کەئەو بەتووندی دژیانە، لەو بەرهەمەدا کەتیایدا ئومێدی بەلەناوبردنیان هــەبوو، لەهــەرکاتێکیتر بــەهێزتر نەشــونما دەکەن؛ هەڵبەتە لایەنگرانی ئەدەبیاتی رابردوو بەخەیاڵی ئاسوودەوە پیرۆزبایی لێدەکەن کەوا بەشەوق و زەوقەوە برەوی بەرێساکان داوە.

لەم رووەوە، کۆتایی هێنان بەیەکئاوازیی رۆمان، لەهەموان زیاتر بۆ پسپۆرانی کارەکە (واتە بـۆ رۆماننووسـان و رەخنـەگران و خوێنـەرانی وریا) دژوار دەبێ. هـەتا بینەرێکیش کەتا کەمترین رادەی شیاو خوی بەدنیای دەوروبەرەوە گرتبێ ناتوانێت بەچاوێکی تەواو بێلایەنانەوە تەماشای روداوەکانی بکـات. هەڵبەتـە مەبەسـتیمن ئـەو مەوزوعیەتـە سادەیە نییە کەلەکاری دەروونشیکاراندا (کەلایـەنێکی زیـهنی هەیـە) زۆر گاڵتەجارانــە لەقەڵــەم دەدرێ. تــەواو ئاشــکرایە کەمەوزوعیـــەت بەمەفـهوومی ئاسـایی وشـەکە- یـەعنی بینینێکـی رووت و دور لەهــەر روانینێکی تایبەتی-خـەیاڵێك زیـاتر نییـە. بـەڵام دەبـێ لەبینینەکـەدا پەسەندکردن هەبێ، حاڵەکەش ئەوەیە کەراستی مەسەلەکە ئەوە نییە. لەهەر ساتێکی رەوتی بینینەکەدا، هەمیشە چەند رەگەزێکی پەراوێزیی فەرهــەنگ (وەکــو دەروونزانـــی، شـــتە ئەخلاقییـــەکان، فەلســـەفەی میتافیزیك و هتد) دێنە ناو روانینەکانمانەوەو ئەوانە ئاشناتر، قابیلی دەرککــردن تــرو دڵنیـایی بەخشـتر دەخەنـەروو. جـاری واش هەیـە، پەردەی حەشاردان ئەستورترە: هێما و ئاماژە لەزیهنی ئێمەدا جێگەی

خـۆی بـۆ سـۆزە دروسـتکەرەکانی چـۆڵ دەکـات و دیمـەنێك بـەیاد دەهێنینـەوە بەسـیفەتە (وشـك و بەتاڵەکانیـەوە) یـان بـە (ئاراميیـەوە)، بـەبێ ئـەوەی بتوانـین نەخشـەی گشـتی یـان هـەتا یـەکێك لەبەشـە گرنگەکانی ئەو دیمەنە لەمێشکماندا بەرجەستە بکەین. ئەگەر یەکسەر واش بیربکەینەوە کە (ئەمە وەسفێکی ئەدەبییە) و نامانەوێ ئەم بیرە رەتبکەینـەوە. ئـەوە قبـوڵ دەکـەین کەوەسـفی (ئـەدەبی) (ئـەم واژەیـە بـەکارهێنانێکی قـێزەونی پـەیداکردووە) وەکـو تۆرێـك یـان وەکـو پەردەیەکی جوانکاری بەچەند پارچەیەکی بچوکی شووشەی رەنگاو رەنگ، دەبێتە سەبەبکاری شکانەوەی روانینی ئێمە بەشێوەی رووبەری بچوك و یەکرەنگ دەبێ.

ئەگەر رەگەزێکیش لەبەرامبەر ئەم ئاراستەکردنە سیستماتیکییەدا بۆ رەوتی بینین بەربەرەکانی بکات. ئەگەر فاکتەرێك لەجیهاندا ڕوانینی ئاسـاییمان بشـێوێنێ و لەراڤـەکردنیدا دەستەوەسـتان بـێن، هەمیشـە دەتوانین بەئاسانی گۆتەی (پووچ) بەمەبەستی موستەحیلکردنی ئـەم جۆرە خڵتە درزێوانـە بـەکاربێنین. بـەڵام جیـهان نـەمانادارەو نـەپووچ، بەڵکو رێك وجودی هەیە. سەرنجراکێش ترین تایبەتمەندی جیهانیش هەمان ئەو وجودەیەتی. ئەم بابەتە، تەنها بەبیرکردنەوە دەربارەی، وەها ئاشکرا خۆی دەنوێنێ کەجگە لەقبوڵکردنی چارەیەکمان نییەو ئەوکاتە تـەواوی بۆچوونـەکانی پێشـوومان وەکـو کۆشـکێکی گـەورە بەیـەکجار هـەرەس دێنـێ. چاوکرانـەوەی چاوەڕوان نـەکراومان بەسـەر واقیعێکـی سـەختدا کـەوا خۆمـان نیشـاندەدا بەسـەریدا زاڵ بوویـن، گورزێکـی ترسناکە. شتەکانی دەوروبەرمان، بێبایەخدان بەئێمەو بەتەواوی ئەو

سیفەتە پڕهاتو هەرایەی دەیاندەینێ، وجویان هەیە. رووبەری دیارو ساف‌و دەست لێنەدراویان نەبەشێوەی گومان لێکردنێك رووناکی لەخۆی بەرزدەکاتەوە نەرووناکی بەخۆی‌دا تێپەڕدەکات. ئەدەبیاتی ئێمە هەرگیز نەیتوانییوە هەتا گۆشەیەکی بچووکیش لەڕووبەریان لەناو بەرێت یان بچووکترین لاربوونەوەیان راستبکاتەوە.

چەند فیلمێکی بێشومار لەسەر بنەمای رۆمان بەرهەمهێنراون‌و لەسەر شاشەی زۆر لەسینەماکان نیشاندەدرێن، ئیمکانی دوبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونە سەیرە بەپێی ئەو جارانەی کەحەزمان لێبێ فەراهەم دەکەن. سینەما کەلەمیراتگرانی رێسا دەروونزانی‌و ناتورالیستەکانە. بەگشتی جگە لەوەی رۆمانێك بەوێنە نیشانبدات ئامانجێکی دیکەی نییە. بەدەربڕنێکی دیکە، لەفیلمی سینەماییدا تەنها شوێن پێی ئەو مەبەستە هەڵدەگیرێ کەهەمان ئەو مەعنایانەی رستەکانی رۆمانەکە بەشێوەی تایبەتی خۆیان بەخوێنەری دەگەیەنن، لەڕێگەی چەند دیمەنی ْکی هەڵبژێردراوو گونجاوەوە بخرێتە مێشکی بینەرەوە. بەڵام جیاوازی نێوان فیلم‌و دەقەکەی-ئایا رۆمان یان فیلمنامە بێ -ئەوەیەکە رۆمانی بەفیلمکراو هەمووکاتێ دەتوانێ ئارامی دەروونی ئێمە زەوتبکات‌و بەزۆر بمانباتە ناو دنیای وێنەگیراوەوە.

هەموو دەزانن کە بۆ گۆڕینی رۆمان بەفیلم چ گۆڕانکارییەك روودەدات. ئەو شمەك‌و هێماو ئاماژانەی کەڕۆح بە بەری تەرحی رۆماندا دەکەن، بەگشتی لادەبرێن‌و تەنها دەلالەتەکانیان دەمێنێتەوە: کورسی بەتاڵ دەلالەتە بۆ نەبوونی کەسێك یان چاوەڕوانیی، دەستی

کارەکتەرێك کە لەسەر شانی کارەکتەرێکی دیکەبێ نیشانەی هەستی دۆستانەیە، شیشی پەنجەرە بەمەعنای مەحاڵیی بەجێهێشتنی شوێنێکە.. بەڵام لەفیلمی سینەماییدا، ئەو کورسیەو جوڵەی دەستو شێوەی شیشەکانی پەنجەرەکە دەبینین. دەلالەتەکانیشیان ئاشکرایە، بەڵام ئەم دەلالەتانە ئیتر هەموو سەرنجی ئێمە بەلای خۆیاندا بەکێش ناکەن، بەڵکو شتێکی زیاترن لەوەی هەن و- هەتا دەبن بەشتێکی زیادە، چونکە ئەوەی دەمانخاتە ژێر کاریگەرییەوە، ئەوەی لەیادەوەریماندا جێگیر دەبێ، ئەوەی بەماهیەتو لەکەمبوونەوە نەهاتوو بۆ چەمکە نادیارە عەقڵیەکان دێتە بەرچاو لەڕاستیدا خودی هێماو ئاماژەکانە. خودی ئەو شمەكو جولانەیە کەوێنەکانی فیلمەکە لەیەککاتداو (بێ مەبەست)واقیعیبوونیان دوبارە دەکاتەوە.

ڕەنگە بەلامانەوە سەیربێ کە ئەم جۆرە واقیعە رووتانە- کە رۆمانی بەفیلم کراو ناچارە نمایشیان بکات- زۆر مەلموسو زیندوو دێنە بەرچاو، لەکاتێکدا کەدیمەنی لەم جۆرە لە ژیانی راستەقینەدا ناتوانن چاومان بەسەر شتە واقیعیەکاندا بکەنەوە.

گوایە کە لەڕاستیدا، عورفو شێوازەکانی فیلمەکە (لەبابەتی نمایشی دوو ڕەهەندیی، وێنەی ڕەش‌وسپی، کادری پەردەی نمایش، جیاوازیی لەپێوەری دیمەنە جیاوازەکان)دا یارمەتی دەرن بۆ ئەوەی خۆمان لە عورفو شێوازەکانی خۆمان رزگاربکەین. لەهەمانکاتدا، لایەنی کەمو زۆر (نا ئاسایی)ئەم دنیا دوبارە داهێنراوە، سروشتی نائاسایی دنیای دەوروبەرمان ئاشکرا دەکات: دنیای واقیعیش

لەبەرئەوەی لەگەڵ روانین و تێگەیشتن و سیستمی گوتاریی ئێمەدا نایەتەوە، نائاساییە.

بەم پێیە، دەبێ هەوڵبدرێ لەجیاتی ئەم دنیای (دەلالەتە) (ئایا دەلالەتی دەروونزانی، کۆمەڵایەتی یان عەمەلی بێت)جیهانێکی تۆکمەترو پتەوتر دابمەزرێنرێ، وا باشە کە وجودی شمەك و هێماو ئامارژەکان بەپلەی یەکەم لەبەر بوونیان بەتۆمارکراو لێکبدەینەوە، و واباشە کەئەم وجودە بەسەر هەرجۆرە تیۆرێکی روونکردنەوەشدا زاڵبێ کەبەنیازی لەقاڵبدانێتی لەسیستمی ئاراستەکردندا (ئایا ئاراستەکرنی سۆزداری، کۆمەڵناسی، فرۆیدی یان میتافیزیکی بێ).

لەدنیای ئایندەی رۆماندا، بوونی شمەك و هێماو  ئامارژەکان لەپێش دەلالەتیانەوە دەبێت؛ بوونیشیان هەروا بەردەوام دەبێت، بوونێکی بنچینەیی، لەگۆڕان نەهاتوو وهەمیشە ئامادە کەگاڵتە بە  (مەعنا)کەیان دەکات، هەمان ئەو مەعنایەی کەبێهوودە هەوڵدەدا دایانبەزێنێ بۆ ئامرازێکی کاتی کەکەرەسە کاتی و شەرم هێنەرەکانی تەنهاو – بەئەنقەست– وەکو حەقیقەتی بالاتری ئینسانی درەوشاوە تیا جێگیرکردووە بۆ ئەوەی ئەو زیادە  بێسەروبەرە بەفەرامۆشی و تاریکی کاتیی فڕێبداتە دەرەوە.

لەمە بەدواوە، بەپێچەوانەی رابردووەوە، شمەکەکان بەرەبەرە لایەنی ناپایەدارو پڕ رازی خۆیان لەدەست دەدەن؛ بەدەربڕینێکی دیکە، رەمزە درۆینەکان یان ئەو ناوەڕۆکە گومان لێکراوەی کەڕۆلان بارت بە (ناخی رۆمانتیکی شتەکان)ناوی بردووە دەخرێتە لاوە. چیتر شتەکان تەنها رەنگدانەوەیەکی نادیاری رۆحی نادیاری پاڵەوانی

رۆمان یان کینایەیەك لەو ئازارانەی دەیچێژێ یان سێبەری ئاواتەکانی ئەو نابێ. لەڕاستیدا، ئەگەر شتەکان بەشێوەیەکی ساتەوەختییش نیشاندەری هەستەکانی مرۆڤ بن، ئەم کارە تەنها لایەنێکی کاتیی هەیەو شتەکان تەنها بە ڕووکەش–و دەتوانرێ بگوترێ بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە– دەسەڵاتی زۆرە ملێی دەلالەتەکان قبوڵدەکەن بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە نامۆیی خۆیان لەمرۆڤ باشتر بخەنەڕوو.

کارەکتەرەکانی رۆمانی ئایندەش بەشێوەیەك دەبن کە دەتوانرێ بەچەند شێوەیەکی جیاواز راڤەبکرێن. بەهۆی سەرقاڵیەکانی ئەم کارەکتەرانەوە لەهەر خاڵێکی تیۆرییەوە (بۆ نموونە دەروونزانی دەروون پزیشکانە، مەزهەبی یان سیاسییەوە)دەتوانرێ لەو کارەکتەرانە بکوڵرێتەوە، بەڵام گوێ نەدانیان بەو (دەلالەتە بەهێزانە)زۆر زوو ئاشکرادەبێ. بەپێچەوانەی پاڵەوانی کۆنەوە کەبەم راڤانە دەربارەی مەبەستی نووسەر، هەمیشە فریو دەخوات، دەکەوێتە داوەوەو نابوت دەبێ، بەردەوام رەوانەی یۆتۆپیای مەعنەوی‌و ناپایەدار دەکرێ‌و هەمیشە لەگرتن نەهاتوو وشاراوە دیارە، پاڵەوانی ئاینده بوونێکی هەست پێکراوی دەبێ، ئەم جۆرە راڤانە، لەبەرامبەر وجودی نکوڵی لێنەکراوی کارەکتەرەکانی رۆماندا، بێکەڵك‌و زیادەو هەتا ناشایستە دێتە بەرچاو، بەم پێیە لەیۆتۆپیادابۆ خۆی بەرەڵڵا دەبێت.

بەڵگەی نیشاندراو لەچیرۆکی پۆلیسیدا، بەشێوەیەکی دژنیشاندان (پارادۆکس)وێنەیەکی رۆشنی ئەم وەزعەمان نیشاندەدات. لەیەکەم سەرنجدا وادێتە بەرچاو کەئەو بەڵگانەی لێکۆڵەران بەدەستیان هێناوە دەبێ ئاراستە بکرێن (لەبابەتی ئەو شتەی کە لەشوێنی تاوانەکەدا

بەجێماوە، جوڵەیەك كەلەشوێنی خۆیدا لەوێنەیەكدا تۆماركراوە یان رستەیەك كەیەكێك لەشایەتەكانی چیرۆك بەرێكەوت بیستوویەتی)، یان بەدەربڕینێكی دیكە، دەبێ بوونیان بەپێی دەور یان ئەو بوارەی كە لەخۆی گرتوون پەیوەست بێ، ئێستا ئیدی گریمانەكان كەم كەم فۆرمەڵە دەبن: حاكمی دادگا هەوڵدەدات پەیوەندییەكی لۆجیكیو پێویست لەنێوان ئەو بەڵگانەدا دروست بكات. وادێتە بەرچاو كەدەتوانرێ تەواوی نادیارەكان بەشێوازی ئاسایی بەپەنابردنە بەر كۆمەڵێ هۆو ئەنجامو پاڵنەرو هاوزەمانی رووداوەكانو هتد لابەلا بكرێ.

لەلایەكی ترەوە، چیرۆكەكەش بەشێوەیەكی سەرلێتێكدەر دەخرێتەڕوو: شایەتەكان قسەكانی یەكتری بەدرۆ دەخەنەوە، تاوانبار بەڵگەی جۆراوجۆر بۆ سەلماندنی ئامادە نەبوونی خۆی لەشوێنی رووداوەكەدا دەخاتەڕوو. چەند بەڵگەیەكی نوێ بەدەست دێن كەپێشان لەبەرچاو نەگیرابوون،.. وئێمە بەهەمان شێوە دەگەڕێینەوە بۆ بەڵگە تۆماركراوەكان لەدۆسێكەدا: شوێنی دانانی كەلوپەلی ناو ژوورەكە بەوردی، شێوەی جێگای پەنجە مۆرێكو جارەكانی دووبارەبوونەوەی، ئەو وشانەی كەكوژراوەكە لەكاتی مردنیدا بەخەتێكی ناخۆش نووسیوویەتی. ئەم هەستە وردەوردە لە ناخماندا بەهێزدەبێ كەهیچ شتێكی دیكە راست نییە. ئەم رەگەزانەی كەگاڵتە بەدەزگا فیكریەكان دەكەن، ئەگەرچی رەنگە رازێك ئاشكرا بكەن یان بیشارنەوە بەڵام تەنها یەك تایبەتمەندی جدیو ئاشكرایان لەخۆگرتووە كەئەویش بوونی هەست پێكراویانە.

هەمان مەسەلە، دەربارەی دنیای دەوروبەرمان راستە. بۆچوونمان وابوو کەبەبڕیاردانی مەعنا بۆ دنیای بوون، بەسەریدا زاڵدەبین و وادەهاتە بەرچاو کەبەتایبەتی هونەری رۆمان بەتەواوی تایبەتە بەم مەسەلە گرنگەوە. حاڵەکەش ئەوەیە کەئەم بۆچوونە تەنها جۆرێك ئاسانکاری خەیاڵ ئامێزبوو، دنیای بوونیش لەجیاتی ئەوەی بێ نهێنی تربێ و لەپەیوەندییەکی نزیکتردابێ لەگەڵ مرۆڤدا، چیتر هیچ وزەیەکی تێدانییە، لەوێوە کە واقیعیبوونی دنیا بەشێوەیەکی سەرەکی لەبوونیدا رەنگدەداتەوە، ئەرکی ئێمە لەحاڵی حازردا بریتییە لەهێنانەکایەی ئەدەبیاتێك کەئەو بوونە بکاتە مایەی سەرنجدانی خۆی.

ئەگەر پەیوەندییەکانی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ دنیای بووندا لەگۆڕاندا نەبوایە (ئەویش گۆڕانی هەمەلایەنەو بێ چەندو چۆن)، رەنگە ئەم قسانە زۆر تیۆری و خەیاڵی بهاتنایەتە بەرچاو. هەربۆیە کەم کەم وەڵامی ئەم پرسیارە توانج ئامێزەمان دەست دەکەوێ کە (بۆچی ئێستا؟)لەڕاستیدا ئەمڕۆ فاکتەرێکی نوێ بۆتە هۆی جیابوونەوەیەکی بنچینەیی سەردەمی ئێمە لەسەردەمی بەلزاك یان ژێد(4) یان لافاییت کەبریتییە لەبێبایەخبوونی ئەفسانە کۆنەکان (قوڵەکان).

دەزانین کەرۆمان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم ئەفسانانەو – لەڕاستیدا تەنها لەسەر ئەم ئەفسانانە– بنیاتنرابوو. لەکۆندا وا تەسەوردەکرا کەرۆڵی نووسەر، گەڕان و لێکۆڵینەوەیە لەسروشت و دەبێ ئەوەندە لەدڵی سروشتدا قووڵبێتەوە بۆ ئەوەی رێگای قوڵترین دامێنەکانی پەیدابکات و بەشەکانی رازە سەرسوڕهێنەرەکان بدۆزێتەوە. رۆماننووس دوای دابەزین بۆ قوڵایی هەستەکانی مرۆڤ

چەند پەیامێکی پیرۆزمەندانە بۆ دنیای بەپرووکەش بێخەم (دنیای سەرووی هەستەکانی مرۆڤ)دەنێرێو تیایاندا وەسفی ئەو دیاردە پڕ رازانە دەکات کەبەدەستەکانی خۆی دەستی لێداون. ئەو سەرەگێژە مەعنەویەی کەخوێنەر هەستدەکات، نابێتە هۆی هیچ جۆرە حاڵەتێکی تێکدان یان هێڵنجدانی، بەڵکو خوێنەر لەتوانای بەکارهێنانی دەسەڵات بەسەر دنیای بووندا دڵنیادەکات. بێگومان چەند چاڵێکی قووڵ هەبووە، بەڵام خێرو بەرەکەتی ئەم ئەشکەوت ناسە دلێرانە، بەقوڵایی ئەو چاڵانە پێوراوە.

لەوەزعێکی ئاوادا، مایەی سەرسوڕمان نییە کەدیاردەی ئەدەبی نایاب لەوسیفەتە گشتیو بێهاوتایەوە سەرچاوەی گرتبێ کەهەوڵیدا تەواوی سیفەتە ناوەکیەکان، تەواوی رۆحی شاراوەی شتەکان بکات بەیەك. بەم پێیە، واژە وەکو تەڵەیەك وابوو کەنووسەر بەو تەڵەیە بوونەوەرەکانی دەخستە داوەوە بۆ ئەوەی تەسلیمی کۆمەڵگایان بکات.

ئەو شۆڕشەی کەڕوویداوە، شۆڕشێکی چۆنایەتیە: نەك تەنها دنیای پەیوەست بەخۆمانو شمەکی تایبەتی کەدەتوانێ پێویستیەکانمان دابین بکاتو بەئاسانی دەتوانین بەسەریا زاڵبین لێکنادەینەوە، بەڵکو چیتر هەتا باوەڕمان بەقوڵاییەکەشی نییە. لەکاتی پوکانەوەی روانینە زاتیەکان دەربارەی مرۆڤو لەو کاتەوە کەچەمکی (وەزع)جێگای (سروشت)ی گرتەوە، چیتر رووی ئاشکرای شتەکان وەکو قوڵایی ناخیان لێکنادەینەوە (ئەمەش هەمان ئەو روانینەیە کەببووە هۆی هەمەجۆرەی بەرزبوونەوەی میتافیزیك)بەم شێوەیە، دەبێ تەواوی زمانی ئەدەبیی گۆرانی بەسەردابێت (هەروەکو چۆن ئەم

گۆڕانکارییە دەستی پێکردووە)هەر ڕۆژێ کەتێپەڕدەبێ زیاتر بێزاریی خەڵك دەبینین لەو واژانەی کەسروشتێکی غەریزی، پێوانەیی یان ئەفسونگەرانەیان هەیە. لەلایەکی ترەوە سیفەتی بەرچاو یان وەسفی، ئەو واژەیەی کەبەئەندازە گرتن و دەست نیشانکردنی شوێن و لەقاڵبدان و دیاریکردن وازدەهێنێ، باس لەڕێبازێکی سەخت بەڵام زۆر جێگای ئیحتیمال دەکات بۆ هونەری تازەی ڕۆمان.

## پەراوێزەکان

1- Honore de Baizac (1799-1850) ڕۆماننووسی فەرەنسی (و. فارسی)

2- La Fayette (1633-1693) ڕۆماننووسی فەرەنسی (و. فارسی)

3- Arnold Schoenberg (1874-1951) مۆزیکاری نەریت شکێنی نەمسایی کەڕەگەزنامەی ئەمریکایی هەڵبژارد (و. فارسی)

4-Andre Gid-e (1869-1951)ڕۆماننووس و ڕەخنەگری فەرەنسی (و.فارسی)

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| فەسلی یەکەم- سەرهەڵدانی رۆمان- ریالیزمو ژانری رۆمان | 3 |
| بەشی یەکەم- پێشینەی فەلسەفی | 10 |
| ا- تەرحکردن | 12 |
| ب- وەسفی ریالیستی | 17 |
| ج- کارەکتەر | 22 |
| د- کات | 28 |
| هـ- شوێن | 37 |
| و- زمان | 40 |
| بەشی دووەم- ریالیزمی فۆرمالیستی | 47 |
| فەسلی دووەم- تیۆری رۆمان | 65 |
| فەسلی سێیەم- ریالیزمو رۆمانی هاوچەرخ | 105 |
| فەسلی چوارەم- رۆمانی سەدەی بیستەم | 141 |
| فەسلی پێنجەم- دەرامەتێك بۆ رۆمانی مۆدێرن | 153 |
| ا- چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم | 155 |
| ب- چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم | 160 |
| فەسلی شەشەم: | |
| - هێنری جەیمس- سەرقافڵەی مۆدێرنیزم لەڕۆماننووسیندا | 165 |
| فەسڵی حەوتەم- رۆمانی پۆست مۆدێرنیستی | 175 |
| ناکۆکی | 199 |
| جێگۆڕکێ | 201 |
| ناتەبایی | 204 |
| لەدەستدانی ڕێسا | 213 |
| زیادەڕەوی | 214 |
| گەیاندنێکی کورت | 222 |
| فەسلی هەشتەم- ئایندەیەك بۆ رۆمان | 245 |